كۆسرەت ساڵح ئەحمەد

تەواوكاریی زانستەكان

التكامل المعرفي

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٤٨)

كۆسرەت ساڵح ئەحمەد

- لەدایکبووی: ١٩٨٩.
- قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە باڵەکایەتی خوێندووە، دواناوەندیش لە سۆران.
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی شەریعەی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠١١ وەرگرتووە.
- بڕوانامەی ماستەری لە (الفقه الجنائی الإسلامی) لە بەشی (الفقه وأصول الفقه) ی کۆلێژی (معارف الوحی والعلوم الإنسانیه) لە زانکۆی ئیسلامیی جیهانیی –مالیزیا، لە ساڵی ٢٠١٥ وەرگرتووە.
- پلەی مامۆستای زانکۆ (مامۆستای یاریدەدەر) ی لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠١٦ وەرگرتووە.
- جگە لەم کتێبە، کتێبێکی تری بڵاوکراوەی هەیە و خاوەنی چەند توێژینەوەیەکی زانستییە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی.
- خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی ئیسلامیی جیهانیی–مالیزیا.

تەواوکاریی زانستەکان
کۆسرەت ساڵح ئەحمەد

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەم.

ئامانجەکانی سەنتەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندکردنی ڕوانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.

تەواوكاریی زانستەكان

التكامل المعرفي

نووسینی
كۆسرەت ساڵح ئەحمەد

تەواوکاریی زانستەکان

....

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٤٨)

- نووسینی: کۆسرەت ساڵح ئەحمەد
- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٣٢٩)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

ناوەڕۆك

پێشەكی ٧
بەشی یەكەم: ڕەهەندەكانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە ١٩
بەشی دووەم: پێگەی تەكامولی مەعریفی له پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفەدا... ٢٧
بەشی سێیەم: مەفهومی تەكامولی مەعریفی ٣٣
بەشی چوارەم: تەكامولی مەعریفی له گۆشەنیگای بیرمەندانی پەیمانگا........ ٤٧
بەشی پێنجەم: تەكامولی مەعریفی لە كەلەپووری ئیسلامیدا .... ٨٧..
بەشی شەشەم: چەند دەستەواژەیەكی پەیوەندیدار به تەكامولی مەعریفی.... ٩٥
بەشی حەوتەم بۆچی تەكامولی مەعریفی پێویستە؟ ١١٧
بەشی هەشتەم: سیستەمی مەعریفی "النظام المعرفی" ١٣٧
بەشی نۆیەم: بنەما گشتییەكانی تەكامولی مەعریفی ١٤٧
بەشی دەیەم: پەیوەندی نێوان تەكامولی مەعریفی و ئیسلامییەتی مەعریفە ١٥٧
بەشی یانزەیەم: تەكامولی مەعریفی لە قورئاندا ١٦٧
بەشی دوانزەیەم: بەربەست و مەترسیەكانی بەردەم تەكامول ١٨١
بەشی سێزدە: سەرچاوەكانی مەعریفە ١٦٣
بەشی چواردە: ئامرازەكانی مەعریفە................................... ٢١١
بەشی پانزە: تەكامول لە نێوان سەرچاوە و ئامرازەكان...................... ٢٢١
پاشكۆ ٢٤٦
سەرچاوەكان.. ٢٥١

پێشکەشە بە:

دڵە میهرەبانەکەی دایکم

و

زوبانە پڕ نزاو و زیکرەکەی باوکم

و

چاوە پڕ فرمێسکەکانی نەنکم

و

رۆڵە چاوگەشەکەم کۆشان ی جگەرگۆشە

سوپاس و پێزانین

دوای ستایشی زاتی پەروەرێن، پێزانینم هەیە بۆ هەریەکە لەم بەرێزانەی خوارەوە:

- خاتوو "سۆزان"ی هاوژینم، کـە ماندوونەناسـانە، هەمیـشە ئاسانکاری بۆ کردووم و پاڵپشتیکردووم.

- دکتۆر حسەین موحەممـەد، بـۆ دەستپێـشخەری و هانـدانی بەردەوامی بۆ لەدایکبوونی بەرهەمێکی لەم چەشنە.

- بەرێز مامۆستا ئیسماعیل تەها، کە هاوکارێکی باشی کـردم بەدابینکردنی سەرچاوە.

- بەرێز "دەرباز ساڵح و دانا شوانی" کـە ئـەرکی هەڵەچـنیان گرتە ئەستۆ.

- سەنتەری زەهـاوی بـۆ لێکۆڵینـەوەی فیکریـی، کـە ئـەرکی لەچاپدانی ئەم بەرهەمەیان لە ئەستۆ گرت.

بەناوی پەروەرێنی بە توانا

پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ بەدیهێنەری بوونەوەر و گەردوون، سەرچاوەی گشت زانستەکان، ئارامبەخشی دلۆڤان و زاتی پەروەرێنی تاقانە. دروود بۆ گیانی پاکی سەرداری مرۆڤایەتی، پێشەنگ و پێشەوامان محەممەد، دروود بۆ گیانی یار و یاوەر و هاوەڵ و هاومەشرەب و شوێنکەوتووانی، تا ڕۆژی پەسڵان.

ئاشکرایە هەر کارێك لەڕێگەی بەرنامە و نەخشەڕێگایەکی تۆکمە ئەنجام بدرێت، سەرکەوتن بەدەست دێنێت، هەرچەندە نەخشەڕێگاکەش تۆکمەتر بێت، ئەنجامی باشتر مسۆگەر دەکات. بەپێچەوانەوە هەر کارێك لەڕێگەی نەخشەڕێگایەکی دروست و تۆکمە ئەنجام نەدرێت، هەرچەندە توانا و وزەی ماددی و مرۆیی زۆریشی تێدا خەرج بکرێت، دەرەنجامی دڵخۆشکەری نابێت.

پەروەرێنی باڵا، سەبارەت بە نەخشەڕێگا لە قورئان فەرموویەتی: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ المائدة: ٤٨، بۆ هەریەکێك لە ئێوە بەرنامە و نەخشەڕێگایەك دانراوە.

وشەی (منهاج) لە ئایەتەکە ئاماژەیەکی روونە بۆ گرنگی نەخشەڕێگا، خودی وشەکە لەڕووی زمانەوانییەوە، واتای رێگای روون و دیار، یان مانای راستەشەقام دەدات، کە ئەم رێگا روون و شەقامە راستە، مرۆڤ بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو رێنموونی دەکات. مێژووی زانستەکان، سەلمێنەری ئەم راستییەیە، کە لەوەتەی مرۆڤ ئاشنایەتی لە گەڵ خوێندنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوە پەیداکردووە، ئاشنایەتیشی لەگەڵ شێواز و میتۆدەکان پەیداکردووە.

سەرەتا بەشێوەیەکی خۆرسك و پەرشوبڵاو و زۆر سادە و سەرەتایی دەستیپێکردووە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی بەخۆوە بینیوە. مێژووی میتۆد و مەنهەجیەت لە مێژووی مرۆڤایەتی بە کۆمەڵێك هەنگاو و قۆناغ تێپەڕیوە. دوای هاتنی پەیامی ئیسلامیش، هەمان چەشنی بەخۆوە دیوە. سەرەتا مەنهەجی دەماودەم وەرگرتن و دەرخکردن، دواتر بەرەو نووسینەوە بە تێپەڕبوونی کات گەشەی کردووە.

لە سەردەمی پەیامهێن و هاوەڵان، دەرخکردن و وەرگرتن لەڕێگەی خوێندنەوە، رێگەی سەرەکی وەرگرتنی قورئان بووە، لەپاڵ نووسینەوە لەسەر پێستە و پەڕەی خورما و ئامرازە سەرەتاییەکانی تر، کە لە بری کاغەز و تێنووس بەکارهێنراون.

دواتر مەنهەجیەتی ئیسلامی، لەسەر شێوازی مەنهەجیەتی تەواوکاری، پێکهاتەیەکی نوێی وەرگرتووە. دوای کۆکردنەوەی قورئان، ئینجا مەنهەجیەتی کۆکردنەوەی فەرموودەی پەیامهێن (دروودی خوای لەسەر)،

بەکارهێنانی مەنهەجی رەخنە و ساغکردنەوە (النقد والتوثيق) سەریهەڵداوە، کە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی فەرموودە بەکارهاتووە.

پاشان لقەکانی (الجرح والتعديل والعلل والرجال)ی لێبووەتەوە و زیاتر گەشەی کردووە، لەو سەردەمدا وردەوردە چەمك و دەستەواژەی نوێ بۆ ئەم پرۆسەیە و ژانەرەکانی هاتوونەتە مەیدانی لێکۆڵینەوە.

دوای ئەوە لە چاخی زێڕینی مێژووی ئیسلام، زانستەکانی بنەماکانی فیقهی ئیسلامی (أصول الفقه) مەنهەجەکانی راڤەکاران (مناهج المفسرين) و مەنهەجەکانی گرووپە عەقیدەییەکان و زانستی کەلام و فەلسەفە دامەزران، سەرەنجام مەنهەجی چێژی سۆفیگەری و عیرفان (المنهج العرفاني الذوقي) و مەنهەجی زانستە ئەزموونییەکانیش لەدایك بوون، دواتر وردەوردە تا سەدەی شەشەمی کۆچی، مەنهەجیەت لە جیهانی ئیسلامی، کە ئەوسا پێشەنگایەتی شارستانیەت و ژیارستانی جیهانی دەکرد، هەر لە درەوشانەوە و گەشەسەندنی بەردەوام بووە.

ئەوکات لە جیهانی ئیسلامیدا، تێکڕای ئەم مەنهەجانە کارپێکراو و کارا بوون، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی زانایانی موسڵمان بە شارەزایی فرەلایەن دەناسرانەوە، بەجۆرێك لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بوارێکی دیاریکراو، مەنهەجی تایبەت بەم بوارەیان خستووەتە گۆڕەپانی کارکردنەوە.

سـەرەنجام مەوسـووعی بـوون، بـە واتـای کۆکردنـەوەی شـارەزایی لـە چـەندین بـوار لـە یـەك کاتـدا، بریتیبـوو لـە یـەکێك لـە پێناسـەی زانـا و فەیلەسووفەکانی ئەوکاتی جیهانی ئیسلامی[1].

بۆنموونە: زانای وا هەبووە، پسپۆڕی فیقهی ئیسلامی (فقیـە)، ئوسـوڵی، فەرموودەگێڕەوە بووە، وەك پێشەوا مالیك. هەروەها ڕاڤەکار، فەیلەسـووف و پزیشك، وەك فەخرەدینی ڕازی و ئیبن سینا. چەشنی ئەوان، فەیلەسووف، سۆفی، وەك ئیبن عەرەبی و سوهرەوەردی. کەسایەتی واش هەبووە، شاعیر، ئـەدیب، فەیلەسـووف، سـۆفیگەر و ڕاڤـەکار بـووە، وەك ئـەبو حـەییانی ئەندەلووسی. یان فەیلەسووف، بیرکاریزان، فیزیایی و پزیشك وەك حەسەنی کـوڕی هەیـسەم. شـارەزای مێـژوو، ڕاڤـەی قورئـان، فیقـە و ئـەحکام وەك محەممەد بن جەریری تەبەری. کیمیاگەر و فەیلەسـووف وەك جـابری کـوڕی حیـان. شـارەزا لــە زۆربــەی بوارەکـانی ئــەوکات و داڕێـژەری زانــستە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئیبن خەلدوون....هتد.

نامانـەوێت بـەوردی و دوورودرێـژی لەسـەر قوتابخانـە مەنهەجییـەکانی جیهانی ئیسلامی بووەستین، بەڵکو تەنها بەپووختی ئاماژەیەك بۆ تێڕوانین و جیهانبینییەکەیان دەکەین.

---

[1] فتحي ملكاوى، منهجيەالتكامل المعرفي مقدمات في المنهجية الإسلامية، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فرجينيا–الولايات المتحدة الأمريكية، ط٢، ٢٠١٦م، ص١٧٧.

قوتابخانه مەنهەجییەکان ئێجگار زۆرن، بەشێوەیەك ژماردن و توێکاری گشتییان ئەستەمە، بەڵام دیارترینیان کە زۆرترین خاڵی هاوبەشی قوتابخانەکان کۆدەکەنەوە، بریتین لە: "مدرسة المنهج العقلي– الكلامي– الفلسفي، مدرسة المنهج الذوقي الصوفي، مدرسة المنهج العلمي التجريبي، مدرسة المنهج الفقهي والأصولي، مدرسة المنهج الأثري". هەریەك لەم قوتابخانانە، خاوەنی کۆمەڵێك بنەما و پایەی مەنهەجی تایبەتن، هاوکات هەزاران شوێنکەوتوویان لە جیهانی ئیسلامی هەبووە و هەیە.

دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی روانگە مەنهەجییەکان بەسەر سێ بەش پۆلێن بکەین، کە دوای هاتنی ئیسلام لەشێوەی سێ قۆناغ لە مێژووی مەنهەجیەت خۆیان نمایش دەکەن.

روانگەی یەکەم: روانگەی تاکلایەنە، یان تاکڕوانگەیی (النظرة الاحادية أو الرؤية الواحدية). ئەمجۆرە مەنهەجیەتە خۆی لەمە دەبینێتەوە، کە مەنهەجی بیرکردنەوە و توێژینەوە لە هەر بابەتێك، بریتییە لە یەك مەنهەج[1].

بە واتایەکی تر، لێکۆڵینەوە لە دیاردە گەردونییەکان، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردە دەروونییەکان، تەنها لەڕێگەی یەك مەنهەجی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێن.

ئەم بابەتە زیاتر لە روونکردنەوەی تێڕوانینی "ئۆگست کۆنت" بۆ قۆناغەکانی مەنهەج لە ژیارستانیی مرۆڤایەتی رووندەبێتەوە. ئەو پێیوایە

---

[1] فتحي ملكاوي، كلمة التحرير في مجلة إسلامية المعرفة، العدد ٦٤، ص٦.

هزری مرۆیی بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە، کە بە هەرسێکیان روانگەی تاکلایەنە کاملّ دەبێت:

قۆناغی ئایینی لاهوتی، دواتر قۆناغی میتافیزیك، لە کۆتاییدا گەیشتن بە قۆناغی مەنهەجی زانستە ئەزموونییەکان. بەمشێوەیە هزری مرۆیی گەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن. هەر یەکێك لەم قۆناغانە لە کات و ساتی مێژوویی خۆی رابەرایەتی شیکردنەوەی دیاردەکانی کردووە. واتە سەرەتا تەنها ئایین و لاهوت بریتیبوون لە شیکەرەوەی دیاردە گەردوونی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، تەنها دەرچە و دەروازە و رووگەی هانا و هاوارکاران هەر ئایین بووە، چارەسەرە ئاینییەکانیش کلیلی تێکڕای کێشە و قەیرانەکان بوون.

دواتر قۆناغی ئایین تێپەڕێندراوە و قۆناغی میتافیزیك شوێنی ئایینی گرتووەتەوە، هەر لەڕێگەی میتافیزیکەوە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان دراوە.

سەرەنجام دوای دۆزینەوەی مەنهەجی زانستە ئەزموونییەکان، خودی ئەم زانستە شوێنی ئایین و میتافیزیکیان گرتووەتەوە، ئیدی لەو سەردەمە بەدواوە، زانست هەموو دەردەکان چارەسەر دەکات و وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە. ئەم قۆناغە تا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمی زایینی کارا بووە.

روانگەی دووەم: رووانگەی دوولایەنی "الثنائیة"، کە پشت بە لایەنی چەندیەتی و چۆنیەتی لە چارەسەرکردنی پرسەکان دەبەستێت. دوای دەرکەوتنی شکستەکانی مەنهەجی زانستە ئەزموونییەکان و دەستەوەستانی

له هەمبەر چارەسەری گشت پرسەکان، باسوخواسی مەنهەجی چەندیەتی "المنهج الكمي" هاتە بەرباس، سەرەنجام بووە رووگەی زۆربەی توێژینەوە و ناوەندە ئەکادیمییەکان.

دواتر ئەزموون سەلماندی بە تەنها پشتبەستن بە چەندیەتی، بۆ گەیشتن بە دیراسەکردنێکی واقعیانە لەهەمبەر گشت پرسەکان، خاڵی نییە لە کەموکوڕی، بۆیە باس و خواسی گرتنەبەری مەنهەجی چۆنیەتیش "المنهج الكيفي" هاتە نێو ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە.

بەمشێوەیە، بەشێك لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان دەستیان بە مەنهەجی چەندیەتیەوە گرت و، هەندێکی تریش جەختیان لەسەر چۆنیەتی دەکردەوە. بەمەش دووجەمسەری لە مەنهەجیەت بووە روانگەی دووەمی مەنهەجیەت.

هەریەکێك لەم دوو مەنهەجەش کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە، بۆ نموونە یەکەمیان، واتە چەندیەتی، زیاتر بەوردی و جێگیری لە دەستنیشانکردن دەناسرێتەوە، لەبەرامبەردا مەنهەجیەتی چۆنیەتی زیاتر لە راستی و دروستی و رۆچوون لە هەقیقەتی شتەکان دەناسێنرێت.

بۆیە هەریەکێك لەم دوو مەنهەجە لە چەند بوار و پسپۆری جیا بەکاردێن، بەشێوەیەك لەم بوارانەی مەنهەجیەتی چۆنیەتی بەکاردێت، ناتوانرێت مەنهەجی چەندیەتی بەکاربێت، بەپێچەوانەشەوە راستە، ئەم قۆناغەش سەدەی هەژدە و نۆزدە کارا بووە.

روانگەی سێیەم: بریتییە لە روانگەی یەکانگیری و تەواوکاری، ئەم روانگەیە لە تێپەڕکردنی هەردوو روانگەکەی رابردوو خۆی دەبینێتەوە.

هەنـدێك لـە بوارەكـان پێویـستیان بـە بـەكارهێنان و كـاراكردنی هــەردوو مەنهەجی "چەندیەتی و چۆنیەتی"یە، بەتایبەت ئەو بوارانـەی بـە مـیكس و لێكدراو دەناسێنرێن[1] .

لێرەدا هەوڵی دەربازبوون لە تاكڕوانگەیی و تێپەڕانـدنی دووجەمـسەری و دووڕوانگـەیی مەنهەجیـەت و گەیـشتن بـە بینـاكردنی مەنهـەجێكی تۆكمـەی یەكانگیر، كە هەردوو بابەتی چەندیەتی و چۆنیەتی لەخۆبگرێت، بەشێوەیەك لەسەر ئەساس و بنچینەیەكی فەلـسەفی جیـاواز لـە بنـچینە فەلـسەفییەكانی مەنهەجەكانی تاكڕوانگەیی و جووتڕوانگەیی دامەزرابێت، بایەخدارتر دەبێت.

ئیدی ئەم مەنهەجە یەكانگیر و تەواوكارییە، دەتوانێـت لەهەمبـەر پرسـە هەنووكەییـــەكان و دیـــاردە گـــەردوونی و دەروونـــی و كۆمەڵایەتییـــەكان بەشـێوەیەكی تەندروسـتانە و واقیعیانــە دەرەنجـامی بـاش و دڵخۆشـكەر پێشكەش بكات.

ئـەم مەنهەجـە یـەكانگیر و تەواوكارییـە، تـەنها لەڕێگـەی ئاوێتـەكردنی هەردوو مەنهەجی چـەندیەتی و چـۆنیەتی بەرهـەم نایـەت، وەك ئـەوەی لـەم چاخە لە رۆژئاوا كاری بۆ دەكرێت، بەڵكو پێویستی بـە بناغەیـەكی فەلـسەفی تۆكمەی جیاواز هەیە لە مەنهەجە بەرجەستەكراوەكانی جیهان.

بناغەیەكی فەلـسەفی جیـاواز، بـە دەستخستنی سەرچـاوەكانی زانـست و زانیـاری و ئامرازەكـانی دەستخـستنی زانـست و زانیـاری و، ئاوێتـەكردنی سەرچاوە و ئامرازەكان، خاڵی جیاوازی ئەم مەنهەجە خوازراوە دەبێـت، كـە

---

[1] فتحي ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص ١٨٢، رائد جميل عكاشة، التكامل المعرفي، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط١، ٢٠١٢م، ص٨٩.

لەڕێگــەی کــاراکردنی ڕێگاکــانی توێژینــەوە لەڕێگــەی بیرکردنەوەیــەکی تەندروست، پـشت بەسـتن بـە دیـد و جیهـانبینی ئـەم بنـچینە فەلـسەفییە، دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی.

خوێنەری بەڕێز، ئەم پەرتووکەی بەردەستت گەشتێکی هزری و مەعریفی و مەنهەجی ورد و قووڵە، پێویستی بە پشوودرێژی هەیە، هەنگاونان بۆ ئـەم گەشتە ماندووکەرە، هەوڵێکە بۆ ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ ئەم مەنهەجـە نوێیە، بەپێویستشی دەزانین، بەر لە شۆڕبوونەوە بـەنێو بابەتـە سـەرەکی و تێزە مەعریفی و هزرییەکان، ئاماژە بۆ خاڵێکی تری گرنگ بکەین.

ئەمیش ئەوەیە، ئەم پەرتووکـە هەوڵێکـە بـۆ زیـاتر ناسـاندنی خوێنـەری کورد بە هزر و مەعریفەی پەیمانگای جیهانی هـزری ئیـسلامی، کـە لـە سـەر هەردوو فۆڕمی (إسلامية المعرفة، التكامل المعرفي) باسی لێوە دەکرێـت.

بۆیە هەر خوێنەرێك بیەوێت بەشێوەیەکی تەندروسـت و ئاسـان بـە کـۆی پایە و بنەماکانی ئەم هزرە هاوچەرخە ئاشنابێت، ئـەوە ڕێنماییمـان ئەوەیـە سەرەتا پەرتووکی "قوتابخانەی إسلامية المعرفة لە دیدی ڕابەرەکانییـەوە" کـە بەرهـەمی خامـەی توێـژەرە و سـاڵی ٢٠١٥ لەلایـەن سـەنتەری زەهـاوی بڵاوکراوەتەوە، بخوێنێتەوە، چونکە هەردوو پەرتووکەکە بەیەکەوە بـاس لـە پووختەی ئەم هزرە دەکەن.

لەلایەکی تر، کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەم پەرتووکەی بەردەستی خوێنــەر و پەرتووکەکــەی تــر هــەن، بۆیــە لــە زۆر شــوێن کورتبڕیمــان لــەم پەرتووکە کردووە، چونکە لە پەرتووکەکەی تر بەدرێژی ڕوونکراوەتەوە، لەو

شوێنانەی کورتبڕی کراوە، خوێنەر ڕێنمایی کراوە لەڕێگەی ئامـاژەکردن بـە لاپەڕە و ناونیشانەکان، بۆئەوەی ئاسانتر بتوانێت بگەڕێتەوە سەریان.

خـاڵێکی تـر، کـە پێویـستە ئامـاژەی پێبـدرێت، بـەهۆی ئـەوەی بابـەتی تەواوکاری زانستەکان (التكامل المعرفي) بابەتێکی هەنووکەییە لەسەر ئاستی جیهان و کوردسـتان، بەردەسـتنەبوون و کـەمی سەرچـاوە یـەکێك بـووە لـە ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەر.

دەرەنجـام چـەند پـەرتووکێك وەك سەرچـاوەیی سـەرەکی لـەم گەشـتە مەعریفیە پشتیان پێبەستراوە، گرنگترینیان: "التكامل المعرفي وتطبيقاتـه في المناهج الجامعية"، کە بریتیە لەتێزی دکتۆرای "ئەبوبەکر محەمەد ئیبراهیم" لە زانکۆی ئیـسلامی جیهـانی مالیزیـا لەسـاڵی ٢٠٠٤ پێـشکەشکراوە و دواتـر پــەیمانگای جیهـانی هـزری ئیـسلامی لـە سـاڵی ٢٠٠٧ چـاپیکردووە. ئـەم پەرتووکە بە پەرتووکی دایك هـەژماردەکرێت لەسـەر ئـەم پرسـە لـەتێکرایی جیهان، چونکە لە نزیکەوە زۆربەی بیرمەنـدەکانی پـەیمانگای سـەبارەت بـە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دواندوون و سەرنجەکانی شیکارکردون.

هــەروەها، پــەرتووکی "منهجيــة التكامــل المعــرفي مقــدمات في المنهجيــة الإســلامية" لــەدانراوی فــەتحی حەســەن مــەلکاوی، لەلایــەن پــەیمانگا بەچاپگەیێندراوە، یەکێکی ترە لەو پەرتووکانەی بەدرێژای ئەم توێژینەوەیە هاوڕێمان بووە.

پەرتووکی سێیەم، بریتیە لە "التكامل المعرفي، أثـره في التعلـيم الجـامعي وضرورته الحضارية" کە خۆی لە ٢٤ توێژینەوە دەبینێتەوە، رائید عوکاشـە ئەرکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی لە ئەستۆ گرتووە.

هـەروەها گۆڤـاری "ئیـسلامیەتی مەعریفـە" کـە بریتیـە لـە زمانحـاڵی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی، مەرجەعی سەرەکیمان بووە لەم گەشتە، لە زۆربەی بەشەکان بۆ توێژینەوەکانی ئەم گۆڤارە گەراوینەتەوە و کەڵکمان لێوەرگرتووە.

هیوادارم بەم کتێبە، توانیبێتمان خزمەتێك، هەرچەندە کەمیش بێت، بـە کاروانی مەعریفەدۆستان بکەین، گومانی تێدا نییە ئەم کارەش خاڵی نییە لە کەموکووڕی، بۆیە هەر لە دەسـتپێکەوە ئەمـە وەبـیر خوێنـەر دەهێنینـەوە، تەنها پەرتووکەکەی زاتی الله بێ کەموکوڕییە و، تێکڕای بەرهەمە مرۆییەکان بەدەر نین لێی، هیچ کەسێکیش جورئەت ناکات بانگەشەی بـێ کـەموکووڕی بوون بکات.

بۆیە لە کێشە و کەموکووڕییەکان داوای لێبـوردن دەکـەین، ئومێـدەوارین پـەروەرێنی بـاڵا بیکاتـە زاد و توێـشووی قیامـەت، دەستیـشمان بگرێـت لـە داهاتوودا کاری جوانتر و پووختتر ئەنجام بدەین.

کۆسرەت ساڵح ئەحمەد

مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

بەشی یەکەم
رەهەندەکانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە

زۆربەی نووسراوەکانی تایبەت بە بابەتەکانی پڕۆژەی (إسلامیة المعرفة) دوو رەهەند لەخۆدەگرن، کە بریتین لە هەردوو رەهەندی مەعریفی و میتۆدی (مەنهەجی).

ئاشکرایە لای شارەزایانی هزری ئیسلامی، پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و، وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەتی، بە یەکێك لە پڕۆژە هەرە کاراکانی تایبەت بە چاکسازی هزری و، هەستانەوەی ژیارستانیی جیهانی ئیسلامی دادەنرێت.

سەبارەت بە هەردوو رەهەندی سەرەوەی پڕۆژەکە، دەکرێت بەپووختی ناوەڕۆکیان لەم چەند دێڕەدا کورتبکرێنەوە و بخرێنە بەردەستی خوێنەر.

پێکهاتەی رەهەندی مەعریفی لە ناوەڕۆکی تیۆری هزری مرۆیی و پەیکەرەکەی خۆی دەنوێنێت، هەریەك لە راستییەکان (الحقائق)، چەمکەکان

(المفاهیم)، بنەماکان (المبادئ)، تیۆرەکان (النظریات)، لە هزری ئیسلامیدا لەچوارچێوەی دیدێکی گشتی و هەمەلایەنە بۆ ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت[1].

بە واتایەکی تر، کاتێك باس لە رەهەندی مەعریفی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە دەکرێت، ئەوە روونە باس لە یەکێك لەم بڕگانەی سەرەوە دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە (راستییەکان، چەمکەکان، بنەما گشتییەکان، تیۆرە سەرەتایی و هەمەلایەنەکانی ئەم پڕۆژەیە).

رەهەندی دووەم: بریتییە لە میتۆدی پرۆژەکە و بەسەر سێ توخم (عنصر) دابەش دەبێت، کە بریتین لە: رێگاکانی بیرکردنەوە و شێوازەکانی، رێڕەوەکانی توێژینەوە و هەنگاوەکانی، پاڵنەرەکانی ئاکاری[2].

واتە هەرسێ توخمی بیرکردنەوە، توێژینەوە، ئاکار و رەوشت، بریتین لە توخمە بنچینەییەکانی تایبەت بە رەهەندی میتۆد و مەنهەجی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە بەگشتی.

بەم شێوەیە پڕۆژەکە کامڵ و تەواو دەبێت، چونکە پێکهاتەی هەردوو رەهەندەکە پەیکەری پڕۆژەکە تەواو دەکەن، بەوچەشنە گرێدان و بەیەکبەستنەوەیەکی یەکانگیر بۆ هەردوو رەهەندی مەعریفی و میتۆدی لەدایك دەبێت، بە مەرجی رەچاوکردنی راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو رەهەندەدا.

---

[1] المعهد العالمي للفكر الإسلامي–مكتب الأردن، التكامل المعرفي إطار مرجعي للمنهجية الإسلامية، تاريخ النشر: ١٠–١٠–٢٠١٣، تاريخ التصفح: ٢١–١٠–٢٠١٦، الرابط المباشر:
http://iiitjordan.org/index.php/2013-10-

[2] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص ٩.

سەبارەت بە هاوسەنگی، شیاوی ئاماژەپێکردنە هاوسەنگی لە هەر کار و پڕۆژەیەکدا بە بەردی بناغە دادەنرێت، چونکە هیچ کارێك بە لاسەنگی ناتوانێت ئامانجەکەی بەتەواوەتی بپێکێت.

خاڵی سەرەکی بیناکردنی هاوسەنگی لە پڕۆژەی هزری ئیسلامیەتی مەعریفە کە پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی کاری لەسەر دەکات، بریتییە لە هێنانەکایەی یەکانگیری لەنێوان هەردوو ڕەهەندی مەعریفی و میتۆدی.

هەموو ڕەهەندێکی مەعریفی لە بواری کرداری پێویستی بە ڕەهەندی میتۆدی دەبێت، میتۆدیش بریتییە لە ڕێگای جێبەجێکردن و بەکرداریکردنی زانست و مەعریفەت. بۆیە ناکرێت دوور لە میتۆد باس لە هیچ مەزهەب و ڕەوتێکی مەعریفی بکرێت و تێزەکانی ئەو زانستە یاخود ئەو مەعریفەیە جێبەجێ و پەیڕەو بکرێن.

کاتێك باس لە تێزە هزرییەکانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە دەکرێت، ڕاستەوخۆ باسوخواسی تایبەت بە میتۆدی دابەزاندنی ئەو هزرە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع و، لە هزر و تیۆرەوە بۆ کردار و ئاکار ئامادەیی دەبێت.

بۆنموونە، کاتێك باس لە مەرج و پایەکانی دروستبوونی نوێژ دەکرێت، ڕاستەوخۆ بابەتی چۆنیەتی ئەنجامدان و هێنانەکایەی کرداری نوێژکردن، لە خاڵی دەستپێك بۆ خاڵی کۆتایی، لە خەیاڵدانی گوێگر دەزرینگێتەوە.

بەهەمانشێوە کاتێك باس لە ڕاستییەکان و چەمك و بنەما و تێزە هزری و مەعریفییەکانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە دەکرێت، گوێگر یاخود

خوێنەر، راستەوخۆ خـەیاڵی بـۆ لای چـۆنیەتی بەرجەسـتەکردنی ئـەو تێـزە مەعریفیانە دەڕوات.

وەك لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد، خـاڵی جەوهـەری لـە ئامانجـەکانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، بریتییە لە چاکسازی هـزری و هەسـتانەوەی ژیاری لە جیهانی ئیسلامی.

کەوابێت خوێنەر مافی خۆیەتی بپرسێت چـۆن ئـەم ئامانجـە دەپێکرێـت؟ خاڵی دەستپێك و کۆتایی کامەیە؟ لەکوێوە دەست پێبکـەین؟ سـەرەتا کـام کێڵگـەی هــزری و کـرداری بکەینــە ئامــانج؟ چــونکە چاکــسازی هــزری و هەستاندنەوەی بـاری کـەوتووی ژیارسـتانیی ئیـسلامی، بەدرێـژایی سـەدەی رابـردوو تـاوەکو دەگاتـە ئـەمڕۆ، یـەکێك بـووە لـە گـرنگترین ئـەو پرسـانەی هەمیشە بە گەرموگوڕی کاریان بۆ کراوە.

کارەکەش ئەوەندە سووك و ئاسان نییە، بە نووسینی چـەند پـەرتووکێك یان رێکخستنی چەند کۆنفرانس و کۆڕ و سیمینارێك بێتە ئـاراوە، بـەڵکو زۆر لەوە گەورەتر و قورسترە، بەشێوەیەك پێویستی بە هزر، پـڕۆژە، سـتراتیژ، کار و چالاکی سەرتاسەری، بەردەوام و، فرەلایەن و فرەڕەهەند هەیە.

پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە بەوردی کار لەسەر چەند پرسـێك دەکـات. سەرەتا نەخۆشییەکانی هزری و ژیـاریی جیهـانی ئیـسلامی دیـاری دەکـات و دەست لەسەر برینـەکان دادەنێـت، دواتـر بـە ئامـانجی چارەسـەر هـەنگاو و رێگاکانی چارەسەری لەگەڵ توێشوو و پێویستییەکانی رێگاکـە دەخاتـەڕوو، دواتر لە بواری کرداری هـەنگاوی بـۆ دەنێـت، ئەمـەش لەڕێگـەی میتـۆدێکی

تۆکمـەی چـوار ڕەهەنـدی دێتـەئاراوە، کـە لـەخوارەوە بـەکورتی ڕوونـی دەکەینەوە.

کەواتە دەکرێت میتۆدی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تێز و کۆباسە هزرییەکانی ئەم پڕۆژەیە لە چوار خاڵ بخرێنەڕوو، کە ئەمانەن:

یەکەم: دیدێکی ئیسلامیانە، واتە هەڵقووڵاوی ناوەڕۆکی ئیسلام بێت بۆ جیهان و گەردوون، کە بە (الرؤية الكونية) ناسێندراوە. ئەم دیدەش لە هەردوو خاڵی سیستەمی مەعریفەی ئیسلامی و میتۆدەکەی خۆی دەبینێتەوە.

دووەم: میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ بنچینە و سەرچاوە سەرەکییەکانی ئیسلام، ئەویش دوو کۆباسی تر لەخۆدەگرێت، ئەمانیش بریتین لە هەردوو بابەتی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان و فەرموودە.

سێیەم: میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور، ئەویش دوو کۆباسی تر لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامی (التراث الإسلامي)، لەپاڵ میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری مرۆڤایەتی (التراث الإنساني).

چوارەم: میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و ڕووداوەکان، کە لە زەمینەی کرداری دەگوزەرێن. ئەم خاڵەش دیسان دوو کۆباس لەخۆدەگرێت[1].

---

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي.

یەکەمیان میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ بار و گـوزەران و ڕووداوەکـان وەك هەن، واتە ناسین و نەشتەرکاری بۆ پرسەکان کە لە زەمینەی کرداری گوزەر دەکەن و هەن. دووەمیـان بریتییـە لـە میتـۆدی مامەڵـەکردن لەگـەڵ هـەمان پرس، بەڵام لە داهاتوودا. واتە چۆن بتوانین پێکهاتەی ئەم پرسانەی ئێستا لەبەردەستمانن بگۆڕین، بەشێوەیەك لە داهاتوودا وا لەدایك بن بـە خواسـتی ئێمە بێت.

بـە واتایـەکی تـر، چـۆن بتـوانین پرسـەکان تەسـلیم بـە ئێمـە بـبن و بـە خواسـتی ئێمـە بگـوزەرێن، لـە بـری ئـەوەی ئێمـە تەسـلیم بـە واقیـع بـین و پرسەکان بە هەڕەمەکی و خواستی خۆیان، یان خواستی کەسانی تر لـەدایك بـبن. بۆنموونـە: کاتێـك باسـی پرۆسـە و پرسـی پـەروەردە و فێرکـردن لـە کوردستان دەکەین، سەرەتا دەبێت ناوەڕۆك و پێکهاتەی ئێستای پرۆسـەکە شـرۆڤە بکـەین، دواتـر هەڵوەسـتەیەك لەسـەر ئـەم خاڵـە بکـەین: پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن ئێستا لە کوردستان بەمشێوەیە، کەوابێت پێویستە لە داهاتوودا چۆن بێت؟

خودی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئێـستا لە کوردستان چۆنە؟ پێویستە لـە داهـاتوودا چـۆن بێـت؟ چـۆن بتـوانین بـە خواستی ئێمە بەرێوەبچێت؟، هاورێ لەگەڵ وەڵامی ئەو پرسیارانە بریتییە لە کرۆك و ناوەڕۆکی خاڵی چوارەم.

بەمـشێوەیە بۆمـان ڕووندەبێتـەوە میتـۆد هیـچی کـەمتر نییـە لـە تێـزە هزرییەکان، بگرە خاڵی جەوهەری هەموو پڕۆژە و هزرێکە.

ئەوەی مایەی مشتومڕ لەسەرکردن نییـە، بریتییـە لـەوەی بیرکردنـەوەی میتۆدی و مەنهەجیانە پێویستییەکی حەتمییە بۆ سەرکەوتنی هـەر کارێـك و گەیشتن بە ئامانج و هەر خواستێك. مێژوو سەلماندویەتی هەر کارێـك لەسـەر بیرکردنەوەیەکی میتۆدیانە دەستی بۆ برابێت، ئامانجەکەی پێکـاوە، ئەگـەر بەشـێوەیەکی ڕێـژەیش بووبێـت، بەپێـچەوانەی کـارێکی بینـاکراو لەسـەر بیرکردنەوەیـەکی عەشـوایی و نامەنهـەجی، ئـەم جـۆرە چـالاکیانە نـەوەك ئەگەری پێکانی ئامانجی نەبووە، بگرە زۆر جاریش دەرەنجامی پێـچەوانەی لێکەوتووەتەوە. ئینجا جیاوازی نییە کارەکە لەسەر دەسـتی تاکێـك ئـەنجام درابێت، یان لەسەر دەستی کۆمەڵێك کەس، یـان نەتـەوە و شـوێنکەوتووانی ئایین، مەزهەب، ڕەوت و گرووپێکی دیاریکراو.

بابەتی میتۆدی و مەنهەجیبوون لەسەر ئاستی جیهان گرنگی خۆی هەیە. تێکڕای ناوەند و پێگە زانستی و هزرییـەکان خـاوەنی پـەیڕە و مەنهـەجێکی روون و دیاریکراون، زانکۆکان بەنموونە. ناکرێـت زانکـۆ، پـەیمانگا، ناوەنـدە ئەکادیمی و پیشەییەکان بەبێ پرۆگرام و مەنهەج کار بکەن.

بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین، کە مەبەستمان بەپێویـستزانینی میتۆد تەنها بریتی نییـە لـە ئامـادەیی میتـۆد لـە کـردار، بـەڵکو بریتییـە لـە پێویستی ئامادەیی سەرەکی میتۆد لە بیرکردنەوە و ئەفکار، قسە و گوفتار، ئینجا لـە کـردار و ئاکـار. کەواتـە لـە تێکـڕای چـالاکییە بـیری و گوفتـاری و کرداری و ئاکارییەکان، هەبوونی میتۆد پێویستە، بـەهیچ شـێوەیەك ناکرێـت میتۆد پشتگوێ بخرێت یان خۆی لێ ببوێردرێت.

کەلــەپوور (تــراث)ی مرۆڤایــەتی بەگــشتی و کەلــەپووری ئیــسلامی بەتایبەتی، خالّی نییە لە میتۆد. راستە میتۆدەکان جۆراوجـۆرو فـرەڕەنگن، بـە قـەد فرەڕەنگـی تـاقم و دەسـتە و گـرووپ و رێـچکەکان، بـەڵام ئـەوەی جێگەی سەرنجە ئامادەیی میتۆدە لە گشت کایە مەعریفی و زانستییەکان.

لەمــە زیــاتر شــۆڕنابینەوە بــۆ نــاو وردەکاریــەکانی میتــۆد و بابەتــە پەیوەندیدارەکانی، بـەڵکو دەگەڕێینـەوە سـەر باسـە سـەرەکییەکەمان، کـە بریتییە لە (التكامل المعرفي).

بەشی دووەم
پێگەی تەکامولی مەعریفی
لە پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفەدا

پێگەی تەکامولی مەعریفی لە پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفەدا، بریتییە لە بەشی سەرەکی میتۆد لە میتۆدی ئەو قوتابخانە هزرییە. بۆیە دەکرێت ئەم چەمکە وەك چوارچێوەی مەرجەعی میتۆدی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە بناسێنرێت. چۆن پێشتر بابەتی ئیسلامیەتی مەعریفەمان وەك قوتابخانەیەکی هزریی ئیسلامی سەردەم ناساند [1]، بە هەمانشێوە تەکامولی مەعریفی وەك مەرجەعی میتۆدی ئەو قوتابخانەیە شیکار دەکەین. بە واتایەکی تر، بابەتی تەکامولی مەعریفی بریتییە لە چەتری هەر چوار خاڵە میتۆدییەکان، لە رەهەندی میتۆدی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، کە لەسەرەوە باسمان کرد.

---

[1] بروانە: قوتابخانەی إسلامیە المعرفە، کۆسرەت صالح، سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٥ز.

تـەكامولی مـەعریفی بریتییـە لـە یـەكانگیری هەمەلایەنـە و فرەڕەهەنـد لەنێوان سەرچاوەكانی مەعریفـەت لەلایـەك، هـەروەها لـەنێوان ئامرازەكـانی مەعریفـەت لەلایـەكی تـرەوە. لـەپاڵ هێنانەكایـەوەی یـەكانگیری مـەعریفی لــەنێوان هــەردوو بــەرەی سەرچــاوە و ئــامرازە مەعریفییــەكان، بەمــەش تەكامولی مەعریفی لەدایك دەبێت.

ئـەم ئاوێتـەبوون و یەكانگیرییـە (التكامـل) لەسـەر بنـچینەی خۆرسـك، سروشتی مرۆڤ (الفطرة) و پێویستی بیناكراوە.

واتە بنـچینە و بناغـەی تـەكامول بریتییـە لـە هـەبوونی چـەند ژانـەرێكی جۆراوجۆر، كە ئاماژە بـۆ فرەییـەكی ریـشەیی دەكـەن. ئاشـكرایە فـرەییش بریتییـە لـە دیاردەیـەكی سروشـتی خۆرسـك و رەسـەن، بـەهیچ شـێوەیەك ناكرێت رەتبكرێتەوە و كاری پێنەكرێت.

بـوونی كۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی لـە فرەییـەكی قـووڵ خـۆی دەبینێتـەوە، فرەیی لە زمان: كوردی، عەرەبی، فارسی، توركی، ئینگلیزی...هتد، فرەیی لە نەتەوە: كورد، عەرەب، فارس، تورك... هیندی، ئینگلیز... هتد، فرەیـی لە رەنگ: سپی، رەش، سوور، شین...هتد، فرەیی لە بۆچوون و بیروباوەڕ و ئاییندارییـدا: موسـڵمان، مەسـیحی، یـەهودی، بـووزی... هتـد، فرەیـی لـە مەزهەب: سوننە، شیعە، حەنەفی، مالیكی، شـافیعی، حەنبـەلی، مەزهـەبی و لامەزهەبی... هتد.

دیارە ئەمەش ویستی خودای لەپشتە، كە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا لە فرەیی پێكهاتووە، ئینجا مرۆڤایەتی بە فرەیی رازێندراوەتەوە.

ئەگەر خودا ویستی لەسەر بووایە وەك لە قورئان هاتووە، ئـەوە هـەمووماني یەك رەنگ، یەك دەنگ، یەك زمان، یەك نەتەوە، یەك ئومەت، یەك خاك، یەك ئـالاّ و یـەك پـەیام دروسـت دەكـرد. بـەلاّم ویـستی خـودا، فرەیـی بەسـەر رەنگرِێـــــژكردن بـــــە رەنگێكــــــی دیـــــــاریكراو هەڵبـــــــژاردووە، ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ النحل: ٩٣.

ئەم فرەییە بێ رێسا و یاسا جێنەهێشتراوە، بەڵكو لـەژێر چـەند بنـەما و رێسایەكی گەردوونی، ئایینی و كۆمەلاّیەتی هەماهەنگ و یەكانگیر كراون، كە دووربێـت لـە كولتـوور، رۆحـی دژایـەتی، بەربـەرەكانیّو یـەكتر سـڕینەوە. بەشێوەیەك كولتووری یەكترقبوڵكردن، رۆحـی تـەبایی و گیـانی تـەواوكاری، لەنێوان چین و پێكهاتە جۆراوجۆر و جیاجیاكـان بـریتی بێـت لـە تـەواوكاری كۆمەڵگە و هاتنەكایەی یەكانگیری و تـەكاملێكی فرەڕەهەنـد و هەمەلایـەن لەنێوان چین و توێژ و پێكهاتەكانیدا.

بەمشێوەیە پێویستی هاتنەكایەی تەكامول لەنێو كۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی لەسەر دوو ئاست بەپێویست دەزانرێت، هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی. تـەكامول، لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆیی، لـە هـەبوونی پێویـستییەكی حـەتمی هەڵقولاّو لەنێوان پەیوەندییە بنەڕەتییەكانی پێكەوەژیان خۆی دەبینێتەوە، وەك خۆشەویـستی، سـۆز، بـەزەیی، متمانـە، لـەنێوان رۆڵـە و تاكـەكانی كۆمەڵگـەدا. لەسـەر ئاسـتی دەرەكـیش وەك: پەیماننامـە، رێككەوتننامـە و بەڵێننامەكانی تایبەت بە باری ئاشـتی، سـەلامەتی، ئـابووری، پێكـەوەژیانی كۆمەڵگاكان و ولاّتـان. بەشـدارییپێكردن و سـوودوەرگرتن لـە توانـا مرۆیـی و

سەرچاوە سروشتییەکان لەنێوان مرۆڤەکان بەگشتی، لەپێناو هێنانەدی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی. لەبری خۆمان خۆمان و چەوساندنەوە و کولتووری یەکترسڕینەوە و ملشکاندن، لەسەر ئاستی تاك، کۆمەڵگە، هەرێم و وڵاتان[1].

بابەتی تەکامول لەپاڵ رەهەندە مرۆییەکەی، رەهەندێکی ئاینی تۆکمە و گرنگیشی هەیە. پەروەرێنی تاقانە لە چەندین شوێنی قورئان ئاماژە بۆ بابەتی تەکامول دەکات و، رەچاوکردنی گرنگیدان بە تێکڕای لایەنە مەعنەوی و جەستەییەکان بەپێویست و گرنگ دەزانێت.

دەستخستنی مەعریفەت و رێگاکانی، دامەزراندنی هزر و گرنگیپێدانی، دواتر هاتنەکایەی ئاکار، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان و جێبەجێکردنیان لە بواری کرداری چەند تێزێکی ئیسلامی و قورئانین. هەروەك لە چەندین شوێن جەخت لەسەر تەکامول لەنێوان بیرکردنەوە و گەڕان و ئەزموونکردن، لەنێوان هزر و ئاکار، لەنێوان زانست و کردەوە کراوەتەوە ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ البقرة: ٨٢، تەکامول لە نێوان کۆشش و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، بە ئامانجی گەیشتن بە پاداشتی دونیا و دوارۆژ.

ئیسلام هەمیشە جەختی لەسەر کۆکردنەوەی دینداری و دونیاداری کردووەتەوە. نە دینداری بە تەنها، نە دونیاداری بە تەنها، بەڵکو کۆکردنەوە و هێنانەپێشەوەی ژیانێکی دیندارانەی دونیادارانە لە تێزە سەرەکییەکانی پەیام و بانگەوازی ئیسلامن، وەك لەچەندین فەرموودەدا هاتووە.

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص١١.

ئەمەش هەقیقەت و گرنگی تەکامول و رەهەندەکانمان پێ ئاشنا دەکات، هەڵبەت تەکامول بە مەفهوم و چەمکە رەها و گشتگیرییەکەی.

بۆیە بەپێویستی دەزانین، لەم پەرتووکەدا باسی چەند تێزێکی هزری و میتۆدی تایبەت بە تەکامولی مەعریفی بکەین، بە ئامانجی ناسینی ئەم بابەتە هزرییە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکەکەی، بەهیوای خستنەگەڕ و بەرجەستەکردن و گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، کە گرنگترینیان بریتییە لە چاکسازی هزری، هەستانەوەی ژیارستانی، بەدەستهێنانەوەی پێشەنگایەتی جیهان لەلایەن نەوەیەکی دیندار و دوونیاداری پێگەیشتوو و تێگەیشتوو، لە پەیامی ئاسمان و زانستی مرۆڤ، بنەما لەسەر ئەو ئامرازە سەردەمی و بەردەستانەی کە لەبەردەستی مرۆڤایەتیدان.

دواتر هێنانەکایەی تێکهەڵکێشی و بەگەڕخستنی تێکڕای ئەو توخمانەی سەرەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بەگشتی، دوور لە قۆرخکاری و چەوساندنەوە و زیانگەیاندن بە گەردوون و بوونەوەر و بەزاندنی سنوورە ئایینی، رەوشتی، مرۆیی، کۆمەڵایەتی و ویژدانییەکان. ئەم تەکامولەی پەرتووکەکەمان کردوویەتیە ئامانجی توێژینەوە، باسی تەکامول و یەکانگیری رەها و هەمەلایەنە ناکات، بەڵکو تەنها ئامانجی تەکامولە لە مەعریفەدا .

واتە هێنانەکایەی تەکامول و هەماهەنگی لەنێوان کۆمەڵێک ژانەری مەعریفی کە دەکرێت بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بەگەڕبخرێن، بۆ هێنانەدی

ئـەو ئامانجانــەی پــڕۆژەی ئیــسلامیەتی مەعریفــە هــەوڵی نیــشانەشکێنیان دەدات.

تەکامول لەنێوان سەرچاوەکان، لەنێوان ئامراز و ڕێگاکان، لەنێوان قۆناغ و قوتابخانــە و ئاراســتەکان. تــەکامول لــەنێوان سروشــتی خۆرســکی مــرۆڤ و زەمینەی دەستکرد و دروستکراو، لەنێوان نموونە و بــەها باڵاکــان، هــەروەها تەکامول لەنێوان کۆباسە ئەندازەیی و ژمارە ورد و پووختــەکانی تایبــەت بــە بابەتە هزری و خاڵە کێشەدار و ناڕوونەکانی بواری توێژینەوەی زانستیانە لە بوارە جۆراوجۆر و جیاجیاکان.

جگــە لەمانــە، بەرهــەمهێنانی تــەکامول لەســەر ئاســتی هــەردوو بەشــی بابەتیانــەی " چــەندیەتی و چۆنیەتی" کــە پڕبێــت لــە بەرهــەمی واتــادار و توێکــاری قــووڵ. هــەموو ئەمانــە و چــەندانی تــریش، لــەپێناو گەیــشتن بــەو چوارچێوە و مەرجەعە هزرییەی کرۆکی مەنهەجیەت و میتۆدیانەی پڕۆژە پڕ لە ستراتیژ و دوور مەوداکەی ئیسلامیەتی مەعریفەمان، تا ئاســتی کــامڵبوون پێ ئاشنا دەکات.

بەشی سێیەم
مەفهومی تەکامولی مەعریفی

هەنگاوی یەکەمی ئەم گەشتە هزری و مەعریفییە لە روونکردنەوەی واتای چەمکی تەکامول خۆی دەبینێتەوە، دواتر روونکردنەوەی وشەی مەعریفە. ئینجا مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی چەمکی لێکدراوی "التكامل المعرفي" وەك زاراوەیەکی میتۆدی و هزری و مەعریفی دیراسەکراو، لەلایەن بیرمەندانی ئیسلامی بەگشتی و، رابەرانی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە بەتایبەتی.

بابەتی رووونکردنەوەی چەمکەکان لە تێکڕای بوارەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەکرێت چەمکێك لە چەند بوار و پسپۆڕییەکی جیاواز بەکاربێت، لە هەر بوار و پسپۆڕییەکدا دەبێتە خاوەنی مانا و ناوەڕۆك و پێکهاتەیەکی تایبەت.

لە بابەتە هزرییەکان، روونکردنەوەی چەمکەکان و تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و پێکهاتەکانیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. چەندین جار بەهۆی ناڕوونی

چەمكێك یان بەلاڕێدابردن و خراپ ڕاڤەكردنی، چەندین تێز، كۆباس، بابەت و بڕگە شێوێندراون، هەندێك جاریش واتای پێچەوانە و دەرەنجامی ئاوەژوویان گەیاندووە.

پێكهاتەی چەمكی "التكامل المعرفي" یش بەدەرنییە لەم بابەتـە، ڕەنگـە زۆر كەس لێكدانەوەیەكی ڕێژەییانەی بۆ بكـەن، هەنـدێكی تـر بـە ڕەهـایی و گشتگیرانە شیكار و توێكاری بۆ دەكەن. لەلایەكی تر، هەندێ لـە خوێنـەران خودی چەمكەكەیان هەر لە بنەڕەتەوە لا تازەیە و هیچیان لەبارەوە بەرچاو نەكەوتووە. بۆیە سەرەتاییترین كاری ئەم پەرتووكەی بەردەسـتی خوێنـەر، بریتییە لە ڕوونكردنەوەی مانا و پێكهاتە و ناوەڕۆكی ئەم چەمكە.

بـۆ دەرنەچـوون لـە بابـەتیبوون و شـێوازی ئـەكادیمی، سـەرەتا هـەردوو چەمكی "التكامل - المعرفـة" لـەلای زمانـەوانانی عـەرەب ڕوون دەكەینـەوە، ئینجـا وەك چـەمكێكی ئـەكادیمی بـەكارهاتوو، هـەروەها وەك چـەمكێكی میتـۆدی و هـزری تایبـەت بـە قوتابخانـەی ئیـسلامیەتی مەعریفـە لەسـەری دەوەستین.

بەمجۆرە ئـەو بەشـە بەسـەر سـێ بڕگـە دابـەش دەبێـت، بڕگـەی یەكـەم تایبەتە بە ڕوونكردنـەوەی مانـای تـەكامول لـەڕووی زمانەوانییـەوە. بڕگـەی دووەمیش بۆ ڕوونكردنەوەی مانای زمانەوانی چـەمكی مەعریفـە. لـە بڕگـەی سێیەمیش لەسەر ڕوونكردنەوەی چەمكی "التكامل المعرفي" دەوەستین، وەك چەمكێكی هزری، میتۆدی و مەعریفی.

• **بڕگەی یەکەم: التكامل لای زمانەوانان.**

کاتێك باسی بەکارهێنانی وشەیەك دەکرێت لەڕووی زمانەوانییەوە، واتە پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەم وشەیە لای عەرەب چ مانایەکی گەیاندووە، بەر لە هاتنی ئیسلام، یان بەر لە بەکارهێنانی وەك چەمك و زاراوەیەکی تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو؟.

بۆنموونە، کاتێك لەڕووی زمانەوانییەوە پێناسەی وشەی (الصلاة) دەکرێت، دەگوترێت (صلاة) واتە پاڕانەوە و نزاکردن، چونکە بەر لە هاتنی ئیسلام، ئەم وشەیە لای عەرەب بەمانای پاڕانەوە بەکارهاتووە. کەچی دوای هاتنی ئیسلام، هەمان وشە بووەتە چەمك و زاراوەیەکی فیقهی، بەو خواپەرستییە دەگوترێت بە (الله أكبر) دەستپێدەکات و بە سەلامدانەوە کۆتایی دێت. واتە (الصلاة) لەڕووی زاراوەوە بە واتای نوێژکردن دێت، لەکاتێکدا لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای پاڕانەوە بەکاردەهات. بەهەمانشێوە، وشەی "التكامل" لەڕووی زمانەوانییەوە چەند مانایەك دەبەخشێت.

ئەم وشەیە لە بنچینەی زمانی عەرەبیدا چاوگە "مصدر"، ئەگەر بۆ زمانی کوردی وەریبگێڕین، بە مانای "تەواوکردن" دێت، وشەکە لە کاری رابردووی "تَكَامَلَ" وەرگیراوە. دەگوترێت "تكامل، يتكامل، تكاملاً" واتە (تەواوی کرد، تەواوی دەکات، تەواوکردن)[1]. بۆنموونە، دەگوترێت: "تكامل

[1] بروانە: معجم اللغة العربية المعاصرة، ج٣، ص١٩٥٩.

الشيء" شتەكە تەواوبوو، یاخود دەگوترێت: هەنگاو بە هەنگاو شتەكان یەكتری تەواو دەكەن [1].

لە بواری لێكۆڵینەوە دەرونییەكان، بەتایبەت بابەتی كەسایەتی و خود، دەگوترێت "تكامل" تەواوكردنی خود، واتە هەماهەنگكردن و ڕێكخستن لەنێوان تێكڕای جۆرەكانی كەسایەتی، لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا[2].

لە بواری ئابووریشدا، چەمكی تەكامول بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵێك پیشەی جۆراوجۆر و دروستكردنی هەماهەنگی لەنێوانیاندا، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو بەكاردێت. لە زۆربەی كایە كرداری، پیشەیی، زانستی و هزرییەكاندا، ئەم چەمكە بەكارهاتووە، لەبەر پێویست نەبوون و نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە بابەتەكەمانەوە، لێرەدا زیاتر درێژەی پێ نادەین.

لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی *(Integration)* بۆ هەمان مانای (التكامل)ی عەرەبی بەكاردێت، هەندێكجاریش هەمان وشە، واتە *(Integration)* بە واتای یەكێك لەم وشانە "دمج، إدماج، انسجام، ادغام، توحید، مزج" بەكاردێت. هەریەكە و لە شوێنێك بەپێی سیاق و بابەتەكە، مانای جۆراو جۆر دەبەخشن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت، ئەوەیە لە بوارە هزری و مەعریفییەكەدا، *(Integration)* بەرامبەر بە تەكامول بەكاردەهێنرێت. لەزمانی شیرینی كوردیشدا وشەی "تەواوكاری" بە گونجاوترین وشە دەزانین، بۆیە هەر ئەویشمان بەكارهێناوە.

---

[1] المعجم الوسيط، ج٢، ص٧٩٨.

[2] معجم اللغة العربية، ج١، ص٨٠٠.

- **بڕگەی دووەم: وشەی (المعرفه) زانیاری**

وشەی (المعرفة) لە بنچینەی زمانی عەرەبیدا، چاوگێکی میمییە، لە کاری رابردووی "عرف" وەرگیراوە. بە مانای هەستکردن و زانینی هەقیقەتی شتێکی دیاریکراو دێت وەك خۆی، بێ زیاد و کەم[1]. بۆیە کاتێك باسی کەسێك دەکرێت، کە کەسێکی تر باش دەناسێت، دەگوترێت: (یعرفه حق المعرفة).

سەبارەت بە وشەی (المعرفة) وەکو چەمکێکی زاراوەیی، بەمانای بەرهەمی فێرکردنی چەند ساڵە بەکاردێت.

بۆنموونە کاتێك دەگوترێت (المعرفة الإنسانية) واتە ئەو زانیاری و ئەزموونەی مرۆڤ لە ئادەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ پێیگەیشتووە. ئینجا جیاوازی نییە، رێگەی گەیشتنی ئەو زانیاری و ئەزموونە بریتی بێت لە پرۆسەیەکی دیاریکراو و رێکخراوی وەك قوتابخانە، یان هەڕەمەکی و خۆرسك بێت.

کاتێك دەگوترێت (نظرية المعرفة) تیۆری زانین، واتە توێکاری و گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بابەتێکی دیاریکراو هاتوونەتە ئاراوە[2].

لە (قامووسی فیقهی)دا پێناسەی مەعریفە و پەیوەندی نێوان مەعریفە و زانست بەمشێوەیە خراوەتەڕوو: (إدراك الشيء بتفكر، وتدبر لأثره، وهو أخص من العلم، والمعرفة تتعلق بذات الشيء، والعلم يتعلق بأحواله)[3].

---

[1] معجم لغة الفقهاء، محمد رواس قلعجي وحامد صادق قنيبي، دار النفائس، ط٢، ١٩٨٨م، ج١، ص٤٤٠.

[2] معجم اللغة العربية المعاصرة، ج٢، ص١٤٨٧.

[3] القاموس الفقهي، د.سعدي أبو حبيب، (دمشق: دار الفكر، ط٢، ١٩٨٨م)، ج١، ص٢٤٩.

واتە، مەعریفە بریتییە لە ناسین و دەرخستنی شتێك بە بیرلێکردنەوە و تێڕامـان لـە کاریگەرییـەکانی، چوارچـێوەکەی لـە چوارچـێوەی زانـست بەرتەسکترە، چـونکە مەعریفـە وابەسـتەیە بـە خـودی شـتەکە، لەکاتێکـدا زانست پەیوەستە بە سەردەم و بارودۆخی هەمان شت.

پێناسـەکە ئـەوە دەگـەیێنێت زانـست گـشتگیرترە لـە مەعریفـە، بـەڵام بیرمەندان رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم پرسـە، هەنـدێکیان وای بۆدەچـن زانیاری فراوانترە و هەندێکیش زانست بە فراوانتر هەژماردەکەن. بەشـێکیش لە زانایان هەردوو چەمکی زانست و مەعریفە بە هاومانا هەژمار دەکەن [١].

هەروەها لە پەرتوکی "دستور العلماء"دا چەمکی مەعریفە بەم شـێوەیە پێناسە کراوە: "المعرفة إدراك الأمر الجزئي أو البسيط مطلقاً..كمـا أنَّ العلـم إدراك الكلي أو المركب... ولهذا يقال عرفـت الله ولا يقـال علمـت الله"[2]. واتـە: مەعریفە بریتییە لە پەیبردن بە شتێکی جوزئی یان سـەرەتایی بـە رەهـایی، هـەروەك چـۆن زانـست بریتییـە لـە پـەیبردنی گـشتی یـان لێکـدراو، بۆیـە دەگوترێت خودام ناسیی، ناگوترێت خودام زانی.

بەشـێوەیەکی گـشتی مەعریفـە بـەو کۆمەڵـە زانیـاری و دەرەنجـام و ئەنجامانە دەگوترێت، کە لەڕێگەی میتۆدێکی توێژینەوەی تۆکمە، سەبارەت بە دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێن[3].

---

[1] زكريا الأنصاري، الحدود الأنيقة والتعريفات الدقيقة، تحقيق: د.مازن المبارك، بيروت: دار الفكر المعاصر، ط١، ١٤١١ه، ص٦٦.

[2] دستور العلماء، عبدالنبي بن عبدالرسول الأحمد نكري، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ٢٠٠٠م، ج٣، ص١٩٩.

[3] بروانە: حامد العطية، نظام المعرفة ومنهج البحث في القرآن الكريم، بيروت: دار الأنوار، ٢٠٠٦م، ص٨.

هەردوو دیدگای ئیسلامی و نائیسلامی سەبارەت بە پێناسە و ناوەڕۆکی مەعریفە بەیەك دەگەن، هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، مەعریفە کۆمەڵێك راستی رێکخراو و راڤەکراون لەهەمبەر گەردوون و بوونەوەر، مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی عەقڵ و میتۆدێکی تۆکمە بەدەستیان بێنێت [1].

مەعریفە لە قورئاندا بریتییە لە گشت زانیاری، رێسا، یاسا، بنەما و بنچینەکانی بەدەستهاتوو لەڕێگەی دیراسەکردنی گەردوون و قورئان. ئەگەرچی تێڕوانینی بەشێك لە موسڵمانان و هەندێ مەزاهیبی هزری و فیقهی، مەعریفە بەسەر هەردوو بەشی مەعریفەی شەرعی و مەعریفەی دەستکردی مرۆڤ دابەش دەکەن، بەشێوەیەك یەکەمیان بەرهەمی دەقە ئایینییەکانە و خوازراو و پەسەندە، پێویستە مرۆڤ تێکڕای تواناکانی بۆ خەرج بکات. دووەمیان بریتییە لە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ، بەشێکە لە خورافە و پێویستە خۆی لێ بەدوور بگرین. بەڵام قورئان دابەشکارییەکی لەم چەشنە ناناسێت، وەك لە داهاتوودا زیاتر ئەم بابەتە روون دەکەینەوە.

شیاوی ئاماژەپێکردنە چەندین جیاوازی خودی و بابەتی (الذاتي والموضوعي) لەنێوان زانست و زانیاری (العلم والمعرفة) هەن، بەڵام لێرەدا بەپێویستی نازانین درێژەی پێبدەین.

پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن پێکهاتەی قووچەکی زانیاری (الهرم المعرفي) لە چوار نهۆم دەخەنەڕوو: داتاکان (البيانات)، زانراوەکان

---

[1] حامد العطية، نظام المعرفة ومنهج البحث في القرآن الكريم، ص١٠.

(المعلومات)، زانیارییەکان (المعارف)، دانایی (الحکمة). بەشێوەیەك داتاکان بریتین لە چەند راستییەکی پچڕپچڕ، کە بەتەنها هیچ مانایەکی دیاریکراو ناگەیێنن، بەڵام کاتێك ئەم راستییە پچڕپچڕانە کۆدەکرێنەوە و رێکدەخرێن، دەبنە زانراو.

ئەوکاتەی زانراوەکان دەتوانن کاریگەری لەسەر هەڵوێست، هەڵسوکەت، بۆچوون و دەربڕینی ئاخاوتن دابنێن، ئەوا دەبێتە زانیاری و مەعریفە. بەمجۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە زانیاری و زانراوەکان نابنە مەعریفە، مەگەر لە یەکێك لە بوارەکاندا بەگەڕ بخرێن. واتە چۆن ناتوانین بەبێ بەگەڕخستن سوود لە وزەی کارەبا ببینین، بەهەمانشێوە ناتوانین بە تەنها زانیارییەکان بە مەعریفە هەژمار بکەین، تاوەکو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەگەڕنەخرێن[1].

بە پشتبەستن بە بۆچوون و پێناسە ئاماژەپێدراوەکان لەسەرەوە، دەکرێت لە چوارچێوەی توێژینەوەکە چەمکی مەعریفە بەمشێوەیە پێناسە بکەین. مەعریفە: بریتییە لە کارلێکردن لەنێوان زانیاری، ئاراستەکان، یاساکان، بەها و شێوازەکانی کارکردن، پاڵپشت بە تێکڕای ئەزموونی مرۆڤایەتی، لەم رێگەیەوە مرۆڤ وەکو تاك، یان تاقم و دەستە، دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و بڕیارەکان یەکلایی بکاتەوە.

کەواتە تێکڕای ئەو زانیاریانەی مرۆڤ بە رێگا جۆراوجۆرەکان بەدەستی هێناون، لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە جۆراوجۆرەکان یارمەتیدەر دەبن

---

[1] المعرفة، مفهومها –خصائصها– أنواعها، ماجد محمد أبو شرحة، بەرواری سەردان کردن: ٢٠١٦/١٠/٣، بۆ درێژەی بابەتەکە بڕوانە ئەم بەستەرەی خوارەوە،:
http://www.slideshare.net/mjdabusharha/ss-.٥٣٤٢٤٢٦٥

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیشتن بە ترۆپکی بڕیاردانن، ئەو زانیاریانـە پێیان دەگوترێت مەعریفە.

مەعریفە بەرەهایی خـاوەن چـەندین تایبەتمەندییـە، لەوانـە: مرۆڤانەیـە، واتە تایبەتە بـە مـرۆڤ، بـەو مانایـەی گیانلەبـەرانی تـر هـەڵگری هـیچ جـۆرە مەعریفەیەکی هاوچەشنی مەعریفەی مرۆڤایەتی نین.

مەعریفـە کەڵەکـەبووە (تەراکومییـە)، واتـە مەعریفـەی مـرۆڤ رێـژەیی و کەڵەکە بووە، ئەوەی نەوەکانی پێش ئێمە پێیگەیشتوون هەر مـاوە و لـەنێو نەچووە، نەوەی ئێستا دەتوانێت سـوودی لێوەربگرێـت و زیاتریـشی بکـات. مەعریفە تۆمار دەکرێت، هەروەك چۆن لەدایك دەبێت و گەشە دەکات.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مەعریفە ئەوەیە، گونجاوە بۆ فێربوون، بــە بــەکارهێنان زیـاد دەکـات نـەوەك کەمبێتــەوە و لەنێوبـچێت. کەواتــە، گــرنگترین تایبەتمەندییــەکانی مەعریفــە ئەمانــەن، مرۆییــە، کەڵەکــەبووە، شایستەی تۆمارکردنە، گونجاوە بۆ فێربوون و بە بەکارهێنان زیاد دەکات.

لە دواخاڵی ئەم بڕگەیە، بەپێویستی دەزانین ئاماژە بۆ ئەوە بکـەین، لـە زمانی ئینگلیزیدا وشەی*Knowledge* لە بەرامبـەر المعرفـە بـە کاردێـت، هــەروەها *Epistemology* وەك چــەمکێکی هــزری و مــەعریفی لــە بــری "نظرية المعرفة"، یان "النظام المعرفي" زمانی عەرەبی بەکاردێت.

قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە چەمکی*Knowledge* لـە بەرامبـەر المعرفە بەکاردێنێت، بۆیە دەوترێت *Islamization of Knowledge* واتە "إسلامية المعرفة" یان "أسلمة المعرفة".

• **بڕگەی سێیەم (التكامل المعرفی) وەك زاراوە.**

ناوەڕۆك و پێكهاتەی پرۆژەی تەكامول لە بابەتە جیاجیاكان بەگشتی و، لە بابەتە هزری و مەعریفییەكان بەتایبەتی، ریشەیەكی دوور و درێژی لە مێژوودا هەیە. ئەگەرچی بەكارهێنانی تەكامول وەك پرۆژەیەكی هزری رەنگە بەشێوەیەكی رێژەیی نوێ بێت. بەكارهێنانیشی لەلایەن بیرمەندانی پەیمانگەی جیهانی هزری ئیسلامی بەگشتی و رابەرانی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە بەتایبەتی نوێترە.

ئەم چەمكە (التكامل المعرفي) هەندێ توێژەر، نووسەر و بیرمەند بە مانای زانیارینامەیی (مەوسوعی) بەكاری دەهێنن.

بە واتایەكی تر، كاتێك ئەم چەمكە بەكاردێت، كە باس لە كەسایەتییەك دەكرێت، شارەزابێت لە چەند زانستێكی جۆراوجۆر، ئەگەرچی با ئەو شارەزایەش تەنها بریتبێت لە شارەزایەكی رووكەشی و دوور لە پسپۆڕیەتی ورد.

لە دیارترین نموونەی بەكارهێنانی تەكامول بەم مانایە، بەكارهێنانیەتی بۆ ئەو كەسانەی شارەزاییان لە بوارە جۆراوجۆرەكان هەیە، وەك: زمان، وێژە، فیقھ، زانستەكانی قورئان، زانستەكانی فەرموودە، مێژوو، گەردوونناسی، فەلەكناسی، فەلسەفە و بیركاری... هتد.

چەندین جاریش گوێبیست بووین ئەم چەمكە بۆ ئەو زانایانە بەكارهاتووە كە لە سەردەمی خۆیان، لە یەك كاتدا بریتیبوون لە راڤەكاری قورئان، زانای فیقهی ئیسلامی، زانستە ئیسلامییەكان، زانستی پزیشكی، فەلەكناسی و

بیرکاری.. هتد ، بۆنموونە پێشەوا محەممەدی کوڕی جەریری تەبەری، ئیبن روشد و ئیبن سینا... هیتد.

ئاشکرایە مەوسوعیبوون یەکێك بووە لە تایبەتمەندییەکانی زانایانی موسڵمان بەر لە چاخی تەقلید و چەقبەستوویی هزر و فیقهی ئیسلامی. بابەتی پسپۆڕی و تایبەتمەندی تەنها زانستێك یان لقێکی زانستێکی دیاریکراو و دیاردەیەکی سەردەمی و بەرهەمی دوای مۆدێرنەیە. بەهۆی ئەم هەڵاوسانە زۆرەی هاتە سەر کۆی زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە ئەزموونی و کردارییەکانی تری وەك کیمیا، فیزیا، پزیشکی و تەکنەلۆژیا... هتد.

کار گەیشتووەتە ئەوەی دیاردەی پسپۆڕیەتی لە بەشێکی بچووکی لقی زانستێك ببێتە مایەی شانازی. لەبری هەوڵدان بۆ مەوسوعیبوون و شارەزابوون لە چەند زانستێکی جۆراوجۆر لەیەك کاتدا. سەرەنجام کار گەیشتە ئەوەی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا، بەشێك لە بیرمەندانی رۆژئاوایی بانگەشەی لەیەك نزیککردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە سروشتی و کردارییەکان بکەن، دوای دەرکەوتنی کەلێن و دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لەنێوان شوێنکەوتوو و پسپۆڕانی ئەو زانستانە.

جاران بانگەشەی یەکانگیری و تەکامول دەکرا لەنێوان هزر و کار، دانایی و شەریعە، نەهێشتنی تێکگیران و دژەوانە لەنێوان حوکمی عەقڵ و نەقڵ، هەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان بەرهەمی عەقڵی تەندروست و فەرموودەی دروست، کۆکردنەوەی تەریقەت و هەقیقەت. دواتر بانگەشەی تەکامول لەنێوان بنچینە و بنەما، لەگەڵ تیۆری و دید و بۆچوونەکان و

توێژینەوە زانستییەکان لەلایەك، جێبەجێکردن و بەکارهێنانیان لەلایەکی تر هاتەئاراوە. بە واتایەکی تر، دروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی فرەلایەنە لەنێوان زانست و تەکنەلۆژیا بە ئامانجی تەواوکاری و کاملکردنی بوارەکانی کرداری و خستنەگەڕیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی.

لە بواری زانستەکان، لە سەدەی بیستەمدا لەڕێگەی چەندین توێژینەوەی زانستی هەمەجۆر سەلمێندرا فیزیا پێویستییەکی زۆری بە بیرکاری هەیە، هەروەها بایلۆژی و زیندەوەرناسی بە زانستی کیمیا. دواتر سەلمێندرا هیچ زانستێك، بەتایبەت زانستە ئەزموونی و کردارییەکان ناتوانن جیا لە زانستەکانی تر پێشکەوتن تۆمار بکەن و بەشێوەیەکی هاوسەنگ و پوخت گەشە بکەن[1].

دوای بانگەشەی هێنانەکایەوەی تەکامول لەنێوان ئەم بابەت و زانستانەی رابردوو، کار گەیشتە بانگەشەکردن بۆ تەکامول لەنێوان زانست و ئایین[2]، لەپێناو رەتکردنەوەی بەریەککەوتن و هەبوونی دژایەتی و تێکگیران، لەنێوان ئەم دوو تێزە دەیان و سەدان توێژینەوە و نەدوە و سیمینار سازکران.

---

[1] فتحي ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٣-٢٤.

[2] طه عبدالرحمن، النقاشات الراهنة حول العلم والدين: كيف نفكر في الصلة بين العلم والدين، مجلة كلية الآداب، جامعة محمد الخامس-مغرب، العدد ٨، أيلول ٢٠٠٧. هەروەها، العلم والدين: تصادم أم تكامل؟ بابەتێکەلە پێگەی DW بەشی علوم وتكنولوجيا بڵاوکراوەتەوە، دیارترین ئەنجامی بابەتەکەبریتیەلە: ((الإيمان بدون علم رجعية، والعلم بدون إيمان عماء)) واتە: باوەڕ بەبێ زانست دواکەوتووییە، زانستیش بەبێ باوەر کوێرەوەرییە. بەستەری راستەوخۆی بابەتەکە: /العلم-والدين-تصادم-أم-تكامل http://www.dw.com/ar.

بابــەتی بانگەشــەی تــەکامول هــەر بــەوەش نەوەســتا، کــار گەیــشتە هاتنــەئاراوەی باسوخواســی هەماهــەنگی و تــەکامول لــەنێوان پــەروەردە و فێرکردن و، خستنەبەرباس و بەگەڕخستنی ئەم تێزە بەتایبەت لـە ناوەنـد و پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن.

لەکۆتاییــدا هــەوڵی یــەکانگیرکردن لــەنێوان کۆباســەکانی تــەکامول بەردەوامبوو تاوەکو بابەتی پێویستبوونی هێنانەکایەوەی بەیەکبەستنەوە و تەکامولی نێوان کۆن و نوێ، رەسەن و سەردەم بەگشتی، لـە تێکـڕای کایـە مەعریفی و هزرییـەکان گـەرموگوڕی بـەخۆوە ببینێـت و ببێتـە باسوخواسـی گەرمی ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان.

ئەوەی تائێستا لەبارەی ئەو چەمکە باسکراوە، تەنها بریتیبوو لـە واتـای تــەکامولی مــەعریفی بەگشتی و بــەڕەهایی، بگــرە لــەدەرەوەی قوتابخانــەی ئیسلامیەتی مەعریفە و پرۆژەکەی.

تەکامول لە دیدی رابەر و بیرمەندانی قوتابخانەی ئیـسلامیەتی مەعریفـە، "بریتییــە لــە ئاوێتــەکردنی سەرچــاوەکانی مەعریفــەت بەیــەکتر لەلایــەك، ئاوێتــەکردنی ئامرازەکــانی مەعریفــە لەلایــەکی تــر، ئینجــا بــەدیهێنانی ئاوێتەکردنی سەرچاوە و ئامرازەکانی مەعریفە بەیەکەوە".

رەنگە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پێناسەیەی دوایی تێنەگات، یان بە ناڕوونی و پشێوی لێی تێبگات، جیا لەوەی چەندین پرسیار لـە خەیاڵیـدا دەوروژێنێت، بۆنموونە: ئەو سەرچاوانەی مەعریفەت چین پێویستە تەکامول لەنێوانیان بەرهەم بێـت؟ ئـاخۆ دەبێـت ئامرازەکـان چـی بـن؟ چـۆن چـۆنی دەکرێت سەرچاوەکان بە جیا، ئینجا ئامرازەکان بە جیا، ئینجا هـەردووکیان

بەیەکەوە ئاوێتە بکرێن؟ پشت بە خودا ئـەو پرسـیارانە و دەیـان پرسـیاری تری لەو چەشنە، لە بەشەکانی داهاتوودا بە شـیکاری و توێکـاری ورد وەڵام دەدەینەوە.

سەرەتا لە بەشی داهاتوودا، تیشك دەخەینە سەر ناوەڕۆکی ئەم چـەمکە لـــەژێر رۆشـــنایی پـــڕۆژەی ئیـــسلامیەتی مەعریفـــە و دیـــدە هـــزری و فەلسەفییەکەی، لای بیرمەند و رابەرانی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە.

بەشی چوارەم
تەکامولی مەعریفی
لە گۆشەنیگای بیرمەندانی پەیمانگا

لەم بڕگەیەدا تیشکێك دەخەینە سەر پێکهاتە و ناوەڕۆکی تەکامولی مەعریفی لە گۆشەنیگای بیرمەند و رابەرانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە (پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی).

بیرمەند و رابەرانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، بانگەشەی ئەوە دەکەن بیرمەندە ئیسلامی و رۆژئاواییەکانی ئەم سەردەمە، تووشی قەیرانێکی هزری کەمەرشکێن بوونە، کە سەری بۆ پشێوی مەعریفی و دیدلێڵی کێشاوە. سەرەنجام دید و تێڕوانینە یەکانگیرە گشتگیرەکەیان "الرؤية التوحيدية الكلية" لێ ون بووە.

بیرمەندە ئیسلامییەکان بەهۆکاری نوێنەبوونەوە و دابڕان لە ئامرازە میتۆدییە سەردەمییەکان تووشی ئەم قەیرانە بوونە. لەلایەکی تر، بەهۆی براگەورەیی دید و تێڕوانینی مرۆڤانە و بەخواکردنی خودی مرۆڤ لەڕێگەی

بنبڕکردنـــی هەســـتی دینـــداری لـــە پێگـــە زانـــستی، ئـــەکادیمی، هـــزری و مەعریفییەکان لە ڕۆژئاوادا، بیرمەندە ڕۆژئاواییـەکانیش ڕووبـەڕووی قـەیرانی هزری کەمەرشکێن بوونەتەوە.

واتە بیرمەندە دیندارەکانی جیهانی ئیسلامی تووشی قەیران بوونەتـەوە، بەهۆی دابڕان لە پێشکەوتنە ماددییەکانی سەردەم و، ڕۆیشتن لەسەر ڕێچکە کۆنەکانی جاران لە بواری زانست و مەعریفەدا، کـە بریتییـە لـە سەرچـاوە و مەنهەجەکانی خوێندنی ئایینی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا.

ئاشکرایە لە وڵاتە ئیسلامییەکان تـاوەکو ئێـستاش پـشت بـەو مەنهـەج و سەرچـاوانە دەبەسـترێت کـە چـەند سـەدەیەك بـەر لـە ئێـستا نووسـراون، لەکاتێکدا تێکـڕای کایـە زانـستی و مەعریفییـەکان لـەژێر کاریگـەری هـەردوو ڕەهەندی کات و پێشکەوتن گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە.

ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر پڕۆسەی زانست و مەعریفە هەبووە، بـــەهۆکاری ئـــەم درز و گرفتـــەی کەوتووەتـــە نێـــوان دیـــدە مەعریفییـــە لاساییکەرەوەکان و زەمینەی کرداری پێشکەوتوو.

بیرمەندەکانی ڕۆژئاواش بەهۆی پشتگوێخستی لایەنی ڕۆحانی و پچڕاندنی پەیوەنـدی لەگـەڵ پـەروەرێنی بـاڵا، تووشـی قـەیرانی هـزری و مـەعریفی بوونەتەوە[1].

تیۆریستەکانی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە پێیانوایـە، تێپـەڕکردنی ئـەم قەیرانـە بـە هـەردوو لقەکـەی ئیـسلامی و ڕۆژئـاوایی، مەرجـە بـۆ

---

[1] أبوبكر محمد أحمد محمد إبراهيم، مفهوم التكامل المعرفي وعلاقته بإسلامية المعرفة، مجلة إسلامية المعرفة، العدد٤٣، ص١٣-١٤.

هێنانەپێشەوەی جێگرەوەیان کە بریتییە لە نوێکردنەوە و هێنانەپێشەوەی مەعریفەی ئیسلامی، لەچوارچێوەی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە بەگشتی و تەکامولی مەعریفی بەتایبەتی.

ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە، واتە تێپەڕکردنی قەیرانی هزری، نایەتە بەرهەم، بەبێ ئەنجامدانی دووبارە داڕشتنەوەی بنەما مەنهەجییەکانی هەردوولا، ئەویش لەڕێگەی هێنانەپێشەوەی مەنهەجێکی تر، کە بنەما ئیسلامییەکان و چەمکە بنچینەیی و مەنهەجییەکانی تێدا پارێزراو بن.

بەهۆی ئەوەی خودی پێکهاتەی ئەم پرۆژە هزری و مەعریفییە بریتییە لە تێپەڕکردنی ئەو قەیرانە لەڕێگەی مەنهەجێکی جێگرەوە، کە جێگەی هەردوو مەنهەجە ناتەواوەکەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ڕۆژئاوای دوور لە دین بگرێتەوە. بەشێك لە خەمخۆرانی هزری ئیسلامی هاوچەرخ وایدەبینن، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان پێکهاتە و ناوەڕۆکی تەکامولی مەعریفی و ئیسلامیەتی مەعریفە نییە، بەڵکو هەردووکیان ڕووی یەك دراون.

ئەگەرچی بەشێکی تری بیرمەندان پێیانوایە ئەم دوو چەمکە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام دوو شتی تەواو لەیەك جیان.

هەر لەنێوان رابەرانی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفەش ئەم دابەشبوونە بەدیدەکرێت، بەشێکیان وایدەبینن هەردوو چەمکەکە هاوواتان و هیچ جیاوازییەکیان نییە، وەك عەبدولحەمید ئەبو سلێمان و کەمال حەسەن.

ئەگەرچی کەمال حەسەن پێیوایە، چەمکی ئیسلامیەتی مەعریفە لەلایەن پەیمانگا تا ١١ی سێپتەمبەر بەکارهاتووە، بەهۆی تەنگپێهەڵچنین و هێرش کردنە سەر پەیمانگا و رابەرەکانی، وەك بۆوچونێکی حەکیمانە، لە

دەروازەی سیاسەتی شەرعی، نـاوی پڕۆژەکـە لـە ئیسلامیەتی مەعریفـە بـۆ تـــەکامولی مـــەعریفی گـــۆڕدراوە، بەمەبەســـتی کەمکردنـــەوەی قـــەبارەی تەنگپێهەڵچنین بەهۆی ئیسلامفۆبیای رۆژئاواییەکان، دوای رووداوەکانی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١ کــە هێــرش کرایــە ســەر دوو تــاوەرە بەنێوبانگەکــەی ئەمریکا.

نووسـینەکانی ئـەبو سـلێمان بەگـشتی و، بـار و گـوزەرانی پڕۆژەکـە لـە زانکـــۆی ئیـــسلامی جیهـــانی– مالیزیـــا بەتایبـــەتی (کـــە وەك زەمینـــەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکـە دەناسـێنرێت) راسـتی ئـەم بۆچـوونە دەسـەلمێنن. چـــونکە بـــەکارهێنانی چـــەمکی تـــەکامول لـــە زانکـــۆی ئیـــسلامی لـــە بەکارنەهێنانەوە نزیکترە تاوەکو بەکارهێنان. واتە هەست بە پڕۆژەیەکی لەم چەشنە ناکرێت لـە زەمینـەی مـەعریفی ئـەم زانکۆیـەدا، ئـەوەی هەیـە هـەر پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفەیە بەتایبەت لە هۆڵەکانی خوێندندا.

بەر لە بەراوردکردن و دیاریکردنی خاڵە جیـاواز و هاوبەشـەکانی ئـەم دوو چەمکە، پێویستە لەسەر دوو خاڵ بووەستین، یەکەمیان: ئاوڕدانەوەیـەك لـە مێـــژووی ئیـــسلامیەتی مەعریفـــە و ئامانجـــە جەوهەرییـــەکانی. دووەمیـــان: هۆکارەکانی پێویـستبوون بـە تـەکامولی مـەعریفی، دواتـر دەتـوانین روونـتر لەســـەر بابـــەتی تـــەکامول بووەســـتین و لـــە ئیـــسلامیەتی مەعریفـــە جیـــای بکەینەوە، یان بیسەلمێنین هیچ جیاوازییەکیان نییە.

سـەبارەت بـە ریـشەی مێـژویی پـڕۆژەی ئیـسلامیەتی مەعریفـە، ناکرێـت باسی گەشەسەندن و تیۆریزەکردنی بکرێت، بەبێ باسکردنی رۆڵی بەرچـاوی چـوار رابـەری ئـەم قوتابخانەیـە، کـە بـریتین لـە (ئیـسماعیل راجـی فـاروقی

فەڵەستینی، عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمانی مەککی، سەید محەممەد نەقیب ئەلعەتتاس و تەها جابر ئەلعەلوانی). ئەم چوار بیرمەندە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم رۆڵێکی یەکجار گەورەیان لە ناساندن و تیۆریزەکردنی پڕۆژەکە هەبووە.

هەریەکە و لە روانگە و گۆشەیەکەوە توانیویەتی تا ئاستی پێگەیاندن و شۆڕشی مەعریفی لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن، هەندێکیان بە دارشتن و کاریگەری لایەنە تیۆرییەکەیەوە وەك عەتتاس و عەلوانی، هەندێکیشیان لە هەردوو لایەنی تیۆری و کردارییەوە، بەڵام زیاتر گرنگییان بە لایەنە کردارییەکەی داوە وەك فاروقی و ئەبو سلێمان، بەتایبەت ئەبو سلێمان کە نزیکەی ١٠ ساڵ سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی جیهانیی مالیزیا بووە، لەکاتێکدا خودی ئەم زانکۆیە بۆ جێبەجێکردنی تێزە تیۆرییە مەعریفی و زانستییەکانی ئەم پڕۆژەیە بیناکراوە.

مشتومڕێکی زۆر لەئارادایە، سەبارەت بە خاوەندارێتی پڕۆژەکە، هەندێ لە توێژەران بانگەشەی ئەوە دەکەن عەتتاس خاوەنی راستەقینەی پڕۆژەکەیە، دواتر فاروقی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا گرنگی پێداوە، تاوەکو کار گەیشتووەتە ئەوەی فاروقی وەك خاوەنی راستەقینەی پڕۆژەکە بناسرێت.

بەشێکی تر لە توێژەران وای بۆدەچن فاروقی هەر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەکە بووە، واتە هەر لە بنەڕەتدا ئەو خاوەنی پڕۆژەکەیە. سەبارەت بە بۆچوونی توێژەر لە

هەمبەر ئـەم پرسـە، دوای لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوون، بۆمـان روونبـووەوە هیچیان لەم دوو بۆچوونەوەی سەرەوە سەد لە سەد واقیعی نین.

راستە عەتتاس یەکـەم کەسـە پـەرتووکی سـەربەخۆی لەسـەر نـاوەڕۆکی پرۆژەکە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا نووسیوە، هەروەك چـۆن راستە بەشێك لە تێزی دکتۆراکەی فاروقی تایبەت بووە بە کێشە هزرییەکان لـە پـەنجاکانی سـەدەی رابـردوودا، بـەڵام ئەمانـە هیـچیان بەڵگـە نـین بـۆ خاوەنداریەتیکردنی پرۆژەکە.

ئەوەی گەنگەشە هەڵناگرێت، بریتییە لەوەی خودی پرۆژەکە لـە رۆژئـاوا لەسەر دەستی خەمخۆران بنەڕەت و بەردی بناغـەی دانـراوە، کارەکـەش بـە تاکە کەسێك نەکراوە، بـەڵکو بـە هـەوڵ و کـاری رێکخراوەکـانی ئـەکادیمی و خوێنــدکارە موســڵمانە نیــشتەجێبووەکانی رۆژئــاوا دەســتی پێکــردووە، ســەرەنجام پرۆژەکــە لــە ناوەڕاســتی حــەفتاکان لەڕێگــەی چــەند نــەدوە و کۆنفراسـێك راگەیێنـدراوە، گرنگترینیـان کـۆنگرەی مەککەیـە کـە لـە سـاڵی ١٩٧٧ لە مەککە بەستراوە.

کەواتـە خـودی پرۆژەکـە بـە کـاری بەکۆمـەڵ دەسـتی پێکـردووە، بۆیـە واقیعی نییە تاقە کەسێك (عەتتاس بێت یان فاروقی گرنگ نییـە) بکرێـت بـە خاوەنی. ئەگەرچی ئەم کارەکتەرانەی سەرەوە رۆڵـی بەرچـاوتر و زۆرتریـان بۆ پێگەیاندنی پرۆژەکە بینیوە.

ئەوەی لـە یەکلاییکردنـەوەی خـاوەنی راسـتەقینەی پرۆژەکـە گـرنگترە، بریتییە لە تێـزە هـزری و مەعریفییـەکان، کـە ئـەم پرۆژەیـە خاوەنـدارێتیان

دەكات و لەڕێگەیانەوە هەوڵی دووبارە هەستانەوەی ژیارستانی ئیسلامی دەدات، لە لاپەڕەكانی داهاتوو زیاتر لە سەریان دەوەستین.

ئەوەی لە رابردوودا باسكرا، بریتیبوو لە دیدە گشتییەكەی رابەرانی پەیمانگا سەبارەت بە چەمك و پێكهاتەی تەكامولی مەعریفی. لە بڕگەكانی داهاتوودا، بە دیاریكراوی شیكاری بۆچوونی دیارترین بیرمەندەكانی پەیمانگا سەبارەت بەم پرسە دەخەینەڕوو.

- **بڕگەی یەكەم: تەكامول لە دیدی ئەبو سلێماندا**

سەبارەت بە روونكردنەوەی چەمكی تەكامولی مەعریفی، سەرەتا پێویستە لەسەر دیدی رابەری بە ئەزموونی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە بووەستین، كە وەك رابەری كرداری و جێبەجێكاری پڕۆژەكە، ١٠ ساڵ راستەوخۆ و نزیكەی بیست ساڵ بەدواداچوون و چاودێریكردن، بەشداری لە جێبەجێكردنی تەكامولی مەعریفی كردووە. هەر لەپێناو هێنانەدی ئەم ئامانجە لە سەرەتای نەوەتەكانی سەدەی رابردوودا، كارەكتەری سەرەكی بەردی بناغەی كۆلێژی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية)ی لە زانكۆی ئیسلامی جیهانی– مالیزیا بووە.

دواتر بۆ پەرەپێدانی لایەنی وێناندن –تیۆری–، بڕیاری دامەزراندنی گۆڤارێكی هزری تایبەت بە پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەكامولی مەعریفی داوە، گۆڤارەكە لەم كۆلێژە و ساڵی دوو ژمارە، واتە شەش مانگ جارێك دەردەچێت، یەكەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٧ زایینی بڵاوكراوەتەوە.

ئەم بیرمەندە ماندوونەناس و کارا و کارامەیە، پرۆفیسۆر (عەبدولحەمید ئەحمەد، ناسراو بە ئەبو سولەیمان)ە دامەزرێنەری کۆلێژی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية) لە ساڵی ١٩٩٠زایینی، هەروەها لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٩–١٩٩٨ زایینی، سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی جیهانی–مالیزیا بووە.

ئەبو سلێمان پێیوایە، زانکۆی ئیسلامیی مالیزیا ئەزموونێکی نوێی ئەکادیمی و زانستی و مەعریفییە، سیمبوولی ئەو زانکۆیەش، کە لە زانکۆ ئیسلامییەکانی دیکەی جیهانیی ئیسلامی جیای دەکاتەوە، بریتییە لە کۆلێژی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية)، چونکە خودی ناوی کۆلێژەکە ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئەزموونێکی نوێ.

ئەم ئەزموونە نوێیەش خۆی لە یەکبوونی مەعریفەی ئیسلامی دەبینێتەوە، بەتایبەت لە هەردوو سەرچاوەکانی خودایی و مرۆیی.

لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی مەعاریفی سرووش (وەحی) و زانستی مرۆیین، ناکرێت لە هەقیقەتی رێنماییە خوداییەکان بگەین، بەبێ تێگەیشتن و ئاشنابوون بە سروشت و تەبیعەتی مرۆڤەکان، لەپاڵ ئاشنابوون بە رووداو و راستییە مرۆیی و گەردوونییەکان، هەروەك چۆن ناتوانین جێدەستمان لە رێنماییکردنی ژیانی مرۆڤ، رامکردنی بوونەوەر و گەردوون و سوودلێوەرگرتنی بنەخشێنین، بەبێ مەشخەڵی بەهاکانی شەریعەت و، ئامانج و رێسا و بنەما گشتییەکانی، کە لەلایەن بەدیهێنەری دانا و کاربەجێ بۆمان رەوانەکراون[1].

---

[1] لە چاوپێکەوتنێکدا ئەبو سلێمان وا دەڵێت، کە توێژەر أبوبكر محمد أحمد إبراهيم لە تێزی دکتۆراکەی لە بەرواری ١٨/ ٣/٢٠٠٣ لە گەڵی ئەنجامداوە، بروانە: أبوبكر محمد أحمد إبراهيم، التكامل المعرفي

ئەم چەند دێڕەی رابردوو تەنیا گرنگی هێنانەکایەی یەکانگیری لەنێوان زانستەکانی وەحی و زانستە مرۆڤایەتییەکان روون ناکاتەوە، هەروەك تەنیا بریتیش نییە لە روونکردنەوەی پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان ئەم دوو بوارە زانستی و مەعریفییە، بەڵکو ئاماژەیەکی روونە سەبارەت بە پێویستی هێنانەکایەی یەکانگیری لەنێوان هەردوو زانستەکە، بنەما لەسەر پلانێکی کرداری داڕێژراو لەسەر ئامانج و مەبەست و خاڵی دەستپێك، کە پێویستە گەلی موسڵمانان لەوێوە بەرەو ئاڵنگاری و ئاسۆکان هەنگاو بنێن.

بۆیە ئەبو سلێمان بەپێویستی دەزانێت لایەنی ئەکادیمی زانکۆ لەسەر باشترین بۆچوونی ئەکادیمی بنیات بنرێت، پایە گرنگەکانی زانکۆ لەسەر بناغەی فەلسەفەی زانستی دابڕێژرێن، لەگەڵ هەریەکە لە دیدگا گشتییەکەی ئیسلامی و مەنهەجیەتی زانستی و ئەزموونی، لەپاڵ ئامرازەکانی داهێنان. هێنانەدی مەنهەجێکی تۆکمەی لەمشێوەیەش تەکامولی مەعریفەی ئیسلامی بەرهەم دەهێنێت. بەواتایەکی تر، بە دروستکردنی هەماهەنگییەکی تۆکمە لەنێوان (الوحي، والعقل، والطبائع، والوقائع) واتە: (سرووش، ئاوەز، سروشتی مرۆڤ و رووداوەکان) تەکامولی مەعریفی لەدایك دەبێت.

لەکۆتاییدا دیدگای ئیسلامی دێتەوە گۆڕەپانی زانست، کە پەل بۆ هەڵاوێردکردنی هزر و کولتوور دەهاوێژێ، لەپاڵ راستکردنەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، دواتر بەرهەمەکەی لە بەدیهاتنی تەکامولی مەعریفی و میتۆدی خۆی دەبینێتەوە، ئەمیش سەردەکێشێت بۆ یەکانگیری لەنێوان

وتطبيقاته في المناهج الجامعية، المعهد العالمي للفكر الإسلامي–هرندن–فيرجينيا، ط١، ٢٠٠٧م، ص١٠٠–١٠٥.

تـــاك و كۆمـــەڵ، بـــە ئاراســـتەی پـــەروەردەكردن و دروســـتكردنی تـــاكێكی موسڵمانی تەندروستی پێگەیشتووی تێگەیشتوو[1].

لە هەمان سەرچاوەدا، بە دیاریكراوی ئەبو سلێمان قسە لەسەر رەهەنـدە كرداریيەكانی تەكامولی مەعریفی دەكات. ئەو پێیوایە، پێكهاتەی تـەكامولی مـەعریفی لـەڕووی ئەكادیمییـەوە خـۆی لـە توێژینـەوە دەبینێتـەوە، ئـەو توێژینەوانەی لێكۆڵینەوە و توێكاری لە بـوارە جیاجیاكـان دەكەنـە ئامـانج، بەمەبەستی خزمەتكردنی وەحی خودایی و پەیامەكانی.

یەكێك لـە ئامانجـە سـەرەكییەكانی تـەكامولی مـەعریفی لـە دیـدی ئـەبو سلێماندا، بریتییە لە كۆمەككردنی تێكڕای پـسپۆڕان لـە بـوارە جیاجیاكـان، لەڕێگەی ئاشناكردنی پسپۆڕ و توێژەران بە مەبەست، مەفهوم، بنەما، بەها، دید، كۆت و بەندە گشتییەكان بۆ هـەر زانـست و بوارێـك، بـۆ بەرهـەمهێنانی بەرهەمێكی زانستی ڕێنوێنیكار و بیناكراو لەسەر ژیارستانییەكی تەندروست.

لە چاوپێكەوتنێكدا كە خوێندكارێكی خوێندنی باڵا لـە زانكـۆی ئیـسلامی لەگەڵی ئەنجامداوە، ئەبو سلێمان بۆچوونی خۆی سەبارەت بـە ئیـسلامیەتی مەعریفە و تەكامولی مەعریفی دەخاتەڕوو، لەو چاوپێكەوتنەدا ئامـاژە بـەوە دەكات، هەردوو پڕۆژەكە، واتە ئیسلامیەتی مەعریفە و تەكامولی مەعریفی، لەسەر چەند پایەیـەك دادەمـەزرێن، پایـەكانیش بـریتین لـە بـەردی بناغـەی خەونی هاتنەبەرهەمی ئەم پڕۆژە مەعریفی و زانستییە، لـە خـوارەوەدا ئـەم پایانە ڕووندەكەینەوە.

[1] أبوبكر محمد أحمد محمد إبراهيم، مفهوم التكامل المعرفي وعلاقته بإسلامية المعرفة، مجلة إسلامية المعرفة، العدد٤٣، ص٣٧.

- **پایەکانی پڕۆژەی پەیمانگا لە دیدی ئەبو سلێماندا**

بە بۆچوونی ئەبو سلێمان، پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی لەسەر سێ پایە دادەمەزرێن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: کارلێکردنی ئیجابی لەگەڵ واقیع، لەڕێگەی خۆدوورگرتن لە هزرێکی رووتی تیۆری فەلسەفی، پشت نەبەستن بە تەنیا پێشکەشکردنی چەند دید و بۆچۆونێك، یان پلان و بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو، کە لەگەڵ بنەما گشتییە هزرییەکان یەکناگرێتەوە. لە دیدی ئەبو سلێمان، پێویستە ئەم دوو پڕۆژە هزرییە یەکسان بن بەیەك و، بنەما سەرەکییەکانی وەحی لەسەر توانا هزرییەکان، توێکاری ورد و لێکۆڵینەوەی چڕ لە سروشتی خۆرسکی شتەکان، شیکاری رووداوەکان، پاڵپشت بە بنەما عەقڵییەکان و رێسا گەردوونییەکان دابمەزرێن.

دووەم: گرنگیدان بە چەمك و بەها ئیسلامییەکان. ئیسلامیەتی مەعریفە یان تەکامولی مەعریفی، بریتییە لە کردارێکی ئەوتۆ کە گرنگی تەواو بە چەمکە ئیسلامییەکان دەدات، هەروەك گرنگی بە بەها و مەعریفەی ئیسلامی دەدات، بەجیددی کار بۆ بەردەوامبوون لەسەر بیرکردنەوەی نوێ دەکات بە ئامانجی نوێبوونەوە و لەدایکبوونی هزر و مەعریفەی ئیسلامی سەردەم.

سێیەم: پەروەردەی دەروون و ئازادکردنی عەقڵ. ئیسلامیەت و تەکامولی مەعریفی کردارێکی مەعریفی رووت و وشك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی نەفسی و پەروەردەییە کار بۆ گەشەپێدانی پاڵنەر، پەروەردەی ناخی ئینسان، ئازادکردنی عەقڵی تاکی موسڵمان لە بەڵای خورافیات و وەهم و تێکگیران دەکات.

لەبری ئەوە هەمان چەتری زانست و مەعریفـە و بڕوابـەخۆبوون و ڕۆحـی دەستپێشخەری بریتی بن لە چەتری داپۆشەری عەقڵ، هەموو ئەمانەش وەك دەرچە و دەروازەیەك بۆ چاکسازی و چاکەخوازی، لەپاڵ وردی و دڵسۆزی و داهێنان[1]. بەواتایەکی تر، دەکرێت بۆچوونی ئەبو سلێمان لـەم پەڕەگرافـەدا کـورت بکرێتــەوە، هەریەکـە لـە: خوێندنـەوەی واقیـع، توێکـاری سروشـت، شــیکاری ڕووداو و پاڵنــەرەکان، ڕوونکردنــەوەی چــەمکە ئیــسلامییەکان، گرنگیدان بە بەها گەردوونی و ئیسلامییەکان، گرنگیـدان بـە هـەردوو لایـەنی دەروونی و پەروەردەیی، پاڵفتەکردن و کاراکردنی ناخ و ویـژدان، کـاراکردنی عەقڵ، هەموویان بەیەکـەوە بـریتی دەبـن لـە پووختـەی چـەمکی تـەکامولی مەعریفی.

پایەکانی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە قورسە لە دیدی ئەودا، بریتین لە بنەما و ڕێسا گشتییەکانی عەقڵ و گەردوون و وەحـی (مبـادئ العقـل، سـنن الکـون، مقتضی هدایة الوحي). واتە هەرکاتێك گرنگی تەواو بە هەرسێ لایەنی عەقڵ، گـەردوون و وەحــی درا، تــەکامول بەرهــەم دێــت. بەپێــچەوانەوە لــەکاتی پشتگوێخستنی یەکێك لەم سێ پایە سەرەکییە، نەوەك هەر تەکامول بەرهەم نایەت، بەڵکو تێکڕای پرۆسەکە لاسـەنگ و ناهاوسـەنگ دەبێـت، سـەرەنجام ئامانجەکانیشی ناپێکێت.

بەمـەش ئـەبو سـلێمان چەکوشـێکی گـەورە بـە تەوقەسـەری قووچـەکی مەعریفـەی ڕۆژئـاوایی دەکێـشێت، چـونکە کـاتێکی دوور و درێـژە، ڕۆژئـاوا

---

[1] أبوبكر، التكامل المعرفي وتطبيقاته، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠١.

دەستی وەحی لە پێگە ئەکادیمییەکان بڕیوە، بەشێوەیەك بیرمەندانی ڕۆژئاوایی وەحی بە سەرچاوەی مەعریفەش نازانن، نەوەك زانست.

بەڵام بیرمەندانی پەیمانگا بەگشتی وەك لە رابردوودا ئاماژەمان پێدا، وەحی بە یەکێك لە دوو پایە سەرەکییەکەی زانست و مەعریفە هەژمار دەکەن و، ناکرێت پشتگوێ بخرێن، یان بێ بایەخانە سەیر بکرێن. بیرمەندانی پەیمانگا و ئەبو سلێمان بەتەنیا نین لەم دید و تێگەیشتنانە، محەممەد سەعید رەمەزان ئەلبوتی لە پەرتووکی "أزمة المعرفة وعلاجها في حياتنا الفكرية المعاصرة" بەڕوونی جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی سەرەوە دەکاتەوە، لەگەڵ هەبوونی چەند جیاوازییەکی کەم.

خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان بۆچوونی ئەبو سلێمان و بوتی، لە ناوهێنانی پڕۆژەی چاکسازی هزری خۆی دەبینێتەوە. بوتی خۆی لە بەکارهێنانی چەمکی (أسلمة المعرفة) دەبوێرێت، بەڵکو لەبری ئەم چەمکە، چەمکی (أسلمة النفس) بەکاردەهێنێت. بوتی پێیوایە، بابەتی پاڵفتەکردنی دەروون (تزكية النفس) خاڵی سەرەکییە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی هزری، لەکاتێکدا بیرمەندانی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی سەبارەت بە هەمان پرس، بەرەنگاربوونەوەی هەریەکە لە دووفاقیەی خوێندن، هەڵمەتی بە ڕۆژئاواییکردن، مەنهەجیەتی تەقلیدی، بە خاڵی سەرەکی دەبینن.

ئەم بۆچوونەی بوتی بەواتای رەتکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە نایەت، بەڵکو ئەو پێیوایە ئیسلام خاوەنی بیروباوەڕ و سیستەمێکی تۆکمەیە و، دەتوانێت کێشە هزرییەکانی سەردەم چارەسەر بکات، کلیلی ئەم چارەسەرەش بریتییە لە کاراکردنی ناخی مرۆڤ. ئەمیش

لەڕێگەی پەروەردە و ئامادەکردنی ئەم ناخە بەشێوەیەك کە گوێڕایەڵی تەواوی بڕیارە عەقڵییەکان بێت، خودی ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنەش بریتییە لە دەستپێك و ئامادەکاری سەرەتایی بۆ گشت کردار و پرۆسە هزرییەکان لە دیدی بوتیدا[1].

خاڵی بەیەك گەیشتن لەنێون بۆچوونی ئەبو سلێمان و بوتی، بریتییە لە پێویستی هێنانەکایەوەی تەکامول لەنێوان هەردوو رەهەندی مەعریفی و پەروەردەکردنی ناخ، هەروەها گرنگی پێدانیان لە رێگا و شێوازەکانی بیرکردنەوە.

هەر خودی گرنگیدان بەم دوو رەهەندە لە دیدی ئەم دوو بیرمەندە، بە مانای بەرهەمهێنانی ئەو مەعریفە بەئامانجگیراوەی پرۆژەی تەکامولی مەعریفی نایەت، هەروەك بەتەنیا شارەزابوون لە زانستە ئەزموونییەکانی سەردەم و پەروەردەی ناخ بەس نین بۆ پێکانی ئامانج، بەڵکو ئەم دوو رەهەندە دەستی توێژەر دەگرن بۆ رەتکردنەوە و ئینکاریکردن لە تێکڕای ئەو کۆباس و تێزانەی لەگەڵ بنەما عەقڵییەکان و بەها گەردوونییەکان و رێسا گشتییەکانی ئیسلام ناگونجێن.

بنەمای رەخنەگرتن و خۆمەلاسدان بەمەبەستی دەستنیشانکردنی رەخنە هزرییەکان، بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی زانست، بەلام رێگەخۆشکەرن بۆ پسپۆڕ و کەسە لێهاتووەکان بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە. بەشێوەیەك هەر کەس تێکڕایی مەرج و لێهاتووییەکانی داهێنانی تێدا بەرجەستە بوبێت،

---

[1] بروانە: البوطي، أزمة المعرفة وعلاجها في حياتنا الفكرية المعاصرة، ص٦٩.

دەتوانێــت بــە پاڵپــشتی ئــەم دوو ڕەهەنــدە، ڕەهەنــدی مــەعریفی و پەروەردەکردنی ناخ، داهێنـانی مـەعریفی و زانـستی دەسـتەبەر بکـات. ئـەم باسـەش دەرگایــەکی ترمــان بــۆ دەکاتــەوە، دەرگــای گومــان. بنــەمای "گومانکردنی مەنهەجی" یەکێکی ترە لەو دەلاقانەی مرۆڤ بـەرەو بەرهـەم و داهێنان دەبات.

مەبەست لە گومانی مەنهەجی بریتییە لە هەژمارکردنی گومان وەك چەقی توێژینەوە، بەتایبـەت لـە پێگـە و ناوەنـدە زانـستی و ئەکادیمییـەکان. واتـە پێویستە کادیری ئەکادیمی، پسپۆڕی زانستی، بیرمەنـدی هـزری و مـەعریفی بەگومانەوە سەیری تێکڕای تێزەکان بکات، بەمەبەستی گەیشتن بە دڵنیـایی و یەقین هەرگیز لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە نەوەستێت.

بە کاراکردنی ڕۆحێکی لەم چەشنە، ئیدی مرۆڤ دەتوانێت کلیلی داهێنان و بەرەوپێشـچوون و هەسـتانەوەی ژیـاری بدۆزێتـەوە، چـونکە گومـانکردن کلیلـی گەڕانـە، گـەڕانیش سەرچـاوەی سـەرەکی ئاشـنابوون و گەیـشتنە بـە ڕاستییەکان.

دەرەنجـام بـەبێ گومــانکردن، پرۆسـەی بەدواگـەڕان دەسـتپێناکات، هـەزاران سـاڵیش مـرۆڤ لـە شـوێنێك دابنیـشێت، هـەنگاوێك بـەرەو پێـشەوە ناچێت، ئیدی دەکرێت بگوترێت: گومانکردن پاڵنەری سەرەکییە بۆ جووڵەی مرۆڤ بەگشتی، تاوەکو ڕۆحی گومانکردن نەکرێتە ڕێبـاز و ژێرخـان، ناکرێـت چەقبەسـتن و بەسـتەڵەکی دواکـەوتن بـشکێندرێت. ئـەو دواکەوتنــەی وەك دێوەزمە یەخەی جیهانیی ئیسلامی گرتووە و، لە ژیارستانی و پێشەنگایەتی

جیهـانی دووری خـستووەتەوە[1]. ئـەبو سـلێمان خـاوەنی کۆمـەڵێك کـار و توێژینەوەی دیکەیە لە بـواری هـزری و مەعریفیـدا، کـەم تـا زۆر لـە تێکڕای کارەکانیدا خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە داوە. بەتایبەتی ئـەو توێژینەوانـەی باسی قەیرانی عەقڵی موسـڵمان و، قەیرانـەکانی تایبـەت بـە ویست و نـاخی مرۆڤ دەکەن و ئەو پرسانەی تێدا شەنوکەو کردوون.

دوای چەندین توێژینەوەی هزری و مـەعریفی، گرنگترینیـان (أزمـة العقـل المسلم)، لە دوتوێی کتێبێکی تردا، دید و بۆچوونی خۆی زیاتر سەبارەت بـە بابـەتی تـەکاملی مـەعریفی روونکردووەتـەوە، ئـەمیش پـەرتووکی (الرؤيـة الكونية الحضارية القرآنية).

ئەبو سلێمان لە چەندین شوێنی ئـەم پەرتووکـەدا، تیـشك دەخاتـە سـەر هەردوو رەهەندی یەکتاپەرستانە و تەواوکاریانە "البعد التوحيدي والتكاملي"[٢] بـــۆ گـــەردوون و بوونـــەوەر و مامەڵـــەکردن لەگـــەڵ قـــەیران و کێـــشە سەردەمییەکان.

ئەو پێیوایە، دیدگای گەردوونی "الرؤية الكونية"[٣] بریتییە لە دیدگایـەکی فرەلایەنــەی زانــستی و رێــسایی، دیــدێکی ئیجابیانــە، دیــدێك هــەڵقوڵاوی خەمخۆری، خۆشەویستی، خێر، چاکەخوازی، رامکردن و ئاوەدانکردنەوەیە، کـە نوێنەرایـەتی بنـچینەی کـاراکردنی هێـز و پاڵنـەرەکانی نـاخی مرۆڤـی

---

1 مجلة إسلامية المعرفة ع٤٣، ص٤٠.

2 عبدالحميد أبو سليمان، الرؤية الكونية الحضارية القرآنية، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط١، ٢٠٠٩م، ص١٠٠.

3 عبدالحميد أبو سليمان، الرؤية الكونية الحضارية القرآنية، ص١٥٥.

موسـڵمانە، لەڕێیـەوە ئاوەدانکردنـەوەی زەوی و بینـاکردنی ژیارسـتانییەکی تەندروستانە بەرهەم دێت.

ئەم دیدگایە لە پێکهاتە و چوارچێوەدا لەگەڵ دیـدی قورئـان، بنـەماکانی خۆشەویستی، هێزی ویژدان، هێزی عەقڵ و مەعریفە هاوتەریبە. لەگەڵ هێزی چـاکەخوازی، هێـزی کـارایی نـاخی مـرۆڤ، هێـزی بـیری دروسـت و بـاوەڕی راستگۆیانەش هاوسەنگە. کاراکردنی دیدێکی فرەڕەهەندی لەم چەشنە، بـۆ ئەوەیـە مرۆڤـی موسـڵمان بـە کـاراکردنی سـەرجەم ئـەم هێزانـە بتوانێـت بەرجەسـتەکردنی تێکـڕای ئامانجـەکانی پـڕۆژەی تـەکامولی مـەعریفی لـە زەمینەی کرداری بچەسپێنێت.

هەروەها پەیوەندییەکی تۆکمە و تەواوکاریانە لەنێوان تێکڕای ئەم هێزانە دروسـت بکـات، دوای بـە دیهـاتنی ژیارسـتانیەتێکی دروسـت و پتـەو، بـە کاراکردنی لایەنی رۆحی و کاراکردنی هێـزی چـاکەکاری و چـاکەخوازی، ئـەو ئەمانەتە خوداییە جێبەجێ بکات، کە خراوەتە سەر شانی مرۆڤ و، بەشـێکی گرنگی ئەم ئەمانەتە بریتییە لە ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

ئـەو پێیوایـە، ئـەم دیـدە قورئانییـە بـریتی بـووە لـە خانـەی سـەرەکی دروسـتکاری نـەوەی هـاوەڵانی پـەیامهێن (دروودی خـوای لەسـەر)، بۆیـە دەرەنجام هاوەڵان توانییان هەموو ئەم شـتانە بەدەسـتبێن کـە بەدەسـتیان هێنان، وەك: دەستکەوتی ژیاری، نوێکردنەوەی ژیارستانی مرۆیی، پەرەدان بە عەقڵ و ئاوەزی مەنهەجی و ئەخلاقی، تاوەکو دەگاتە ئاسـۆ فراوانـەکانی زانستی و ژیاری.

سـەرەنجامی بەرهـەمی هـاوەڵان، لـەژێر چـەتری مەعریفـەی قورئـانی سـەردەمێکی نـوێ دەسـتی پێکـرد، لـە مامەڵـەکردن لەگـەڵ رێـسا گەردوونییـەکان، بـۆ رامکـردن و داهێنـانی هەمـەجۆری مـاددی، هـەروەها کاراکردن و پابەندبوون بە بەها و ئامانجە رۆحی و رەوشـتییەکان، لـە بـوارە جیاجیاکـان بەگـشتی و، مامەڵـەکردن لەگـەڵ بەرهـەم و ژیارسـتانیەتی مرۆڤایەتی بەتایبەتی. لەدەرەوەی کارکردن بە میتۆدی تەکامولی مـەعریفی بەم مەفهوم و پێکهاتەیە، تێکۆشانی پچڕ پـچڕ و هەڕەمـەکی و، نائاشـنا بـە خۆرسکی سیستەمی ژیارستانی ئیسلامی، لەپاڵ یاساکانی کارلێکردنی نێوان ژینگە و ژیارستانی، هیچ بەهایەکیان نابێت.

ئـەبو سـلێمان گەیـشتووەتە ئـەو بـاوەڕەی، ئـەم بێئاگـایی و نەفامییـە زانـستییە لـە گـرنگترین هۆکارەکـانی نەگەیـشتنە ئـەنجامی هـەوڵی چاکـسازخوازەکان بـووە، لـە هەسـتاندنەوەی بـاری کـەوتووی کۆمەڵگـەی ئیسلامی، سەرەڕای چەندین هەوڵی جۆراوجۆر بەدرێژایی چەندین سەدە، کە تاوەکو ئێستاش بەبێ بەرهەمی بەردەوامن.

دیدگایـەکی لـەم چەشـنە، هـەڵقوڵاوی بنـەمای تەوحیـد و یەکتاپەرسـتی قورئانە، لەکۆتاییدا لە تاقانەیی زاتی پەروەرێن خۆی دەبینێتەوە. هەر ئـەم دیدگایـەش بریتییـە لـە بەرهـەمهێنانی ئاوێتـەبوون و یـەکانگیری لـەنێوان گەردوون و مرۆڤ و ژیان، ئەم یەکانگیرییەش لە کرۆکدا پڕاوپڕە لـە فرەیـی و

فرەڕەنگـی. ئـەم فرەڕەنگییـە بەشـێوەیەك رایەڵـە و پەیوەنـدی نێـوان ژانەرەکانی چنراوە، هاوشێوەی یەکبوونێکی تۆکمە خۆی نمایش دەکات [١].

- **بڕگەی دووەم: تەکامول لە دیدی ئەلتیجانی عبدولقادر**

لـە درێـژەی خـستنەڕووی نـاوەڕۆکی پـڕۆژەی تـەکامولی مـەعریفی، ئەلتیجانی عبدولقادر بـۆ چارەسـەرکردنی قەیرانـەکانی پـەروەردە، دووبـارە گرنگیـدان بـە رەهەنـدەکانی وەحـی لـە ناوەنـدە زانـستییەکان بەپێویـست دەزانێت، دوای ئەو کاتە دوور و درێژەی دوورخراوەتەوە، پێویستە جارێکی تر پێگە گرنگەکەی خۆی لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییـەکان پێبدرێتـەوە. بەمـەش دووبـارە پێداچـوونەوە بـە مەنهـەجی زانـستی و مـەعریفی رۆژئـاوا بەپێویست دەزانێت، چونکە ئەم مەنهەجـەی ئێـستای رۆژئـاوا، لـەدەرەوەی چوارچێوەی وەحی و گرنگیدان بە رەهەند و پەیامەکانی وەحی، بیناکراوە.

بۆیـە دووبـارە کـاراکردنی وەحـی و هـەژمارکردنی بـە سەرچـاوەیەکی سەرەکی زانست و مەعریفە، وا دەخوازێت دووبارە ئەو مەنهەجـە رۆژئاواییـە دابڕێژرێتەوە، بەشێوەیەك لەگەڵ رێسا ئاسمانییەکان تێکنەگیرێت. بۆیە ئەم بیرمەندە پێیوایە، پرۆسـەی تـەکامولی مـەعریفی تەنانـەت لـە چوارچـێوەی زانـستە ئەزموونییـەکان (پراکتیکییـەکان) پێویـستی بـە کۆمـەڵێك رێکـاری ئامادەسـازی پێـشوەختە هەیـە، پێویـستە ئـەم رێکارانـەش بـە ئامـانجی شیکارکردنی نموونە مەعریفییەکەیان و هەڵوەشاندنەوەیان پەیڕەو بکرێن.

---

[1] عبدالحمید أبو سلیمان، الرؤیة الکونیة الحضاریة القرانیة، ص١٨٧.

جیاوازی نییە ئەم نموونانە بریتی بن لە پێکهاتــەی نموونــەی کەلـەپوورە ئیـــسلامییەکان، یـــان نموونـــەی عـــەلمانی ســـەردەم. ئـــەم شـــیکار و هەڵوەشـــاندنەوەیەش بـــۆ ئاشـــنابوون و ناســـکردنی چـــەمکە بنـــچینەییە سەرەکییەکانە، لەپاڵ گریمانە شاراوەکانی ناخی ئەم چەمکانە. بەمشێوەیە کاتێـك کـرداری هەڵوەشـاندنەوە کۆتاییهـات، ئینجـا سـەرلەنوێ پرۆســەی دووبارە بیناکردنەوە و ڕێکخستن دەستپێدەکاتەوە.

پووختەی بیرۆکەی تیجانی لە دووبـارە بیناکردنـەوە خـۆی دەبینێتـەوە، چونکە ئەو پێیوایە خودی کرداری دووبارە بیناکردنەوەی زانست و چـەمك و مەفاهیمەکان لەسەر بناغەیـەکی تەندروسـت، پرۆسـەی تـەکامولی مـەعریفی بەرهەم دێنێت. هـەر بۆیـە ئـەو وا بیردەکاتـەوە، هـەرگیز تـەکامول بەرهـەم نایەت، بەر لە بەرهەمهاتنی رەخنگـرتنی هەڵوەشـێنەر، ناشـکرێت رەخنـەی لـەم چەشـنە بگیرێـت، بـەبێ هـەبوونی میتـۆد و کۆمـەڵێك چـەمکی جیـاواز. بەمەش تیجانی پێیوایە، هەردوو پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفـە و تـەکامولی مەعریفی ئاماژە بۆ یەك مەفهوم و تێگەیشتن و ناوەڕۆك دەکەن [١].

سەبارەت بە میتـۆدی رەخنـەیی کـە لـە پـەڕەگرافی رابـردوودا خرایـەڕوو، بریتی نییە لە رەخنەی رووخێنـەر و تەنها بۆ خاپورکردن و تێپەڕانـدن بێـت. بەپێـچەوانەوە مەبەسـت لـەم چـەمکە بریتییـە لـە رەخنەیـەکی جـددی، کـە لەپاڵیدا چارەسەر و ئامانجێکی بنیاتنەر بخرێتەڕوو. تیجانی عەبدولقادر لەم بۆچوونەدا تـەنیا نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بیرمەنـدی تـریش هـەمان بۆچـوونیان

---

[1] التجاني عبدالقادر، المفهوم القرآني والمتغير السياسي، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١٠، ص٣.

هەیە، بۆنموونە بیرمەندی مالیزی (کەمال حەسەن) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەڵوەشاندنەوەی قەناعەت و بیروبۆچوون و، سەرلەنوێ بیناکردنەوەیان لەسەر چەمك و تێزەکانی ئیسلامیەتی مەعریفەی مرۆڤایەتی، بریتییە لە کرۆکی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە.[1].

بەواتایەکی تر، خانەی دەستپێکی گۆڕانکاری و بەرجەستەکردنی پرۆژەی هزری ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی، بە هەڵوەشاندنەوەی خود (تفكيك الذات) دەستپێدەکات. کەواتە لە دیدی ئەویشدا تیۆری رەخنەگرتن بە ئامانجی رووخاندن و دووبارە بیناکردنەوە تاکە رێگەی گەیشتنە بە ئامانجەکانی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی.

کەواتە: تەکامول لای تیجانی و کەمال حەسەن، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی نموونە مەعریفییە نادروستەکان و دووبارە بیناکردنەوەیان بەشێوەیەکی تەندروستانە.

---

[1] لە دانیشتنێکدا لەگەڵ د.محمد كمال حسن، لەسەنتەری أسلمة المعرفة لە زانکۆی ئیسلامي جیهانی–مالیزیا، لهمانگی ٧ ی ساڵی ٢٠١٦، بەندە پرسیاری لێکرد سەبارەت بە جیاوازی نێوان (أسلمة المعرفة و التكامل المعرفي)، لە وەڵامدا ووتی: هەردووکیان دوو رووی یەك دراون، لەلایەن پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی تا ساڵی ٢٠٠١ چەمکی إسلامية المعرفة یان أسلمة المعرفة بەکارهاتووە، دوايي روداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر ٢٠٠١ و تەنگەڵچنینی هێزە ئەمنیەکان و هەڵکوتانە سەر بارەگای سەرەکی پەیمانگا لە هرندن–ڤێرجینیا، وەك حیکمەت و سیاسەی شەرعی پەیمانگا چەمکی التكامل المعرفي بەکاردەهێنێت، سەبارەت بە کرۆکی پرۆژەکە، وتی: کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەناعەت و بۆچوونە نائیسلامیەکانە و دووبارە بیناکردنەوەیانە لەسەر بنچینەیەکی ئیسلامی تۆکمە.

- **بڕگەی سێیەم: تەکامول لە دیدی لوئەی سافی**

لوئەی سافی کە بیرمەندێکی ترە، خاوەنی چەندین توێژینەوەیە لەسەر هەردوو پڕۆژەکە، ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی، ئەو پێیوایە، تەکامولی مەعریفی بریتییە لە یەکانگیرکردنی وەحی و ئەزموونی مرۆیی[1].

واتە، کاتێك زانستەکانی وەحی و ئەزموونی مرۆڤایەتی خۆیان لە زانستە ئەزموونییەکان بینیەوە و یەکانگیر بوون، ئەوکات تەکامولی مەعریفی بەرهەم هاتووە. ئەگەرچی هەر خۆی بەگومانەوە دەڕوانێتە کۆباسێکی لەم چەشنە، چونکە یەکسانکردنی ئەزموونی مرۆیی لەگەڵ وەحی خودایی ناتەندروستە.

وەحی، رەها و یەقینییە، بەپێچەوانەوە ئەزموونی مرۆیی سنووردار و گوماناوییە، بەم چەشنە جیاوازییەکی زۆر لەم نێوەندەدا بەدیدەکرێت. قورئان کە تاکە سەرچاوەی وەحی دەستکاری نەکراوە، لە شتە نەگۆڕەکان لەپاڵ بەها باڵاکان پێکهاتووە، هاوکات پڕە لە گێڕانەوەی چیرۆکی کۆمەڵگەکانی پێش ئیسلام، ئامانجی سەرەکیش لەم گێڕانەوە و باسکردنانە، بریتییە لە سوود و پەندوەرگرتن لە مێژووی گەلانی رابردوو[2].

---

[1] لؤي صافي: لەپێناسەی تەکامولی مەعریفی دەنوسێت: "إنه محاولة لتحقيق تكامل معرفي بين الوحي والخبرة البشرية"، لە چاوپەکەوتنێك کە خوێندکاری دکتۆرا أبوبكر محمد إبراهيم لە بەرواری ١٥/ ٥/ ٢٠٠٣ لەگەڵی ئەنجامداوە، بڕوانە: أبوبكر محمد، التكامل المعرفي وتطبيقاته في المناهج الجامعية، المصدر السابق، ص١٠٩.

[2] لؤي صافي، الوحي والعقل: بحث في إشكالية تعارض الوحي والنقل، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١١، ص٧١.

ئەگەر لە دیدی لوئەی ساڤ مەبەست لە ئـەزموونی مرۆیـی تـەنیا بـریتی بێت لەم چیرۆکانەی لە قورئان باسکراون، ئەوا گومانەکـەی سـاڤ لەجێگـەی خۆی نییە، چونکە خودی ئەم چیرۆکە قورئانیانەش هەر لەڕێگەی وەحییەوە بەئێمە گەیشتوون، ئیدی لەڕێگەی گەیشتنیان بە ئێمە، جیاوازییەك لەنێوان سەوابتی قورئان و بەها باڵاكان و چیرۆکە قورئانییەکان نامێنێتەوە.

ئەگەر مەبەست لە ئەزموونی مرۆیی بریتی بێت لـە مانـا فراوانەکـە، واتـە تێکڕای ئەو ئەزموونەی مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی خۆی کەڵەکەی کـردووە، ئـەوا گومانەکەی ساڤ لە شوێنی خۆیەتی، چونکە کەلەپووری مرۆڤایەتی پـڕە لـە شتی باش و خراپ، راست و ناڕاست، بەشێوەیەك بەشـێکی ئـەم کەلـەپوورە شتی وای تێدا بەدیدەکرێت، لەگەڵ عەقڵ و ئاوەز ناگونجێت، هەروەك دوور و نزیکیش پەیوەندی بە زانستەوە نییە. ئەمە لەپاڵ هەزاران کـرداری قێـزەون کە لە بەها باڵاکان و رێسا گەردوونییەکان دوورن.

هەرچەندە بەلایەنی کەمەوە، ئەم گومانـەی سـاڤ ئاماژەیـەکی روونـە بـە ئاراستەی دەلاقەیەکی تر، کە بریتییە لە بابەتی چەمك و مەفهوم. بە دیوێکی تردا، وەستان لەسەر مەفهومەکان و، بەوردی مامەڵەکردن لەگەڵیان کاری لە پێشینەیە لە پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و پرۆسەی تـەکامولی مـەعریفی، چـونکە نـاڕوونی چـەمك و مـەفهوم، بـۆ دیـدلێڵی لـە گوزارشـتکردن و دیـد و بۆچـوون و تێـڕوانین سەردەکێـشێت. لـە دەروازەی چـەمك و مەفهومـەکان، تیشك دەخەینە سەر بۆچوون و پێشنیازەکانی فاروقی لە هەمبـەر پرسـێکی لەم چەشنە.

- **برگەی چوارەم: تەکامول لە دیدی فاروقیدا**

سەبارەت بە چەمك و مەفاهیمەکان، هەر لە پڕۆژەکەی فاروقی کە بریتییە لە هەنگاوی یەکەم بۆ ناساندن و تیۆریزەکردنی ئیسلامیەتی مەعریفە، بەگرنگییەوە باسی پارێزگاریکردن لە مەفهومەکانی کەلەپووری ئیسلامی دەکات[1].

لە هەمان شوێن، فاروقی باسی گرنگی خستنەڕووی ناوەڕۆکی چەمکەکانی تایبەت بە زانستە کۆمەڵایەتی و ئەزموونییەکان دەکات، لەپاڵ زانستە ئیسلامییەکان، بەپێویستیشی دەزانێت کولتووره ئیسلامییەکە رەچاو بکرێت، لەکاتی وەرگێڕان و داڕشتنەوەی چەمکە زانستی و مەعریفییەکان.

لە زەمینەی کرداری، ئەم پڕۆژەیەی فاروقی بەرجەستەکراوە، بۆ نموونە لەکاتی دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی، جیا لەوەی شێوازی تەلارسازی ئیسلامی رەچاوکراوە، تێکڕای باڵەخانەکانیش بە ناوە ئیسلامییەکان ناونراون. تەنانەت خودی بەشە ناوخۆییەکانی کەمپۆسی زانکۆی ئیسلامیش بەناوی سورەتەکانی قورئان ناونراون. ئەمەش دوا ترۆپکی گرنگیدانی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی دەخاتەڕوو، سەبارەت بە پارێزگاریکردن لە کولتووری ئیسلامی و رەنگڕێژکردنی چەمك و مەفهوم و پڕۆژەکانیش بەشێوازێکی تەواو ئیسلامیانە.

---

[1] إسماعيل راجي الفاروقي، إسلامية المعرفة، المبادئ العامة–خطة العمل–الإنجازات، دار الهادي، ط١، ٢٠٠١م، ص١٣٥.

راستە فاروقی لە پەرتووکەکەیدا (إسلامية المعرفة) باسی تەکاملی مەعریفی نەکردووە، بەڵام کرۆك و ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیەی لەژێر ناوی (التركيبة الخلاقة) ناوزەد کردووە. روونتر بڵێین، لەژێر درووشمی (وحدة المعرفة) وردتر لەسەر تێکڕای تێزە مەعریفییەکانی تەکاملی مەعریفی دەوەستێت. ئەو پرسە لەداهاتوودا زۆرتر روونده‌کەینەوە. هەروەها کۆباسەکانی تایبەت بە تەوحید لە نووسراوەکانی فاروقی، کە لەم پەرتووکەدا بەچڕی باسمان کردوون، زیاتر دیدی ئەو بۆ پرسی تەکامول شیدەکەنەوە.

- **برگەی پێنجەم: تەکامول لە دیدی ئیبراهیم زێندا**

پرۆفیسۆر (إبراهيم زين) لە زانکۆی ئیسلامی بە یەکێك لە چوار شۆڕەسوارەکەی ئیسلامیەتی مەعریفە ناسراوە[1] و، لە نەوەتەکانەوە تاوەکو ئێستا چەندین پۆستی کارگێڕی بەرزی لە زانکۆی ئیسلامیدا بەڕێوەبردوون، دواهەمینیان راگرایەتی کۆلێژی مەعاریف بوو، لە مانگی حەوتی ٢٠١٦ ـەش دەستی لەکار هەڵگرت.

ئیبراهیم زێن لەبارەی پرۆژەی تەکاملی مەعریفی نووسیویەتی: مەفهومی تەکاملی مەعریفی لەسەر شێوازی سیستەمی زانکۆی ئیسلامی لە

---

[1] ابراهیم زین، لە بنەچەدا سودانیە، یەکێك لە چوار شۆرە سوارەکەی ئیسلامیەتی مەعریفەیە، کە دەستێکی باڵایان هەبووە لە بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژەیە لە زانکۆی ئیسلامیدا، ئەمانیش: "(إبراهيم محمد زين)ی سودانی، (محمد طاهر الميساوي) تونسی، (قطب سانو)ی کینی، (محمد بن نصر)ی تونسی".

مالیزیا گەشـەی پێـدراوە. خـودی پرۆسـەکە بریتییـە لـە لایـەنی کـرداری و جێبـەجێکردنی مـەفهومی ئیـسلامیەتی مەعریفـە لـە بـواری پـەروەردە و فێرکردن[1]. ئەم تەکامولەش لە دیدی ئەودا هەرگیز بەواتای کۆکردنەوەی دوو دژەوانە نایەت، کە ناکرێت بە پەراوێزخستنی یەکێکیان نەبێت کۆبکرێنـەوە. بەڵکو تەکامول واتە دەستگرتن بە دانایی و حیکمەت لە هەر کوێوە بێت، بێ گوێدانە سەرچاوەکەی.

زێن لە درێژەی روونکردنەوەی چەمکی تـەکامول ئامـاژە بـەوە دەکـات، تـــەکامولی مـــەعریفی بـــەواتای هێنـــان و وەرگێڕانـــی هەرەمـــەکی و ناتێگەیـشتووانەی کـالای خـەڵکی تـر نییـە، بـەڵکو بریتییـە لـە وەرگـرتنی بەرهەمی خـەڵکی تـر و تێگەیـشتن لێـی، تـا دەبێتـە بەشـێك لـە ژیارسـتانی ئیسلامی و ژێرخانی هزری ئیسلامی.

زێن جـەخت لەسـەر پێویـستی هەسـتانی زانایـان بـە دۆزینـەوەی لادان و ئینحیرافاتە مەعریفی و هزری و مەنهەجییەکان دەکاتـەوە، هـەر زانایـەك لـە بوار و پسپۆڕییەکەی خۆی، بەتایبەت ئـەو ئینحیرافـات و لادانانـەی بوونەتـە هۆی دوورکەوتنەوە لـە تەوحیـد و یەکتاپەرسـتی. هـەروەها پێویـستە تـاکی موسـڵمان بەگـشتی، وریـا و چـاوکراوە بێـت لـەکاتی بـەکارهێنانی ئـامراز و مەنهەجەکانی خەڵکی تردا، کە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئایین داڕێژراون.

---

[1] لە چاوپێکەوتنێکدا کە أبوبکر محمد لەگەڵی ئەنجامداوە لەبەرواری ٢٠٠٢/١١/١٨م، بڕوانە: أبوبکر، التکامل المعرفي، المصدر السابق، ص١١٠.

- **بڕگەی شەشەم: تەکامول لەدیدی أبوبکر محەممەددا**

(ئەبوبەکر محەممەد ئەحمەد ئیبراهیم) لە سەرەتای هەزارەی نوێوە خوێندکاری خوێندنی باڵا بووە لە زانکۆی ئیسلامی و ساڵی ٢٠٠٤ دکتۆرای بەدەستهێناوە، ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی بریتی بووە لە (التكامل المعرفي وتطبيقاته في المناهج الجامعية)، دواتر نامەی دکتۆراکەی لەلایەن پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە دوتوێی کتێبێکدا چاپکرا.

توێژینەوەیەکی چڕوپڕ و پووختە لەسەر ئەم بابەتە، دەکرێت وەك یەکەم کاری ئەکادیمی تایبەت بە تەکامولی مەعریفی، بەو مەفهومەی ئێمە باسی دەکەین، هەژمار بکرێت. کۆمەڵێك بابەتی وردی لەبارەی ئەم پرسە شیکردوونەتەوە. لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا پووختەیەك لەبارەی توێژینەوەکەی دەخەینەڕوو.

توێژینەوەکە جەخت لەسەر شیکارکردنی ناوەڕۆکی ئەم چەمکە مەعریفییە دەکاتەوە، دواتر لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە هزری و مەعریفییەکان و ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بیرمەندانی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی زانکۆی ئیسلامی، نووسراوە. لە درێژەی توێژینەوەکەدا بەوردی پەیوەندی نێوان تەکامولی مەعریفی و چەمکە هزرییەکانی تر دیاریکراون، کە بیرمەندانی پەیمانگا بەکاریان دەهێنن، بەتایبەت چەمکی ئیسلامیەتی مەعریفە.

هەروەك چۆن توێکاری بۆ پڕۆسەی بەرجەستەکردنی تەکامولی مەعریفی کردووە، لە هەردوو رووی چەندیەتی و چۆنیەتی لە کۆلێژی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية)، ئەو کۆلێژەی لە بنچینەوە بۆ بەرجەستەکردنی تەکامولی

مەعریفی بنیاتنراوە. لە دیارترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی، تەکامولی مەعریفی پەیوەندییەکی زۆری بە ئیسلامیەتی مەعریفەوە هەیە.

ئەم بۆچوونە بەو مانایە نایەت هەردوو چەمکی تەکامولی مەعریفی و ئیسلامیەتی مەعریفە یەك شت بن، بەڵکو هەر توێژەر خۆی بەپێویستی دەزانێت ئەم دوو چەمکە تێکەڵ نەکرێن و لەیەك جیابکرێنەوە، سەرەڕای لەیەك نزیکی و هەبوونی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا. ئەگەرچی ئەو پێیوایە، ناکرێت ئەم دوو چەمکە لە دووری یەکتر توێکارییان بۆ بکرێت، بەڵکو پێویستە لەیەك کاتدا گرنگی بە هەردوو چەمکەکە بدرێت.

سەرەنجام بە ئاراستەی جیاکردنەوەی هەردوو چەمکەکە نووسیویەتی: "دوای گەنگەشەکردنی بۆچوونەکانی رابردوو، دەکرێت ئیسلامیەتی مەعریفە بە دید و بۆچوون هەژمار بکەین، ئەوکات تەکامولی مەعریفیش دەبێتە ئەو سەر و سیمایەی کرداری پەروەردە و فێرکردنی پێ دەناسرێتەوە، لەو ناوەندە ئەکادیمیانەی هەڵگری ئەم دیدو بۆچوونەن"[١].

بەواتایەکی تر، هەر ناوەندێکی ئەکادیمی و زانستی لەڕووی تیۆری، هزری و مەعریفییەوە خۆی بکاتە خاوەنی دیدگای ئیسلامیەتی مەعریفە، پێویستە لە حاڵەتی بەرجەستەکردنی پرۆژەکەدا، تەکامولی مەعریفی بەرجەستە بکات.

---

[1] إبراهيم، التكامل المعرفي وتطبيقاته، ص١٢١.

کەواتە ئیسلامیەتی مەعریفە بریتییە لە لایەنی هزری و مەعریفی، کە هەمیشە تیۆرییە، لایەنی تەکامولی مەعریفیش بریتی دەبێت لە هەنگاوە کردارییەکان. کەواتە دیدە مەعریفییەکە، ئیسلامیەتی مەعریفەیە و تەکامولی مەعریفیش بریتییە لە دابەزاندنی ئەم دیدە مەعریفییە لە تیۆرییەوە بۆ کرداری.

سەبارەت بە خودی (دیدگا مەعریفییە)کە، بە بۆچوونی توێژەر، بریتییە لە بەرەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی رێکخراو و خاوەن بەرنامە، ئامانجەکەی بریتییە لە هێنانەپێشەوەی رێبازێکی رەخنەیی شیکاری لێکدراو، کار بۆ گەشەپێدانی دیدگایەکی تاقانە و یەکتاپەرستانە دەکات، کە تێکڕای زانست و مەعریفەکان لەوەوە سەرچاوە بگرن.

ئەم دیدگا مەعریفییە بەم واتایە دێت، کە لەم رۆژگارەدا لەلایەن کۆمەڵێك دەزگا و ناوەندی کارا لە بواری هزری ئیسلامی گەشەی پێدەدرێت، وەکو پرۆژەیەکی گەورەی هزری دەردەکەوێت و کار بۆ زیندووکردنەوەی تێکۆشانی هزری دامەزراوەیی و قوتابخانەیی دەکات، هەڵگری رۆحی تیم (فریق) ئاسایە و دیدگای تاکەکەسی تێپەڕاندووە، ئەو دیدگا تاکەکەسییەی ژینگەی هزری و زانستی و رۆشنگەری جیهانیی ئیسلامی پێ دەناسرێتەوە. ئەم بزووتنەوە هزرییە کارایە، پێویستە کار لەسەر تێکڕای مەعریفەتەکان بکات، کۆن بن یان نوێ، لەسەر دەستی موسڵمانان بیناکرابن یان خەڵکانی تر.

ئەم دیدە مەعریفییە پشت لە لاساییکردنەوە و وەرگرتنی تێکڕای کولتووری ئیسلامی دەکات. ئەو لاساییکردنەوەیەی پشتی لە داهێنان

کـــردووه لـــه تێکـــڕای ئاســـتەکان، لـــه دیـــدگای ئـــەم دیـــدە مەعریفییـــە ڕەتدەکرێتەوە. هاوکات ئەم پڕۆژە هزری و مەعریفییە بەهیچ قوتابخانەیەکی هزری و جیهانبینی تر پابەند نابێت، مەگەر پشت بە توێکاری و توێژینەوەی ورد و پووخت ببەستێت. ئەم پڕۆژەیە بـاوەش بـۆ هـەر هـزر و مەعریفەیـەك دەکاتەوە، بەمەرجێك لە چوارچێوەی ڕێساکانی ئیسلام، بنـەما عەقڵییـەکان و ڕێسا گەردوونییەکان دەرنەچێت.

ئەم جیاکارییە لەنێوان هەردوو چەمکی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مـــەعریفی دەبێتـــە دیـــدێکی باڵادەســـت لـــە دامـــەزراوە پـــەروەردەیی و فێرکارییەکان. چونکە دەکرێت لەڕێگەیەوە مەنهەجی ئەم دامەزراوانە لەسەر فەلـسەفەیەکی ئیـسلامی تۆکمـە بنووسـرێت، کـارێکی لـەم چەشـنەش بـۆ ڕێکخـستنی پڕۆسـەی فێرکـردن لـەژێر ڕۆشـنایی توێژینـەوە زانـستییەکانی تایبەت بە مەنهەج و فێرکردن زۆر پێویستە. ئەم جیاکارییەش ڕێگا لەبەردەم بەرجەستەبوونی هەقیقی ئەم دیدگا مەعریفییە (ئیسلامیەتی مەعریفە) خۆش دەکات. هاوکات تێگەیشتن لـە کرۆکـی ئیـسلامیەتی مەعریفـە وادەخوازێـت، زانیـاری ورد و قـووڵ سـەبارەت بـە قوتابخانـە هزرییـەکان و فەلـسەفەی سـەردەم، لـەپاڵ هۆشـیارییەکی قـووڵ و تۆکمـە لـەبارەی ئیـسلام فەراهـەم بکرێت، بەمەش هزری ئیسلامی بەشێوەیەك باڵا دەبێت، بتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکارییـــەکان و پێکۆڵـــە ژیارســـتانییە نوێیـــەکان ببێتـــەوە. بـــەئامانجی هەڵمژینی تێکڕای ئـەو ئەزموونـەی مرۆڤایـەتی لـە مەیدانـە جۆراوجۆرەکـانی مەعریفـەدا پێیگەیـشتووە، دواتـر تێکهەڵکێـشان لەگـەڵ ژێرخـانی هزریـی ئیسلامی بکات لەسـەر شـێوازێك کـە بنـەما و تایبەتمەندییـەکانی ئـەم هـزرە

ئیسلامییە پارێزراو بن، ئەوانیش بریتین لە خاڵی جەوهەری و جیاکەرەوەی هزری ئیسلامی لە قوتابخانە هزرییەکانی تر.

پرۆسەیەکی لەم چەشنە بەئاسانی بەرهەم نایەت، مەگەر لەڕێگەی هەوڵێکی زانستی تۆکمە و ڕێکخراو نەبێت، کە لەلایەن دامەزراوەیەکی پەروەردەییەوە سەرپەرشتی بکرێت، دواتر بکرێتە بەرنامەیەکی کرداری دیاریکراوی خاوەن پلانێکی تۆکمە. دواجار دەبێتە پاشخانی هزریی زانای موسڵمان، لەڕێگەیەوە دەتوانرێت لە سەرجەم بوارە مەعریفی و ئەزموونییە جیاجیاکاندا مامەڵە لەگەڵ تێکڕای باس و خواسە سەردەمییەکان بکرێت.

سەرەنجام هێنانەپێشەوەی پرۆژەیەکی مەعریفی و کرداری لەم چەشنە، توانادار دەبێت لەسەر هێنانەدەرەوەی مرۆڤی موسڵمان و گەلە موسڵمانەکان لە دواکەوتن و چەقبەستن. نەوەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەبێتە دەرچەیەکی دڵخۆشکەر بۆ ئەوەی موسڵمانان لەڕێگەیەوە هەم وەك تاك، هەمیش وەك کۆمەڵگە، بێنە پێشەوە و بەشدارێکی کارا بن لە ژیارستانی و ڕێنوێنیکار و ئاراستەکار بۆ ژیارستانی مرۆڤایەتی. کەواتە کرداری تەکاملی مەعریفی بەم واتایە، تەنها بریتی نییە لە کردارێکی مەعریفی، بەڵکو بریتییە لە پرۆسەیەکی نەفسی و پەروەردەیی، هەوڵی ئازادکردنی عەقڵ، ئازادکردنی ناخی موسڵمان، گەشەپێدانی پاڵنەرەکانی پێشکەوتن و، داهێنان و چاکسازی دەدات [1].

---

[1] بروانە: أبوبكر محمد إبراهيم، التكامل المعرفي وتطبيقاته في المناهج الجامعية، المصدر السابق، ص١٢٠–١٢١.

- **بڕگەی حەوتەم: تەکامول لە دیدی فەتحی مەلکاوی**

لەم بڕگەیەدا پووختەی پرسی تەکامولی مەعریفی لە دیدی (فەتحی حەسەن مەلکاوی) بیرمەندی گەورەی ئەردەنی دەخەینەڕوو. ئەو پێیوایە، تەکامولی مەعریفی لە دەروازەی تێڕوانینی ئیسلامیانە بۆ گەردوون بەرهەم دێت، لەڕێگەیەوە فەهم و تێگەیشتنی دروست بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ گەڵاڵە دەبێت[1]. تێڕوانینی ئیسلامیانە، چەمکێکی فەلسەفییە و بەواتایی دیدگای گشتی بۆ جیهان، بە سەرجەم بەش، توخم، پێکهاتە و سیستەمەکان دێت. هەروەها سەیرکردنی شتەکان، لە چوارچێوە گشتییە فراوانەکەیدا، بریتییە لە بنچینە و چەتری لێڤەگەری باڵا (مەرجەعی باڵا) بۆ هزر و ئاکار لە چوارچێوەی سیستەمی بەها گشتییەکانی کۆمەڵگەدا.

لەلایەکی تر، تێڕوانینی ئیسلامیانە بریتییە لە وێناکردنی گشتی راستییەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، وەڵامدانەوەی سەرجەم پرسیارە سەرەکییەکانی تایبەت بە بوونگەرایی، مەعریفەسازی و بەها باڵاکانی پەیوەندیدار بەم راستیانە و دیاریکردنی رایەڵە و پەیوەندی نێوانیان.

مەلکاوی تەنیا باسی تەکامولی مەعریفی نەکردووە، بەڵکو رەهەندی مەنهەجیەتی تەکامول لە سەرجەم کایەکان دەخاتەڕوو، لەپاڵ گرنگیدان بە کاراکردنی بنەما و بەها باڵاکانی وەك: تەوحید، پاڵفتەکردنی دەروون و ئاوەدانکردنەوەی زەوی (التوحيد، التزكيه، العُمران).

[1] فتحي ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، المصدر السابق، ص٤٢.

مەلکاوی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، تەکامولی مەعریفی لەڕێگەی ئاوێتەبوونی سەرچاوەکانی دەستخستنی مەعریفە بەیەکتر لەلایەك، ئاوێتەبوونی ئامرازەکانی مەعریفە لەگەڵ یەك لەلایەکی تر، ئینجا ئاوێتەکردنی سەرچاوە و ئامرازەکان بەیەکتر، لەگەڵ هەماهەنگی فرەلایەنە لەنێوان سەرجەم سەرچاوە و ئامرازەکان بەرهەم دێت[1]. لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر ئەم پرۆسەیە بە شیکاری ورد ڕووندەکەینەوە.

دوای خستنەڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆکی تەکامولی مەعریفی، مەلکاوی باسی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی تەکامولی مەعریفی دەکات. ئەو بەپێویستی دەزانێت لە پرۆسەی بەرجەستەکردنی تەکامولی مەعریفی سێ خاڵی سەرەکی ڕەچاوبکرێن:

خاڵی یەکەم: ڕوونکردنەوەی دەلالەتی چەمکی تەکامول.

ئەم چەمکە فرە دەلالەت و واتایە، لە کۆمەڵێك بواری جیاجیا بەکاردێت، لە هەر بوارێکیشدا مانای تایبەت دەبەخشێت.

زۆربەی کات دەلالەتی ئەم چەمکە بریتییە لە مەوسووعی بوون، واتە شارەزایی لە کۆمەڵێك بوار و زانستی جیاجیادا، لەبری پسپۆریەتی ورد تەنیا لەیەك بابەتدا. ئەم بەکارهێنانەش بۆ پێویستیی زانستەکان بەیەکتر دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست و، بەرجەستەکردن و بەگەڕخستنی بنەما زانستییەکان لەڕووی کردارییەوە.

---

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٥٧.

له دیدی مەلکاوی، دەلالەتی تەکامول لەسەر سێ پایە دەوەستێت، ئاوێتەکردنی سەرچاوەکان، ئاوێتەکردنی ئامرازەکان، دواتر ئاوێتەبوونی سەرچاوە و ئامرازەکان بەیەکتر، لەپاڵ تێکهەڵکێشکردنی خوێندنەوەی پەرتووکی بینراو و پەرتووکی خوێنراو (گەردوون و قورئان).

بەشێوەیەکی وردتر، دەکرێت بگوترێت دەلالەتی ئەم چەمکە لای مەلکاوی، وەك بەشێك له ئیسلامیەتی مەعریفە و هەوڵی چاکسازیی هزریی هاوچەرخی ئیسلامی، ئەمەیە:

– دەستخستنی مەعریفەیەکی پێویست، سەبارەت بە بنەما و ئامانجەکانی ئیسلام.

– مەنهەجیەتێکی گونجاو بۆ بەگەڕخستنی ئەم بنەما و ئامانجە ئیسلامیانە.

– کاراکردنی ئەم مەنهەجیەتە بۆ تێگەیشتن لە زانستە هاوچەرخ و سەردەمییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان.

–پێگەیاندنی کەسایەتییەکی ئیسلامی هاوچەرخ، بە پابەندی و کاراییەوە (التماسك والفاعلية) بناسرێتەوە.

–هەوڵی شیاندنی ئوممەتی ئیسلام بۆ بەشدارییەکی تۆکمەی جوان لە ژیارستانی مرۆڤایەتی و ڕێنوێنیکردن لەژێر هیدایەت و ڕێنماییەکانی سروشی خودایی[1].

---

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٩١.

خاڵی دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ ئامانج و ناوەڕۆکی زانستەکان

لەبری بەتەنیا وەستان لەسەر مێژووی زانستەکان.

ناوەڕۆکی چەمکی تەکامول بەپێویستی دەزانێت، شێوازی ئێستای خوێندن و لێکۆڵینەوە لە زانستە شەرعییەکان تێبپەڕێندرێت، کە بریتییە لە شیکردنەوەی بیروباوەڕ و خوداپەرستییەکان بەشێوەیەکی مێژووییانە و سەپاندنی تێگەیشتن لە ئایین تەنیا لەژێر چەتری رابردوودا.

کاتێک ئەم بیروباوەڕە دروست بوو، پێویستە ئەم بارودۆخە تێبپەڕێندرێت و هەنگاو بەرەو پێشکەشکردنی ئیسلام بنرێت، وەك زانستێکی پەیوەندیدار بە رێنمایکردنی هۆش و هزری مرۆڤ و هاندانی بەرەو هەڵسان بە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی لە ژیاندا، هەروەها هاندانی مرۆڤ بۆ نەخشاندنی جێپەنجەی لە زەمینەی کرداری و کارکردن بۆ داهێنان و کارابوون لە ژیارستانیەتدا[1].

خاڵی سێیەم: تەکامول لە مەرجەکانی جێبەجێکردنی

تەکامولی مەعریفی.

بەرجەستەکردن و جێبەجێکردنی تەکامولی مەعریفی پێویستی بە چوار مەرجی وابەستەی یەکتر هەیە[2]:

یەکەم: شارەزابوونی تێروتەسەل لە دید و تێڕوانی ئیسلام بۆ جیهان، بۆئەوەی ئەم دید و تێڕوانینە ببێتە چوارچێوەی تێگەیشتن لە هزر و

---

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٩٢.

[2] هەمان سەرچاوە، ص٢٩٢-٢٩٣.

شیکارکردنیان. بەواتایەکی تر، تێگەیشتن لـە زانیـاری و زانـستە ئیـسلامییە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی توێژینەوە، لەڕێگەی دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرموودە، یان راڤەی پێشینان و سەلەف، بە لەبەرچاوگرتنی رەهەندی کات و شـوێن و بـار و گـوزەرانی راڤـەکان، هــەروەها دووبـارە پێداچـوونەوە و ئیجتیهـادکردن بـە راڤەکانـدا، لـەژێر رۆشـنایی نـوێترین زانـست و زانیـاری هاوچەرخ. دوای تێگەیشتنێکی لەم چەشنە، تێگەیشتنێکی نوێ بۆ ئامـانجی دەقــەکان و، کاراکردنیــان بــە رەچــاوکردنی رەهەنــدی کــات و، شــوێن و نوێگەرییەکانی زەمینەی کرداری و بارودۆخەکان پێویستە.

دووەم: تێگەیشتن لە زانست و زانیارییە هاوچەرخەکانی پەیوەندیـدار بـە بابەتی توێژینـەوە و شـارەزابوون لێیـان، تـاوەکو دوایـین ئاسـتی شـارەزایی مرۆڤــی هاوچــەرخ. ئەمــەش راســتی و تێگەیــشتن و بنــەما و تیۆرەکــان و، ژێرخـانی فەلـسەفی و پاشـخانی مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی سـەرهەڵدانی ئـەم زانستانە دەگرێتەوە، هاوکات لەگـەڵ رۆڵبینیـی ئـەم ژێرخـان و پاشـخانە لـە داڕشتن و بەگەڕخستنی ئەم زانستانەدا.

سێیەم: پەرەپێدان بە دیدی شیکاریی رەخنەیی (الرؤية التحليلية النقدية) و، کاراکردنی بۆ جیاکردنەوەی بۆچوونە مەزهەبی و مەرجەعییـە هزرییـەکان لەیەکتر، لە هەردوو ئەزموونی زانستە ئیسلامییەکان و ئەزموونی مرۆیـی، لـە سەرجەم قوتابخانە و مەرجەعـەکان لـەژێر چـەتری دیـدێکی گشتگیر (نظـرة كلية) دواتر بڕیاردان لەسەر پێکهاتەکانیان.

کردارێکی لەم چەشنە بۆ دەستنیشانکردنی گرفت و کـەموکوڕیی زانـستە ئیـسلامییەکان و زانـستە ئەزموونیيـەکان پێویـستە، دواتـر پێـشکەشکردنی

جێگرەوە و چارەسەری ریشەیی و، پلانی تۆکمە بۆ جێبەجێکردنیان، بە هاوکاری و بەشداری پێکردنی پسپۆڕانی دیکەی بوارە جیاجیاکان.

چوارەم: ئەگەر ئەم سێ مەرجەی رابڕدوو دەستەبەرکران، واتە کۆششی تێگەیشتن بەرهەم هاتووە و قۆناغی چوارەم بریتی دەبێت لە تێپەڕاندن. تێپەڕاندن بەواتای فەرامۆشکردن و جێهێشتن نا، بەڵکو بەواتایی تێپەڕین بە ئەزموونی رابردوو، ئەزموونی ئێستا، هەنگاونان بەرە و بنیاتنانی داهاتوویێکی نوێ و گەش، لەژێر رێنمایی و ئامانجەکانی وەحی، رێسا سروشتییەکانی گەردوون، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، تێزە دەروونی و ئەزموونی مرۆیی کەڵەکەبووی تایبەت بەم پرسانە.

بنیاتنانی داهاتوو، بەمانایی گەڕانەوە نایەت بۆ چاخەکانی رابردوو، یان دووبارەکردنەوەی فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی ژیارستانیەتەکانی رابردوو، بەڵکو بریتییە لە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە، کە تێیدا عەقڵی موسڵمان وێنەیەکی نوێی شارستانی پێشکەش بکات، کە هیچی کەمتر نەبێت لە چاخی یەکەمی ئیسلام. ئەمەش لەڕێگەی کاراکردنی هیدایەتی وەحی و گۆشکردنی مرۆڤی موسڵمان بەم هیدایەتە خوداییە، بە ئومێدی جووڵە و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام، دەرەنجام بەرهەمەکەی بریتی بێت لە رۆشنبیرییەکی نوێ، ژیارستانیەتێکی نوێ و دەستکەوتێکی نوێی مرۆیی، کە پێشتر مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیبینیوە.

بەبۆچوونی مەلکاوی، واقیعی مرۆڤایەتی هاوچەرخ لە پێویستترین باردایە بۆ هەڵێنانی هەنگاوێکی داهێنەرانەی لەم چەشنە، کە بەهۆیەوە دەکرێت دووبارە ژیارستانیەتی هاوچەرخ بنیات بنرێتەوە، دەستکەوتەکانی

بەگەڕبخرێن و وزەکانی ڕێنوێنی بکرێن، چونکە چیتر مرۆڤایەتی توانای بەرگەگرتنی کۆستەکانی ئەم ژیارستانیەتەی ئێستای نەماوە.

کاتێك جارێکیتر ئیسلام بە نامۆیی وەك جاری جاران سەرهەڵدەداتەوە، نامۆکانیش دەتوانن چەشنی نەوەی یەکەمی ئیسلام دەستکەوت و داهێنان پێشکەش بکەن، لەڕێگەی نوێکردنەوەی چەمکی دین و دینداری، هەستان بە ئەرکی جێنشینایەتی سەر زەوی و ئاوەدانکردنەوەی ماف و راستی و دادگەری و ئاشتی.

لە درێژەی کۆباسەکانی تری تایبەت بە پرسی تەکامول لە دیدی مەلکاوی، بەپێویستی دەزانین چەند دێڕێکی تر سەبارەت بە تایبەتمەندییە میتۆدییەکانی تەکامولی مەعریفی لە کرداری بیرکردنەوە بخەینەڕوو.

- **تایبەتمەندییە میتۆدییەکانی تەکامولی مەعریفی لە بیرکردنەوەدا[١].**

مەلکاوی دەنوسێت: مرۆڤ بوونەورێکی خاوەن بیرە، بیرکردنەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ، میتۆدی بیرکردنەوە بریتییە لە بنچینەی توێژینەوە و کاراکردنی کردار و ئاکاری تاك و کۆمەڵ. مەنهەجیەتی بیرکردنەوەش لە دیدگای ئیسلامیدا بە چەند تایبەتمەندییەك دەناسرێتەوە، کە ئاوێتە و وابەستەی یەکترن، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

---

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٩٤–٢٩٥.

١- بیركردنەوەیەكی مەقاصیدیانە، بەواتای تێگەیشتن لە دەقەكان، لەژێر رۆشنایی حیكمەتی دابەزینیان و كەتوار (واقیع) و پەیوەندی نێوانیان.

٢- بیركردنەوەیەكی گشتگیرانە (التفكیر الكلی).

٣- بیركردنەوەیەكی رێساییانە (التفكیر السننی) بەواتای گرێدانی رووداوەكان، ئەنجامەكانیان و هۆكارەكان بەیەكتر.

٤- بیركردنەوەیەكی كرداری: سەیركردنی بابەتەكە و پەیوەندی بابەتەكە لەگەڵ واقیع، گەڕان بەدوای شوێنگرەوە و گریمانەكان، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەركردنی كێشەكان.

٥- بیركردنەوەیەكی ستراتیژیانە بۆ بنیاتنانی داهاتوو و بەدواداچوون بۆ هەستانەوەی ژیاری ئومەتی ئیسلامی، بەو مەرجەی ئەرێنی و گەشبینی تێدا پێشەنگ بێت.

مەلكاوی كۆمەڵێك بابەتی تری پەیوەندیداری بە تەكامولی وروژاندوون، بەتایبەت لە بواری مەنهەجیەتی تەكامولانە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەكی راستەوخۆ بە توێژینەوەكەوە، بەوەندە كۆتایی پێدێنین.

بەشی پێنجەم
تەکامولی مەعریفی لە کەلەپووری ئیسلامیدا

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە بەتایبەت لە کەلەپووری ئیسلامیدا، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت بەر لە چاخی سەردەم، کۆمەڵێك زانای ناوداری موسڵمان باسیان لە پرۆژەیەکی لەم چەشنە کردووە، لەخوارەوە زۆر بەکورتی باسی بۆچوونی دیارترین ناودارانی جیهانیی ئیسلامی لەهەمبەر ئەم پرسە دەکەین.

- **بڕگەی یەکەم: ئەبو حامیدی غەزالی**

ئەبو حامیدی غەزالی لە پەرتووکی (جواهر القرآن ودرره) و ناوەناوەش لە (احیاء علوم الدین)دا، ئاماژەی بە گرنگیدان بە بوارە جیاجیاکان کردووە و، بەڕوونیش باسی پێکهاتە و ناوەڕۆکی چەمکی (الوحدة البنائیة في المعرفة)ی کردووە کە ئێستا لە ناوەندە زانستییەکان بەم ناوە دەناسرێتەوە.

ئەو پێیوایـە، ئـەو ئایەتانـەی باسـی ئەسـتێرە، خـۆر، مـانگ، ئاسمـان و بابەتە گەردوونییەکان دەکەن، مرۆڤ ناتوانێت بەبێ هەبوونی زانیاری ورد لـە بـواری زانـستی فەلـەك و گەردووناسـی، بەتــەواوی لـە راسـتییان تێبگـات. تێگەیـشتن لــەو ئایەتانــەش ئەســتەمە کــە باســی بابەتــە پزیــشکییەکانی هاوشێوەی دروستبوونی مرۆڤ دەکەن، بـەبێ زانـین و شـارەزایی لـە زانـستی پزیشکی.

دەرەنجـام غـەزالی بەپێویـستی دەزانێـت مرۆڤـی زانـا لـەپاڵ زانیـاری تـەواو لەبارەی زانستە شەرعییەکان، زانستە ئەزموونییەکانی تـریش بزانێـت. دەکرێـت ئەمـەش لـە دیـدی غەزالیـدا بـە ئاماژەیـەکی روون بـۆ پڕۆژەیـەکی لـەم چەشـنە هەژمار بکرێت. سـەرەڕای ئـەوەی غـەزالی و زاناکـانی دیکـەی هاوشـێوەی ئـەو، بەکردەیی کاریان لەسەر پـڕۆژەی لـەم جـۆرە کـردووە، چـونکە ئـەوان چەشـنی مەوسوعە، لە یەك کاتدا شارەزاییان لە کۆمەڵێك بواری جیاجیادا هەبووە [١].

- **بڕگەی دووەم: ئیبن روشد**

هاوشـێوەی غـەزالی، (ئـیبن روشـد) بانگەشــەی بـۆ بابــەتی تــەکامولی مەعریفی کردووە، ئەگەرچی بەڕوونی هەست بە جیاوازی لـە دیـدی ئـەم دوو بیرمەندەدا دەکرێت.

غــەزالی بانگەشــەی بــۆ خــاڵی هاوبەشــی نێــوان زانــستەکان کــردووە و بەپێویستی زانیوە لە بنچینەی مەعریفیدا زانستەکان یەکانگیر بکرێن، بـەڵام ئیبن روشد زیاتر یەکانگیری لەنێوان زانستەکان بەپێویست زانیوە.

---

[1] بروانە: أبو حامد الغزالي، جواهر القرآن ودرره، بیروت: دار الجیل، ١٩٨٨م، ص٢٧.

بەبۆچـوونی ئـیبن روشـد، ئـەو ئایەتانـەی لـە قورئانـدا باسـی تێفکـرین و بیرکردنــەوە و پەنـدوەرگرتن دەکـەن، بــەڕوونی هــانی مــرۆڤ دەدەن لــە شــتە بەردەسـتە دروسـتکراوەکاندا وردببنـەوە، چـونکە هێنـدەی لـە دروسـتکراوەکان وردتــر ببینـــەوە، باشـــتر لێیـــان تێدەگـــەین، هەرچـــەند لـــە نـــاوەڕۆکی دروستکراوەکانیش تێبگەین، زۆرتر و خێراتر بە ئافرێنەر و بەدیهێنەریان ئاشـنا دەبین[1].

بەمشێوەیە لای ئیبن روشـد، تـەنیا خوێندنـەوەی تێکستە ئاینییـەکان و ئایەتە قورئانییەکان بۆ ناسینی خودا بەس نین، بەڵکو شارەزابوون لە گشت بوارەکان بـۆ تێگەیـشتنی راسـتەقینە لـە قورئـان کـارێکی هـەرە پێویستە، چونکە بەبێ ناسینی راستەقینەی بەدیهێنراو، مرۆڤ ناتوانێت بەتـەواوی لە خــودی بەدیهێنـــەر ئاشـــنا ببێـــت. هەرچـــەندە مـــرۆڤ بـــە پـــەروەرێن و بەدیهێنەرەکەشی ئاشنابێت، زیاتر ملکەچ و گوێڕایەڵی دەبێت.

- **بڕگەی سێیەم: ئیبن تەیمیە**

لە سەردەمی بانگەشەی تێکگیرانی نێوان زانـستە ئاینییـەکان و زانـستە ئەزموونییەکان، ئیبن تەیمیـە تایبـەت بـە رەتکردنـەوەی تـێکگیران لـەنێوان بەرهەمی عەقڵ و نەقڵ، پەرتووکێکی قەبارەگـەورەی بـەناوی (درء تعـارض العقل والنقل) بۆ رەواندنەوەی گومان و تۆمەتـە بێبنـەماکان نووسـیوە. لـەم

---

[1] أبو الوليد، ابن رشد، فصل المقال في تقرير ما بين الحكمة والشريعة من الاتصال، تحقيق: محمد عابد الجابري، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٧م، ص٨٨.

پەرتووكەدا بەگشتی تێكڕای هێڵەكانی نێوان زانستە ئایینییەكان و زانستە ئەزموونییەكانی بەتایبەتی دیاریكردوون.

دوای توێكاری و شیكارییەكی دوور و درێژ بەو ئەنجامە گەیشتووە، ئەو زانستانەی بەرهەمی عەقڵن چ فەلسەفی بن یان سروشتی و گەردوونی، بەراورد بە دەقە گواستراوەكان، كە بریتین لە تێكستە ئایینییەكانی وەكو قورئان و فەرموودە... هتد، هیچ تێكگیرانێك لەئارادا نییە.

ئەو پێیوایە، سەرجەم ئەو زانستە ئەزموونیانە لەگەڵ تێكستە ئایینییە راست و دروستەكان دژیەك نین، بەڵكو مانای یەكتر بەهێزتر دەكەن و، هەرگیز ناتوانرێت تێكگیران لەنێوان بەرهەمێكی عەقڵی دروست لەگەڵ دەقێكی ئایینی دروست بدۆزرێتەوە، تەنانەت ئەگەری رووداني كارێكی لەم چەشنە بەئەستەم دەزانێت.

ئیبن تەیمیە لە درێژەی روونكردنەوەی ئەنجامی بەدواداچوونەكەی ئاماژەی بەوە داوە، بەدواداچوونی بۆ گشت ئەو بابەتانە كردووە كە خەڵك كێشەیان لەبارەیەوە هەیە. ئەو دەڵێت: "سەرجەم ئەو بابەتە ئەزموونیانەی لەگەڵ دەقە ئایینییە راستەكان تێكدەگیرێن، جگە لە گومانێكی بێبنەما شتێكی تر نین، كە عەقڵ دەتوانێت ناڕاستییان بسەلمێنێت، نەك بەتەنیا هەر ئەوەندە، بەڵكو عەقڵ دەتوانێت پێچەوانەكەیان بسەلمێنێت، كە بریتییە لە یەكانگیرییان لەگەڵ دەقە ئایینییەكان، نەوەك تێكگیران و دژەوانە"[1].

---

[1] ابن تيمية، درء تعارض العقل والنقل، تحقيق: محمد رشاد سالم، الرياض: جامعة الملك محمد بن سعود، ١٩٧٩م، ج١، ص١٤٧.

له لاپەڕەکانی رابردوودا ئاماژەمان بە گەشـەکردنی نـاوەڕۆکی تـەکامولی مەعریفی کرد، کە لەسەر شێوەی چەند ناو و زاراوەیەکی دیکە نمایشکراون، وەك ئـەوەی غـەزالی بانگەشـەی نـاوەڕۆکی بابـەتی (الوحـدة البنائيـة في المعرفة)ی کردووە، دواتر ئیبن روشد هەماهـەنگی نێـوان زانسـتە ئاسمـانی و زانستە ئەزموونییەکانی بەپێویست زانیوە.

دوای ئـەوان ئـیبن تەیمیـە وزە و توانایـەکی زۆری لـە خـستنەڕووی حەقیقەتی پەیوەندی نێوان ئەم دوو بوارە مەعریفییە خەرجکردووە، هاوکات لەژێر پـەردەی نەهێـشتنی تـێکگیران لـەنێوان بەرهـەمی وەحـی و بەرهـەمی عەقڵ، دەرەنجامی هەوڵەکانی خستووەتەڕوو. دواتر ئـەم هەوڵانـە بـەردەوام بوونە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامن لە دۆزینـەوەی ڕێگەچـاڕەیەکی گونجـاو بۆ تیۆریزەکردنی ئەو بابەتە لەڕووی هزرییەوە، پاشان بەرجەستەکردنی ئەم وێناندنە –تیۆری– لە ئەرزی واقیعدا.

- **بڕگەی چوارەم: سەعید نورسی**

لـەم بڕگەیـەدا بەپێویـستی دەزانـین ئامـاژە بـە پـشنیازەکەی بیرمەنـدی گەورە سەعید نورسی بکەین، کە تایبەتە بە پیادەکردنی پڕۆژەیەکی نزیك لە تەکامولی مەعریفی.

سـەعید نورسـی لـە سـاڵی ١٩٠٧ ی زایـینی پێـشنیازی بـۆ (سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم) کـردووە زانکۆیـەکی هاوشـێوەی (ئەزهـەر) بـەناوی قوتابخانەی (زەهرا) دابمـەزرێنێت و، بەهەماهـەنگی هـەردوو بـواری زانـستە ئایینییەکان و زانستە ئەزموونییەکانی تێدا بخوێندرێن.

ئەو پێیوایە زانستە ئیسلامییەکان ڕووناکی دڵ و دەروون و ناخن، زانستە ئەزموونییەکانیش ڕۆشنایی عەقڵ و ئاوەزن، بە تێکەڵکردنی هەردوو بوارەکەش حەقیقەت درەوشاوەتر و باڵاتر دەبینرێت، حەقیقەتیش چەندە درەوشاوەتر و باڵاتر دەربکەوێت، تێکۆشانی فێرخواز بەرزتر و گەشەسەندووتر دەبێت[1]. بەپێچەوانەوە دابڕکردنی ئەم دوو بوارە زانستی و مەعریفییە دەمارگیری لە بواری زانستە ئیسلامییەکان و، فرتوفێڵ و گومانیش لە زانستە ئەزموونییەکان بەرهەمدێنێت[2].

بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت نورسی بەلایەنی کەمەوە ٧٠ ساڵ بەر لە بیرۆکەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی هەوڵی بەرجەستەکردنی پڕۆژەیەکی لەم چەشنەی داوە، تەنانەت لەڕووی حەقیقەت و ناوەڕۆکی پڕۆژەکەش زۆر لە ئامانجەکانی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی نزیکە.

بۆنموونە: نورسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، چۆن باڵندە ناتوانێت بە باڵێك بفڕێت، بەهەمانشێوەش فێرخواز ناتوانێت بە باڵێك پێبگات، ئینجا جیاوازی نییە باڵی زانستە ئیسلامییەکان بێت یان زانستە ئەزموونییەکان، بەڵکو پێویستە هەردوو زانستەکە کۆبکرێنەوە.

---

[1] دەقی قسەکەی نورسی بە عەرەبی: ((ضياء القلب هو العلوم الدينية ونور العقل هو العلوم الحديثة فبامتزاجهما تتجلى الحقيقة فتتربى همة الطالب وتعلو بكلا الجناحين وبافتراقهما يتولد التعصب في الأولى والحيل والشبهات في الثانية)) بڕوانە: https://www.goodreads.com/author/quotes/510021_.

[2] بۆ زیاتر بڕوانە: خالد الصمدي، الحكمة وفصل الخطاب في منهج التربية عند النورسي، مقال منشور في موقع "النور للدراسات الحضارية والفكرية"، تاريخ التصفح: ٢٤/١٠/٢٠١٦، الرابط المباشر: http://www.iikv.org/ar/nurmajalla/article.php?c=4&cid=2&id=280.

له رووێکی تردا پاراستنی شوناسی ئیسلامی له پڕۆژەکەی ئەودا جێگـەی بایەخە، چونکه نورسی بەڕوونی باسـی لـەوە کـردووە، ئـەو زانکۆیـەی ئـەو پێـشنیازی کـردووە لـە رۆژهـەلاتی ئـەنادۆڵ دابمـەزرێت، نـاوی مەدرەسـەی لێبندرێت، بۆئەوەی هەڵقوڵاوی کولتوور وکەلەپووری ئیسلامی بێت. ئەمەش لــە هــەردوو دیــوی تێکهەڵکێــشکردنی زانــستە ئیــسلامییەکان و زانــستە ئەزموونییەکان، لە گەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی شوناسی ئیسلامی، ســەتا ســەت لەگــەڵ پڕۆژەکــەی پــەیمانگای جیهــانی هــزری ئیــسلامی یەکدەگرێتەوە.

وەك له رابردوودا روونمان کردەوە، پەیمانگا چـەمکی *(Integration)* لەبەرامبەر چەمکی تەکامول بەکاردێنێت، لەکاتێکدا یەکێك له ماناکـانی ئـەم چەمکه ئینگلیزییە بریتییە لە (مزج، امتزاج). ئەگەر بەوردی سەرەنج بدەین، نورسی هـەمان وشـەی (امتـزاج) ی بـۆ پڕۆسـەی یـەکانگیری نێـوان زانـستە ئیسلامییەکان و زانستە ئەزموونییەکان بەکارهێناوە[1].

ئەگەرچـی نورسـی چـەمکی تـەکامولی بـەکار نـەهێناوە، بـەلام خـودی پڕۆژەکە لە ئامانج و ناوەڕۆکەوە زۆر لە یەکترەوە نزیکن.

رەنگە کەسـانێك گومـان بکـەن بیرمەنـدانی پـەیمانگا ئـەم بیرۆکـەیان لـە نورسی وەرگرتبێت، چونکە نورسـی ٧٠ سـاڵ پـێش ئـەوان پڕۆژەیـەکی لـەم چەشنەی هەبووە، زیاتر لە ٢٠ ساڵیش بەر لە دامەزراندنی پـەیمانگا کۆچـی دوایی کردووە، بەلام ئـەم گومانـە لـە شـوێنی خـۆی نییـە، چـونکە تێکـڕای

[1] ضیاء القلب هو العلوم الدینیة، ونور العقل هو العلوم الحدیثة، فبامتزاجهما تتجلی الحقیقة...له رابردوو ئاماژەمان بە سەرچاوەکەیدا.

نووسینەکانی نورسی بە زمانی تورکی بوون و، لـە حـەفتاکان و هەشـتاکانی سەدەی رابردوودا بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون، کە ئەوکات پـرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە لە دایك بوو بوو.

گرنگترین خاڵ ئەوەیە، لەبارەی بیرۆکەی تـەکامولی مـەعریفی زۆر خـاڵی هاوبەش لە هزری نورسی و بیرمەنـدانی پـەیمانگادا بەدیـدەکرێن، ئەگەرچـی پڕۆژەکەی نورسی هەر لە چوارچێوەی وێنانـدن و تیـۆری مایـەوە و لـەڕووی کردارییەوە لەدایك نەبوو، لەکاتێکدا یـەکێك لـە خەونـە گـەورەکانی نورسـی دامەزراندنی زانکۆیەکی هاوشێوەی زانکۆی ئیسلامیی جیهانی– مالیزیا بوو، بەڵام خەونەکـەی ئەگـەر لەسـەر دەسـتی خـۆی و فێرخوازەکانیـشی نـەبوو، پەیمانگا بەهاوکاری هەشت وڵات (مالیزیا، تورکیا، سـعودیە، میـسر، لیبیـا، پاکستان، مالدیڤ و بەنگلادیش) خەونێکی لەممجۆرەیان هێنایەدی.

وەك لە سەرەتاشەوە ئاماژەمان پێکرد، زانکۆی ئیسلامی لە بنچینەدا بۆ جێبەجێکردنی دیدی ئیسلامیەتی مەعریفـە و پرۆسـەی تـەکامولی مـەعریفی دامـەزراوە، خـودی پڕۆژەیـەکی لـەم چەشـنەش لـەڕووی مێژووییـەوە لـەنێو کەلــەپووری ئیــسلامیدا ریــشەی دوور و درێــژی هەیــە، هــەروەها کــاری تاکەکەسی و پڕۆژەی تاك نییە، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە هەم لەسەر ئاسـتی پەیمانگا، هەمیش لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بە کاری بەکۆمەڵ دەستی پێکردووە.

بەشی شەشەم
چەند دەستەواژەیەکی پەیوەندیدار
بە تەکامولی مەعریفی

لە توێژینەوە زانستییەکانی سەرجەم بوارەکان بەگشتی و لە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەتایبەتی، دوای روونکردنەوەی زاراوە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوە، ئاماژە بەو چەمك و زاراوانەش دەکرێت، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بە چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی بابەتی توێژینەوە پەیوەندیدارن و، لە عەرەبیدا بە (الألفاظ ذات الصلة) ناوزەد دەکرێن.

سەبارەت بەو زاراوانەی بە چەمك و زاراوەی تەکامولی مەعریفی پەیوەندیدارن، جیا لە "إسلامية المعرفة، الرؤية الكونية"[1]، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

---

[1] لە رابردوودا ئەم دوو بابەتەمان روونکردنەوە، بۆیە بەپێویستی نازانین، لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

- **بڕگەی یەکەم: یەکبوونی مەعریفە "وحدە المعرفە"**

ئـەم بابەتــە بــە بنــەمای لایــەنی لــۆژیکی و فەلــسەفی بابــەتی تــەکاملی مەعریفی هەژمار دەکرێت. لێـرەدا تیـشك دەخەینـە سـەر پەیوەنـدی نێـوان هەریەك لـە چـەمکەکانی (یـەکبوونی مەعریفـە و تـەکاملی مـەعریفی) جگـە لەمانە، لە دیدی بیرمەندانی هزری ئیـسلامی بەگـشتی و هـزری ئیـسلامیەتی مەعریفە بەتایبەتی، چەندین چەمك و زاراوەی تـریش راسـتەوخۆ بـە بابـەتی یـەکبوونی مەعریفـەوە پەیوەندیـدارن، بـەڵام لێـرەدا تـەنیا جـەخت لەسـەر بابەتی یەکبوونی مەعریفە دەکەینەوە.

زانایانی موسڵمان کۆکن لەسەر گرنگی یەکتاپەرستی لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەت لە بـواری هـزری و مەعریفیـدا، چـونکە یەکتاپەرسـتی بریتییـە لـە بەردی بناغەی ئیـسلام، چـەندە ئـەو بناغەیـە تۆکمـەتر و دامـەزراوتر بێـت، دینداری و پابەندبوونیش جوانتر و تۆکمەتر دەبێت.

یەکتاپەرسـتی سەرچـاوەی ناسـنامە و شوناسـی ژیارسـتانی ئیـسلامییە، راسـتە نـاوەڕۆك و پێکهاتـەی یەکتاپەرسـتی بریتییـە لـە کۆلکـەی هاوبەشـی نێــوان ئایینــە ئاسمانییــەکان، بــەڵام کەلــەپووری ئایینــە ئاسمانییــەکان گەواهیــدەرە لەســەر ئــەوەی نــاوەڕۆکی یەکتاپەرســتی ئیــسلامی لــەم سەردەمەدا، لـە نـاوەڕۆکی یەکتاپـەرستی لـە ئایینـە ئاسمانییـەکانی تـر زۆر جیاوازترە.

ئـەم جیاوازییـەش بـۆ دەسـتکاریکردن و بەلاڕێـدابردنی ئایینـەکانی تـر و دوورخـستنەوەیان لـە پێکهاتـە راسـتەقینەکەیان دەگەڕێتـەوە، لـە هـەردوو ڕێگەی زیاد و کەمکردن، بەشێوەیەك زۆر شت لە بەرژەوەنـدی پـەیڕەوکاران

زیـادکراون، زۆر شـتی تـریش لەبـەر هـەمان مەبەسـت شـاردراونەتەوە و قرتێندراون.

نەك بەتەنیا زانا و بیرمەندانی ئیسلامی، بـەڵکو بیرمەنـدانی نائیـسلامیش دان بە هـەبوونی جیاوازییـەکی زۆردا دەنـێن، لـەنێوان پێکهاتـە و نـاوەڕۆکی یەکتاپەرستی (توحید) لەنێوان ئایینی ئیـسلام و ئـایین و ئایینزاکـانی تـردا، بێگومان ئەم جیاوازییەش راستەوخۆ کاری کردووەتـە سـەر دیـدی مـرۆڤ بـۆ خودای تاقانە و، بۆ رایەڵە و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و پەروەرێن.

شـەهید ئیـسماعیل راجـی فـاروقی، بیرمەنـدی گـەورەی پـەیمانگا، پەرتووکێکی تایبەتی بە ناونیشانی (التوحید ومضامینه في الفكر والحیاة) لـەبارەی ئـەم بابەتـە نووسـیوە، تێیـدا دیـدگای گـشتی یەکتاپەرسـتی و گرنگییەکـەی لـەپاڵ هـەردوو رەهەنـدە ژیـاری و ژیارسـتانییەکانی روونکردووەتەوە، ئەمانیش بریتین لە هەردوو لایەنی تیـۆری کـە فەلـسەفە و هزر لەخۆدەگرێت، لەگەڵ لایەنی کرداری، بەواتایەکی تر، لە روانگەی ئیسلام یەکتاپەرستی رۆڵی زۆر کارای لە هەردوو بواری هـزری و کرداریـدا هەیـە، بـە پەراوێزخستنی هەر یەکێکیان هاوسەنگی تێکدەچێت.

لـەو پەرتووکـەدا فـاروقی بـەڕوونی تێبـینی کـردووە، بابـەتی یـەکبوونی مەعریفـە و هێنانەپێـشەوەی تـەکامول و تـەواوکاری لـەنێوان لقـەکانی مەعریفەدا، لەڕێگەی پێشکەشکردنی دیدگایەکی رۆشن و ساکار بۆ پێکهاتەی ئـەو تەوحیـد و یەکتاپەرسـتییە لـە دەرگـای دەدرێـت، واتـە پێویـستە شـیکارکردنی یەکتاپەرسـتی ئاسـانتر بکرێـت، لـەو راڤـە و شـیکاریانەی لـە

کەلەپووری ئیسلامیدا لەژێر ناوی زانستی کـەلام و فەلـسەفەی ئیـسلامییەوە بۆی کراون.

زۆربەی کات بابەتی یەکتاپەرستی لـەنێوان چـینی خـوارەوەی کۆمەڵگـە، بەهۆی ناڕوونی و قورسی ئەو شـێوازەی یەکتاپەرسـتی لـە زانـستی کـەلام و فەلـسەفەی ئیـسلامیدا پـێ شـیکراوەتەوە، پـەراوێزخراوە. فـاروقی پێیوایـە خستنەڕووی بابەتی یەکتاپەرستی بەشێوەیەکی ئاسان کە تێکڕای خوێنەران لێـی تێبگـەن، کـارێکی هـەرە پێویـست و لـە پێـشینەیە، چـونکە بـەبێ شـارەزابوون لـە حەقیقـەتی یەکتاپەرسـتی، مـرۆڤ ناتوانێـت هـیچ یـەکێك لـە ئامانجەکانی بە دروستی بپێکێت.

فاروقی لە روانگەی ئەم بابەتەوە دەیـەوێت کـار بـۆ پێکـانی دوو نیـشانە بکات، ئەمانیش بریتین لە ئەنجامدانی چاکسازی لە هزری ئیسلامی و ئـەرزی واقیعـی جیهـانی ئیـسلامی، واتـا ئەنجامـدانی چاکـسازی لـە هـزر، ئینجـا لـە واقیعدا. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە لە دیدی ئەودا کە واقیع بەرهەمی هـزرە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت واقیـع بگـۆڕین، پێویـستە لـە هـزرەوە دەسـتپێبکەین، بەپێچەوانەوە ئەنجامی دڵخۆشکەری نابێت.

یەکتاپەرستی لای زانا و بیرمەنـدانی ئیـسلامی دیدگایـەکی گشتییە بـۆ حەقیقەت، گـەردوون، مێـژوو، کـات، شـوێن و چارەنووسـی مـرۆڤ، دەکرێـت بگوترێت بنەمای یەکتاپەرستی داپۆشەری گشت لایەنەکانی ژیانـە لـە دیـد و تێڕوانین و هزری ئیسلامیدا.

ئیسلام، جیهان بەسەر دوو بەرەی پیس و پیرۆز دابەش ناکـات، هـەروەك چـۆن لەگـەڵ دابەشـکردنی بـەهاکان نییـە بەسـەر بـەها ئـاییینی و بـەهای

لائیکەکان (عەلمانییەکان)، هەروەها دابەشـکاری لـەنێوان پیـاوانی ئـایینی و پیاوانی دونیایی ڕەتدەکاتەوە و، سەرجەم ئەو دابەشکاریانە و هاوشێوەکانی لـە دیـدگای گـشتی ئیـسلامیدا ڕەتدەکرێنـەوە، چـونکە لـەڕووی نـاوەڕۆك و پێکهاتـەوە بـە ئیـسلام نـامۆن، بـەڵکو هـەڵقولاوی دابونـەریتی کۆمەڵگـە و کەسانی نائیسلامین.

پەیامی قورئـان سـەبارەت بـەم بابەتـە زۆر روونـە، بۆنموونـە ئەگـەر دوو خودا لـە گـەردوون حـوکمڕانی بکـەن، گـەردوون نـەك ناوەسـتێت، بێگومـان سـەرتاپای تێکدەچـێت، چـۆن بەڵگەنەویـستە تاقانـەی پـەروەرێن بـۆ بەردەوامی گەردوون و لەسەرپێوەستانی گرنگە، بەهەمانـشێوەش لـە ژیـانی تاك و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا گرنگە.

دوای دانپێدانان بە پەروەرێنی تاقانە، پێویستە مرۆڤ دان بـە یـەکبوون و یەکیەتی حەقیقەتدا بنێت، چونکە حەق و حەقیقەت بۆ حەقیقەتی تەوحید و یەکتاپەرسـتی سەردەکێـشن، بۆیـە فـاروقی پێیوایـە یەکتاپەرسـتی وەك بنەمایەکی میتۆدی، وادەخوازێت حەقیقـەتیش تـاك بێـت. ئـەم یـەکبوون و تاکایەتییەش لەسەر سێ بنەمایی لاوەکی تر دادەمزرێت، ئەویش پـەیوەنـدی بە سروشتی ئـەو مەعریفەیـەوە هەیـە کـە مـرۆڤ لەڕێگـەی سەرچـاوەکانیەوە بەرهەمی دێنێت.

ئەم سێ بنەمایەش بە کورتی بریتین لە:

١- ڕەتکردنەوەی تێکڕای ئەو شتانەی لەگەڵ حەقیقەت ناگونجێن.
٢- ئینکارکردنی هەبوونی تێکگیران لەنێوان عەقڵ و وەحی.

٣- كرانــەوە بــەڕووی زانــست و ڕێــساكانی گــەردوون و بوونــەوەر، بــە ئامانجی دەستخستنی بەڵگە و گەیشتن بە حەقیقەتی شتەكان[1].

بەمەش فاروقی دەیەوێت بڵێت، هەرچی گومان و ئەفسانە و شتی بێبنەما و نامۆ هەن كە خزێندراونەتە نێو بابەتی یەكتاپەرستی، پێویستە ریشەكێش بكـرێن و تـەنیا جـەخت لەسـەر ئـەو یەكتاپەرسـتییە بكرێتـەوە كـە قورئـان پێناسەی دەكات. خاڵی دووەم روونكردنەوەی دیدگای فاروقییـە بـۆ بابـەتی گەنگەشـەكردنی حـوكمی عـەقڵ و نـەقڵ[٢]، ئـەم بابەتـەش لـە ئـەدەبیاتی ئیسلامیدا بریتییە لە گـەرمترین بابەتـە یـەكلایی نـەكراوەكان، ئایا حـوكمی عەقڵ لەپێشەوەیە یان حوكمی نەقڵ؟.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەیان و سەتان زانـا ئەسـپی خۆیـان تـاوداوە، بەڵام فاروقی لە هەمبەر بابەتێكی وەها گرنگدا، بەڕوونی و بێ پەناوپەسـیو، پرسیارێكی لەم چەشنە بە نالۆژیكی لەقەڵەم داوە.

ئەو پێیوایە، عـەقڵ و وەحـی تەواوكـەری یـەكترن و هاوتـەریبن، هیـچیان پێش ئەوی دی ناكـەون و هـەر كـاتێكیش لـەنێوان حـوكمی ئـەم دوو جـۆرە گرنگــە هەســت بــە تێكگیرانــی رووكەشــی كــرا، ئــەوا پێویــستە توێــژەر پێداچــوونەوە بــۆ تێگەیــشتنەكانی ســەبارەت بــە وەحــی بكــات، یــان پێداچــوونەوە بــە دەرەنجــامی كۆشــشە عەقڵییــەكانی بكــات، یــان بــە

---

[1] لە پەرتووكی "قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە" زیاتر ئەم بابەتەمان روونكردۆتەوە، بڕوانە لاپەرە ١٩٢.

[2] الفاروقي، إسلامية المعرفة، ص١٢٣.

هەردووكیاندا بچێتەوە، سەرەنجام بەرهەمی عەقڵ و نـەقڵ بەیـەك دەگـەن و جەخت لەسەر یەك حەقیقەت دەكەنەوە.

له خـاڵی سـێیەمدا فـاروقی دەرگـا بـەڕووی تێكـڕای بەڵگـە زانـستییەكان دەكاتەوە، ئینجا ئەو بەڵگانە جەخت لەسەر دروستی ئەم تێزانە بكەنەوە كە موسڵمانان باوەڕیان پێیان هەیـە، یـان بەپێـچەوانەوە، ئەمـەش دوا تروپكـی خاكیبوونی هزرییە، لە كەلەپووری ئیسلامیشدا هەمیشە لـەژێر بـەكارهێنانی دروشمی (والله أعلم)دا رەچاوی بابەتێكی لەم چەشنە كراوە.

مەبەست لە دروشمی (الله أعلم) جێهێشتنی گریمانە و ئەگەرە بـۆ لایـەنی بەرامبـەر، هـەروەك قـسەی ژمارەیـەك زانـا بەنموونـە دەهێنێندرێتـەوە كـە گوتوویانە بۆچوونی من راستە، بەڵام ئەگەری هەڵەبوونیشی هەیە، وەك چۆن بۆچوونی بەرامبەر هەڵەیە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە راستبێت.

كاراكردنی ئەم خاڵە لە ژیانی رۆژانەی تـاك و كۆمەڵگـەدا زۆر زۆر گرنگـە، چونكە كاتێك مرۆڤ باوەڕی بۆ دروست دەبێت خۆی لـە سـەتا سـەت لەسـەر حەق و حەقیقەتی رەهایـە، نەیارەكانیـشی لـە سـەتا سـەت لەسـەر باتیـڵ و ناحەقین، تێكڕای دەرگاكانی گفتوگۆ و گەنگەشە بەڕووی یەكتر دادەخـەن و ئیدی هیوایەك بۆ لەیەك نزیكبوونەوەی نەیارەكان نامێنێتەوە.

بەپێـچەوانەوە، هەمیـشە دەرگـای گفتوگـۆ و گەنگەشـە والایـە بـۆ لێكتێگەیـشتن و هـەنگاونان بـەرەو یەكیـەتی و ئـاوێزانبوون و كۆكردنـەوەی چـینە جیاجیاكـانی كۆمەڵگـە، كـە دەرەنجـام فرەیـی لـە دیـد و بۆچـوون رێزلێگیراو دەبێت و را و بۆچوونی جیاواز پەسند دەكەن. بەمـشێوەیە چـۆن یەكتاپەرسـتی بڕیـاری تاقانـەی پەروەرێنـە و بریتییـە لـە بڕیـاردان لەسـەر

یـەکبوون و تاقانـەی حەقیقـەتیش، دواجـار بڕیاردانیـشە لەسـەر یـەکبوونی سەرچاوەکانی حەقیقەت.

ئەگەر بەوردی سەیری قورئان بکەین، بەڕوونی بۆمان روونده‌بێتەوە چۆن پەروەرێن سەرچاوەی سروش و وەحییە، بەهەمانشێوەش سەرچاوەی گشت بوونەوەر و گەردوونە، کۆی دیاردە رۆحـی و دەروونـی و گەردوونییـەکانیش لای ئـەوەوە دەسـت پێدەکـەن. بـەمجۆرە پێـداگر دەبـین لەسـەر ئـەو دەرئەنجامەی، سەرچاوەی راسـتەقینەی زانـستە ئاسمانییـەکان بریتییـە لـە وەحی، وەحیش لەلایەن پەروەرێنی تاقانـە بـەش بـەش بـۆ مـرۆڤ هاتووەتـە خوارەوە، هاوکات پەروەرێنی تاقانـە سەرچـاوەی حەقیقـەتی رەهایـە، هـەر ئـەویش ئاگـاداری ورد و درشـتی دیـوی دووەمـی شـتەکانە، هـەروەك چـۆن زاناترینە بە حەقیقەتی مرۆڤ و کار و چالاکی و تواناکی.

ئەو خاڵەی گەنگەشە هەڵناگرێت، بریتییـە لـە خوداییبـوونی سەرچـاوەی زانستە ئاسمانییەکان، کە بـە ئیلاهیـات یـان (تیۆلـۆجی) ناسـراون، زانـستە ئەزموونییەکانیش بریتین لە زادە و بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤ، کە لە مرۆڤـی یەکەمـەوە (ئـادەم) دەسـتپێدەکەن و تـاوەکو ئێـستا بـەردەوامن، مرۆڤیش دروستکراوی ئافرێنەرە، هەر ئەویش لـە هـەموو کـەس شـارەزاتر و ئاشناترە بە توانا ئاشکرا و شارەواکانی مرۆڤ، چونکە دروستکراوی خۆیەتی.

بەمشێوەیە ئـەو راسـتییە دەسـەلمێت سەرچـاوەی راسـتەقینەی زانـستە ئایینییەکان و زانستە ئەزموونییەکان یەکە، کە بریتییە لە زاتی الله ی تاقانە، ئەمەش پوختەی ناوەڕۆکی (وحدة المعرفة) یە.

بەم مانا و تێگەیشتنەی سەرەوە، یەکەی مەعریفە بە بەردی بناخەی تەکامولی مەعریفی دادەندرێت. [1].

کەواتە لەسەر ئاستی یەکبوونی مەعریفە، کە بریتییە لە یەکەم بەردی بناخەی تەکامول، زاتی الله بریتییە لە سەرچاوەی راستەقینەی مەعریفە، بەڵام لەسەر ئاستی تەکامولی مەعریفی جیاوازە. لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر قسە لەسەر سەرچاوەکانی مەعریفە دەکەین و شیکاریان دەکەین.

- **بڕگەی دووەم: مەعریفەی گەردوونی**

لەسەر هەمان پرس، بیرمەندانی تریش بۆچوونی خۆیان خستوەتەڕوو، بۆنموونە: بیرمەندی بەڕەگەز ئێرانی (سەید حوسێن نەسر) لەبارەی بابەتی یەکەی مەعریفە و ڕۆڵی یەکتاپەرستی، خاوەنی چەند بۆچوونێکی نزیك لە بۆچوونەکانی فاروقییە.

نەسر پێیوایە لە هەڕەمی مەعریفەی ئیسلامیدا، یەکتاپەرستی بریتییە لە ژێرخان و گرنگترین بنەما، یەکتاپەرستیش گەیشتنە بە لووتکە و کۆتا ئامانج، لە سەرجەم هەوڵ و کۆششە هزرییەکانی مرۆڤی موسڵماندا.

خاڵی جەوهەری جیاکەرەوەی نێوان بۆچوونی فارووقی و نەسر لەسەر ئەم بابەتە، بریتییە لە گرنگیپێدان. فارووقی بە یەك چاو دەڕوانێتە پێویستی کاراکردنی ڕۆڵی یەکتاپەرستی لە هەردوو بوارە مەعریفیەکەی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە ئەزموونییەکاندا، لەبەرامبەردا نەسر زیاتر جەخت لەسەر زانستە ئەزموونییەکان دەکاتەوە.

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم پرسە، بروانە: ملکاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٧.

بەبڕوای نەسر، بەرزنرخاندنی رۆڵی فەلسەفە و میتـافیزیکی ئیـسلامی لـە زانـستە ئـەزموونی و سروشـتییەکاندا، دەروازە و دەرچـەی سـەرەکییە بـۆ تێگەیـشتن لـە رایەڵـە و پەیوەنـدی نێـوان مەعریفـەی زانـستی و مەعریفـەی ئایینی (التكامل المعرفى). نەسر هاوشـێوەی (رازی، ئـیبن سـینا و شـیرازی) هەمان ئەو زاراوە و چەمکانە بەکاردێنێت کە ئەوان بـەکاریان هێنـاون، وەك: زانـستە گەردوونییـەکان و مەعریفـەی گـەردوونی (علـم الكونيـات والمعرفـة الكونية). نەسر و بیرمەندە هاوبیرەکـانی، لەچوارچـێوەی بـەکارهێنانی ئـەم زاراوانەدا، توێکاری و بەراوردکارییان بۆ بابەتە مەعریفییە پەیوەندیـدارەکان کردووە.

هـەر لـە سـۆنگەی شـیکارکردنی سروشـت و بوونـەوەردا، کـە لقێکـە لـە میتافیزکی ئیسلامی، هەردوو بوونـەوەری گـەورە و بـچووك بـەراورد کـراون. بوونــەوەری گــەورە بریتییــە لــە گــەردوونی مــەزن و فــراوان، بوونــەوەری بـچووکیش بریتییـە لـە مرۆڤـی وردیلـە. بـەردەوامبوون لەسـەر توێکـاری و شـیکاری ئـەم کۆباسـانە، بـە پـشتبەستن بـە بنـەمای دەستنیـشانکردنی پەیوەندی و رایەڵە تەواوکارییەکان بەئەنجام دەگەیێندرێت، لە چوارچـێوەی یەکەیـەکی گشتی دەسـتکردی پـەروەرێنی بـاڵا، هاوشـێوەی جەسـتەییەکی تەندروست.

بەبۆچــوونی نەســر، ئــەو زانــستەی وەك هــەوێن دەبێتــە هۆکــاری دروســتکردنی هەماهــەنگی و یــەکانگیری لــەنێوان ســەرجەم لــق و یەکــە پەرشوبڵاو و جۆراوجۆرەکانی بوونەوەردا، لەگەڵ ناوەڕۆك و رۆحی ئیـسلامدا تێکدەکاتـەوە، ئـەو زانـستەش بـەڕەوای دەبینێـت خـۆی لـە بیروبـاوەڕی

بنـــەڕەتی ئیـــسلام بدۆزێتـــەوە، کـــە بریتییـــە لـــە یەکتاپەرســـتی بـــە مانـــا فراوانەکەی.

بەپێـچەوانەوە هـەر زانـستێك دژی بنـەما و بنـچینەکانی ئیـسلام بێـت، ناتوانێـت ببێتـە دەروازەی بەیەکگەیـشتنی زانـستەکان و بەرهـەمهێنانی تـەکامول، هەرچـەندە راڤـە و شـیکارەکانیش جۆراوجـۆر بـن، کاریگـەرییان لەسـەر بنـەمای بنـەڕەتی نابێـت، کـە بریتییـە لـە پێکهاتـە و نـاوەڕۆکی حەقیقەتی جیهان.

حەقیقەتی بوونەوەر و گەردوون بەگشتی و، زەوی و ژینگەی دەوروبـەری مرۆڤ بەتایبەتی، لـە کۆمـەڵێك یەکـەی جیاجیـای یـەکانگیرکراو پێکهـاتوون، تاوەکو کار گەیشتووەتە ئەوەی ئەم یەکە زۆر و زەوەندانـە لەسـەر شـێوەی جەستەیەکی تۆکمە دەربکەون، لەبەرامبـەر ئـەم یەکـە کۆکراوانـەدا، کـە لـە حەقیقەتدا هەزاران و لە رووکەشدا یەك پارچـە دەردەکـەون، تاقانـەیی زاتـی پەروەرێنی باڵا زیاتر دەدرەوشێتەوە[1].

لێرەدا چەند خاڵێکی پەیوەندیدار بەم پرسە ڕووندەکەینەوە:

١- پەیوەندییـەکی جەسـتەیی لـەنێوان زانـست و مەعریفـەی پـەنهانی یـەکانگیر (المعرفـة الغيبيـة التوحيديـة) هاوشـێوەی پەیوەنـدی نێـوان ئەندامەکانی جەستە بەدیدەکرێت.

---

[1] Seyyed Hossein Nasr. An Introduction to Islamic Cosmological Doctrines. Thames And Hudson. 1978. P.275-281.

٢– جیهانی پڕ لە جیاوازی و فرەڕەنگی بریتییە لە گۆڕەپانی کرداری زانستەکان، زانستەکانیش ئامێزان و تواوەی نێو مەعریفەی تاقانەپەرستین.

٣–سرووشی خودای تاقانە بریتییە لە سەرچاوەی مەعریفەی غەیبی، مەعریفەی غەیبیش بریتییە لە سەرچاوەی مەعریفەی گەردوونی، مەعریفەی گەردوونیش بریتییە لە سەرچاوەی زانستە ئەزموونییەکان، زەمینەی کار و کرداری زانستە ئەزموونییەکانیش بریتییە لە جیهانی فرەیی.

ئەم ئەنجامگیرییەی سەرەوە وادەخوازێت، مەعریفەی گەردوونی ببێتە سەرچاوەی ئامرازە پێویستەکانی بابەتی تەکامولی مەعریفی، چونکە ئەم مەعریفە گەردوونییە تواناداره لەسەر پێدان و بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی تەکامولی چەمکی(أدوات التكامل المفاهيمي).

ئامانجی تەکامول بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئەو زانستەی دەبێتە دەروازە و شاشەی نمایشکردنی یەکانگیری و ئاوێزانبوونی شتەکان لەگەڵ یەکتر، لەلایەکی تر، ئەرکی خستنەڕووی ئاستەکانی تەکامول لە خانەی ژێرەوەی شێوازە قوچەکییەکەی تەکامول بۆ دوا ئاست و خانەی لووتکە لە ئەستۆی ئەو زانستەدایە، لەپاڵ خستنەڕووی پەیوەندی و رایەڵەکانی نێوان ئەم ئاستانەی تەکامول لەگەڵ یەك، ئینجا لەنێوان ئاستەکانی تەکامول و پەروەرێنی باڵا.

کەواتە بەم تێگەیشتنە، مەعریفەی گەردوونی بریتییە لە سەرچاوەی ئامرازەکانی تەکامول، هەروەك خودی خۆی بریتییە لە نمایشکاری پێکهاتەی تەکامول و ئاست و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەك، لەپاڵ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان تەکامولی شتەکان و زاتی پەروەرێنی تاقانە.

بەمــشێوەیە، مەعریفــەی گــەردوونی مەعریفەیــەکی ڕێگەخۆشــکەر بــۆ هێنانەپێشەوەی تەکامول و تەواوکاری لەنێوان چــەند یەکەیــەکی جۆراوجــۆر لەسەر شێوەی جەستەیەکی تۆکمە بەرهەم دێنێت[1].

وەك نەسر ئاماژەی پێداوە، زانستە ئەزموونییەکان و بیرکاری بــریتین لــە چەند زانستێکی سنووردار و پەیوەندیدار بە چــەند لایــەنێکی حەقیقــەت، لــە کاتێك حەقیقەتی بــالاّی یەکتاپەرســتی بریتییــە لــە زانــستی میتافیزیــك، کــە راســتەوخۆ پەیوەســتە بــە غەیبــەوە، زانــستی میتــافیزیکیش لــە گــشت زانــستەکانی تــر گــشتگیرترە، چــونکە پەیوەســتە بــە حەقیقــەتی بــالاّ، ئــەو حەقیقەتــە بالاّیــەی هــەموو حەقیقەتــەکانی تــر لــەخۆدەگرێت و ناکۆتــا و بێسنوورە.

مەعریفەی بالاّی یەکتاپەرستی و زانستەکان جۆرێك لە مەعریفە بەیەکیان دەبەستێتەوە، کە پێیدەگوترێت مەعریفەی گەردوونی (المعرفة الكونية). لــە دیــدی نەســر مەعریفــەی گــەردوونی بریتییــە لــەو زانــستەی وابەســتەیە بــە پێکهاتــەی گــەردوون و ناوەڕۆکــە جۆرییەکــەی (المحتــوي النــوعي) لــە زانــستە تەقلیدییــە ئیــسلامییەکان، زانــستی گــەردوون (گەردوونناســی) بەشــێکە لــە میتافیزیــك هــەروەك فــارابی لــە (إحــصاء العلــوم) ئامــاژەی بــۆ کــردووە، زانستەکانی تریش لە میتافیزیکەوە سەرچاوە دەگرن.

مەعریفــەی گــەردوونی لــە دیــدی ســەید حوســێن نەســر، بــەم نــاوەڕۆك و پێناسەیە چوارچێوەی چەمکەکانی یەکانگیری زانستە مــاددی و ڕۆحییــەکان

---

[1] Seyyed Hossein Nasr. Science and Civilization in Islam. http://sourcebooks.fordham.edu/med/nasr.asp.

پێکدێنێت. بەواتایەکی تر، دەکرێت بگوترێت هێنانەپێشەوەی مەعریفەی گەردوونی کە سەرچاوەکەی یەکتاپەرستی و زەمینەی کردارییە، زەمینەی کرداریش واتە زانستە ئەزموونییەکان، خاڵی دەستپێکی پرۆسەی بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی تەکامولی مەعریفییە لە دیدی نەسردا.

- **برگەی سێیەم: مەعریفەی رۆحی و دەروونی گەردوونی**

(المعرفة الروحية والنفس الكونية)

عوسمان بەکر، هاوشێوەی نەسر زاراوەی مەعریفەی گەردوونی بەکاردێنێت، بەڵام ئەو روونتر لە نەسر باسی تایبەتمەندییەکانی ئەو مەعریفە گەردوونییە دەکات و هەر لە دەستپێکەوە هاوەڵناوی (الطبيعة الروحية) دەداتە پاڵ مەعریفەی گەردوونی.

بەمانایەکی تر، ئەو مەعریفە گەردوونییەی بریتی دەبێت لە دەروازەی تەکامولی مەعریفی، واتە خاوەن دیوێکی رۆحییە و لەژێر هەژموونی لایەنە رۆحییەکان گەشەی کردووە، بەپێچەوانەی ئەو مەعریفە و زانستە ئەزموونیانەی رۆژئاوا کە لەدەرەوەی چوارچێوەی رۆحانییات گەشەیان پێدراوە، بەشێوەیەك تەنیا جیهان و ئەزموون بە سەرچاوەی زانست و مەعریفە دەناسێنن.

عوسمان بەکر، هەردوو زاراوەی مەعریفەی رۆحی و دەرونی گەردوونی (المعرفة الروحية والنفس الكونية) بەکاردێنێت. یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ناسینی خودا و یەکتاپەرستی، دووەمیشیان ئاماژەیە بۆ ئاشنابوون بە گشت دروستکراوەکانی پەروەرێنی تاقانە کە لە بوونەوەر و گەردوونی فراوان

دەبیندرێن، بە ئامانجی ئاشنابوون بە پەیوەندی ئەم دروستکراوانە لەگەڵ بەدیهێنەر، ئەمەش گرنگترین خاڵی بەیەکگەیشتنی مەعریفەی زانستی و مەعریفەی رۆحییە.

ئاشنابوون بەم پەیوەندییە وادەخوازێت بۆ سەرچاوەکانی مەعریفە لە ئیسلامدا بگەڕێینەوە، کە بریتییە لە وەحی (قورئان و فەرموودە).

قورئان سەرچاوەی وزە هزری و رۆحییەکانە بۆ تاکی موسڵمان و سەرچاوەی گشت مەعریفە و زانستەکانە، بەو واتایە نا سەرجەم وردەکاری زانستە جۆراوجۆرەکانی تێدا خرابنەڕوو، بەڵکو دیدگایەکی جیاوازی (تاقانە پەرستی) بۆ کۆی بوارەکانی مەعریفە هەیە، واتە لە دیدی قورئان هەموو جۆگەکانی مەعریفە لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن، کە بریتییە لە زاتی اللهی پەروەرێن.

لە دیدی زانایانی موسڵمان بەدیاریکراوی لە بەشە باڵاکەی حەقیقەت کە بریتییە لە خواناسی، مامەڵە لەگەڵ بوونەوەر و ڕێساکانی گەردوون و نهێنییە شاراوەکانی ناکرێت، بەڵکو لەکاتی توێکاری سروشت و بوونەوەر و شتە ماددییەکان، هەرگیز پەیوەندی توندوتۆڵی جیهانی غەیب و پەنهان بە جیهانی بینراو لەبیر ناکرێت. بۆنموونە، لێکۆڵینەوە لە رەچەڵەکی ژیان تەنیا بە توێکاری شتە بیندراو و بەرجەستەکان ناگاتە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە، چونکە ژیان تەنیا بریتی نییە لە بوونێکی ماددەگەراییانەی سروشتی و بەس، بەڵکو بریتییە لە هێزێکی زیندوو و تواناداری دەرەوەی ئەم بوونەوەرە ماددییە، کە رەهەندی بوونەوەرە ماددییەکەی بڕیوە و بەویستی خۆی چالاکی تێدا ئەنجام دەدات، ئەم هێز و توانایەش لە دیدی مرۆڤی ئایینداردا بریتییە لە خوداوەندی بەدیهێنەر.

بۆیـه عوسمـان بـەکر جـەخت لەسـەر خـاڵی بەیەکگەیـشتنی دەرونـی گەردوونی و مەعریفەی رۆحی دەکاتەوە، ئەو پێیوایـە گرنگیـدان بـە زانـستە ئەزموونی و گەردوونییەکان و وابەستەکردنیان بە یەکبوونی مەعریفە، مانـای وازهێنـان و دوورکەوتنـەوە نییـە لـە رێگـا ئەزموونییـەکان و ئـامرازە سـەردەمییەکانی توێژینـەوە و توێکـاری زانـستی، کـە سـەرکەوتوویی رێژەییانەی خۆیان لە بـوارە ئەزموونییـەکان سـەلماندووە، بـەڵکو پێویـستە گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە رێبـازە سـەردەمییەکان و ئاراسـتەکانیان ئـەنجام بدرێت، بە دانان بە لایەنی رۆحی، لە رێگاکانی هەنگاونان بەرەو مەعریفـە و حەقیقـەت. وەرگـرتن و داننـان بـەم جـۆرە زانـستە گەردوونییـە، دەبێتـە کۆکەرەوەی رێچکە زانستییە سەردەمییەکان و لایەنە ئایینی و رۆحییـەکان، کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە سەر رێبازەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە.

عوسمـان بـەکر بەپێویـستی دەزانێـت، رێـچکەی زانـستی ئـەم سـەردەمە دەسـتبەرداری ئـەو بۆچـوونە ناڕاسـتە ببێـت، کـە بەتـەنها رێبـازە زانـستە ئەزموونییەکانی خۆی بە رێگەی گەیشتن بـە حەقیقـەت بناسـێنێت، بـەڵکو دەبێت دان بە رێگاکانی تریشدا بنێت کە مرۆڤ بە حەقیقـەت ئاشـنا دەکـەن. لە شیکاری سەرچاوەکانی مەعریفە زیاتر ئەم بابەتە روونده‌کەینەوە.[1].

---

[1] Osman bakar, Tawhid and Science. 1993. See full essay: http://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/j.1478-1913.1993.tb03584.x/epdf?r3_referer=wol&tracking_action=preview_click&show_checkout=1&purchase_referrer=www.search.ask.com&purchase_site_license=LICENSE_DENIED.

هەر لەبارەی دیدگای گەردوونی و مەعریفەی گەردوونی، ئەبو سلێمان لە پەرتووکی (الرؤية الكونية الحضارية القرآنية) بەوردی بۆچوونەکانی خۆی تایبەت بەم پرسە خستوونەتەڕوو، لە رابردوودا پوختەیەکمان سەبارەت بەم بابەتە باسکرد، بۆیە بەپێویستی نازانین لێرە دووبارەی بکەینەوە.

- **بڕگەی چوارەم: ئایەتە بیندراو و نوسراوەکان "آيات الله المنظورة والمسطورة"**

بیرمەندی گەورەی پەیمانگا (تەها جابر عەلوانی) لەبارەی ئەم پرسە کۆمەڵێك تێزی وردی وروژاندوون، گرنگترینیان بابەتە پەیوەندیدارەکانن بە خوێندنەوەی هەردوو پەرتووکی بیندراو و خوێندراو، کە بریتین لە گەردوون و قورئان[1].

عەقڵ و ئاوەزی موسڵمان لە سەرەتای هاتنی پەیامی ئیسلام تاوەکو چاخی شەشەمی کۆچی (سەدەی دوانزەیەمی زایینی) پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. هەر ئەو پێشکەوتنە عەقڵییە بووەتە هۆکاری گرتنەدەستی کاروباری جیهان، بەشێوەیەك موسڵمانان بۆ ماوەی شەش سەدە بەدوای یەکدا جڵەوی ژیارستانی جیهانیان گرتەدەست.

بەبۆچوونی عەلوانی، ئەو پێشەنگایەتییەی جیهان لەلایەن موسڵمانان بە یەکانگیرکردنی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە ئەزموونییەکان بەرهەمهاتووە، راستە لە رابردوودا ئەم دوو چەمکە (زانستە ئیسلامییەکان و

[1] طه جابر العلواني، الجمع بين القرائتين قراءة الوحي وقراءة الكون، القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، ط١، ٢٠٠٦م، ص١٤.

زانسته ئەزموونییەکان) بەکار نەهاتوون، بەڵام ناوەڕۆکی هەردووکیان بە پێکهاتەی ئێستا بەردەستبوون.

لێکۆڵینەوە لە قورئان و زانستە ئەزموونییەکان (پزیشکی، ئەندازیاری، بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و گەردووننانسی.. هتد) بریتیبوون لە کلیلی گەیشتن بە پێشەنگایەتی جیهان. دیدگای تاکی موسڵمان بۆ بوونەوەر و ژیان و مرۆڤ لە دیدگایەکی گەردوونی هەمەلایەنەی گشتگیری ئیسلامیانە سەرچاوەدەگرێت، پێکهاتەکەی بریتییە لە وردبوونەوە لە هەردوو پەرتووکی بیندرا و خوێندراو (گەردوون و قورئان).

یەکەمیان بریتییە لە گەردوون بە گشت پێکهاتەکانی، وەك: تەنە ماددییەکان، رووداوەکان، دیاردە گەردوونییەکان، رایەڵە و پەیوەندی و رێساکان، کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ توانای رامکردن و بەگەڕخستنی گەردوونی دەبێت بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و، جێبەجێکردنی ئەرك و ئەمانەتی جێنشینایەتی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

بەشی دووەمی ئەم دیدگا ئیسلامییە بە پەرتووکی خوێندراو (قورئان) تەواودەبێت، لەڕێگەی رێنمایی و زانست و حیکمەت و حوکمە جۆراوجۆرەکان. دوای هاتنەکایەوەی دیدگایەکی دروست لەڕێگەی تێگەیشتن و وردبوونەوە لە هەردوو پەرتووکەکە (قورئان و گەردوون) دەرگای تێگەیشتن لە سروشت و باری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی لایەنە دەروونییەکان لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست دەخرێتە سەرپشت.

بەواتایەکی تر، هەر کەسێك بیەوێت لە حەقیقەتی گەردوون، باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، پێکهاتە و ناوەڕۆکی ناخی مرۆڤ تێبگات،

ئـەوا تاكـە دەروازە بریتییـە لـە بەگەڕخـستنی عـەقڵ و هەسـتەوەرەكان بـۆ تێگەیـــشتن و گرێـــدانی تێزەكـــانی زانـــستە قورئانییـــەكان و زانـــستە گەردوونییەكان بە یەكتر. بە خوێندنەوەیەكی لەم چەشـنە، مـرۆڤ دەتوانێـت دیدگایەكی روونی بەرامبەر سەرجەم پرسەكانی تایبەت بـە هـەردوو جیهـانی بینـدراو و نەبینـدراو هـەبێت. جیهـانی بینـدراو، بریتییـە لـەو بوونـەوەر و گەردوونەی مرۆڤ بە چاوەكانی دەیانبینێت و بە هەستەوەرەكانی هەسـت بـە دیاردە و رووداو و شتەكانی دەكات.

جیهانی پەنهانیش (عـالم الغیـب) بریتییـە لـەو جیهانـەی مـرۆڤ لەڕێگـەی عەقڵ و هەستەوە بە ئاسانی ناتوانێت هەست بـە پێكهاتەكـەی بكـات، تاكـە سەرچاوەی ئاشنابوون بەم جیهانە پەنهانەش بریتییە لـە سروشـی خـودایی، تاكە سروشی دەستكاری نەكراویش تاوەكو ئێستا بریتییە لە قورئانی پیرۆز.

تێگەیشتن لەم دوو جیهانە كۆمەڵێك ئامانج دەپێكێـت، گرنگترینیـان بریتییـە لە ناسینی ئەرك و بەرپرسیاریەتی مرۆڤ بەرامبەر خـودا، بوونـەوەر و مرۆڤـەكانی تری دەوروبەر، هەروەها بەگەڕخستنی زانست و تواناكانی بـۆ ئاوەدانكردنـەوەی زەوی لەڕێگەی بیناكردنی ژیارستانییەكی دروست و تەندروست.

كەواتـــە پرســـی تـــەكاملی مـــەعریفی لای عـــەلوانی، لەڕێگـــەی دوو خوێندنـەوەی وردی پەیوەسـت بەیـەكتر بـۆ قورئـان و گـەردوون (القـرائتین المتدبرین المتلازمتین) بەرهەمدێت. دوای بەرهەمهێنانی مەعریفـە و هزرێكـی لـەم چەشـنە، مـرۆڤ دەتوانێـت هەرسـێ جیهـانی گـەردوونی، كۆمەڵایـەتی و دەرونی بەیەكەوە گرێبدات.

بەواتایەکی تر، تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە لایەنە ماددیەکانی گەردوون، وەك: تەنە مادديەکان، دیاردە سروشتی و گەردوونییەکان، رووداو و رێساکان، لەپاڵ توێکاری جیهانی کۆمەڵایەتی، وەك رێساکانی گۆڕان و گۆڕانکاری، یاساکانی پاڵنەر و دەستاودەستکردن لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان، هاورێ لەگەڵ جیهانی دەرونی، وەك چاکە، خراپە، باوەڕ، بێباوەڕی، رۆشنهزری و.. هتد، بریتین لە پایەکانی تەکامولی مەعریفی.

کەواتە عەلوانی پێیوایە، سەیرکردنی ئەم چوار جیهانە (گەردوون، بوونەوەر، لایەنی کۆمەڵایەتی و باری دەرونی) بەیەك پاکێج بریتین لە تەکامولی مەعریفی لەلایەنی هزری و تیۆرییەوە. هەر بەوەندەش ناوەستێت، بەڵکو خوێندنەوەی قورئان و فەرموودە بە هەردوو لایەنی ریوایە و دیرایە، لەپاڵ بەگەڕخستنی هەستەوەرەکان و کاراکردنی عەقڵ و ئاوەز لە تێگەیشتن و راڤەکردن و شیکارکردنی ئەم دوو سەرچاوە رەسەنەی زانستە ئیسلامییەکان لەلایەك، کۆکردنەوە تێکهەڵکێشکردنی لایەنە بەرجەستەکانی گەردوونی بیندراو و قورئانی خوێندراو، لەگەڵ هەواڵی جیهانی پەنهان سەبارەت بە بنچینەی گەردوون و بوونەوەر و پێکهاتەکەی لە روانگەی زانستی سروش (وەحی) و، ریواتەکانی تایبەت بەو پرسە لە سۆنگەی زانستە ئیسلامییەکان لەلایەکی تر، رەهەندە فراوانەکەی تەکامول پێکدەهێنن.

دەرەنجام پوختەی بیرۆکەی تەکامولی مەعریفی لە دیدی عەلوانی، بریتییە لە هێنانەکایەوەی هەماهەنگی لەنێوان شیکاری قورئان و توێکاری گەردوون، لەڕێگەی قورئان و فەرموودە و زانستە ئەزموونییەکان، هەروەها کاراکردنی عەقڵ و هەستەوەرەکان بۆ شیکارکردنی دیاردە گەردوونی و

کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، لەپاڵ وابەستەکردنی هەردوو جیهانی پەنهان و بیندراو بەیەکتر، ئەنجامدانی پرۆسەیەکی لەم چەشنەش بە یەك پاکێج و بێ دابڕکاری، بریتییە لە تەکامولی مەعریفی.

عەلوانی پێشبینی ئەوە دەکات، دەرەنجامی بەگەڕخستنی پڕۆژەیەکی لەمشێوەیە لەڕووی کردارییەوە، بریتی دەبێت لە هەستانەوەی ژیارستانیەتی موسڵمانان و هاتنەپێشەوەیان بۆ پێشەنگایەتی جیهان، هەروەك چۆن لە سەرەتای هاتنی ئیسلام تاوەکو سەدەی شەشەمی کۆچی پێشەنگایەتی جیهانیان لەدەست بوو.

هەر لەم رێگەیەوە موسڵمانان دەتوانن ببنە باشترین ئوممەت، کە وەك شایەت بەسەر گەلانی تر دەبنە جێنشین و ئاوەدانکەرەوەی زەوی و جێبەجێکاری ئەو ئەمانەتە خوداییەی خراوەتە ئەستۆی مرۆڤ. مێژوو شایەتە تاوەکو هزر و مەعریفەیەکی لەم چەشنە لە جیهانی ئیسلامی نەبێت، پێشەنگایەتی و خەیرییەت و شایەتی موسڵمانان بەسەر گەلانی تر روون و ئاشکرا نابێت و موسوڵمانان ناتوانن قەڵەمڕەوی و پێشکەوتنی جیهان بکەن.

دوای هەڵایسانی جەنگی نێوان عەقڵ و نەقڵ و جیاکردنەوەی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە ئەزموونییەکان لە یەکتر، دواکەوتوویی و کێشمەکێشم و پشێوی هزری و مەعریفی، لەپاڵ دابڕان لە واقیع و دوورکەوتنەوە لە پێشکەوتنە دونیاییەکان و کاولکاری وڵاتە ئیسلامییەکان، نەمانی بەیداخ و پەیام و حوکمڕانی ئیسلامی لێکەوتەوە، تاوەکو کاروانی هزری و مەعریفیش بەمشێوەیە لە جیهانی ئیسلامی گوزەر بکات، ئومێدی هەستانەوە زیاتر خامۆش دەبێت.

عەلوانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پەکخستنی هەردوو پەرتووکەکە بەواتای لەسێدارەدانی مەعریفە، خاپوورکردنی گەردوون و هەستانی قیامەت دێت. هەروەك پەراوێزخستنی یەکێك و کاراکردنی ئەویتریان، بەواتای لەسێدارەدانی نیوەی بناخەکانی ژیان و بەفیڕۆدانی نیوەی مرۆڤایەتی دێت، بە مانا گشتگیرییەکەش بریتییە لە وێرانکردنی ژیان[1].

عەلوانی لە نووسینەکانیدا زۆر بەدرێژی بابەتی تێکهەڵکێشکردن و گرێدانی هەردوو پەرتووکی بیندراو و خوێندراوی روونکردووەتەوە، توێژەر لە پەرتووکی (قوتابخانەی إسلامیة المعرفة) بە تێروتەسەلی و بە زوبانی شیرینی کوردی ئاماژەی بە بۆچوونەکانی عەلوانی کردووە، بۆیە بەپێویستی نازانین لێرەدا دووبارە باسیان بکەینەوە و خوێنەر دەتوانێت بۆ کتێبەکە بگەڕێتەوە، لەوێدا خوێنەر دەتوانێت بە سەرجەم بۆچوونەکانی عەلوانی ئاشنابێت، بەتایبەت ئەو پرسانەی وابەستەی ئەم بابەتەن، وەك: دەرهاوێشتەکانی خوێندنەوەی تاك پەرتووکی، پەراوێزخستنی دیراسەکردنی قورئان یان گەردوون، چۆنیەتی گرێدانی هەردوو پەرتووکەکە بەیەکتر، دەروازەکانی دیارسەکردنی قورئان و گەردوون، رێبازەکانی تێکهەڵکێشکردنی هەردوو پەرتووکەکە، چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئان و فەرموودە و بیناکردنی مەعریفەیەکی سەردەمیانە، لەپاڵ چەند پرسێکی تری هزری و مەعریفیدا[2].

---

[1] طه جابر العلواني، العقل وموقعه في المنهجية الإسلامية، مجلة إسلامية المعرفة، ع٦، ص١٠.

[2] کوسرەت صالح، قوتابخانەی إسلامیة المعرفة، ص ٢٤٢–٢٧٥.

بەشی حەوتەم
بۆچی تەکامولی مەعریفی پێویستە؟

دەکرێت لەم چەند بەشەی سەرەوە کە تایبەت بوون بە ریشەی مێـژوویی ئیـسلامیەتی مەعریفـە و بابەتـەکانی پەیوەندیـدار بـە ناوەڕۆکەکـەی، لـەوە تێبگـەین لـە ناوەڕاسـت و کۆتـایی حـەفتاکانی سـەدەی بیـستەم، لەلایـەن بیرمەنــدانی موســڵمانی شــارەزا لــە زانــست و مەعریفــەی رۆژئــاوایی، بەسەرپەرشـتی چـەند دەزگایـەکی توێژینـەوەی چـالاك لـە شـێوەی چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی هـزری، کـار لەسـەر چـەند ئاراسـتەیەکی هـزری ئیـسلامی کراوە.

بنچینەی ئەم ئاراستە هزرییە نوێیانە، بە شێوازی گەنگەشـە و گفتوگـۆی ســەرەتایی گــشتگیر و فرەڕەهەنــد لــە کۆتــایی شەســتەکانەوە دەســتی پێکردووە، دواتر وردەوردە و هەنگاو بـە هـەنگاو گەشـەی کـردووە، تـاوەکو بووەتـە پرۆژەیـەکی هـزری جێـی بایـەخ و ئومێـد. ئـەو بابەتانـەی ئـەوکات لەلایـەن بیرمەنـدە ئیـسلامییەکان گەنگەشـەکراون، بـە کـۆدەنگی توێـژەر و

بیرمەندە بەشداربووەکان، زیاتر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی سێ گرێکوێرەی جیهانی ئیسلامی بوون، کە بە هەرسێکیان پێکهێنەری قەیرانی هزرین.

سێ گرێکوێرەکان ئەمانەن:

یەکەم: دووفاقیی پەروەردە کە لەسەر کەسایەتی تاکی موسڵمان رەنگی داوەتەوە، کاریگەری لەسەر عەقڵ و هۆش و هزر و شێوازی ژیانیشی هەیە.

دووەم: مەترسی عەلمانیەت و کاریگەری جووڵانەوەی بەرۆژئاواییکردنی تاك و کۆمەڵگەی ئیسلامی، ئەمەش هەڕەشەیەکی جددییە لەسەر رۆشنبیری و رۆشنبیریەتی ئیسلامی بەگشتی و هزری ئیسلامی بەتایبەتی.

سێیەم: شێوازی میتۆدی و مەنهەجی تەقلیدی ئیسلامی و کەموکورتییەکانی، بەتایبەت دەستەوەستانی ئەم مەنهەجە تەقلیدییە لەبەرامبەر پێشکەشکردنی بەدیلێکی تر بۆ مەعریفەی ئیسلامی، کە لەئاست پێداویستی و داخوازییەکانی ژیاری و کۆمەڵایەتی ئوممەتی ئیسلام بێت لەم سەردەمەدا.

ئەم سێ خاڵە بریتین لە پاڵنەری سەرەکی دروستبوونی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، کە هەموو تێکۆشانی ئەم قوتابخانەیە و پرۆژە هزرییەکەی تایبەتە بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم سێ گرێکوێرەییەی دەستیان خستووەتە بینەقاقای ئوممەتی ئیسلام، بەهۆی ئەم قەیرانانەشەوە چەقبەستنێکی فرەلایەنە کۆی سێکتەرە کۆمەڵایەتی، زانستی، سیاسی، هزری، مەعریفی، حوکمڕانی، ئابووری، تەکنەلۆژی و ... هتدی لە وڵاتە ئیسلامییەکان گرتووەتەوە. دەستنیشانکردنی ئەم سێ خاڵە

وەك پێكهاتەی دەردی سەرەكی موسڵمانان، بە هەنگاوێكی یەكجار مەزن هەژمار دەكرێت، دواتر دیاریكردنی چارەسەر هەوڵێكی جددیترە بۆ لەبنهێنان و چارەسەركردنی دەردەكە. بەپووختی چارەسەری ئەم سێ كێشەیە لە دیدی رابەرانی ئەم قوتابخانە هزرییە دەخەینەڕوو:

- **برگەی یەكەم: دوو فاقیی پەروەردە و فێركردن**

پڕۆسەی پەروەردە و فێركردن لە جیهانی ئیسلامی بەسەر دوو جەمسەر دابەش بووە، دەكرێت ئەم دووجەمسەرییە بە دووفاقییەیەكی ترسناك هەژمار بكرێت و، ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، رەنگە لە داهاتوودا مەرگی یەكجارەكی هزری و مەعریفی نەوەكانی داهاتوو لەم وڵاتانە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەم دووجەمسەریە بریتییە لە دابەشكردنی پڕۆسەكە بەسەر هەردوو بەشی خوێندنی ئاینی و خوێندنی گشتی، لەكاتێكدا كەرتی پەروەردەش بەسەر دوو لقی دیكە دابەش بووە، یەكەمیان گشتی، دووەمیان تایبەتی[1]. مێژووی ئەم دابەشكارییە لە وڵاتە ئیسلامییەكان بۆ سەردەمی محەممەد عەلی پاشا دەگەڕێتەوە، كە لە ساڵی (١٨٠٥–١٨٤٨)ی زایینی حاكمی میسر بووە. خوێندنی ئایینی بریتییە لە خوێندنی قوتابخانە ئایینییەكان و حوجرەی مزگەوتەكان، كۆلێژ و پەیمانگاكانی تایبەت بە زانستە ئیسلامییەكان. كۆڵەگەی ئەم جۆرە خوێندنە بریتییە لە زانستە

---

[1] الفاروقي، إسلامية المعرفة، ص٥٨.

تەقلیدییـەکانی کەلـەپووری ئیـسلامی وەك (نـەحو، سـەرف، بەلاغـە، فیقـھ، ئوسـولێ فیقـھ و... ھتـد) ئـەم زانـستانەش بـریتین لـە سەرچـاوەی ھـزری و مەعریفی، ھەروەك چۆن بـریتین لـە سەرچـاوەی ئیلـھامی دیـد و بۆچـوون و جیھـانبینی سـەرجەم کـادیر و بیرمەنـد و پێـشەوایانی جیھـانی ئیـسلامی دەرچووی ئەم جۆرە خوێندنە تەقلیدیانە.

بەشی دووەمی خوێنـدن بریتییـە لـە کـەرتی گشتی پـەروەردە، ئەمـەش خۆی لە وەزارەتی پـەروەردە و خوێنـدنی بـالا و دامودەزگـا پـەروەردەیی و زانستییەکانیان دەبینێتەوە. ئەم کەرتە بە چەند تایبەتمەندییەك لە جـۆری یەکـەم (خوێنـدنی ئـایینی) جیادەکرێتـەوە، گرنگترینیـان پەروەردەیـەکی عەلمانی دوور لە دینـە، لـە باشـترین دۆخـدا بریتییـە لـە کـۆپی پـەروەردەی یەکێك لـە ولاتـە رۆژئاواییـەکان، لەکاتێکـدا یـەکێك لـە بنـەما میتۆدییـەکانی پەروەردە و فێرکردن لە رۆژئاوا، فەلسەفەی ھێلینی و ئیغریق و رۆمانـە، کـە بەھیچ شێوەیەك لە سەردەمی مۆدێرن و جیھانگیرییدا، دان بە ئـایین و بـەھا ئایینییەکاندا نانێت بە شێوەیەکی شایستە.

ئەگەرچـی لـە کـەرتی گـشتی پـەروەردە و فێرکـردن، وانەیـەك بـەناوی پـەروەردەی ئیـسلامی دانـراوە، بـەلام نـەك ھـەر لـە ئاسـتی داخـوازی و پێویستیدا نییە، بەلکو لە گیانەلادایە و ھەبوونی لە نەبوونی نزیکترە.

بە ئەزموون سەلمێندراوە کۆپیکردنی پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردن لـە رۆژئـاواوە بـۆ رۆژھـەلات، دەرئـەنجامی دلخۆشـکەری نـەبووە، وەك ئـەوەی سەدەی بیستەم لە تورکیا، میسر و یەمەن روویـدا، دواھەمینیـشیان لـەدوای سـالی ٢٠٠٧، تاقیکردنـەوەی سیـستەمی بـەریتانی (ناسـراو بـە سیـستەمی

سویدی) بوو لە کوردستان، بەڵام نەك هەر نەیتوانی جێگەی ئومێد بێت، بەڵکو خۆشی بووە دەردێکی تر بەسەر دەردە کەڵەکەبووەکان، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان مەعنەوی و دووەمیان ماددی.

خاڵە مەعنەوییەکە بریتییە لە جیاوازی بارودۆخی هزری و مەعریفی نێوان رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژئاوای عەلمانی. پەروەردەی عەلمانی دوور لە دین، لە کۆمەڵگەی عەلمانی دوور لە دین، دەستکەوتی زۆری هەبووە و هەیە، بەڵام پەروەردەی عەلمانی و زەمینەی مەعریفی ئیسلامی وەك ئەوەی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەیە، پارادۆکس و دووفاقییەی بەرهەمهێناوە، بۆیە ئەنجامی نەبووە.

سەبارەت بە خاڵی دووەم کە بابەتە ماددییەکەیە، پەروەردە رۆژئاواییەکە بنەما لەسەر ئامراز و کەلوپەلە ماددیە بەردەستەکانی رۆژئاوا دارێژراوە، وەك بینای دامەزراوە پەروەردەییەکان، جیاوازی هۆڵەکانی خوێندن، سنووردارکردنی ژمارەی خوێندکاران لە هۆڵەکان، کەلوپەلە پێویستییەکانی وەك کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تاقیگە...هتد، کە سەتا دەشی لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەردەست نین، بەراورد بە وڵاتانی رۆژئاوا.

کەواتە لەڕووی گەوهەری و رووکەشییەوە جیاوازی لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەیە، بۆیە کۆپیکردنی پرۆگرامی رۆژئاوا بەم بارودۆخە ماددی و مەعنەوییە، بۆ وڵاتە ئیسلامییەکان گونجاو و تەندروست نییە، دەکرێت ئەم کرداری راگواستنە بە راگواستنی دارخورما لە نیشتمانی عەرەب بۆ کوێستانەکانی کوردستان بچوێنرێت. بەهۆی ژینگە و بارودۆخی جیاواز دارخورما هەرگیز لە کوێستانەکان ناڕوێت، بەهەمان چەشنیش پرۆسەی

کـۆپیکردن و راگواسـتنی مەنهـەجی پـەروەردەیی لـە رۆژئـاوا بـۆ وڵاتـە ئیسلامیەکان سەرکەوتوو نابێت.

یەکێکی دیکە لە کێشە بنـچینەییەکانی ئـەم کەرتـە گشتییەی خوێنـدن، بریتییە لە دابەشبوونی بەسـەر دوو جەمسەری تـر، کـە ئـەوانیش خوێنـدنی گـشتی و خوێنـدنی تایبـەتن، نـەوەی خانـەوادە ئاسـایی و هـەژارەکان بـۆ خوێندنـە گـشتییە فەرامۆشـکراوەکە، منـداڵ و نـەوەی بـەرپرس و دەستڕۆیـشتووەکانیش بـۆ خوێنـدنی تایبـەت و بـەپارە، خـودی ئـەم دابەشکارییەش هۆکارێکی ترە بۆ قووڵکردنەوەی کێشەکە، چونکە هەمیـشە لەسەر حیسابی کەرتی گشتی، زۆرتر گرنگی بە خوێنـدنی تایبـەت دەدرێـت، بەجۆرێك هەمیشە بەرپرسەکان لەبەر چاوی کاڵی منداڵـەکانیان بەبایەخـەوە لە خوێندنە ئەهلییەکە دەڕوانن، بەپێچەوانەی کـەرتی گشتی پـەروەردە کـە بەشێوەیەکی مەترسیدار و بێ ئەندازە پەراوێزخراوە.

بیرۆکـەی یەکـەم کـۆنگرەی جیهـانی بـۆ پـەروەردەی ئیـسلامی کـە بـە کۆنگرەی مەککە ناسێندرا، بریتیبوو لە دیـاریکردنی کێـشەی پـەروەردە لـە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، ناوەڕۆکی کۆنگرەکەش بـەکورتی بریتیبـوو لـەم چـەند برگەیـەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدان، هـەر ئەمـەش بـووە چوارچـێوەی تیـۆری پـرۆژەی ئیـسلامیەتی مەعریفـە، کـە دواتـر فـاروقی و هاوڕێکانی لە پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی کاریان لەسەر دەکرد.

لە کۆنووسی کۆتایی کۆنگرەکـە بەتایبـەت لـە راسـپاردەکانیدا، بـەڕوونی ئاماژە بەوە دراوە کێشەی جیهانی ئیـسلامی لـە سـەدەی پـازدەی کۆچـیدا،

بریتییە لە کێشەی پەروەردە و پێویستە بەجددی و زۆر بەخێرایی چارەسەر بکرێت[1] .

هیچ چارەسەرێکی تر جگە لە تێکهەڵکردنەوەی هەردوو کەرتەکەی پەروەردە لەئارادا نییە، بەشێوەیەك هەموو سیستەمی پەروەردە بکرێتە یەك سیستەمی گشتگیر و سەرجەم وزە ماددی و مرۆییەکانی لەپێناودا خەرج بکرێن، هەروەها لە دارشتنەوەیدا رەچاوی بنەما و بەها و رێسا ئیسلامییەکان بکرێت، لەپاڵ گرنگیدانێکی تەواو بە زانستە ئەزموونی و پراکتیکییەکان، خودی بنبڕکردنی ئەم دابەشکاریەش (خوێندنی ئیسلامی و خوێندنی گشتی _عەلمانی) کلیلی چارەسەرە.

تێکهەڵکێشکردن و کارکردن بە مۆدێلێکی نوێی پەروەردە کارێکی ئێجگار قورسە و، چاکسازی لە پرۆگرامی خوێندنی ئایینی و خوێندنی گشتی تەنها بە تێکهەڵکردنەوەیان بەدی نایەت، چونکە بناخەی فەلسەفی و هزری هەردوو جۆری خوێندنەکە تاوەکو سەر ئێسقان لەیەك جیان، یەکەمیان هەڵقوڵای هەناوی ئایینە، دووەمیشیان بەرهەمی فەلسەفەی خوانەناسی رۆژئاوایە، واتە دژەوانەن و بەتووندی تێکدەگیرێن، بەواتایەکی تر لە کرۆك و گەوهەردا خاڵی هاوبەشیان نییە، تاوەکو بە تێکەڵکردنەوەیان قەیرانەکە چارەسەر بکرێت. رابەرانی ئیسلامیەتی مەعریفە، فاروقی و هاورێکانی، بەپێویستی دەزانن بەرنامەیەکی فێرکاری و پەروەردەیی نوێ ئامادە بکرێت، کە پێکهاتە و ناوەرۆکی پرۆگرامەکە بەشێوەیەك دارێژرابێ، هەردوو کەرتەکەی خوێندن لەخۆبگرێت.

---

[1] بروانە: عبدالرحمن حبنكة الميداني، غزو في الصميم، بيروت: دار القلم، ط١، ١٩٨٢م، ص٢٥٩ .

واته پرۆگرامی نویٚ بەشێوەیەك ئامادە بكرێت، كۆكەرەوەی رێسا و یاسا و بەها باڵاكانی ئیسلام و، فەلسەفە و دیدە هزری و مەعریفییەكەی بێت، لەپاڵ گرنگیدانی تەواو بە سەرجەم زانستە سەردەمییەكانی رۆژئاوا. بەمەش تاكێكی شارەزا لە ئیسلام و زانستی سەردەم پەروەردە دەكرێت، كە بەشێوەیەكی تەندروستانە بتوانێت زانستە ئیسلامییەكان و زانستە ئەزموونییەكان تێكهەڵكێش بكات، ئینجا بەگەڕیان بخات، بەشێوەیەك ببێتە جێبەجێكردنی سێ بەها باڵاكەی ئیسلام (یەكتاپەرستی، تەزكییە و پاڵفتەكردنی دەروون، ئاوەدانكردنەوەی زەوی).

خودی پرۆژەی تەكاموڵی مەعریفی بۆ رەتكردنەوەی تێكهەڵكێشیە لە نێوان هەردوو كایە پەروەردەییەكە (ئایینی و عەلمانی) بەم پێكهاتەییەی ئێستا، چونكە ناكرێت دوو دژەوانە لەیەك كایەدا كۆبكرێنەوە. لەبری ئەمە، وا باشترە خودی دووفاقییەكە لەرێگەی هەردوو پرۆسەكە رەتبكرێتەوە، بەئامانجی بیناكردن و كاركردن بە سیستەمێكی دیكەی فێركاری، كە هەردووكیان لەخۆبگرێت و پشتئەستوور بێت بە فەلسەفەی ئیسلامی و ئامادەیی زانستە ئەزموونییەكان بە باگراوندێكی ئیسلامییەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە كۆنەكان، ئینجا بیناكردنی سیستەمێكی تازە، بەجۆرێك سەرجەم وزە ماددی و مرۆییەكانی تێدا بەكاربهێندرێن[1].

مێژووی تەكامول بەم تێگەیشتنە، لەڕووی هزری و كردارییەوە دەكەوێتە دواى دەستپێكردنی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و، دواى هەوڵدان بۆ

---

[1] الفاروقي، إسلامية المعرفة، ص٦٥.

چاکسازیکردن له خوێندنی ئایینیدا، لەڕێگەی زیادکردنی زانستە کۆمەڵایەتییە سەردەمییەکان بەبێ دەستکاریکردنی بنەما فەلسەفییەکەیان بۆ خوێندنی ئایینی، لەکاتێکدا ئەم زانستە کۆمەڵایەتییانە لەسەر فەلسەفەیەکی رۆژئاوایی خوانەناس ئامادەکرابوون.

لەلایەکی تر، پرۆسەی چاکسازیکردن لە پەروەردەی گشتی تەنها بریتیبوو لە زیادکردنی چەند وانەیەکی ئیسلامی بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، وەك ئەوەی فەزل رەحمان، وەزیری پەروەردەی پاکستان دوای کۆنگرەی مەککە لە وڵاتەکەی ئەنجامیدا.

بەبۆچوونی رابەرانی ئەم چاکسازییە، تەنها بە زیادکردن و ئەم تێکهەڵکێشکردنە کێشەی پەروەردە و فێرکردن کۆتایی دێت و چارەسەر دەبێت، بەڵام بە ئەزموون و کردار سەلمێندرا بەبێ دەستکاریکردنی بناخەی فەلسەفیی زانستە ئەزموونییەکان، هیچ هەوڵێکی تەواوکاری و یەکانگیری سەرکەوتوو نابێت، بەمەش کێشەکە نەك هەر چارەسەر نابێت، بگرە قووڵتریش دەبێتەوە، کوردەواری گوتەنی: لە قەل بووین و لە کۆتریش.

- **برگەی دووەم: مەترسی پرۆسەی بە رۆژئاواییکردن**

بنەما بنچینەییەکانی تێزە مەعریفی و هزرییەکانی عەتتاس لەبارەی پرۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە، بریتین لە خستنەڕووی مەترسییەکانی مۆدێرنە و بەڕۆژئاوایکردنی جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەت، عەتتاس هەوڵی جووڵانەوە و رابەرانی مۆدێرنە (نوێخوازەکان) لە وڵاتە ئیسلامییەکان، بە سەرەتای کرداری ریشەکێشکردنی کەلەپووری مەعریفی ئیسلامی هەژمار دەکات.

ئـەو پێیوایـە كـۆی كەلـەپووری مـەعریفی و هـزری ئیـسلامی لـەژێر مەترسـییەكی زۆر ترسـناكدایە، كـە بـە سـتراتیژ و پلانێكـی تۆكمـە بـەرەو ریشەكێشكردنی كەلەپووری ئیسلامی هەنگاو دەنرێت. مـۆدێرنیزم خـەریكـە پێشەنگایەتی هزری و رۆحی رۆژهەڵاتی ئیسلامی دەگرێتەدەست و، رۆژ بـە رۆژ كەلـەپووری مۆدێرنـە و مـۆدێرنیزم زلـتر و زەبـەلاحتر دەبێـت، كـۆی چـالاكییەكانی ئـەم رەوتـە عەلمانییـە رۆژئاواپەرسـتە، كـە لـە بنەڕەتـدا رۆژهــەڵاتین و خۆیــان بــە فریــادڕەس و ریفۆرمخــوازی ئــایینی ســەردەم هەژماردەكـەن، خزمـەت بـە نـەیارانی ئیسلام دەكـەن و، سـەرجەم هـەوڵ و كارەكانیـان ئـەنجامێكی دڵخۆشـكەریان نـەبووە و هەمیـشە سەرچـاوەی دیدلێڵی و ژاوەژاوی هزری و رۆحی و مەعریفین.

عەتتاس هەوڵەكانی هەوادارانی مۆدێرنە، بـە ئاراسـتەی ریشەكێـشكردنی كەلەپووری ئیسلامی و كەمكردنـەوەی كاریگەرییـە هـزری و مەعریفییەكـەی بەڕۆژئاواییكردنی مەعریفە (تغريب المعرفـة) نـاوزەد دەكـات، بۆیـە دووبـارە كاراكردنەوەی كەلـەپووری مـەعریفی ئیـسلامی، بـە هێنانەپێـشەوەی دید و تێڕوانینە فەلسەفییەكەی بۆ بوون و گەردوون، لەپاڵ جیهـانبینیی ئیـسلامی لـەبارەی پرسـە كۆمەڵایـەتی و مرۆڤایەتییـەكانی رۆژگـار، بـە تاكـە رێگـەی شكستپێهێنانی هەڵمەتی بەڕۆژئاواییكردنی جیهانی ئیسلامی هەژمار دەكات.

بەگوێرەی ئەو بار و گوزەرانە هزری و مەعریفییەی لەم رۆژگارەدا رۆژئاوا تێیـدا گـوزەر دەكـات، عـەتتاس شـیكردنەوە بـۆ بنـچینە فەلـسەفییەكانی عەلمانیــەت دەكــات، بــەئامانجی روونكردنــەوەی پۆخڵــەواتی فەلــسەفەی

عەلمانیەت و جیهانبینییەکەی، لەپاڵ مەترسی و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر هزر و مەعریفەی تاك و کۆمەڵگەی ئیسلامی.

لەچوارچێوەی گەنگەشەی تێزەکانی تایبەت بە مۆدێرنە و بەرۆژئاواییکردن، عەتتاس ئاماژە بە جیاوازییەکی ریشەیی دەدات لەنێوان عەلمەنە و عەلمانیەت، ئەو پێیوایە عەلمانیەت دیدێکی داخراوە و لە کۆمەڵێك بەهای رەها پێکهاتووە، کار لەسەر گرنگی و هەژمارکردنی مرۆڤ دەکات وەك چەقی گەردوون و خاڵی باڵا دەیناسێنێت، بەپێچەوانەوە، عەلمەنە پرۆسەیەکی بێکۆتا و بێسنوورە، سەرجەم بەها و دید و بۆچوونەکان خزمەتی دەکەن و دەکرێت هەمیشە چاوی پێدا بخشێندرێتەوە، بەو ئامانجەی بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندندا بێت، واتە بەپێی بەرژەوەندییەکانی رۆژگار، لەبارەی جیهان و بوون و گەردوون بڕیار لەسەر بەها و دید و تێڕوانینەکانی دەدات[1].

عەتتاس تەنیا بە رووکەشی ناڕوانێتە دیدی مۆدێرنە و تێزە فەلسەفییەکانی، بەڵکو زۆر بەقووڵی و هۆشیارییەوە شیکاریان دەکات و، ئامانج و خاڵە ترسناکەکانیان دەخاتەڕوو، بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە داشۆرینی سروشت لە واتاکانی و بانگەشەی رزگارکردنی

---

[1] سيد محمد نقيب العطاس، مفهوم التعليم في الإسلام: إطار تصوري لفلسفة إسلامية للتعليم، ترجمة: حسن عبدالرزاق النقر، كوالالامبور: المعهد العالمي للفكر والحضارة الإسلامية، ١٩٨٩م، ص ٢٦. هەروەها: العطاس، مداخلات فلسفية في الإسلام والعلمانية، ترجمة: محمد الطاهر الميساوي، كوالالامبور: المعهد العالمي للفكر والحضارة الإسلامية، ٢٠٠٠م، ص٤١ وما بعد.

سیاسەت لە ئایین و، داماڵینی پیرۆزی لـە بـەهاکان. نـاوبراو، ترسـناکی ئـەم بانگەشانە و هاوشێوەکانی لە چەند خاڵێك کورتدەکاتەوە، گرنگترینیان:

یەکەم: ململانێی ئایینی مەسیحیەت بەرامبەر عەلمەنە و پێنەوێرانی، کـە سـەرەنجام مەسـیحیەتی ناچـارکرد هـەوڵی نێوبـژیوانی و ئاشـتەوایی لەگـەڵ عەلمەنە بدات، ئەم پرۆسەیەش بووە داڕووخانی خودی ئـایین لـە رۆژئـاوادا، سـەرەنجام دەبێتـە داڕووخـانی بیروبـاوەڕی تـاك بەرامبـەر ئایینەکـەی و پیرۆزییە رۆحییەکانی.

دووەم: مرۆڤـی رۆژئـاوایی هەمیـشە وا دەڕوانێتـە هـزر و کولتوورەکـەی، وەك ئـەوەی تـەنیا بـریتی بـن لـە بەرهـەم و تاکـە دەرچـەی شارسـتانیەت و کولتـووره مرۆییـەکان، لـەپاڵ تێـڕوانینی بـۆ ئـەزموونی تایبـەت و ئاسـتی هۆشیاری خـۆی، بەشـێوەیەك شـیکاریان دەکـات کـە هـزر و کولتوورەکـەی بـریتی بـن لـە لووتکـەی پێگەیـشتن و تێگەیـشتن، بـەجۆرێك هـیچ تـاك و کۆمەڵگەیەکی تر پێی نەگەیشتبێت.

سێیەم: جووڵە و رۆحی توێژینەوە زانستی و تەکنەلۆژییـەکانی رۆژئـاوا و شارستانیەتەکەیان، ئەو کاتە گەشەی سـەندووە کـە دەسـتبەرداری ئـایین و ئایینداری بوون.

هەرکاتێك ئەم سێ بڕوایـە لای خـودی مـرۆڤ چ وەك تـاك یـان کۆمەڵگـە دروست بوون، ئەو کاتە دیـد و تێـڕوانینی بـۆ بـوون و گـەردوون و بوونـەوەر دەگۆڕێت. لەڕێگەی باوەڕهێنان بەم تێزانە، سەرەتا مرۆڤ ئـەو بـاوەڕەی بـۆ دروست دەبێت کە هیچ شتێك پیرۆز نییە، بەڵکو مرۆڤـەکان تـەنها لەڕێگـەی وەهمەوە پیرۆزییـان بەبـەر لایەنـە رۆحـی و رەفتارییەکانـدا کـردووە، دواتـر

باوەڕ بەوە دەهێنێت ئـەوەی ڕۆژئـاوا پێـی گەیـشتووە، جـوانترین بەرهـەمی مرۆڤایەتییە، بۆیە پێویستە کۆمەڵگە بە مەمنوونییەوە بچێتە سەر ڕێـچکەی ئەوان، هاوکات جگە لە جوانییەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا هـیچ شـتێکی تـر نابینێت و لە ئاست کەموکوڕییەکانی شارستانیەتی ڕۆژئـاوا سـڕ دەبێـت. لـە سێیەم وێستگەدا بیروباوەڕی بەرامبەر ئایین ئـاوەژوو دەبێتـەوە، ئـەوکات وا دەڕوانێتــە ئــایین کــە سەرچــاوەی دواکــەوتن و ڕێگریکردنــە لــە زانــست و تەکنــەلۆژیا و پێـشکەوتن، بۆیــە لەدیــدی ئــەو، ڕیشەکێـشکردنی ئــایین و بەهاکانی دەبێتە کارێکی پێویست و لەپێشینە.

لە بواری پڕاکتیکی هزری و مەعریفیدا، ڕۆژ بە ڕۆژ باوەڕی تاکی موسڵمان بۆ باوەڕکردن بـەم خاڵانـەی سـەرەوە دەگۆڕێـت، دواتـر دەبێتـە یـەکێك لـە بانگەشەکارانی بێبەهاکردنی ئایین و، پێیوادەبێت ئایین هیچ بەهایەکی نییە، هــەر بەمــەش ناوەســتێت، بــەڵکو لەکۆتاییــدا ئــایین بــە سەرچــاوەی نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی دەبینێت[1].

هەنـدێ لـە شـوێنکەوتووانی ئـەم بیرۆکـە پووچـانە، ئـەو باوەڕەیـان بـۆ دروست بووە فەرامۆشکردن و دەستبەرداربوونی ئـایین کلیلـی پێـشکەوتن و زانستە، ئەمەش ترۆپکی داڕووخان و بێمتمانەییە بەرامبـەر بـە خـود، دواتـر شوناسی ئـایینی و هـزری و مـەعریفی، چـونکە بەشـێك لـە وڵاتـانی ئاسـیا و ئــەفریقای ناوەڕاســت و ئــەمریکای لاتــین وەك دەوڵــەت و دامــەزراوە دەســتبەرداری ئــایین بــوون، کەچــی لــە زۆنگــاو و زەلکــاوی نــەفامی و

[1] بڕوانە: سيد محمد نقيب العطاس، مداخلات فلسفية في الإسلام والعلمانية، ص ١١٥ وما بعد.

دواکەوتوویی زانستی نغرۆ بوون و، نەیانتوانیوە هەنگاوێك بەرەو پێشکەوتن بهاوێژن.

بۆیە پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە لە دیدی عەتتاس، زۆر بەجددی رێگریکردن لە پڕۆسەی عەلمەنە و عەلمانیەت بە ئەرکی سەرەکی دەزانێت، هەروەها رەوت و شوێنکەوتووانی مۆدێرنە لەنێو موسڵمانان بە سەرچاوەی مەترسییەکی ئێجگار گەورە دەناسێنێت و، بەپێویستی دەزانێت لەڕووی هزرییەوە بەرپەچیان بدرێتەوە، هاوکات لەڕێگەی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە تاك و کۆمەڵگە پەروەردە بکرێت، بەمەبەستی گێڕانەوەی متمانەی تاك بە خودی خۆی، دواتر بە شوناسە ئایینی و هزری و مەعریفییەکەی.

- **برگەی سێیەم: دەستەوەستانی پرۆگرامی تەقلیدی ئیسلامی**

شێوازی مەنهەجیەتی تەقلیدی ئیسلامی و دەستەوەستانی لەهەمبەر پێشکەشکردنی بەدیلێکی مەعریفی ئیسلامی، خاڵێکی ترە کە لەڕێیەوە هەست بە پێویستی تەکامولی مەعریفی دەکرێت.

کاتێك شوێنکەوتووانی مۆدێرنە و پەروەردەکراوانی پەروەردەی عەلمانی بێدین، چواردەورەی ئایین و هزر و مەعریفەی ئیسلامیان گرت و هاوشێوەی گەلەکۆمەکێ شالاویان بۆ هێنا، پەیڕەوکارە ئایینییەکان بەو مەعریفە و رۆشنبیرییە تەقلیدییە ئایینییە، دابڕاو لە هزر و مەعریفەی رۆژئاوا و پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و زانستییەکانی سەردەم، چۆن دەتوانن بەرگەی ئەو شالاو و گەلەکۆمەکێیە بگرن!!!.

ئـەم دۆخـە نـەخوازراوە وادەخوازێـت بـەرەی سـێیەم بێتـە مەیدانـەوە، بـەجۆرێك لـە تـەواوی بـەهاكانی كۆمەڵگـە و دابونەریتـەكانی شـارەزابێت، هاوكات لە مەعریفەتی رۆژئاوایی سەردەمدا بەتوانا و دانا بێت. ئینجا هـەوڵی كاركردن بە میتـۆدێكی بـەدیل بـدرێت لەڕێگـەی یـەكانگیریكردنی سـەرجەم ژانەرەكان، بەڵام بەبێ بایەخدانێكی زۆر بە نەوەیەكی لەم چەشنەی خـاوەن ئەم مەنهەجە بەدیلە، ناكرێت بەر بەو باهۆز و شاڵاوە بێبەزەییە بگیرێت.

لەكاتی لەدایكبوونی نەوەیەكی لەم چەشنە، زانستە ئەزموونییەكان لەپاڵ دانایی و زانیاری تەواو لەبارەی لایەنە رۆحییەكان هاوتەریب دەبـن، ئەمـەش بـەواتای تێپەڕانـدنی قـەیرانی هـزری و دووفاقییـەی پـەروەردەیی دێـت، قەیرانێكی لـەم چەشـنە كـە هـەڵگری رەهەنـدە كۆمەڵایـەتی و رۆشـنبیری و هزرییەكانە، دەیان ساڵە جیهانی ئیسلامی بەدەستییەوە گیرۆدە بووە[1].

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، كۆنگرەی مەككە و كۆنگرەكانی دواتر، كە لەلایەن رابـەرانی پـەیمانگای جیهـانی هـزری ئیـسلامی رێكخـران، دوور و نزیـك رەخنـەیان لـەو مەنهەجـە تەقلیدییـەی عالـەمی ئیسلامی و دامـەزراوە ئایینییەكان نەگرتووە، هەروەك ئەم مەنهەجـە تەقلیـد و زانـستە ئیـسلامییە تەقلیدییەكانیان بە بەشێك لەو قەیرانە مەعریفییە، یان بەشێكی سەرەكی لە قووڵكردنەوەی كێـشە هـزری و مەعریفییـەكان هـەژمار نـەكردووە، هـەروەها چۆن خۆیان لەقەرەی باسوخواسی تایبەت بە چاكسازیكردن لـەو مەنهـەج و زانستانە نەداوە، چاكسازیكردن لەو زانستانەشیان بە مەرجێكی سەرەكی بۆ

[1] بروانە: عبدالحميد أحمد أبو سليمان، قضية المنهجية في الفكر الإسلامي، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، الدار العالمية، ط١، ١٩٩٥م، ص٥ وما بعد.

هەستانەوەی ئوممەت و پێشەنگایەتی جیهان و جێبەجێکردنی جێنشینایەتی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەقەڵەم نەداوە.

کۆنگرەی مەککە و کۆنگرەکانی دواتر، تەنها مەترسییەکانی عەلمانیەت و ئەو بەهایانەیان گەنگەشە کردووە، کە هەڵگری شوناسی مەعریفی رۆژئاوایین و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر عەقڵ و ئاوەزی موسڵمانان هەیە.

عەبدولحەمید ئەبو سلێمان، لەنێوان رابەرانی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی، بە یەکەم توێژەر دادەندرێت هەستی بەو گرفتە مەنهەجی و مەعریفییە کردبێت، ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٣)دا بەشێك لە تێزی دکتۆراکەی بە پرسی کەموکورتییە مەنهەجیە تەقلیدییەکەی جیهانی ئیسلامی تایبەت کردووە[1].

ئەبو سلێمان هەم لە تێزی دکتۆراکەیدا و هەم لە توێژینەوەکانی دواتریدا بەتایبەت لە توێژینەوەی (أزمە العقل المسلم)[2]، گەشەی بەم تێزە مەعریفییە داوە و هەڵسەنگاندنێکی تۆکمەی بۆ کردووە، زۆرترین رەخنە و تێبینییەکانیشی ئاراستەی بناخەی مەنهەجی تەقلیدی ئیسلامی کردوون، کە خۆی لە زانستی ئوسولێ فیقە (أصول الفقه) دەبینێتەوە، جگە لەمە، چەند بابەتێکی پەیوەندیداری بە رەگی ئەدەبیاتی عەلێ و نەقلێ وروژاندوون.

---

[1] تێزی دکتۆراکەی ئەبوسلێمان بەناونیشانی: النظرية الإسلامية للعلاقات الدولية: اتجاهات جديدة للفكر والمنهجية الإسلامية، ترجمه وراجعه وعلق عليه: د. ناصر البريك، الرياض، الناشر: المعهد العالمي للفكر الإسلامي: هرندون، فيرجينيا، الولايات المتحدة الأمريكية، ١٩٩٣.

[2] عبدالحميد أبو سليمان، أزمة العقل المسلم، ، الرياض: الدار العالمية للكتاب الإسلامي، ط١، ١٩٩٤، ص٧٠ وما بعد.

رەهەنـــدی کـــات لەســـەر فـــەرموودەی پـــەیامهێن و کردارەکـــانی نێـــو کەلـەپووری ئیـسلامی، بەشـێکی تـری تێـزە هـزری و مەعریفییـەکانی ئـەبو سـلێمانن، کـە بەپێویـستی دەزانێـت بەشـێوەیەکی تەندروسـتانە مامەڵـەیان لەگەڵدا بکرێـت.

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجی توێژەرانـە، ئـەبو سـلێمان، مەنهـەجی هـزری ئیسلامی تەنها لە زانستی ئوسولٚ فیقـه کـورت دەکاتـەوە. بـەدیوێکی تـردا، کاتێك باسـی چاکسازیکردن لـە زانسـتە ئیـسلامییە تەقلیدییـەکان دەکـات، رووی رەخنە تەنها دەکاتە ئەو زانستە، ئەمەش بەشێکە لە هەقیقەت، بـەڵام پێکهاتەی هەموو هەقیقەت نییە.

ئاشـکرایە هـزری ئیـسلامی تـەنها دەرهاوێـشتە و دەرەنجـامی زانـستی ئوسولٚ فیقه نییـە، بـەڵکو هەریـەکێك لـە بوارەکـانی فەلـسەفە، سۆفیگەری (التصوف) و زانستی کەلام، سەرجەم دەرهاویشتە مەعریفی و هزرییەکانیان لەپاڵ زانستی ئوسولٚ فیقه، پێکهاتـەی هـزری ئیـسلامی پێکـدێنن، نـەك بـە تەنیا ئوسولٚ فیقه.

ئەمەش رەخنەیەکی بەهێزە ئاراسـتەی باڵەخانـەی هـزری ئـەبو سـلێمان دەکرێت، لە نامەی دکتۆراکەیدا، ئـەبو سـلێمان ئەوەنـدەی زانـستی ئوسـولٚ فیقه بەگشتی و بابەتی (القیاس) بەتایبەتی رەخنەباران دەکات، دوور و نزیك رەخنەی لە زانستەکانی تر نەگرتووە، ئەمەش کەلێنێکی مەعریفی گەورە لە دیاریکردنی (تشخیص) بناغەی پێکهاتـەی قەیرانـە هـزری و مەعریفییەکـەی جیهانی ئیسلامی دروست دەکات.

هۆکــاری ســـەرەکی دوورەپـــەرێزی ئـــەبو ســـلێمان لـــەو زانـــستانە، جەختکردنەوەیەتی تەنها لەسەر زانستی ئوسـولْ فیقـھ و بابـەتی (القیـاس)، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، بابەتی (القیـاس) پێگەیـەکی گرنگـی لـە بـواری دیبلۆماسـی و پەیوەندییـەکانی دەرەوەدا هەیـە، لەگـەلْ بنـەماکانی کۆمەلْناسی لە دیدی بیرمەندانی ئیـسلامی، لەکاتێکدا گرنگـی ئیستحـسان و مەصـلەحەی مورسـەلە بەتایبـەت لـە بـواری دیبلۆماسـی و پەیوەندییـەکانی دەرەوە و بابەتـەکانی وابەسـتەی کۆمەلْناسـی، هیـچی کـەمتر نییـە لـە (القیاس).

لەلایەکی تر، هەرکەسێك بەوردی بڕوانێتە پڕۆژە و تێزە مەنهەجییـەکانی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی، لەوە تێدەگات خالْی جەوهەری پڕۆژەکە بریتی نییە لە جێهێشتن و رەتکردنەوەی بنەما تەقلیدییـەکانی مەنهەجیـەتی هزری ئیسلامی، کە زانستی ئوسولْ فیقھ پشکی شێری بەردەکـەوێت، بگـرە پڕۆژەکەی پەیمانگا دوور و نزیك هەولْی رووخاندن و تێپەڕانـدنی کەلـەپووری ئیسلامی و بنەما مەنهەجییەکانی نادات، بەلْکو چاکسازی و پێداچوونەوە، بە دەروازە و کلیلی چارەسەر دەزانێت لەبری رووخاندن و تێپەڕاندن.

لـــەپالْ ئـــەم چاکـــسازییە، بانگەشـــەی دروســـتکردنی پەیوەنـــدی و بەیەکبەســـتنەوە دەکـــات لـــەنێوان زانـــستە کۆمەلایەتییـــەکان و زانـــستە ئەزموونییەکان، لەگەلْ دید و تێڕوانینە گـشتییەکەی ئیـسلامی، ئەمـەش بـە پەراوێزخـستنی زانـستە تەقلیدییـە ئیـسلامییەکانی وەك ئوسـولْ فیقـھ و زانستەکانی تر بەرهەم نایەت.

دوای شـیکردنەوەی هەرسـێ خاڵەکـەی سـەرەوە (دووفـاقیی پرۆسـەی پـەروەردە، مەترسـییەکانی بـەڕۆژئاواییکردن، دەستەوەسـتانی مەنهـەجی تەقلیدی ئیسلامی) دەکرێت ببێتە دەروازەیـەکی سـەرەکی بـۆ چـوونە سـەر باسـکردنی سیـستەمی مـەعریفی لـە ئیـسلامدا، دواتـر شـیکارکردنی بنـەما گشتییەکانی تەکامولی مەعریفی بەدوای سیستەمی مەعریفیدا.

کە وابێت، ئامانجمان لە بەشی داهاتوودا، بریتی دەبێت لە شـیکردنەوە و روونکردنـەوەی پێکهاتـەی سیـستەمی مـەعریفی لـە هـزری ئیـسلامیدا، لـە روانگەی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە و پرۆژەی تەکامولی مەعریفی.

بەشی هەشتەم
سیستەمی مەعریفی "النظام المعرفی"

سەرکەوتن و پێشەنگایەتی هەر گەل و هۆز و نەتەوەیەك پەیوەستە بە سێ سیستەم، هەرسێ سیستەمەکەش وابەستەی یەکن و کەموکوڕی و کەلێن لە هەریەکێکیان دروستبێت، هاوسەنگی تێکدەچێت، ئەمانیش بریتین لە: سیستەمی عەقیدەیی، سیستەمی مەعریفی و سیستەمی بەهاکان.

بەواتایەکی تر، (بیروباوەڕ، مەعریفە و بەهاکان) کلیل و دەستەبەری پێشکەوتنن، لە هەر کۆمەڵگەیەك باری ئەم سێ سیستەمە لاربێت، چارەنووس و داهاتوویان دەکەوێتە مەترسی، ئەم دابەشکارییە هەڵقوڵاوی ناخی قورئان بەگشتی و (سورەتی العصر)ـە بەتایبەتی[1].

گەلی موسڵمانان لەڕێگەی ئەم سێ سیستەمەوە توانییان لە پاشکۆیەتی و ونبوونی مێژوویی دەربچن و، پێشەنگایەتی جیهان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بگرنەدەست.

---

[1] محمود عايد الرشدان، حول النظام المعرفي في القرآن الكريم، مجلة إسلامية المعرفة، ع١٠، ص٩.

له چرکەساتی دروستبوونی کێشە لەم سێ سیستەمە، مەترسی کەوتە سەر پێشەنگایەتییەکەیان، سەرەنجام بەشێوەیەکی ڕێژەییانە هەرسێ سیستەمەکە لە ماوەی حەوت سەدە تووشی داڕمان بوون، بەهەمان چەشن پێشەنگایەتی و ژیارستانی ئیسلامیش وەك دەرەنجام تووشی داڕووخان هات.

عەلوانی لە یەکێك لە نووسینەکانیدا باسی کێشەی جیهانی ئیسلامی دەکات، کە بریتییە لە قەیرانی هزر، ئەویش یەکسانە بە کێشەی پەروەردە و فێرکردن. ئەو پێیوایە قەیرانی هزر کێشەی هەموو جیهانە نەك بەتەنها جیهانی ئیسلامی، بۆیە چارەسەرکردنیشی تەنها بە جەختکردنەوە لەسەر جیهانی ئیسلامی ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە چارەسەرێکی ریشەیی جیهانییە، ئەمیش لەڕێگەی مەنهەجی مەعریفی (المنهجية المعرفية) کە لەسەر بنەما قورئانییەکان بیناکرابێت[1].

لەم بڕگەیەدا ئاماژە بە پێکهاتەی نیزامی مەعریفی و بەشێك لەو گرفت و پشێویانە دەکەین، کە بەدرێژایی چەندین سەدە تووشیان بووە و پەکیانخستووە، لەپاڵ کۆمەڵێك دەرچە و چارەسەر کە خەمخۆران و توێژەران بۆ ڕاستکردنەوە و ساڕێژکردنی برینەکان خستوونیانەتەڕوو.

ترسناکترین لادان کە بەدرێژایی چەند سەدەیەك تووشی سیستەمی مەعریفی موسڵمانان بووە، بریتییە لە پشێوی و لادانە عەقیدەییەکان، دواتر بۆ پەکخستنی ئیجتهاد و نوێگەری سەری کێشا. پاشان قۆناغی سێیەمی

---

[1] طه جابر العلواني، إصلاح الفكر الإسلامي بين القدرات والعقبات، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، الدار العالمية، ط٢، ١٩٩٤م، ص٤٩ وما بعد.

بەدواداهات، کە ئەمیش بریتییە لە بەدیهێنانی دووفاقی و دابەشکردنی مەعریفە و تێزە پەیوەندیدارەکان بە مەعریفەوە بەسەر هەردوو بەرەی مەعریفەی دینی و مەعریفەی عەلمانی بێدین. لە قۆناغی چوارەمدا کار گەیشتە دروستبوونی کێشمەکێشم لەسەر یەکلاییکردنەوەی بابەتەکان لەنێوان وەحی و ئیجتیهاددا، ئاخۆ کامەیان وەحییە، کامەیان ئیجتهادی مرۆییە؟

دەرەنجام سیستەمێکی دامەزراو لە سەر کێشمەکێشم و چەقبەستن و لاساییکردنەوە هاتەئاراوە، ئەویش دابەشبوونی ئەکادیمیست و بیرمەندانی بەسەر هەردوو بەرەی چەقبەستووان و ملنەدەران (الجامدون والجاحدون) لێکەوتەوە، بەتایبەت لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن[1].

دەستەی چەقبەستووان باوەڕیان وایە، نەوەکانی رابردوو سەرجەم شتە باشەکانیان بۆ ئێمە روونکردووەتەوە و هەرچی پێویستمانە لە کەلەپووری ئەواندا هەیە، ئیدی شتێك نەماوەتەوە نەوەی نوێ دایبهێنێ، بۆیە هەر شتێك لەم سەردەمە لەڕووی خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکانی قورئان، فەرموودە، شێوازی نوێی پەروەردە و فێرکردن و گوزەران دابێنێت، ئەوە لادەرە و بیدعەچییە، ئیدی ئەوەمان بەسە کە لە کەلەپوور بە میرات بۆمان ماوەتەوە.

دەستەی دووەم کە ملنەدەرانن، پێیانوایە بەرهەمی چەند ساڵەی جیهانی ئیسلامی کەڵکی ئێستای نەماوە، چونکە توانای بەرهەمهێنانی داخوازییەکان

[1] محمود عايد الرشدان، حول النظام المعرفي في القرآن الكريم، مجلة إسلامية المعرفة، ع١٠، ص١٠.

و نوێبوونەوەی نییە، بۆیە ئیدی کاتی تێهەڵدان و فەرامۆشکردنی کەلەپوور هاتووە، مەنهەج و پرۆگرامی ژیان و گەشانەوە و پێشکەوتن و نەشونما هەر لە رۆژئاوادا هەیە، بۆیە شوێنکەوتنی رۆژئاوا لە هەموو شتێکدا داخوازییەکی سەردەمیانەیە و کارێکی پێویستە.

لە دەرەنجامی دووفاقی و دووجەمسەری لەم چەشنە، زۆرجار هەردوو چەمکی (الأصالة والمعاصرة) یەکەمیان بۆ کەلەپوورییەکان و دووەمیان بۆ شەیدایانی رۆژئاوا بەکاردێت. بەکارهێنانی چەمکانێکی لەمجۆرە بێویژدانییەکی گەورەیە، تەنانەت لەکاتی بەکوردیکردنیشیان بێویژدانییەکی تر ئەنجام دەدرێت، کاتێک بە "کۆنەپەرستی و سەردەمی" گوزارشتیان لێدەکرێت.

لەهەمبەر گوزەرانێکی لەم چەشنە، بیرمەندی گەورەی جەزائیری (مالیک بن نەبی) ناو لەم دوو جۆر بیرکردنەوەیە دەنێت، هزری مردوو و هزری مرێنەر (الأفكار الميتة، والأفكار المميتة)[1].

ئەو پێیوایە هزری مردوو بریتییە لە گواستنەوەی هزر و قسە و کردار و حوکمە فیقهییەکانی نێو کەلەپوور بۆ ئێستا، ئینجا هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنیان لە زەمینەی کرداری، وەك خۆی بێ دەستکاریکردن.

سەبارەت بە هزری مرێنەر و بکوژ، "بن نەبی" پێیوایە خواستن و وەرگرتنی هزر و بەرهەم و کەلەپووری خەڵکانی تر کە نامۆیە بە کولتوور و کۆمەڵگەی تۆ، ئینجا هەوڵی بەرجەستەکردن لە زەمینەی کرداری

---

[1] مالك بن نبي، مشكلة الأفكار في العالم الإسلامي، دمشق: دار الفكر، ط١، ٢٠٠٢م، ص١٥٣.

کۆمەڵگەکەی خۆت بەبێ پاڵفتەکردن و هەڵاوێردکردن، بریتییە لە کردارێکی قاتیلانە، کە هزر و تواناکان دەکوژێت.

ئـەم قـسەیە هــەردوو بــەرەی چەقبەسـتووان و ملنــەدەران دەگرێتــەوە، چـونکە یەکـەمیان دەیـەوێت کەلـەپوور لەڕێگـەی پیرۆزکردنـەوە بەرجەسـتە بکات، دووەمیشیان مەبەستی بەرجەستەکردنی بەرهەمی رۆژئاوایە لەڕێگـەی گەورەکردن و رازاندنەوە، کـە ئـەمیش بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان دەیـەوێت پیرۆزکردن لە زەمینەی کرداری بچەسپێنێت.

ئەم پیرۆزکردنە هەم لەلایەن چەقبەستووان بۆ کەلـەپوور و هـەم لەلایـەن رۆژئاواپەرسـتان بـۆ مەعریفـە و ژیارسـتانی رۆژئـاوا، چارەنووسـێکی خـراپ بەسەر خەیاڵدان و ئاوەزی تاك و کۆمەڵگەی موسڵماناندا دەهێنێـت. زۆرجـار دەگوترێت یان کەلەپوورییەکان دەڵێن، فقیه تەنها بریتییە لـە خوێندنـەوە و بەرهەمی عەقڵی زانایان بۆ دەقە پیرۆزەکان، ئەمەش بەهیچ شێوەیەك پیرۆز نییـە. هــەروەها شـەیدایانی مـۆدێرنیزمی رۆژئـاوا دەڵـێن، لاسـاییکردنەوەی رۆژئاوا تەنها بۆ بەهرەمەندبوونە لـە پێـشکەوتن و ژیارسـتانیەتەکەیان، نـەك بەپیرۆز سەیرکردن.

ئەگەر بەوردی و بابەتیانە بڕوانینە زەمینەی کرداری ئەم دوو بانگەشەیە، هــەردووکیان تــا ئاسـتێکی زۆر دوورن لــە راسـتییەوە، چـونکە بـەکردەیی بەرهەمی زانایـان لـەلای کەلەپوورییـەکان تـا ئاسـتی دەقـەکان پیرۆزکـراوە، هەروەك بەرهەمی ژیارسـتانی رۆژئـاوا لای ملنـەدەران لـە پێـشەوەی هـەموو شتی ترە بۆ کارپێکردن.

ئـەم راسـتییە ئـەوەمان بـۆ دەسـەلمێنێت، جیـا لـەوەی مامەڵـەکردنمان لەگەڵ بەرهەمی پێشینان، کەلەپوور لای چەقبەستووان و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهـەمی ژیارسـتانی رۆژئـاوا لای ملنـەدەران، لـە جێگـەی خـۆی نییـە و ناتەندروسـتە. هاوکـات ئاماژەیـەکی زۆر روونـە کـە هـەرەمی سیـستەمی مەعریفیمان تووشی دەردێکی کوشندە بووە و خەریکە گیان دەدات، ئەگـەر بەزوویی چارەسەر نـەکرێت پەتائاسا دەردەکـە کوشـندەتر و زیانـەکان زۆر زیاتر و مەترسیدارتر دەبن.

دەکرێـت بگوترێـت موسـڵمانان بـەزۆری یـان کەلەپوورپەرسـتن یـان رۆژئاواپەرست، یەکەمیان پـشت لـە رۆژئـاوا و روو لـە کەلـەپوور بـەرەهایی، دووەمیش روو لە رۆژئـاوا و پـشت لـە کەلـەپوور بـەرەهایی. لـەم نێوەنـدەدا کەسـانێك بەپەشـۆکاوی خـەریکن کەلـەپوور و بەرهـەمی رۆژئـاوا شـەنوکەو دەکەن، بە ئامانجی ریفۆرم و هەڵێنجان و پاڵفتەکردن، بەڵام کاری ئـەوانیش تاوەکو ئێستا بەرهەمێکی دڵخۆشکەری نەبووە.

لێرەدا تەحەدا گەورەکە ئەوەیە، ئایا موسڵمانان دەتوانن کۆمەڵێك زانـای دووربین، چاونەترس، پڕویست، توانادار، خاوەن زانست و حیکمەت و دانایی بەرهەمبێنن، کە بتوانن گۆڕانکاری ریشەیی لـە مەنهـەجی مەعریفـە و هـزر و سیاسەت و کۆمەڵگەدا بکەن، بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە داڕمان و بەرگرتن لە هەڵدێران و رۆیشتن بەرەو ئاقارە مەترسیدارەکان ؟!

نەك تەنها بـە قـسەی موسـڵمانان، تەنانـەت رۆشـنبیرە رۆژئاواییـەکانیش مەترسی داڕمان و لەنێوچوونی ژیارستانیەتی مرۆڤیان خستووەتەڕوو، ئەگەر

دووباره چاو به ڕێڕەوی ژیارستانی مرۆڤایەتی نەخشێندرێتەوە و کاروانی ژیارستانیەت نەخرێتەوە سەر ڕێچکەی دروست و کارنامەی تەندروست.

بۆیە پێویستە نەوەی چوارەم لەڕێگەی سیستەمێکی مەعریفی تۆکمە و مەنهەجێکی زانستی تەندروست بێتە پێشەوە، بەجۆرێك لەژێر مەرجەعیەتی وەحی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی کەلەپووری خۆماڵی و ژیارستانیەتی ڕۆژئاوا بکەن، هەروەها بەدڵسۆزییەوە کار بۆ بیناکردنی ژیارستانیەتێکی نوێی دروستی تەندروست بکەن.

نامانەوێت زیاتر کەلێنەکانی سیستەمی مەعریفی موسڵمانانی ئەم سەردەمە دەستنیشان بکەین، چونکە تەنها لەڕێگەی خستنەڕووی سیستەمی مەعریفی تەندروست لەژێر چەتر و هەژموونگەرایی قورئان، خوێنەر دەتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ سیستەمەکانی تر بکات و کەلێنەکانیان دەستنیشان بکات.

بەکورتی و پوختی، دوای دیراسەکردن و لێکۆڵینەوە و تێڕامان، سیستەمی مەعریفی قورئانی و ڕەهەندەکانی لەم چەند دێڕەی خوارەوە ڕێنووس دەکەین، بەئومێدی پاڵفتەکردن و هەڵکێشانی هەڵەکان لە سیستەمی بیرکردنەوەمان، هەروەها پڕکردنەوەی کەلێنەکان بە خشت و کەرەستەی پێویست.

سیستەمی مەعریفی قورئانی لە سێ بەش پێکدێت: القضية، الغاية، الأركان[1]، ئەمانیش لە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

---

[1] بروانە: محمود عايد الرشدان، حول النظام المعرفي في القرآن الكريم، مجلة إسلامية المعرفة، ع١٠، ص٤٢–٤٣.

یەکەم: قەزیە و ئامانجەکان، گرنگترین قەزییەکان لە قورئاندا دوانن، ئەمانیش بریتین لە: ڕەتکردنەوەی هاوبەشپەرستی و جەختکردنەوە و چەسپاندنی یەکتاپەرستی لەسەر ئاستی گشت بوارەکان، (ڕەتکردنەوەی هاوبەش پەیداکردن، چەسپاندنی تاقانەپەرستی).

گرنگترین ئامانجەکانی قورئانیش دوانن، ئەمانیش: ئازادکردنی عەقڵ و هۆش و ویستی مرۆڤ، لەپاڵ پاراستنی پێنج مەبەستە گشتگیرەکەی ئیسلام کە بریتین لە (پاراستنی ئایین، عەقڵ، نەفس یان ژیان، نامووس و سەروەت)، واتە (ئازادکردنی عەقڵ و پاراستنی مەبەستە باڵاکان).

دووەم: چۆنیەتی بیناکردنی سیستەمی مەعریفی، بیناکردنی سیستەمێکی مەعریفی گشتگیر و کامڵ و فرەلایەن، لەڕێگەی تێکهەڵکێشکردن و ئاوێتەبوون لەنێوان ناسینی بەدیهێنەر، هاوڕێ لەگەڵ ناسینی بەدیهێنراو، هەروەها وەڵامی زانستیانە و قورئانیانەی ئەم پرسیارە، کێ دروستکەری بەدیهێنراوە و چۆن دروستی کردووە؟ بەواتایەکی تر، ئەم سیستەمە لە دەورەی سێ تەوەر دەخولێتەوە: خودا، گەردوون و مرۆڤ.

لەڕاستیدا چەسپاندنی یەکتاپەرستی لە بیروباوەڕ، هزر، پەیڕەوکردن، کارنامەی ژیان و کردار بەرهەم نایەت، مەگەر لەسەر سیستەمێکی مەعریفی دامەزراو لەسەر تەوحید لەنێوان هەموو جۆرەکانی مەعریفە نەبێت. هەروەها کۆتاییهێنان بە دووجەمسەری و دووفاقییەی نێوان زانستەکان، زانستە مرۆڤایەتی و زانستە ئەزموونییەکان، زانستە دەروونی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستە گەردوونی و زانستە سروشتییەکان، زانستە شەرعییەکان و زانستەکانی تر ئامانجەکە دەپێکێت.

لەلایەکی تر سیستەمی مەعریفی قورئانی وادەخوازێت، جیاکاری نێوان باوەڕ و زانست و جیاکردنەوەیان لە کردەوەی چاك لەبەین ببرێت.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ناکرێ زانای بێ هیدایەت، یان هیدایەتدراوی بێ زانست، یان قسەی بێ کردار و کرداری بێ قسە، یاخود زانای هیدایەتدراوی بێ کاری چاك هەبێت.

تەوحید لە قورئاندا بریتییە لە سیستەمی مەعریفی، سیستەمی مەعریفی قورئانیش بریتییە لە سیستەمی تاقانەپەرستی و تەوحیدی، بۆیە تەوحید مەعریفە و زانستە، مەعریفە و زانستی راستەقینەش هیدایەت و تەوحیدن.

سێیەم: پایەکان، پایەکانی سیستەمی مەعریفی قورئانی سێ دانەن: باوەڕ، زانست و کردار.

هەر لەسەر ئەم سێ پایەیەش سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئیسلامی دەوەستێت، کە بریتییە لە بەردی بناخەی دامەزراندنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی، نەك تەنها بۆ موسڵمانان و لەپێناو ئەواندا، بەڵکو لەپێناو رزگارکردنی سەرجەم مرۆڤایەتی، ناکرێت مرۆڤایەتی چاك و چاکەخوازبن، بەبێ چاکبوون و چاکەخوازی موسڵمانان.

چوارەم: رەهەندەکان، بەکورتی سیستەمی مەعریفی لە ئیسلامدا هەڵگری چوار رەهەندی سەرەکییە، ئەمانیش رەهەندەکانی: وەحی، گەردوون، عەقڵ و مێژوو. ئەم چوار رەهەندە بە کارلێککردن لەگەڵ هۆش، ماددە، تەفسیر، تەئویل و رووداوەکان بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن کۆی سیستەمەکە کامڵ دەکەن.

مەعریفە ڕێگەی ناسین و ئاشنابوونە، ناسین و ئاشنابوونیش بریتین لە ڕێگەی ئەنجامدانی کردار، کرداریش دەروازەی سەرەکی هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە. بەمشێوەیە پەروەرێن دەبێتە چەق و سەرچاوەی گشت کار و چالاکی و ڕووداو و پێشهاتەکان، دەرەنجام هاوکێشەیەکی لەم چەشنە بەرهەمدێت: (خودا، کاری خودا، گەردوون، ناسین و ئاشنابوون بە کاری خودا، ناسینی خود، کاری خود، هەڵسەنگاندنی کارەکانی خود لەڕێگەی فەرمایشتەکانی خودا).

ئەم هاوکێشەیە بەرهەمی سێ فەرمایشتی پەروەرێنە، کە ئەمانەن: ﴿سَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعْرِفُونَهَا﴾ النمل: ٩٣، ﴿ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ﴾ الحجرات: ١٣، ﴿وَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ ﴾ التوبة: ٩٤.

واتە: "پەروەرێن نیشانە و بەڵگەکانتان پێ نیشاندەدات و ئاشنایان دەبن"، "ئێمە، ئێوەمان کردووەتە چەند گەل و هۆز و تیرەیەك بۆئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ یەك پەیدا بکەن"، "پەروەرێن بینەری کار و کردەوەکانتانە".

سیستەمی مەعریفی وەك بابەتەکانی تر یەکجار فراوانە، ئەگەر بمانەوێت تێکڕای خاڵەکانی شی بکەینەوە و بەدووردرێژی باسی بکەین، پێویستمان بە چەند پەرتووکێك دەبێت، لێرەدا ئاشنابوون بە پێکهاتەی سیستەمی مەعریفی ئیسلامی بەسە بۆ ئاشنابوون و چوونە نێو تێز و کۆباسەکانی تەکامولی مەعریفی، بۆیە خاڵێك لە کۆتایی بابەتی سیستەمی مەعریفی دادەنێین و لە بەشی داهاتوودا بنەماکانی تەکامولی مەعریفی شیکار دەکەین.

بەشی نۆیەم
بنەما گشتییەکانی تەکامولی مەعریفی

باسکردنی هەر بابەتێك بەبێ قسەکردن لەبارەی بنەما گشتییەکانی، کۆسە و لەنگ دەردەچێت، بۆیە لەم خاڵەدا هەڵوەستەیەك لەسەر بنەما سەرەکی و گشتییەکانی بابەتی تەکامولی مەعریفی دەکەین.

بەردی بناخەی تەکامولی مەعریفی بریتییە لە یەکتاپەرستی (التوحيد). ئەو تەوحیدەی وەك بنەمای سەرەکیی تەکامول دەناسێنرێت، تەنها بریتی نییە لە بابەتێکی عەقیدەیی وشك کە پێویستی بە شیکارێکی ورد و قووڵ هەبێت وەك ئەوەی لە زانستی عەقیدە و زانستی کەلام باس دەکرێت، بەڵکو یەکتاپەرستی (التوحيد) لە دیدی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفەوە چەند رەهەندێکی مەعریفی ریشەیی هەن و کاریگەری راستەوخۆی بەسەر کۆی لایەنە هزری و مەعریفییەکانەوە هەیە. تەوحید نەك بەتەنیا لە بابەتی تەکامول، بەڵکو کاریگەرییەکانی لە هزر، مەعریفە، فەلسەفە، ئەخلاق، مێژوو، زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەراوردکردنی ئایینەکاندا دەردەکەوێت.

بۆ مرۆڤی موسڵمان، ناکرێت تەوحید لە هیچ کایەیەکی مەعریفی و زانستی داببڕێت، بەڵکو پێویستە وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی گشت کار و چالاکییەکان هەژمار بکرێت. فاروقی لە نووسینەکانیدا هەمیشە جەخت لە رۆڵ و گرنگی تەوحید دەکاتەوە، ئەگەر بگوترێ خاڵی گەوهەری کۆی نووسینەکانی فاروقی بریتییە لە تەوحید، گریمانەیەکی دروست دەردەچێت.

ئەو پێیوایە جیا لەوەی تەوحید بابەتێکی ئایینییە و تێیدا خودا وەك چەقی گەردوون دەناسێنرێت، هەروەها دیدێکی گشتیشە بۆ حەقیقەت و جیهان، نەك تەنیا بۆ گەردوونی ماددیی بەرچاوکەوتووی مرۆڤ، بەڵکو بریتییە لە بنچینەی بیرکردنەوی مرۆڤ بەرامبەر بوونەوەر، ژیان و مێژوو بە هەرسێ بەشی رابردوو، ئێستا و داهاتوو.

چەند بنەمایەك هەن دەرەنجام و رەنگدانەوەی تەوحید پێکدێنن و پێویستە لە کۆی کایە هزری و مەعریفییەکاندا گرنگیان پێ بدرێت، بەتایبەت لە تێزی تەکامولی مەعریفی. لەخوارەوە بەکورتی باسی رەهەندەکانی تەوحید دەکەین وەك بنەما گشتییەکانی تەکامولی مەعریفی لەدیدی رابەرانی قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە[1].

---

[1] بروانە: فاروقي، إسلامية المعرفة، ص٨٩ وما بعد. هەروەها: فاروقي، جوهر الحضارة الإسلامية، مجلة المسلم المعاصر، ١٩٨١/٩/٢١م، العدد ٢٧. بەستەری راستەوخۆ:
http://almuslimalmuaser.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=178:%D8%AC%D9%88%D9%87%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B6%D8%A7%D8%B1%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B3%D9%84%D8%A7%D9%85%D9%8A%D8%A9&Itemid=125.

یەکـەم: دووانـەیی (الثنائیـة)، تاکـە رەنگدانـەوەی تەوحیـد لـە هـزری پەیمانگادا بریتییـە لـەم بڕگەیـە. دوانـەیی یەکێکـە لـە بنـەماکانی تەوحیـد، بـەمانای جیاکـاری لـەنێوان حەقیقـەتی بەدیهێنـەر و بـەدیهێنراو (الخـالق والمخلوق) دێت. ئاشکرایە زاتی الله بەدیهێنەرە، بـەڵام جیهـانی دروسـتکراو، خۆی لە کات و شـوێن و کـۆی ئـەو بوونـەوەر و رووداوانـە دەبینێتـەوە، کـە هەردوو رەهەندی کات و شوێن لەخۆیان دەگرن.

بەم مانایە دوانەیی حەقیقەت، هەم کۆتا و هەم رەهایە، واتـە ناگونجێـت بەدیهێنـەر (زاتـی الله) لەگـەڵ دروسـتکراو یـەکانگیر بێـت، هـەروەك ناکرێـت بەیەکگەیشتنی بوونەوەرئاسا لەنێوانیاندا رووبدات و لەیەك جەستەدا ئاوێزان بن و بتوێنەوە. هەروەك چـۆن دروسـتکراویش ناتوانێـت لەگـەڵ دروسـتکەر یەکانگیر بێت و ئاوێزانبوون و توانەوە لە جەستەیەکدا لـەنێوانیان رووبـدات، یاخود پلەی هیچ بوونەوەر و دروستکراوێك ناگاتە پلـەی خودایـەتی لـەڕووی بەرزی و رەهایی و باڵادەستی و پیرۆزیدا...هتد، چونکە خودا بەدیهێنـەرە و بنەچەی بوونە، هەروەك چۆن رەها و باڵا و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا، بەپێچەوانەوە، مرۆڤ دروستکراوە، دەسەڵات و تواناکەشی سنووردارە و هـیچ تایبەتمەندی خوداییانەی تێدا نییە و نابێت.

بەم بڕگەیە رابەرانی هـزری ئیـسلامیەتی مەعریفـە و تـەکامولی مـەعریفی بیروباوەڕەکـانی بەشـێك لـە دەسـتەکانی نێـو کەلـەپووری ئیـسلامی رەتدەکەنەوە و دەیانخەنە خانـەی ناڕاسـت و ناتـەواوەوە، وەك بیروبـاوەڕی (وحدة الوجود، الحلول، الإتحاد، ...).

دووەم: پەیپێبردن (الإدراكية)، ئەم بنەمایە بابەتی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بەدیهێنەر و بەدیهێنراو دەخاتەڕوو، کە بریتییە لە هەبوونی پەیوەندی پەیپێبردن لەنێوان هەردوو جیهانی حەقیقەت. ئامرازی پەیپێبردن و ئاشنایی لـەنێوان ئـەم دوو حەقیقەتـەدا (الخـالق والمخلـوق) بەدیهێنـەر و بـەدیهێنراو بریتییە لە ئاوەز و ژیری (العقل).

هیچ پەیوەندییەك لەنێوان پەروەرێن و مرۆڤدا نییە جگە لە هێزی عـەقڵ. عەقڵ بریتییە لە هێزێکی خۆڕسك کە وادەکات مـرۆڤ بەهۆییـەوە لـە ویـستی پەروەرێنی باڵا بگات، جیاوازی نییە ئـەم تێگەیـشتنە لـە ویـستی پـەروەرێن لەڕێگەی تێفکرین لە وەحی بێت یان لەڕێگەی تێڕوانین و کاراکردنی عـەقڵ و تێڕامـان لــە بوونــەوەر بەمەبەســتی هەســتکردن و ئاشــنابوون بــە یاســا و ڕێساکانی گەردوون. ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی هەبوونی گشت هێڵەکانی هەستپێکردن لەنێوان بەدیهێنەر و بـەدیهێنراو بـۆ ئـەم چـاخ و سـەردەمەیە، چونکە چاخی پەیامهێنیەتی کۆتاییهاتووە.

لەم سەردەمەدا، جگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵ، هـیچ ڕێگەیـەکی تـر لەبەردەم مرۆڤدا نییە بۆ هەستکردن بە ویست و خواستی پـەروەرێن، ئینجـا ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقـەت لـە ڕێگـەی تێڕامـان و بیرکردنـەوە لـە سـروش (الـوحی)، یـان زانـستە ئـەزموونی و پراکتیکییـەکان، ئەمـەش دواجـار هـەر دەچێتەوە ژێر چەتری عەقڵ.

دیدی ڕابەرانی هزری ئیسلامیەتی مەعریفە سەبارەت بە بابەتی پەیوەندی نێوان عەقڵ و نەقڵ بریتییە لە پەیوەندییەکی تەواوکاری، بەشێوەیەك عەقڵ بـە وەحـی نـاوەکی و نـەقڵ بـە عـەقڵی دەرەکـی لەقەڵـەم دەدەن. وەك لـە

زانایانی پێشین گێردڕاوەتەوە، سەبارەت بەم پرسە گوتوویانە: "الوحي عقل من الخارج، والعقل شرع من الداخل"، سرووش عەقڵی دەرەکییە، عەقڵیش شەرعی ناوەکییە بۆ مرۆڤ، بەمەش تەکامول و هەماهەنگی و یەکانگیری تەواو لەنێوان عەقڵ و نەقڵ دێتەکایەوە.

سێیەم: مەبەستداری (الغائیة)، واتە دروستکردنی جیهان و بوونەوەر ئامانجدارە و، بە بێهودە دروست نەکراوە، ئەم ئامانجەش خۆی لە جێبەجێکردنی ویستی خوداوەند دەبینێتەوە. بوونەوەر بەگشتی جگە لە مرۆڤ، لەڕێگەی ڕێسا گشتییەکان کە بە (سنن الخلق) ناسراون، ویستی خودا جێبەجێ دەکەن. مرۆڤیش لەم بەشەدا وەك تەواوی بوونەوەران ناتوانێت ئەم ڕێسایانە بشکێنێت، یان پشتگوێیان بخات.

بەشەکەی تر کە بریتییە لە بابەتی تەکلیف و خواپەرستی و پابەندبوون بە بنەماکانی شەرع و ئایین، ئەوە مرۆڤ لە دنیا سەرپشککراوە، لەنێوان کردن و نەکردن، لەڕێگەی دانانی پاداشت و سزا. پاداشت بۆ ملکەچان، سزاش بۆ ملهوڕ و سەرپێچیکاران، ﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ...﴾ الكهف: ٢٩، ئەی پەیامبەر، بە مرۆڤایەتی بڵێ، حەق و ڕاستی لای پەروەرێنتانەوەیە، ئینجا هەر کەسێك دەیەوێ با باوەڕ بێنێت و هەر کەسێکیش نایەوێت با ڕێگەی بێباوەڕان هەڵبژێرێت.

چوارەم: تەوانایی مرۆڤ (القدرة الإنسانية)، وەك ئەوەی لە خاڵی سێیەم جەخت لەسەر ئامانجداری بوونەوەر کراوەتەوە، کە لە ناخی مرۆڤ توانای جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بەدیهێنراوە. ناخی مرۆڤ ئەو هێزەی تێدایە خودی خۆی و کۆمەڵگە بگۆڕێت، تەنانەت سروشت و ژینگە و دەوروبەریشی.

لەبەرامبەردا ناخی مرۆڤ، کۆمەڵگە، ژینگە و سروشت ئامـادەیی قبـووڵکردنی کردارەکانی مرۆڤیان تێدا بەرجەستەکراوە، ئینجا ئەم کردارە باش بێت یـان خراپ، جوان بێت یان ناشرین. کۆی گوێڕایـەڵی و بـێ فەرمانییـەکانی مـرۆڤ سـەرەتا دەرچـەی ناخیـەتی، دواتـر لـە زەمینـەی کـرداری نێـو کۆمەڵگـە رەنگدەداتەوە. ئەمەش سـەلمێنەری ئـەو راسـتییەی سـەرەوەیە، کـە خـودا بوونەوەری بەشێوەیەکی وا دروستکردووە، لە بەرامبەر کار و چـالاکییەکانی مرۆڤ رامکراو و ملکـەچ بێـت، ئەمـەش بەشـێکی سـەرەکی مانـای رێـزداری و گـەورەیی مـرۆڤ بەسـەر گیانـەوەرانی تـردا دەسـەلمێنێت، کـە لـە قورئانـدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

پێنجـەم: بەرپرسـیاریەتی و بەرپرسـیاریەتی و پاداشـت (المـسؤولية والجـزاء)، کاتێـك ئـەرکی مـرۆڤ بریتیبێـت لـە جێبـەجێکردنی فەرمانـەکانی پەروەرێن، تواناداریش بێت لە جیێبەجێکردنی ئەم ئەرکە، دیارە ئەم مرۆڤـە هـەڵگری بەرپرسـیارێتییە، چـونکە بـەبێ بەرپرسـیاریەتی و پاداشـت و سـزا گرنگی ئەرکداری نامێنێت. لێپرسینەوە لەسەر بنەمای ئەم کار و چالاکییانە ئەنجام دەدرێت کـە مـرۆڤ ئـەنجامیان دەدات، بۆیـە ملکـەچ و گوێڕایەڵـەکان پاداشت دەکرێن بـە کامـەرانی و خۆشـبەختی و بەختـەوەری لـە بەهەشـتدا، بەمـەش مـافی خۆیـان وەردەگـرن. لەبەرامبـەردا ملـهوڕ و لـە فـەرمان دەرچووەکان، بەهۆی کردارە خراپەکانیان تووشی سزا و ئـازار و ناڕەحـەتی دۆزەخ دەبنەوە[1].

[1] بۆ روونکردنەوەی زیاتر بروانەبەشی یەکەم "یەکتاپرستی وەك جیهانبینی" لە پەڕتووکی "Al-Tawhid: Its Implications For Thought and Life" کەلەلایەن (المعهد العالمي للفكر

بەگوێرەی ئەو خاڵانەی باسمان کرد، یەکتاپەرستی (تەوحید) لە دیدی فاروقی سێ مانای سەرەکی دەبەخشێت:

١: رەتکردنەوەی کۆی ئەو بۆچوون و کار و چالاکییەکانەی کە لەگەڵ حەقیقەت تێکدەگیرێن.

٢: رەتکردنەوەی دژەوانە و تێکگیران و بەردەوامبوون لەسەریان.

٣: کرانەوە و رێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر.

لەپاڵ ئەم بنەما گشتییانە، رۆڵی تەوحید لە دارشتنی بنەماکانی مەعریفە، لە گۆشەنیگای رابەرانی ئیسلامیەتی مەعریفە خۆی لە پێنج خاڵی سەرەکی دەبینێتەوە، وەك لە پەرتووکی (قوتابخانەی ئیسلامیەتی مەعریفە لە دیدی رابەرەکانیەوە) روونمان کردووەتەوە، ئەمانیش بریتین لە (وحدة الخلق، وحدة المخلوق، وحدة الحقيقة، وحدة الحياة، وحدة الإنسانية)، بۆ درێژەی ئەم پێنج خاڵە خوێنەر دەتوانێت بۆ پەرتووکی ناوبراو بگەڕێتەوە[1].

ئەم پێنج خاڵە ئاماژەی مەعریفی و ئەخلاقی گرنگییان تێدایە کە وەك بناخە و ئاراستەکەری هزری ئیسلامی لە دیدی ئیسلامیەتی مەعریفە ناسێندراون. هەروەك ئەم خاڵانە بریتین لە کۆمەڵێك مەشخەڵ و بنەمای سەرەکی دید و تێڕوانینی مەعریفەی ئیسلامی.

ئەم بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، بنەمای سەرەکی مەعریفەن، بەتایبەت بابەتی تەوحید، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بابەتی

الإسلامي) چاپکراوە، ط٢، ١٩٩٢م، ص٩-١٦. هەمان پەرتووك بەعەرەبی: فاروقي، التوحيد: مضامينه على الفكر والحياة، ترجمة: السيد عمر، ٢٠١٠م، ص٤٥-٥٠.

[1] کۆسرەت سالح، قوتابخانەی إسلاميه المعرفه، لا١٨ و لاپەرەکانی دواتر.

تەكامولی مـەعریفی بێتـەئاراوە، بـەدەر لـە تەوحیـد، بـەو مانـا و میتـۆدەی لەسەرەوە باسمان کرد، نەك تەنها گرنگیپێدان بە تەوحید، بەڵکو باسکردنی تەکامول، بریتییە لە دارشتنی مەعریفەی ئیسلامی و تێزەكانی لەژێر چەتری تەوحید بەو مانا و پێكهاتەیەی باسكرا.

كەواتە تەوحید بریتییە لە بنەمای سەرەكیی تەکامولی مەعریفی، چونكە بریتییە لە بنەمای دروستكردنی بوونەوەر، هێنانەكایەی تـەواوكاری لـەنێوان جیهانی بینراو و نـەبینراو، هـەروەها بنـەمای تـەواوكاری سـرووش، جیهـان، عەقڵ و هەستە، بۆیە بەردی بناخە و بنەمای یەكەم دادەڕێژێت.

بنــەمای دووەم، بریتییــە لــە پاڵفتــەكردنی نــاخ و دەروون (التزكیــة)، تەواوكاری و ئاوێتەكردنی رۆح و دەروون و جەستە بـە یـەكتر لەڕێگـەی ئـەم بنەمایـەوە ئـەنجام دەدرێـت، گرنگیـدان بـە تـاك و كۆمەڵگـە و هاوسـەنگی دروستكردن لەنێوانیان، یەكانگیرکردنی زانست و كار، بە كارایی و كارامـەیی گرنگترین بەرهەمی ئەم پاڵفتە دەروونییە دەبن.

سـێیەم، ئاوەدانكردنـەوە (العُمـران): بریتییـە لـە بنـەمای سـێیەم، كـە لەڕێگەیەوە تەواوكاری لەنێوان كۆی پێویستییەكانی ژیان فەراهەم دەكرێت. بــەجۆرێك كــشتوكاڵ، پیــشەسازی، بازرگــانی، پەیوەنــدی و گەیانــدن، ئاوێتەكردنی زانستە ئاسمانی، ئەزموونی، سروشـتی، تەكنـەلۆژیی، سـوود و چێژوەرگرتن، هەموویان بەیەكەوە لەڕێگەی ئەم بنەمایەوە بەرهەمدێن[1].

---

[1] بروانە: فتحی ملكاوی، التكامل المعرفی، ص٢٤٣.

ئاوەدانکردنەوە تەنها لە باڵەخانەی بەرز و ڤێلای قەشەنگ و شەقامی پان و پۆڕدا کورتنابێتەوە، بەڵکو ئاوەدانکردنەوەی دڵەکان، حەسانەوەی خەیاڵ و خەیاڵدانە ماندووەکان، تێرکردنی پاشخانی هزر بە مەعریفە و زانستێکی دروست و تەندروست، پێگەیاندنی مرۆڤێکی چاك و چاکەخواز، هەماهەنگی نێوان تاك و خێزانەکان، دروستکردنی پەیوەندی نێوان تیرە و هۆز و وڵاتان، بنبڕکردنی خوێنڕێژی و پێشگرتن لە پێشێلکردنی مافەکان....هتد، هەموو ئەمانە بریتیین لە ئاوەدانکردنەوەی حەقیقی، کە بنەمای سێیەمی تەکامولی مەعریفی پێکدێنێت.

بەشی دەیەم

پەیوەندی نێوان تەکامولی مەعریفی و ئیسلامییەتی مەعریفە

لە لاپەڕەکانی رابردوو تیشکمان خستە سەر پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و ئامانجەکانی، لەم برگەیەشدا وەڵامی سێ پرسیاری گرنگ دەدەینەوە، ئەمانیش بریتین لە: پەیوەندی نێوان ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی چییە؟ لەکوێ بەیەك دەگەن؟ لەکوێ جیادەبنەوە؟

پەیامی پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی سەبارەت بە پڕۆژە هزرییەکەی ئیسلامیەتی مەعریفە روونە و لە دووتوێی کتێبێدا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لەژێر ناونیشانی (إسلامية المعرفة، المبادئ العامة- خطة العمل- الإنجازات) چاپکراوە، بیرمەندی شەهید (ئیسماعیل راجی فاروقی) بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی، عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمانیش بۆ زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە، توێژەریش لە پەرتووکی (قوتابخانەی إسلامية المعرفة لە دیدی رابەرەکانیەوە) گرنگترین تێزە هزرییەکانی بە زمانی کوردی بڵاوکردوونەتەوە.

لەم پەیامەدا کە یەکەمین پەیامی فەرمی پەیمانگایە، بەڕوونی دیارە کاری لەپێشینە بریتییە لە چارەسەرکردنی قەیرانی هزری لەڕێگەی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی پەروەردە، بەتایبەت نەهێشتنی دووفاقییە و دووجەمسەری لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

بیرمەندانی پەیمانگا لەسەر ئەو باوەڕەن لەڕێگەی بووژاندنەوەی کەرتی پەروەردەوە، دەکرێت سەرجەم کەرتەکانی تریش ببووژێندرێنەوە، بەپێچەوانەوە بە فەرامۆشکردنی کەرتی پەروەردە، زیاتر دواکەوتنی زانستی و مەعریفی و هزری و تەکنەلۆژیی دەبێتە بەشی موسڵمانان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، ئەمەش بەواتای خستنەگەڕی پەروەردە و فێرکردن بۆ گرنگیدان بە پرسەکانی ئوممەتی ئیسلام دێت. هەر بۆ هەمان مەبەست و بەرجەستەکردنی پڕۆژەکە زانکۆی (الجامعة الإسلامية العالمية– ماليزيا) دروستکراوە وەك لەرابردوودا رونمانکردەوە.

خودی بیرۆکەی دامەزراندنی زانکۆکە بۆ بەرجەستەکردنی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە بوو، دواتر کردنەوەی کۆلێژێکی گەورە بە ناونیشانی (معارف الوحي والعلوم الإنسانية) زانستەکانی سروش و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بریتی بوو لە هەنگاوی کردەیی بەرجەستەکردنی پڕۆژەی تەکامولی مەعریفی.

کەواتە زانکۆی ئیسلامی لە زەمینەی کرداری، لەیەك کاتدا هەوڵی بەرجەستەکردنی پڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەکامولی مەعریفی دەدات، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ هەبوونی پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئەم دوو پڕۆژە هزری و مەعریفییە.

لـه بەرجەسـتەکردنی هـەردوو پڕۆژکـە پـشکی شـێر بـەر ئـەبو سـلێمان دەکەوێت، چونکە ئەو بـە نوێنەرایـەتی پـەیمانگا بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵ بـووە سەرۆکی زانکۆ. دوایی ئەوەی وەزارەتی پەروەردەی مالیزیا لە ساڵی ١٩٨٨ بە فەرمی داوای لە پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی کرد، کـە بیرمەنـدێکی پەیمانگا وەك نوێنەر بنێرێت بۆ بەرجەستەکردنی هزری ئیسلامیەتی مەعریفە لە زانکۆیی ئیسلامی جیهانی–مالیزیا[1].

لەم ماوەیەدا هـەم زانکـۆ لـەڕووی سـتراتیژ و هـزرەوە، هـەمیش لـەڕووی ئیـداری و کارگێڕییـەوە، لـەپاڵ دابینکردنـی ئامرازەکـانی وەك باڵەخانـە و پێداویستییەکانی زانکۆوە، گەشانەوەیەکی پێشبینی نەکراوی بەخۆوە بینی.

خـوودی دامەزرانـدنی کۆلێـژی مـەعاریف، هـەنگاوێکی جـددی بـوو بـۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونێکی نوێ، لەسـەر هـەردوو ئاسـتی جیهـانی و ئاسـتی وڵاتە ئیسلامییەکان، چونکە لە رۆژئاوا بەشێوەیەکی گردەبڕانە دەستی ئایین لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییـەکان بـڕدراوە، لـە وڵاتـە ئیـسلامییەکانیش دابەشکاری لەنێوان خوێندنی ئیسلامی و خوێندنی گشتیی عەلمانی کراوە.

بۆیـە کۆکردنـەوەی زانـستە ئایینییـەکان لەگـەڵ زانـستە ئـەزموونی و مرۆییـەکان بـەر لـە زانکـۆی ئیـسلامی، بـەم پەیکـەر و پڕۆگرامـەوە تـاقی نەکراوەتەوە، بۆیە بەئەزموونکردنی ئەم بیرۆکەیـە، جیـا لـەوەی نـوێ بـوو، دەستپێشخەری بۆ کارێکی لەم چەشنە زۆریش قورس بوو.

---

[1] عبدالحميد أبو سليمان، إسلامية الجامعة وتفعيل التعليم العالي بين النظرية والتطبيق، مجلة إسلامية المعرفة، العدد٢٧، ٢٠٠١م، ص١٢٨.

خالّی هەرە قورس لەبەردەم سەرکەوتنی ئەم بیرۆکەیە، بریتی بوو لە جیاوازی زەمینەی هزری و مەعریفی ئەم دوو زانستە، چۆن دەکرێت کۆبکرێنەوە و بەهەماهەنگییەوە لە دووتوێی پەرتووکێك چاپ بکرێن؟ دواتر لە هۆڵێکی خوێندن ئەزموون بکرێت!! ئەم خالّە وەك تەحەددایەکی مەترسیداری بەردەم پڕۆژەکە دەهاتە بەرچاو.

کاری هەرە قورس لە تێکهەڵکێشکردنی ئەم دوو کایە مەعریفییە، لەوە خۆی دەبینێتەوە، سەرجەم سەرچاوە بەردەستەکانی هەردوو بوارەکە بەشێوەیەك نووسراون، تەنها جەخت لەسەر بوارێك دەکەنەوە، واتە بەئەستەم دەتوانرا سەرچاوەیەك بدۆزرێتەوە کۆکەرەوەی هەردوو بوارە مەعریفییەکە بێت.

بۆیە رابەرانی پەیمانگا و مامۆستایان کەوتنە ژێر فشارێکی توند، چونکە پێویست بوو لەسەر شێوازی توێژینەوە، کۆمەڵێك بابەت وەك مەنهەجی بەشەکان رێنووس بکەن. پێویست بوو پڕۆگرامەکە بەشێوەیەك نووسرابێت، زانستە پراکتیکییەکان لە چوارچێوەی دیدێکی گشتگیری فرەلایەنەی ئیسلامی خرابنەڕوو، بۆنموونە (دەروونناسی، کۆمەڵناسی، پەروەردە، ژیارستانی، زمان و کولتوور ...هتد) سەرجەم بەشەکانی تری کۆلێژی مەعارف کە زۆربەیان لەسەر بنچینەیەکی دوور لە ئایین داڕێژراون، دەبووایە لەسەر بنچینە و بناخەیەکی تۆکمەی ئیسلامی بخرێنە بەردەستی خوێندکاران.

ئەمە کارێکی ئاسان نییە، وەك نموونەی موتربەکردنی دارەکانی (خـۆخ و شۆڕەبی) دێتە بەرچاو، تـا دانەیـەك دەردەچـێت، ١٠ دانـە و زیـاتریش زڕ و بێبەرهەم دەبن.

بەواتایـــەکی تـــر، دارِشـــتنەوەی زانـــستە ئەزموونییـــەکان لەڕێگـــەی ئاوێزانکردنیان بە دیدگایەکی ئیسلامی، بەئامانجی کەمکردنەوە و بنبڕکردنی هەژموونی فەلسەفەی رۆژئاوایە کە بنچینە و سەرچاوەکەی بۆ خوودی مـرۆڤ دەگەڕێتەوە و لە زۆربەی کاتدا مـرۆڤ بـە چـەقی گـەردوون پێناسـە دەکـات، بەپێچەوانەی دیـدە ئیـسلامییەکە کـە خـودا چـەقی گـەردوون و سەرچـاوەی داهێنان و بەدیهێنەری بوونەوەر و زانستەکانە، خودی پرۆسەکەش بابەتێکی پڕکێشەیە، کارێکی زۆر و هیممەتێکی ئێجگار زۆری دەوێت.

جیا لە بەربەستە ماددییەکان، چـەند بەربەسـتێکی هـزری و مەنهـەجیش لەبەردەم ئەم پرۆسەیە قوت بوونەوە، گرنگترینیان دژایەتیکردنی بەشێك لـە بیرمەنـدان بـوو، کۆمـەڵێك نـاوداری جیهـانی ئیـسلامی کـە لـە نزیکـەوە لـە پرۆژەکە ئاگادار بوون، بەرامبەر بەم ئەزموونە نوێیە وەستانەوە، هەریەکە و بە بیانووێکی جیاواز.

بەشـێك لـە چـاودێر و پـسپۆڕ و توێـژەران بۆچـوونیان وابـوو، بـەهیچ شێوەیەك خاڵی هاوبـەش لـەنێوان ئـەم دوو بـوارە مەعریفییـە، زانـستەکانی وەحـی و مرۆڤایـەتی (معـارف الـوحي والعلـوم الإنـسانية) نییـە. دەرەنجـام، ئاوێتەکردن و ئاوێزانکردنی دوو شت لە شتێکدا کە هیچ خـاڵێکی هاوبەشـیان لەنێواندا نەبێت، کارێکی ئەستەمە، چونکە دژەوانە هەرگیز کۆناکرێنەوە.

ئیدی له دیدی ئەمان هەر هەوڵێکی لەم چەشنە نەزۆك دەردەچێت، تا ئەم ساتەش بەشێك لەم توێژە لەنێو زانکۆی ئیسلامی هەن، ئەگەرچی بە پەنجە دەژمێردرێن، بەڵام لە بنچینەوە باوەڕیان وایە، تەنانەت ئەگەر لە بواری تیۆریش کارێکی لەم چەشنە ئەنجام بدرێت، لە بواری کردارییەوە ئەستەمە.

بەشێکی تریان وای بۆ دەچن، ئەم پڕۆسەیە بریتییە لە بەیەکگرتنی زانست بە فیقه، هەروەك بیرمەندی توونسی ئەبو یەعرەب ئەلمەرزوقی لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بۆ دەکات. ئەو پێیوایە ئەم یەکگرتن و تێکهەڵکێشییە لە بەرژەوەندی زانست دەبێت، سەرەنجام زانست و فەلسەفەی رۆژئاوا هەژموونی خۆیان بەسەر فیقه و ئایین دەسەپێنن، بەمەش ئایین بە دۆڕاوی لە پڕۆسەکە وەدەر دەنرێت[1].

لەڕاستیدا فیقه بوارێکی سەربەخۆیە و کۆباس و تێزە فیقهییەکان لە تێزە زانستییەکان جیان، بەڵام بەومانایە نا ئەگەر زانستە ئەزموونییەکان وەك (دەرووناسی و کۆمەڵناسی...هتد) لەسەر هێڵی پانی ئایین دابمەزرێن، زیان بە ئایین یان بە زانست دەگات. بەپێچەوانەوە کرداری ئاوێتەکردن و تێکهەڵکێشکردن لەنێوان ئەم دوو بوارەدا کارێکی زۆر پێویستە، هەم بۆ زانست و هەمیش بۆ ئایین، سەرەڕای پێگەیاندنی تاقمە زانایەکی زانا و دیندار، وەك مەهاتیر محەممەد، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری مالیزیا لەبارەی

---

[1] أبو يعرب المرزوقي، إسلامية المعرفة رؤية مغايرة، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١٤، ص١٤٨.

ئامانجی بیناکردنی زانکۆی ئیسلامی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا ئامـاژەی بۆ دەکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازییەکی ورد لەنێوان تەئسیس و تەئـسیل (التأسیس والتأصیل) بکەین، پڕۆژەی تەکامولی مەعریفی لە خانـەی یەکـەم خـۆیی نمـایش دەکـات، نـەك دووەم. بەواتایـەکی تـر، پێویـستە هـەر لـە سەرەتاوە خودی زانستە ئەزموونییەکان لەسەر بنچینەیەکی ئایینی رێنووس بکـرێن، نـەك سـەرەتا بنووسـرێنەوە، ئینجـا لـە تێکستە ئایینییـەکان بـۆ شەرعیەتدان بە کۆباسـەکانیان بـە ئاراسـتەی تەئـسیلکردن هـەنگاو بنرێـت، وەك ئەو شێوازە تەقلیدییەی لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەدی دەکرێت.

سەرەڕای دەیان و سەدان تێبینی و سەرنج و رەخنە و پێشنیاز، تەنانەت زۆرجار کار گەیشتووەتە بێئومێدکردن و تانەلێدان، بـەڵام سـووربوونی ئـەبو سـلێمان لەسـەر تێـزە مەعریفییـەکانی ئیـسلامیەت و تـەکامولی مـەعریفی، ئەنجامی کرداری دڵخۆشکەر و چاوەڕوان نەکراوی هێنایە بەرهەم، بەتایبـەت دوای ئەوەی توانی کۆلێژی مـەعاریف بـۆ زیـاتر لـە ١٠ بـەش فـراوان بکـات، هەروەها گۆڤارێکی هزری و مەعریفی شەش مـانگ جارێـك تایبـەت بـە تێـزە هزرییەکانی ئەم پڕۆژەیە بەناوی (التجدید) دەربکات، کە یەکەم ژمـارەی لـە سـاڵی ١٩٩٧ دەرچـووە و تـاوەکو ئێـستاش بەردەوامـە، گۆڤارەکـە بووەتـە جێگەی سەرنج و ئومێدی ژمارەیەکی زۆر لـە بیرمەنـد و خـەمخۆرانی جیهـان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی.

بەشێك لە توێـژەرانی ئاگـادار لـە پرۆژەكـە وەك –ئەبوبـەكر محەممـەد– بەنموونە [1]، پێیانوایە دیدگای كۆلێژی مەعاریف بۆ زانستەكان، بریتییە لـە تێپەڕاندنی دیدی فیقهی رووت بۆ چارەسەركردنی كێشە پەیوەندیدارەكان بە زانستە كۆمەڵایەتییەكان و زانستەكانی كۆمەڵگە. لەبری ئەم دیدە فیقهییـە، كار بۆ هێنانەپێشەوەی كۆمەڵێك ئامرازی مەعریفی وەرگیراو لـە تێگەیـشتنە گشتییە قورئانییەكان دەكات، ئەم تێگەیشتنە قورئانییـە گـشتییانەی رووی دەمیان لە مرۆڤایەتییە، نەك بەتەنها موسڵمان و ئیمانداران، بەواتایەكی تـر، ئـەو مەفهومانـەی هەمیـشە خـودا لەڕێگەیانـەوە لـە قورئـان عـەقڵی مرۆڤـی دواندووە.

سەبارەت بە مەفهومـەكانی تایبـەت بـە شـەریعەتی ئیـسلام، ناكرێـت لـە مەفاهیمە گشتییەكان دووربخرێنەوە، بەڵكو ئەوانیش لـەژێر هەژموونگـەرایی دیدگا قورئانییە گشتییەكە ناتوانن ملكەچ نەبن، چونكە ئەمانیش دواجار لـە ئامانجەكەیانـەوە بەیـەك دەگـەن، كـە بریتییـە لـە رێكخـستنی كۆمەڵگـەی مرۆڤایەتی، كاراكردنی بەهاكان لە ئاراستەكردنی ئاكاری مرۆڤ بۆ دادگـەری و چاكە، هـەروەها دووركەوتنـەوە لـە ستەم و شـەڕانگێزی، ئـەم كۆباسـانەش تەنها تایبەت نین بە تاك یان كۆمەڵگەی موسڵمانان، بەڵكو پەیوەندیدارن بـە سەرجەم مرۆڤایەتی.

بۆیـە لـە ئەگـەری سـەركەوتنی زانكـۆ لـەم پرۆژەیـە، واتـە دامەزرانـدنی نموونەیەك كە شیاوی چاولێكردن و ئەزموونكردن بێـت، لـەڕووی رێكخـستنی

[1] أبوبكر محمد إبراهيم، مفهوم التكامل المعرفي وعلاقته بحركة إسلامية المعرفة، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ٤٣، ص٣٣ و ، دواتر.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر ئەم چەمك و تێگەیشتن و یاسا و رێسایانە، کە بە زمانی سەردەم کۆمەڵگە سەردەمییەکان بدوێنێت، ئەوە دەتەوانێت خزمەتێکی ئێجگار گەورە پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات.

هەر خوودی پرۆژەکەش لە یەك کاتدا، رەخنە لە زانستە ئیسلامییە تەقلیدییەکان و زانستە ئەزموونییە دوور لە دینییەکان دەگرێت، لەبری هەردووکیان، پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی کار بۆ هێنانەپێشەوەی زانستێکی تۆکمە دەکات، لەسەر بنچینەی دیدە گشتییەکەی قورئان بیناکرابێت، زانستە ئەزموونی و پراکتیکییەکانیشی لەخۆگرتبێت.

بەشی یانزەیەم
تەكامولی مەعریفی لە قورئاندا[1]

سەرچاوەی دیدگای بیرمەندانی پەیمانگا بۆ بابەتی تەكامولی مەعریفی بریتییە لە قورئانی پیرۆز، ئەگەر بەوردی سەیری قورئان بكەین، بۆمان دەردەكەوێت ئایەتەكانی قورئان بەچڕی جەخت لەسەر چەند خاڵێك دەكەنەوە، گرنگترین ئەو خاڵانەی بوونەتە سەرچاوەی تەكامولی مەعریفی لە قورئاندا، ئەمانەن: تاقانەیی پەروەرێنی بەدیهێنەر، بوونەوەری بەدیهێنراو، مرۆڤی جێنشین، فێركردنی مرۆڤ بە سەرجەم ناوەكان وەك لە سوورەتی (البقرة)دا هاتووە، دواتر دابەزینی سرووشی خودا لە ئاسمانەوە، وەك رێنماییكار و رێنیشاندەر بۆ مرۆڤی سەر زەوی بەدرێژایی كاتی نێوان ئادەم و محەممەد (درودی خودا لەسەر هەموو پەیامهێنان).

---

[1] ئەم بەشە بەرهەمی توێژەرە، وەك تەتبیقات چاوخشاندن و گەشتێكی خێرا بەناو سورەتەكانی قورئان، بەمەبەستی ئاشنابوون بەكرداری تەكامولی مەعریفی لەقورئاندا، لەسەر هەر سێ ئاستی (سوورەت، ئایەت، ناوی سورەتەكان).

کەواتە ئەم پێنج خاڵەی سەرەوە (خودا، بونەوەر، مرۆڤ، فێرکردن، سرووش)، لەسەر شێوازی یەکەی جیاجیا باسکراون، کۆکردنەوەی هەموویان بەیەکەوە لەسەر شێوەی یەکەیەکی تۆکمە، ئاماژەیەکی روونە بۆ تەکامولی مەعریفی.ئەگەر سەیری زۆربەی سوورەتەکانی قورئان بکەین، بەتایبەت ئەو ئایەتانەی لە قۆناخی مەککە دابەزیون، دەبینین چۆن خوای پەروەرێن پرسەکانی گەردوون و دیاردەکانی، لەگەڵ کار و چالاکییەکانی مرۆڤ و رەهەندی دەروونیی مرۆڤایەتی یەکانگیر کردووە، سوورەتی (القيامة) بەنموونە. وەك دەبینین هەر لە سەرەتای سوورەتەکەوە باسی رۆژی دوایی دەکات، پاشان باسی دەروونی لۆمەکاری مرۆڤ و زیندووبوونەوە دەکات و جەخت لەسەر تواناکانی پەروەرێن دەکاتەوە لە کۆکردنەوەی پارچەکانی جەستەی شیبووەوەی مرۆڤ.

ئەم سورەتە باسی دیاردە گەردوونییەکانی وەك چۆنیەتی مانگگیران و ونبوونی رووناکیی خۆر و مانگ و کۆکردنەوەیان لە رۆژی دواییدا دەکات، پاشان دێتە سەر باسکردنی گرێدانی هەردوو ژیانی ئێستا و دوارۆژ بەیەکەوە، کە بریتییە لە تێکهەڵکێشکردنی جیهانی بینراو و جیهانی نەبینراو، ئینجا دووبارە باسی پێکهاتەی ناخی مرۆڤ دەکات. ﴿بَلِ ٱلْإِنسَٰنُ عَلَىٰ نَفْسِهِۦ بَصِيرَةٌ ﴿١٤﴾ وَلَوْ أَلْقَىٰ مَعَاذِيرَهُۥ﴾ القيامة: ١٤ – ١٥.

ئەم تێزانەی سەرەوە بەشێکی سورەتەکە پێکدەهێنن و دەکرێ لە زانستە ئەزموونییەکانیشدا رێنماییکەر و رێنیشاندەری کۆمەڵێك گریمانە و بابەتی زانستی بن، هەر لە دەروناسییەوە بگرە تا دەگاتە گەردووناسی و زانستی پزیشکی.

قورئان لەدوای باسکردنی ئەم بابەتانە، باسی پڕۆسەی دابەزینی سرووش بۆ پەیامهێن (دروودی خوای لەسەر) دەکات و پەیامهێن لەوە دڵنیادەکاتەوە کە خودا لە لەبیرچوونەوە و لەدەستچوونی ئایەت و سوورەتەکانی قورئان دەیپارێزێت. بەم کارەش راستەوخۆ مرۆڤ بەوە ئاشنا دەکات کە رایەڵە و پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئەم دوو بوارە مەعریفی و زانستییە لەگەڵ زانستە ئاسمانی و مرۆییەکاندا هەیە.

لە هەمان سوورەتدا باسی قیامەت و بینینی پەروەرێن و رووسپیبوونی هەندێ لە مرۆڤەکان و رووڕەشی مرۆڤەکانی تر دەکات، هەر بەمەش ناوەستێت، بەڵکو ساتەوەختی گیانەڵڵا و دەرچوون لە دنیامان وەك گرتەیەکی ڤیدیۆیی بۆ تۆمار دەکات، بەتایبەتکاتێك باسی نائومێدی مرۆڤ لە ژیان دەکات لە ساتەوەختیسەرەمەرگدا، کە قاچەکانی لێکدەئاڵێن و پەشیمانبوونەوە دادی نادات، لەم ساتەوەختە یەکلاییکەرەوەدا، خزم و دۆست و خانەوادەکان پەنا بۆ نووشتە و گشتەك و نزا و پاڕانەوە دەبەن، بەو مەبەستەی فریای بکەون و لە مردن رزگاری بکەن، بەلام پەروەرێن جارێکی تر ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەنجامدانی رەفتار و کرداری چاك و خۆبەخشانە، چەند بۆ مرۆڤپێویستن، بەشێوەیەك هەم لە سەرەمەرگ و، هەمیش لە ژیانی دواڕۆژ بەفریای چاکەکاران دەکەون. بەپێچەوانەوە،ئەنجام نەدانی ئەرك و پێویستییە ئایینییەکان، خۆبەدوورگرتن لە کار و کردەوەی خۆبەخشانە دەبێتە مایەی رەنجەڕۆیی و بەدبەختی دنیاکەی تریان.

لە کۆتا ئایەتەکانی ئەم سوورەتە پیرۆزەدا، دیسان بابەتی ئەرکداری مرۆڤ و چۆنیەتی دروستبوونی مرۆڤمان بیردەخاتەوە، ئەویش لەڕێگەی

خـــستنەڕووی چـــەند پرســـیارێکەوە، ڕووی دوانـــدن دەکاتـــە مـــرۆڤ و دەفەرمووێت:

ئاخۆ مرۆڤ بە بێهودە دروستکراوە؟ ئاخۆ لە دڵۆپە ئاوێکی تکاو دروست نـەکراوە؟ ئـاخۆهـەر ئـەم دڵۆپـە ئـاوە تکـاوە نەبووەتـە پارچـە گۆشـتێکی هەڵواسـراو لـە رەحمـی ئافرەتـدا؟ دواتـر هـەردوو رەگـەزی نێـر و مێـی لـێ دروستکراوە، ئایا ئەو بەدیهێنەرەی خاوەنی ئەم هەموو توانا بێسنوورانەیە، لە هەمبەر زیندووکردنەوەی مردوواندا تواناداری نییە؟

دوای وردبوونەوە لەم سوورەتە پـیرۆزەدا کـە کۆمـەڵێك کۆبـاس و تێـزی جیـاوازی تێـدا باسـکراون، وا دەردەکـەوێت هەریـەك لـەم تێزانـە یەکەیـەکی سـەربەخۆن، دواتـر قورئـان لـە یەکەیـەکی تۆکمـەدا بەشـێوەی پاکێجێـك کۆیکردوونەتەوە، ئەم یەکە تۆکمەیەشی ناو ناوە سووڕەتی (القيامة).

بـا تـەماشـای باسـی (دواڕۆژ، دەروونـی مـرۆڤ، مـەرگ و شـیبوونەوەی جەستە، مانگگیران و خۆرگیران و دیاردە گەردوونییـەکان، هاتنـەخوارەوەی سرووش و پاراستنی لەلایەن پـەروەرێن، حەشـر و حیسابی دواڕۆژ، بایـەخی کردەوەی چـاکە و چـالاکی خۆبەخـشانە، خانـە و هـەنگاوە سـەرەتاییەکانی دروستبوونی مرۆڤ، تواناداری بەدیهێنەر لە زیندووکردنەوەی مرۆڤـی مـردوو) بکەین، هەموو ئەم یەکانە، ئەگەر بە جیاواز و یەك بە یەك تەماشایان بکەین، دەبینین تێزی سەربەخۆن، بەڵام ئەوکاتەی بەتێکڕایی و بەشێوەیەکی گشتی لە سوورەتی (القيامة) لێیان ورد دەبینەوە، دەردەکەوێت وەك جەستەیەکی تەندروسـت و هاوسـەنگ وان، بۆیـە ئەگـەر هەریـەکێك لـەم تێزانـە پـەراوێز بخرێـت، ئـەوا جەسـتە تەندروسـتەکە هاوسـەنگی و تەندروسـتبوونی

لەدەستدەدات، بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنێین ئەم سوورەتە پیرۆزە و تەواوی سوورەتەکانی تر، کلیل و دەرگای ئاشنابوونمانن بە یەکانگیرکردنی بابەتەکان لەگەڵ یەکتر.

ئەگەر بەوردی سەرەنج لە هەر سوورەتێکی قورئان بدەین، دەبینین پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان سەرەتا و کۆتاییەکەیدا هەیە، رەنگە هەندێکجار مرۆڤ نەتوانێت بەوردی پەیوەندییەکە دەستنیشان بکات، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نییە کە پەیوەندییەکی لەم شێوەیە نییە، بۆیە خوێنەر دەتوانێت بەمجۆرە لە تەواوی سوورەتەکانی قورئان وردبێتەوە، بەڵام وەك رێنماییکردن و ئاسانکاری، خوێنەر لێرەدا دەتوانێت خۆی سەرنج بداتە سوورەتی (الشمس) کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ سوورەتی (القيامة)دا هەیە.

ئەگەر لەم بابەتەداوردتر لە قورئان بڕوانین، دەبینین بابەتی تەکامول لە هەموویان زیاتر دەدرەوشێتەوە، روانگەی یەکانگیر و گشتگیریی قورئان لەڕووی ئایەتەکان و وابەستەکردنیان بە یەك، وەك تەسبیح، بە تەکامول ئاشناترمان دەکەن، بۆیە لەم خاڵەدا رۆڵی ئایەتەکان زیاتر بەدیار دەکەوێت.

دابەشکردنی قورئان بۆ ١١٤ سوورەت، دواتر هەر سوورەتەو بۆ چەند ئایەتێکی کورت و درێژ، جێگەی تێڕامان و وردبوونەوەیە، لە هەندێ شوێن دوو ئایەتی بەدوای یەکدا هاتوو، دوو پێکهاتە و ناوەڕۆکی زۆر لەیەك دووریان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی وا داڕێژراون، وەك ئەوەی بە یەك بابەت تایبەت بن و هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا بەدی ناکرێت.

لەڕووی زمانەوانییەوە وشەی (آیة) بە واتای نیشانە و بەڵگەی زیاتر بەکاردەهێندرێت، لەڕووی زاراوەی قورئانیشەوە بەو رستانە دەگوترێت کە کەوتوونەتە نێوان دوو ئەستێرەی قورئان، وەك چەمکێکی بەکارهاتوو، وشەی ئایەت لەنێو قورئاندا، زیاتر ئاماژەیە بۆ فەرمایشتە رێنووسکراوەکانی پەروەرێن لەگەڵ دیاردە گەردوونییەکان کە بەچاو دەبینـدرێن، ئەویش لە بـوارە ماددییـەکانی وەك ئاسمـان و ئەسـتێرە و کـەژ و کێـو و زەریـا و دەریاکـان. هـەروەها لـە بـواری کۆمەڵایـەتی وەك ئـەو دەیـان پەیوەنـدی و پلەبەندییـە کۆمەڵایەتییـەی لـەنێو کۆمەڵگـە جیاوازەکـانی مرۆڤایـەتی بەدیدەکرێن، لە بواری دەروونیش وەك ئەو دەیان جۆرە کەسایەتی و بابەتە دەروونییانەی لە روانگەی دەروونناسییەوە گەنگەشە کراون.

بۆ ئەم بابەتانە قورئان لەڕێگەی دوو دێڕی کورت و پوخـت قسەی خـۆی کردووە، ﴿وَفِي ٱلۡأَرۡضِ ءَايَٰتٞ لِّلۡمُوقِنِينَ ٢٠ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ٢١﴾ الذاريات: ٢٠ –٢١، لـە زەویـدا چەندین نیشانە و بەڵگە، تەنانەت لە دەروونی خۆشتاندا، بۆچی تێڕانامێنن؟ لـە چـەند شـوێنێکی تـردا، قورئـان مـرۆڤ بـۆ وردبوونـەوە لـە سـەرەتای دروستبوونی بوونەوەر و گەردوون بانگهێشت دەکات، ئەم بانگێشتەش وەك ئەوە وایە پەروەرێن لەڕێگەی ئـەم دەرگایـەوە، بـە مـرۆڤ بڵێـت ئـەی مـرۆڤ، خـۆت بـەراوردێك لـەنێوان روانگـەی قورئـان لـەبارەی خـاڵی دەسـتپێك و سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ و بوونەوەر بکە، دواتر لەگەڵ زانستەکانی تـری وەك زینـدەوەرزانی و جیۆلـۆجی و زانـستە هاوشـێوەکانیان بـەراوردی بکـە، بۆئـەوەی شـوێنەواری ژیـان و گەوهـەرە شـاراوەکان و تـابلۆ کێـشراو و رازاوەکانی گەردوون ببینیت.

کاتێك قورئان مرۆڤایەتی بۆ گەڕان و پـشکنین لـە کـون و کەلەبـەرەکانی زەوی، تێڕامـان لـە چارەنووسـی گـەلانی رابـردوو و ئاشـنابوون بـە ژیـارە کۆنەکان بانگ دەکـات، ئامانجەکـەی بریتییـە لـە پـەنـد و وانـەوەرگرتن لـەم رووداوانـە، بۆئـەوەی لـەم رێگەیـەوە مـرۆڤ ئـەزموونی تـاڵی گـەلانی رابـردوو دووبارە نەکاتەوە و سوودیش لە باشی و جوانییەکانیان وەربگرێت.

لەڕێگـەی بەدەمــەوەهاتنی ئـەم بانگـەوازە قورئانییـە، کـە بریتییـە لـە تێڕوانین و گـەڕان بـەدوای نـاو و مێـژووی گـەلانی رابـردوو، مـرۆڤ دەتوانێـت کۆمــەڵێك داتــا و زانیـاری بـەنرخ بەدەسـتبێنێت، بەتایبـەت لـە بوارەکـانی (مێــژوو، شوێنەوارناســی، مرۆڤناســی – ئــەنترۆپۆلۆجیا، بــەراوردکردنی ئایینــەکان و کۆمەڵناســی...هتــد). هــەروەها لەڕێگــەی بەدەمــەوەهاتنی بانگەوازی قورئـان سـەبارەت بـە تێفکـرین و تێڕامـان لـە ئایـەت و نیـشانە و نهێنییەکانی پەروەرێنی بەتوانا، لە ئاسۆکانی گەردوون و دەروون (في الآفـاق وفي الأنفـس) مـرۆڤ دەتوانێـت زانـستەکانی گەردوونناسـی و دەروونناسـی دەوڵەمەندتر بکات.

ئەم تێگەیشتن و وردبوونەوەیە لە قورئان، ئەو راستییە دەسەلمێنێت کـە لـە دیـدی ئیـسلامدا، هـەموو زانـست و بـوارێکی مـەعریفی، بەشـێوەیەك لـە شێوەکان سـوود بـە مرۆڤایـەتی و گـەردوون دەگـەیێنێت، ئـەوەش کـارێکی پەسەندکراوە و پێویستە مرۆڤی موسڵمان هەوڵی بەدەستخستنی بدات، ئـەو وەهەمەش دەڕەوێنێتەوە کە زانست بە مانا قورئانییەکـەی تـەنیا لـە زانـستە شەرعییەکان، یان لە زانستە ئیسلامییەکاندا کورت بکرێتەوە، وەك هەندێ لە موسڵمانان وا تێیگەیشتوون، بەڵکو ئەو زانستەی قورئان و فەرموودە، هـانی

موسـوڵمانان دەدەن تێکڕایـی هەوڵـەکانیان لـەپێناو بەدەستخـستن و بەگەڕخـستنیان بـدەن تێکڕایـی جۆرەکـانی زانـستە سوودبەخـشەکانن. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، تەنیا لەڕێگەی زانستە ئیسلامییەکان ناتوانرێت جێنـشینایەتی و ئاوەدانکردنـەوەی زەوی بەرجەسـتە بکرێـت، کـە بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی سەرشانی مرۆڤ و بەتایبەت موسڵمانانە.

قورئان و فـەرموودە کـە بـریتیین لـە دوو سەرچاوەی ڕەسـەنی ئیـسلام، هـەرگیز بانگەشـەی ئـەوەیان نـەکردووە مرۆڤـی موسـڵمان تـەنها هـەوڵی بەدەستخستنی زانستە ئیسلامییەکان بدات، بەڵکو بەدەر لە بەدەستخستنی زانـستە ئەزموونییـەکان، وەڵامـی پـەیامی قورئـان نادرێتـەوە. تەنانـەت هەڵبژاردنی ناوی سوورەتەکانی قورئانیش ئاماژەیەکی روونە بـۆ تـەکامول و پێکهاتـەی یـەکانگیری نێـوان زانـستە ئیـسلامی و زانـستە ئەزموونییـەکان. ئەگەر بەشێوەیەکی رووکەشیش سەیری ناوی سوورەتەکان بکرێت، هەسـت بەو ڕاسـتییە دەکرێـت، بۆنموونـە: کاتێك دەگوترێـت تـەکامول بریتییـە لـە گرێـدان و وابەسـتەکردنی گـەردوون و کۆمەڵگـە و نـاخی مـرۆڤ بەیـەکتر و، وابەسـتەکردنی هـەردوو جیهـانی بینـراو و نـەبینراو، بـەڕوونی لـە نـاوی سوورەتەکان هەماهەنگی و یەکانگیرییەکی لەم چەشنە دەبیندرێت.

لە ڕەهەندە گەردوونییەکەش، لە قورئاندا سوورەتەکانی (الرعد، الكهـف، النـور، فـاطر، الـدخان، الـنجم، القمـر، الملـك، التكـوير، الانفطـار، الانـشقاق، الـبروج، الطـارق، الفجـر، الـشمس، الليـل، الـضحي، الزلزلـة، العـصر، الفلـق) بەدیدەکرێن.

دیـارده گەردوونییــەکانی وەك (هەورەتریــشقە، ئەشــکەوت، روونــاکی، دووکـەڵ، ئەسـتێرە، مـانگ، خـۆر، شـەو، چێـشتەنگاو، بەرەبـەیان و کـەلو ...هتـد) هـەر لـەخۆڕا وەك نـاوی سـوورەتەکانی قورئـان هەڵنەبـژێردراون. پەروەرێنی کاربەجێ دەبێت رەچاوی کۆمەڵێك حیکمـەت و نهـێنی کردبێـت، کە لەڕێگەی ناوی ئەم سوورەتانەوە دەیەوێت پەیامێکی گرنگ بە مرۆڤایەتی رابگەیێنێت.

سـەرنج بـدە، لـە رەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکـە، بەهەمانـشێوەی رەهەنـدی گەردوونی، سوورەتەکانی (آل عمـران، النـساء، المائـدة، الـشعراء، الـشوری، المجادلـة، الممتحنــة، الــصف، الطلَــاق، الإنـسان، النبــأ، النازعـات، عـبس، المطففين، البينة، التكاثر، الهمزة، النصر، الناس) بەدیدەکرێن. مانـای نـاوی ئەم سوورەتانەش روونـە، کـە بـریتیین لـە چـەند دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی، سـەیر کـە وشــەی (ئــال، ئــافرەت، خــوان، شــیعر، راوێــژ، گەنگەشـــە، تاقیکردنەوە، جیابوونەوە، هەواڵ، کێشمەکێش، تووڕەبـوون، تـەرازووبازی، شاهێدی، خڕکردنەوەی سامان، تانە و تەشـەر، سـەرکەوتن) هـەموو ئەمانـە لەیەك کاتدا ناوی سوورەتن، بەڵام دیاردەی کۆمەڵایەتی روون و ئاشکران کە هـیچ کەسـێك ناتوانێـت رەتیـان بکاتــەوە. ئـەم دیـاردە کۆمەڵایەتییانـە بـە سەردەم و شوێن و کۆمەڵگەیەکی دیـاریکراوەوە پەیوەسـت نـین، بـەڵکو لـە هەموو سەردەم و شوێن و کۆمەڵگەیـەك، مـرۆڤ ناتوانێـت بـەبێ ئـەم دیـاردە کۆمەڵایەتییانە درێژە بە ژیان بدات.

سەبارەت بـە رەهەنـدی دەروونـیش، سـوورەتەکانی (التوبـة، المؤمنـون، الفرقـان، غـافر، المنـافقون، عـبس، الـشرح، الإخـلاص) هـەن. ئـەم ناوانـە،

هاوشانی ناوی سوورەتەکانی تر، خاوەنی رەهەندی تایبەت بە خۆیانن. سەرنج بدە چەمکەکانی (پەشیمانی و گەڕانەوە، باوەڕ و باوەڕداران، جیاکاریکردن لەنێوان راست و ناڕاست، داوای بەخشین و لێبووردن، دووڕوویی، تورەبوون، سینەفراوانی و دڵسۆزی) بریتیین لە چەند کردارێکی ناوەکیی مرۆڤ و، راستەوخۆ لەژێر کاریگەری بنەماکانی دەروونناسییەوە سەرچاوە دەگرن.

سەبارەت بە بەیەکبەستنەوەی دنیا و دواڕۆژ، سوورەتەکانی (الجاثیة، الحشر، التغابن، الحاقة، القیامة، الغاشیة والقارعة) روونترین بەڵگەی ئەو راستییەن، کە قورئان تەنیا لەڕێگەی ناوی سوورەتەکانەوە ئەنجامی داوە. ئاشکرایە هەر یەکێك لە ناوی ئەم سوورەتانە بریتییە لە ناو و ئاوەڵناوەکانی رۆژی دوایی و روودانی قیامەت. قورئان بەیەکبەستنەوەی جیهانی بینراو نەبینراو (عالم الغیب والشهادة)ی فەرامۆش نەکردووە. ناوی سوورەتەکانی (الجن، المرسلَات والإخلاص) واتە (جنۆکە، فریشتەی پەیامبەر و دڵسۆزی) ئاماژەن بە هەبوونی جیهانێکی نەبینراو، کە مرۆڤ لەڕێگەی سرووشی خوداییەوە نەبێت، بەتەنیا لەڕێگەی زانستە ئەزموونییەکان ناتوانێت پەییان پێببات.

پێکهاتەی قورئان، دەستەواژە و ژمارەی ئایەت و سوورەت و ریزبەندی نێوانیان، لەژێر فەرمان و چاودێریی پەروەرێنی باڵا ئەنجامدراوە، ئیدی هەر ئەویش خۆی دەزانێت چەند نهێنی زل و زەبەلاح لەپشت ئەم وردەکارییانەدا هەن و، مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی پەیان پێببات.

بەم چەشنە قورئان رایەڵە و پەیوەندی نێوان زانستە قورئانی و زانستە ئەزموونییەکان دروست دەکات. نە هەر ئەوەندە، بەڵکو پەیوەندی نێوان جیهانی بینراو و نەبینراویش ڕووندەکاتەوە. ئەم بانگەوازەش تەنیا بۆ ئاشناکردنی مرۆڤە بە حەقیقەت و، چییەتی خۆی و دەوروبەر و گەردوون و بوونەوەر، لەڕێگەی ئاشنابوون بەو حەقیقەتە، مرۆڤ زیاتر بە پەروەرێن و بەدیهێنەرەکەی ئاشنا دەبێت.

پێویستی هێنانەپێشەوەی تەکامول لەنێو زانستەکاندا، بەواتای ئەوە نایەت تەواوی بوارە زانستی و مەعریفییەکان لەڕووی گرنگییەوە یەکسانن بەیەك، بەپێچەوانەوە،پلەبەندی نێوان ئەم کایە زانستی و مەعریفییانە لە دیدی بیرمەندانی پەیمانگا و بانگەشەکارانی تەکامولی مەعریفی کارێکی پێویستە. ناکرێت ئاماژە بە ریزبەندییەکی دیاریکراو بکرێت، ئەویش وەك کلێشەی قووچەکی لەسەرەوە بۆ ژێرەوە، لە گرنگترەوە بۆ گرنگ دیاری بکرێت، بەڵکو ئەم ریزبەندییە بۆ کات و شوێن جێهێڵراوە.

بەواتایەکی تر، لەم شوێنانەی زانستە ئەزموونییەکان لە ترۆپکن و هیچ گرنگییەك بە زانستە ئاسمانییەکان و بەها باڵا گەردوونییەکان نادات، لەم کات و شوێنەدا، وا پێویستە بانگەشەی کاراکردنی زانستە ئیسلامییەکان و بەها باڵاکان بخرێتە بەرنامەی کارەوە. بەهەمانشێوە، لەم کات و شوێنانەی زانستە ئیسلامییەکان تا دواترۆپك و لووتکە گرنگییان پێدەدرێت، لەهەمان کاتدا زانستە ئەزموونییەکان لە گیانەڵڵادان، لەوکاتەدا واپێویستە بانگەشەکردن بۆ گرنگیدان بە زانستە ئەزموونییەکان ببێتە کاری لەپێشینە.

بەشێوەیەکی گشتی، لە تەواوی بوارە مەعریفی و هزرییەکاندا، پلەبەندی کـارێکی لەپێـشینەیە، خـوودی دیـاریکردنی گـرنگ و گـرنگتر، پێویـست و پێویـستتر، بـۆ لیژنەیـەکی تایبەتمەنـد و پـسپۆڕ لـەم بوارانـە دەگەڕێتـەوە، پێویستە دوای تێڕامـان و توێژینـەوەی ورد و قـووڵ، بەرنامـەی کـار دیـاری بکرێـت، بەشـێوەیەك لـە گـرنگترەوە بـۆ گـرنگ، بـەپێی خواسـت و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، بە رەچاوکردنی هەردوو رەهەندی کـات و شـوێن هەنگاوی بۆ بنرێت. دیاریکردنی گرنگ و گرنگتر، پێویـست و پێویـستتریش، بـۆ رایەڵـە و پەیوەنـدی نێـوان جـۆری زانـستەکە و گەیـشتن بـە حەقیقـەت دەگەڕێتـەوە، واتـە کامـە بـواری زانـستی و مـەعریفی زووتـر و روونـتر مـرۆڤ دەگەیێنێتـە حەقیقـەت، کەواتـە ئـەو بـوارە لـە تـەواوی بوارەکـانی تـر لەپێشترە. بەهەمانشێوە، کامە زانست دەتوانێت زیاتر بـاری لاری کۆمەڵگـە راست و هاوسەنگ بکاتەوەو خزمەتی زیـاتر بـە چـینەکانی کۆمەڵگـە بکـات، ئەوا کاراکردنی ئەو بەراورد بە بوارەکانی تر لەپێشتر دەبێت.

هەر لـەم روانگەیـەوە، ئەگـەر سـەیری جەسـتەی مـرۆڤ بکـەین، بـەڕوونی دیارە، گرنگی مێشك و دڵ لەپێش ئەندامەکانی ترەوەیە، بۆیە وا پێویستترە زیـاتر گرنگـی بـەم دوو ئەندامـە بـدرێت، بـەڵام ئەمـە هـەرگیز بـەواتای فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی ئەندامەکانی تری جەستە نایەت، ئەگەرچی لە کاتی سەرپشککردن لەنێوان لەدەستدانی دڵ یان مێشك لەگەڵ ئەندامێکی تـر، بەدڵنیایـەوە دەبێـت پارێزگـاری لـە مانـەوەی دڵ و مێـشك بکرێـت، بەپێچەوانەوەش، ژیان لەدەست دەچێت و جەستەش خامۆش بێت.

بەمـشێوەیە قورئـان ڕێنماییمـان دەكـات زانـستەكانی سـرووش لەگـەڵ زانستە ئەزموونییـەكان یـەكانگیر بكـەین، هـەروەها بـەوردی لـە بابەتـەكانی قورئـان و گــەردوون و دەروون و دیــاردە كۆمەڵایەتییــەكان وردبینــەوە. سـەرەتای وروژانـدنی بابـەتێكی وەك تێكهەڵكێـشكردنی هـەردوو پـەرتووكی خـوێنراو و بینـراو (قورئـان و گـەردوون) مـشتومڕ و كێشمەكێـشمێكی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، لەكاتێكدا هەر لە قورئانـدا، لـە چـەندین شـوێن دیاردە دەروونـی و گەردوونییـەكان بـە ئایـەتی خـوای باڵادەسـت و توانـا هـەژمار دەكات. بۆیە تێزێكی لەم چەشنە، بەتەواوی ماناكانی وشە، هەڵقوڵاوی ناخی قورئانە، نەك بابـەتێكی دروسـتكراو بێـت، بگـرە لـە كۆتـایی سـوورەتی (ال عمـران) بـەڕوونی تێڕامــان و وردبوونــەوە لــە دیاردەگەردوونییــەكان بــە خواپەرستی هەژماركراوە، جیاوازی نییە ئـەم وردبوونـەوە و تێڕامانـە تـەنیا كردارێكی هزری بێت یان لـە چەشـنی توێكـار و توێژینـەوەی زانـستی بێـت، بەڵكو ئەوەی دووەمیان چاكتر و بەرهەمهێنتریشە لە كرداری هـزری رووتـدا، ﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا﴾ آل عمران: ١٩١.

تەكامول جیا لەوەی هەڵقوڵاوی پەیامی قورئانە، پێویستییەكی حەتمیشە بــۆ جێبــەجێكردنی ئــەركی جێنــشینایەتی و ئاوەدانكردنــەوەی زەوی. لەبەرامبــەر هەســتان بــە كــارێكی مــەزنی ئــاوا، پێویــستە ئاوێتــەكردن و یەكانگیرییەكی تەواو لەنێوان سرووش و گەردوون و پەیوەندیی كۆمەڵایـەتی و بواری دەروونی بێتەئاراوە، چونكە بە پەراوێزخستنی لایەنێك لەم بوارانـە، ئەداكردنی ئەركەكە بەدروستی ئەنجام نادرێت. بەرهەمهاتن و كاراكردنی هزر و مەعریفەیەكی لەم چەشنە، هەنگاوێكی گرنگە بەرەو میانڕەوی لە كایەكانی

ژیاندا. لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی میانگیرانە بەراوردکاری لەنێوان جەمسەر و ژانەر و دووانەکان بکات، وەك (تاك و کۆمەڵ، مادده و ڕۆح، دنیا و دواڕۆژ، خود و ئەوانیتر، ئەرك و ماف، بەرپرسیاریەتی و پاداشت).

یەکێك لە کێشە سەرەکییە هزری و مەعریفییەکان بریتییە لە ناهاوسەنگی لەنێوان ئەم ژانەرانەی سەرەوە، زۆرکات گرنگی بە تاك دەدرێت لەسەر حیسابی کۆمەڵگە یان بەپێچەوانەوە، هەروەها خۆپەرستی و دونیاداری و داواکردنی ماف و پاداشت بووەتە ویستێکی گشتی بێ ڕەچاوکردنی دۆخی ئەویتر و دینداری و ئەنجامدانی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی مرۆڤ، ئەمەش پێویستبوونی کاراکردنی کۆی ئەم دەروازانە دێنێتە پێشەوە کە دەبنە شادەماری گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تاك و کۆمەڵگە.

بەشی دوانزەیەم
بەربەست و مەترسیەکانی بەردەم تەکامول

یەکێك لە رێسا بنەڕەتییەکانی ژیانی خۆڕسکانە و سروشتییانەی مرۆڤ، بریتییە لە رێکخستن و ریزبەندکردنی کار و چالاکی و خواست و پێداویستییەکان. دابەشکردنی ئەم کار و خواستانەش بەگوێرەی چەند یەکەیەکی جیاجیا و دواتر کۆکردنەوەیان لەژێر یەکەیەکی گشتگیری وەك چەتر،کارێکی پێویستە. لەوانەیە پێویستییەکی لەم چەشنە، هۆکارێکی سەرەکی بووبێت لە دامەزراندنی چەندین بوار و کێڵگەی مەعریفی جۆراوجۆر، کە هەریەکێك لەم بوار و کێڵگانە چەند لقێکی لێ بووەتەوە، سەرەنجام دەیان بوار و سەدان و هەزاران لق و بەشی مەعریفی سەریانهەڵداوە.

پاڵنەری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئەم هەموو بوار و لقە مەعریفییە هەمەچەشنانە، بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەی مرۆڤ، کە خۆی لە رێکخستنی لایەنی هزری و مەعریفی و رێکخستنی کار و چالاکییەکان

دەبینێتــەوە. ئاشــکرایە زۆربــەی دۆزینــەوە زانــستی و پیــشەسازییەکان، بەتایبەت لە مێـژووی زانـست و تەکنـەلۆژیادا، لەسـەر دەسـتی ئـەو زانایانـە سەریانهەڵداوە، کە پسپۆڕییەکی وردیان لە بوارێکی دیاریکراودا هەیە. وێڕای ئەوەش، هەندێ زانا خاوەنی پاشخان و عەقڵییەتێکی داهێنەرانەن، بەڵام لـە زۆربــەی کاتــدا، تــەنیا هــەوڵی بەدەســتهێنانی زانیــاری ورد و پــسپۆڕی لــە بــوارێکی دیــاریکراودا دەدەن، بۆیــە زۆر بەکــەمی لــە چوارچــێوەی پسپۆڕییەکەیان دەچنەدەر، بگرە تەنیا لە بازنە و خولگەی پسپۆڕیەتەکەیان توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن.

هەرچــەندە هــەوڵی بەرهــەمهێنانی یەکەیــەکی هەماهــەنگ و یــەکانگیری مەعریفی کە زۆربەی بوارە مەعریفییەکان لەخۆبگرێت، بەپێویست دەزانرێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کەسانی خاوەن پسپۆڕی ورد و دیاریکراو توانای داهێنانیــان نییــە، بــەڵکو ئــەوان بەشــێوەیەکی رێــژەیی لــە داهێنــان و گەشــەپێدانی توانــا زانــستی و تەکنــەلۆژی و پیــشەسازییەکانیان هــەر بەردەوامن، بەڵام دەکرێت لەڕێگەی تەکامولی مەعریفییەوە رێژەکە بەرزتر و بەرهەمەکە خزمەتکارتر بخرێتە بەردەستی مرۆڤایەتی.

راستییەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بەم بابەتـە لەئارادایـە، کـە بەشـێکی زۆری پــسپۆڕان، بەتایبــەت گــەنجان، گرنگــی تــەواو بــە ســەلماندنی خۆیــان لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە لە پسپۆڕی ورد دەدەن، تەنانەت هەندێکیان پێیانوایە، کارکردن لەسەر شێوازی تەکامول و ئاوێزانبوونی زانستەکان هەلی پێشبڕکێ و پێشکەوتنیان لـە بوارەکـەی خۆیـان لەدەسـتدەدات. ترسـی لـە دەستدانی هەلێکی لەم چەشنە، رەنگە ببێتـە هەڕەشـەیەکی جـددی لەسـەر

داهاتووی خۆیان بەگشتی و ژیانی ئەکادیمی بەتایبەتی. هەرچەندە ئەم بۆچوونە لە وەهمێك زیاتر نییە، بەڵام مەترسییەکی لەمجۆرە، هەندێ کات زیاتر لەسەر شێوەی دێوەزمەیەك،خەیاڵدانی توێژەر و پسپۆڕان دادەپۆشێت، بەتایبەت ئەو کاتەی کۆمەڵێك کەس باسی تەکامول دەکەن، جگە لە ناوەکەی شتێکی تری لێنازانن، یان رووکەشانە لە لێوارەکانیدا مەلەوانی دەکەن. هەندێ کەسی تر، لەژێر ناوی تەکامول جگە لە رۆچوون لە وردکردنەوە و پارچەپارچەکردنی بوارە مەعریفییەکان، هەنگاوێکیان بەرەو هەماهەنگی و وابەستەکردنی بوارە مەعریفییەکان نەناوە. هەندێکی تریان لەبەرئەوەی قسە لەسەر هەموو بابەتێك دەکەن، بەبۆچوونی خۆیان بەباشی لە بابەتەکەدا رۆچوونە، کەچی لە هەقیقەتدا نەیانتوانیوە رووکەشەکەشی بڕوشێنن. کەواتە، خۆهەڵقورتاندنی بەشێك لە توێژەران لە کۆباس و تێزەکانی تایبەت بە تەکامولی مەعریفی، نەك هەر بە سوودی پڕۆژەی تەکامول نەشکاوەتەوە، بگرە زۆرجار بووەتە خاڵی ساردکەرەوەی کۆمەڵێك توێژەری جددی.بەهۆکاری خەمساردی و میتۆدی پەڕپووت و نالەبار، کە هیچ دەرەنجام و بەرهەمێکی دڵخۆشکەری ئەوتۆی لێ سەوز نەبووە، پڕۆژەیەکی وەك تەکامولی مەعریفی نەیتوانیوە ببێتە جێی سەرەنجی پسپۆڕانی تر. ئەم خاڵەش بە یەکێك لە مەترسیدارترین بەربەستەکانی تەکامولی مەعریفی هەژماردەکرێت.

بەرهەمهێنانی یەکەیەکی مەعریفی گشتگیر و فرەڕەهەند کارێکی ئاسان نییە، لەهەمان کاتیشدا، ئەستەم و مەحاڵیش نییە. ئەگەرچی بەتەنیا

لەڕێگەی بەستنی چەند کۆڕ و سمینارێك، یان نووسینی پەرتووك و نامیلكە و گوتار ئەنجام نادرێت.

بەشێك لە بانگەشەكارانی تەكامولی مەعریفی، بەرهەمهێنان و بەرجەستەكردنی پرۆژەیەكی لەمچەشنە، لەڕێگەی خستنەڕووی لەسەر شێوازی سیستەمی خوێندنی زانكۆ بە تاكە كلیل و هەنگاوی سەرەكی لەدایكبوونی پرۆژەكە دەزانن. ئەگەرچی تێگەیشتن و ئامادەكاری و بەرجەستەكردنی پرۆژەیەكی هزری و مەعریفی وەك تەكامولی مەعریفی، لەڕووی تیۆری و تەنانەت كردەییشەوە، پێویستە لە ناوەندە زانستی و ئەكادیمییەكانی وەك زانكۆكان بخرێتە بەرنامەی كارەوە، بەڵام بەتەنیا زیادكردنی هەندێ وانەی ئایینی، یان پەرتووك و بابەتی تایبەت بە ئایین و فەلسەفەی ئایینی، بۆ بەرنامە و مەنهەجی قوتابخانە و زانكۆكان هیچ لە بابەتەكە ناگۆڕێت.

دانانی سیستەمێكی خوێندنی تێكەڵ لە زانستە ئەزموونی و زانستە ئیسلامییەكان لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و تەنانەت زانكۆ و پەیمانگاكانیش، نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی تەكامول، بەڵكو تەنیا بریتییە لە كۆكردنەوەیەكی زۆرداری و سەپێنەرانە لەنێوان دوو بواری جیاواز. ئەم دوو بوارە تەنیا ناو و ناوەڕۆكییان لەیەك جیا نییە، بەڵكو لەڕووی پێكهاتە و پاشخانی هزرییەوە لەیەك دوورن، مەبەستمان لەم دوو بوارەش، بریتییە لە زانستە ئیسلامی و زانستە ئەزموونییەكان، بەم مانا و پێكهاتەیەی ئێستا لە زانكۆ لاهووتی و ئەزموونییەكان دەبیندرێن، لە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاواشدا جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە.

خاڵی گەوهەری داتەپینی لێکدان و تێکەڵکێشکردنی رووکەشییانەی ئەم دوو بوارە لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئەنجامدەرانی چالاکییەکەی لەمچەشنە، وا گومان بکەن تەنیا لەرێگەی ئەم کۆکردنەوە سەپێنەرانەیە، خوێندکار دەتوانێت پاشخانێکی مەعریفی تەواو و یەکانگیر و تۆکمە بێنێتەدی، بەجۆرێك بەرگەی داخوازیی رۆژگار و پێکۆڵ و ئاڵنگارییەکانی سەردەم بگرێت. خەیاڵێکی لەم چەشنە، جگە لە وەهمێك زیاتر شتێکی تر نییە، چونکە عەقڵی مرۆڤ رێگە بەوە نادات دژەوانە کۆبکاتەوە، چونکە ناکرێ زانستێك لەسەر بنەما و رێسایەکی دوور لە ئایین بیناکرابێت، لەگەڵ کۆمەڵێك بابەت و تیۆری ئایینی یەکبگرێتەوە، کە لە مەیدانێکی جیاواز، بە رووحێکی جیاواز بیناکراوە. وێڕای ئەوەش، تێکەڵکێشکردنی سەپێنەرانەی لەم چەشنە، کارێکی قورس نییە، چونکە لەپاڵ پەرتووك و وانە زانستییەکانەوە چەند پەرتووکێکی ئایینییش زیاد دەکرێن.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئایا کردارێکی لەم چەشنە بەرهەم و دەرەنجامی خوازراو و دڵخۆشکەری دەبێت؟ بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە، دەکرێ خوێنەر ئاوڕێك لە خوێندنی کوردستان بداتەوە. لەکۆی شەش ساڵ قۆناغی سەرەتایی و سێ ساڵ قۆناغی ناوەندی، کە لە سیستەمی سوێدی پێیدەڵێن بنەڕەتی، لەپاڵ سێ ساڵی قۆناخی ئامادەیی، وانەی ئایین دەخوێندرێت. وانەی ئایین لە هەر ١٢ قۆناغەکە، بابەت و کۆباسەکانی لەلایەن لیژنەی پسپۆڕ نووسراونەتەوە و هەڵسەنگێندراون، لەپاڵ وانەکانی بیرکاری، زانست، زیندەوەرزانی، مێژوو، جوگرافیا، کیمیا، فیزیا، پەروەردەی مەدەنی، زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێندرێت.

پرسیارە گەوهەرییەکە لێرەدا ئەمەیە، ئایا وانەیەکی وەك پەروەردەی ئـایین یان پەروەردەی ئیسلامی، تا چەند توانیویـەتی خزمـەت بـە هـزر و ئـاوەز و مەعریفەی قوتـابی بکـات؟ تـا چـەند توانیویـەتی هێـزی هـزری و مـەعریفیی قوتابی بدرەوشێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەرگەی شالاوی هزری رۆژئـاوا و گومـانی بێباوەڕ و پڕۆژەی ئیلحادی بگرێـت و هەڵنەخلیسکێت؟.

رەنگە پاساوی بێبەرهەمی وانەی پەروەردەی ئـایینی یـان ئیـسلامی، بـۆ ئەوە بگەڕێندرێتەوە کە بەراورد بە بابەتەکانی تر گرنگی تەواوی پێنەدراوە. ئەگەرچـی ئۆبـاڵی بێبەرهــەمی ئــەم وانەیــە، بەشـێکی بـۆ ئــەم هۆکــارە دەگەڕێتەوە، بەڵام خوودی وانەکە بـە زمـانی شـیرینی کـوردی و بەسـاکاری نووسراوەتەوە، تا ئاستێکی باشیش دوورە لە گرێ و رێنووسـی مەتەڵئاسـا، بەشێوەیەك هــەموو کەسـێك گـەر خوێنـدەواری بگاتــە ئاسـتی خوێندنـەوەی رۆژنامەیــەك، دەتوانێـت بیخوێنێــتەوە و لێـی تێبگـات. لەکاتێکـدا بەتــەنیا خوێندنەوە و لێتێگەیشتن بەس نییە، هەروەك چۆن بەشـێك لـەو مامۆسـتا و کادیرە ئەکادیمییانەی ئەم وانەیە دەڵێنەوە، خۆیان پێویستیان بە خوێندنی هەیە تا گوتنەوەی. هەموو ئەم راستییانە بەشێکن لە شکست و بێبەرهــەمی مەنهەجێکی لەمچەشنە، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکە ئەم هۆکارانە نین، بەڵکو هۆکارە راستەقینەکەی شکستی پڕۆگرامەکـە شـتێکی تـرە، هــەوڵ دەدەیـن وردتر دەستنیشانی بکەین.

خاڵی سەرەکی داتەپین و شکستی بابەتەکە بـۆ بناخـەی فەلـسەفی نێـوان ئــەم دوو بــوارە مەعریفییــە جیــاوازە دەگەڕێتــەوە. زۆربــەی بابەتــەکانی پەیوەندیـدار بـە زانـستە کۆمەڵایـەتی و ئەزموونییـەکان لەسـەر بناخەیـەك

دامـەزراون، کـە لەگـەڵ بیرکردنـەوەی ئـایینی تێکناکەنـەوە، بگـرە لـە زۆر کاتیشدا تێکدەگیرێن، لێرەدا گەڕان بەدوای چارەسەرکردنی پرسەکە کارێکی گرنگـە، کۆمـەڵێك پـڕۆژەش بـۆ چارەسـەر خراونەتـەڕوو، گرنگترینیـان ئـەم پڕۆژەیە کە لەبەردەستتدایە.

تـەکامولی مـەعریفی تـەنیا بـەم لێکـدان و تێکهـەڵکێـشانە زۆرداریـیـە نایەتەئاراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی وا لـەدایك دەبێـت، کـە بنـچینەی هـەردوو جۆری زانستەکان دووبارە دابڕێژرێتەوە، بۆئەوەی هەردووکیان لەسەر بنـەما و بنچینەیەکی فەلسەفی هاوبەش بینا بکرێن، بەمـەش لـە تێکهەڵکێشکردنی رووکەشی دەرباز دەبین. هەرکات هـەوڵی پێویـست بـدرێت، هاوشـان لەگـەڵ ویـستی پێویـست، بـە ئاراسـتەی مامەڵـەکردن لەگـەڵ زانـستە ئـەزموونی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی بناخە و بنـچینەی یەکەی تەکامول لەنێوان ئەم زانستە جیاوازانە، دەتوانرێ لەڕێگەی بەرنامە و میتۆدێکی تۆکمەی پـەروەردەیی خـەونی بـەدیهاتن و لـەدایکبوونی پـڕۆژەی تـەکامول نزیـك بینـەوە. هاوکـات هـەموو قوتابخانـە و زانکـۆ و دامـەزراوە مـەعریفی و ئـەکادیمی و زانـستییەکان، ئەگـەر بیانـەوێت بـەرەو تـەکامول و یـەکانگیری زانـستی هـەنگاو بنـێن، پێویـستە کـۆی بەرنامــە و میتــۆدی پەروەردەییەکــەی، ســەرلەنوێ لەســەر بنــەمای یــەکانگیری و تـــەکامول دابڕێژنـەوە، بەمـەش هـەنگاوی زۆر گـەورە بـەرەو پێـشکەوتن و خزمـەتی مرۆڤایەتی دەهاوێژن، بەتایبەت ئەو زانستانەی لـەم رۆژگـارە لـە مەڵبەنـد و ناوەندە زانستی و تەکنەلۆژییـەکان کـەمتر رۆڵیـان پێـدەدرێت. بەشـێك لـەم بوارانەش بریتیین لە هزری مرۆیی و سروشتی خۆڕسکی بیرکردنەوەی مـرۆڤ،

مێـژووی زانـستەکان، بیرڕوونـی و ڕۆشـنبیری، سروشـتی بـەهاکان، بنـەما ڕەوشتییەکان، زانـستی جوانیناسـی، شـێوازەکانی گەشـەپێدانی ژینگـەیی و مرۆیـی و چـەند بابـەتێکی تـر، کـە چـەند پرسـیارێکی گـرنگ و گەوهـەری سەبارەت بە بنچینە و ڕەچەڵەکی مرۆڤ و پەیام و چارەنووس و، سـەرەنجام و داهاتووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و گەردوون دەوروژێنن.

لەبەرچـاوگرتنی ئـەم زانـستانە، یـان ئاوێتـەکردنی بناخـەی فەلـسەفیی زانستە ئەزموونییەکان لەگەڵ ئەم زانستانەی لەسەرەوە باسـکران، یارمـەتی پسپۆڕان دەدەن تاوەکو بەهێز بن لە بڕیاردان لەبارەی بابەتـە زانـستییەکان و خستنەگەڕی زانست و پسپۆڕیەتییەکان بۆ خزمەتی مرۆڤایـەتی، هـەروەها لـەڕووی بەدەمـەوەهاتن و یارمەتیـدانی ژینگـە و دەوروبـەر چـالاکتر بـن و هۆشمەندانەتر بەشداری لە هەڵوێست و هەڵبژاردنی باشترین بژاردە لە بـوارە کۆمەڵایەتی و زانستی و تەکنەلۆژییەکانـدا بکـەن. لەیـەك کاتـدا، لەبەرامبـەر مرۆڤ و ژینگە و بوونەوەر و گەردوون، ڕەچاوی ژیـن و ئـایین، دنیـا و دواڕۆژ، بژێوی و خزمەت، تاك و کۆمەڵگە، زانست و بەها، جوانی و پاکی، تەڕدەستی و دەسـتپاکی، خۆنەویـستی و خۆشەویـستی بکـەن. هەمیـشە بـە ڕووحێکـی هاوسەنگییانە لە بوارە جۆراوجۆرەکـانی کۆمەڵگـەدا جێـی پەنجـەی خۆیـان بنەخشێنن، ئەویش بە کار و چالاکییە ناوازە و سوودبەخشەکانیان، زەوی و شارستانیەت ئاوەدان بکەنەوە.

هاتنەپێـشەوەی کۆمـەڵێ کـادیری بـەهێز، مـژدەی پێـشەنگایەتییەکی تەندروسـت بـە جیهـان دەدات. ئـاوازی خـستنەگەڕی زانـست، لـە خزمـەتی مرۆڤایەتی و ژینگە و بوونەوەر و گەردوون، لەبری وێرانکاری و پەیامی خوێن

و ملشکاندنی مرۆڤ و ژینگە و گەردوون و دژایەتیکردنی بەها و ڕەوشت و بنەما جوانەکان، دەچرێت.

یەکێك لە پێکۆڵ و تەحەدییەکانی بەردەم بەرنامە و خوێندکارانی زانکۆ بەگشتی و خوێندنی باڵا بەتایبەتی، لە سەدەی بیست و یەکدا، چیتر بریتی نییە لە بەدەستخستنی زانیاری. لە سەردەمی جیهانگیری، خوێندنی باڵا تەنها دەستخستنی زانست و زانیاری نییە، بەڵکو بەم شۆڕشە تەکنەلۆژی و زانستییەی لە هەزارەی نوێ و سەدەی بیست و یەکدا سەریهەڵداوە، کۆی بەربەستەکانی بەدەستخستنی زانست و زانیاری تێکشکێندراون. هەرچەندە ئەم جیهانگیرییە زۆرتر و زیاتر فراون بێت، دەستخستنی زانیاری ئاسان و ساکارتر دەبێت. خوێندکارانی خوێندنی باڵا، لەپاڵ ئەو زانست و زانیارییەی لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی و چاخی جیهانگیری بە سانایی بەدەستیان دەگات، پێویستییان بە کۆمەڵێك جۆری دیکەی کارامەییش دەبێت، لە چەشنی لێهاتوویی و توانست و دانایی.

تێکهەڵکێشکردن لەنێوان پێکهاتەی زانیارییە پێویستەکان، لەکاتی پێویست، هاوڕێ لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر هەمان زانیاری لەهەمان کاتدا، هەڵسەنگاندنی بژاردە جۆراوجۆرەکان، دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بژاردەی دروست لە کاتی تەندروست، پێکۆڵ و تەحەداییەکی مەترسیدارە لەبەردەم خوێندکاران. بەرامبەر تەحەدایەکی لەم چەشنە، جوان گوتراوە، "أننا نغرق في المعلومات، ونموت جوعًا إلى

الحكمـة"[1]. "ئێمـە لـە زانیاریـدا نـوقم دەبـین، کەچـی بـۆ دانـایی لـە برسـان دەمرین".

بەدەستهێنانی ئەم داناییە، لە دیدی بیرمەنـدانی ئیـسلامی بـۆ مەعریفـە، لەڕێگەی پرۆژەی تەکامولی مەعریفییەوە ئەنجام دەدرێت. راستە هەستان بە کارێکی ئەوها مەزن، سانا و ساکار نییە، بەڵام بیریـشمان نەچـێت، چـەندین کاری زۆر قورس و مەحاڵ بەئـەنجام گەیـشتوون. ئەنجامـدانی نەشـتەرگەری کردنەوەی دڵ و سینگ، رەوانەکردنی دەیەها کەشتی ئاسمانی جۆراوجۆر بۆ بۆشایی ئاسمان و هەسارەکان، دیاریکردنی هێڵکاری بۆماوەییە مرۆییـەکان، شـیکارکردنی ترشـی دی ئـێن ئـەی و، دەیـان کـاری قـورس و زەحمـەتتر، بوونەتە دیاردەیـەکی رۆژانـە، چـۆن دەکرێـت بەرامبـەر یـەکانگیریی زانـستە مرۆیـی و کۆمەڵایـەتی و دەروونـی و سروشـتی و ئـەزموونی و ئیـسلامییەکان دەستەوەستان بووەستین.

ئەنجامـــدانی کـــاری وەك نەشـــتەرگەری دڵ و گەشـــتی ئاسمـــانی و هاوشێوەکانیان، ئاسان نین، چونکە پێویستیان بە وردەکـاری ئێجگـار زۆر و لێهـاتوویی و کارامـەیی جۆراوجـۆر هەیـە، سـەرەڕای تێـچوو و سـەرمایە و خەرجی بێشومار[2]، سـەرەنجام هـەر بەئـەنجام گەیـشتوون، تـەنیا لەڕێگـەی دەستەیەکی کارگێڕی ماندوونەناس و کۆمەڵە زانایەکی کارامە و لێهاتوو، کـە بـە وزە و بـاوەڕ و زانـستێکی تۆکمـە لـەپێناو هێنانـەدی ئامانجـەکانیان تێدەکۆشـن و، شـەو و رۆژ بەیـەك دەبەسـتنەوە. کەواتـە، هێنانەکایـەی

---

[1] ملكاوى، التكامل المعرفى، ص٥٣.

[2] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، المصدر السابق، ص٥١-٥٤.

یەکانگیریی زانستی لەنێوان بوارە جۆراوجۆرەکان، وەك ئەو کارە قورسانەی باسمان کردن، پێویستی بە هەوڵی شەو و رۆژ و دڵسۆزی و کۆکردنەوەی وزە و تواناکان هەیە، لێنەبڕاوانە و ماندوونەناسان کار بکەن تاوەکو لە زەمینـەی کـرداری بەرجەسـتەی دەکـەن. بەمـشێوەیە، لـە بەشـەکانی رابـردوودا، کۆباسـەکانی تایبـەت بـە چـەمکی تـەکامولی مـەعریفی و بنـەماکانی و، پێویـستیی بەرهـەمهێنانی پڕۆژەیـەکی لەمـچەشنە، لـەپاڵ بەربەسـت و مەترسـییەکانی بـەردەم تـەکامول خرانـەڕوو، لـە بەشـەکانی داهـاتوودا، سەرچاوە و ئامرازەکانی مەعریفە بە ئامانجی ئەنجامدانی تەکامول رێنـووس دەکەین.

بەواتایەکی تر، لە بەشەکانی داهاتوودا کڕۆکـی بەرهـەمهێنانی تـەکامولی مەعریفی لەڕێگەی شیکردنەوەی سەرچـاوە و ئامرازەکـانی تـەکامول، دواتـر ئاوێتەکردنیان دەخەینەڕوو.

بەشی سێزدە
سەرچاوەکانی مەعریفە

لە رابردوودا بەپووختی ماناکانی مەعریفەمان شیکردنەوە، هەم لەڕووی زمانەوانی و هەم لەڕووی زاراوەییەوە. لەم بەشەدا پێویستە هەڵوێستەیەك لەسەر سەرچاوەکانی بەدەستخستنی مەعریفە بکەین، بۆئەوەی زیاتر لە خاڵی گەوهەری نزیکتر ببینەوە. ئاشکرایە بەدەر لە شیکردنەوەی سەرچاوەکانی بەدەستخستنی مەعریفە و زانست و زانیاری، ناتوانین باسی هێنانەکایەی تەکامول یان یەکانگیریی زانست و مەعریفە بکەین، چونکە روونکردنەوەی سەرچاوەکانی مەعریفە، پلەیەك لە پەیژەی کاروانی ناساندنی پرۆژەی تەکامولی مەعریفی دەبڕێت و هەنگاوێکی تر لە کرۆکی بابەتەکە نزیك دەبینەوە. شیکاری بابەتی سەرچاوەکانی مەعریفە، یان روونتر سەرچاوەکانی دەستخستنی مەعریفە، پێویستە لە دوو روانگەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەمانیش بریتین لە سەرچاوە و ئامراز.

بنەما لەسەر ئـەم دابەشـكارییە، پێویـستە سـەرەتا باسـی سەرچـاوەکان بکەین، دواتر لە سەر شیکارکردنی ئەو ئامرازانە بووەستین کە وەك کلیل بـۆ کردنەوەی دەرگا پێویستن.

بەواتایەکی تر، کاتێك باسـی سەرچـاوەکانی مەعریفـە دەکرێـت، دەبێـت لەهــەمان کاتیــشدا باســی ئــەو ئامرازانــە بکرێــت کــە لەڕێگــەی کــارلێکردنی نێوانیان، مەعریفە بەدەست دێت. کاتێك دەرگا سەرچاوەی سەرەکی چوونە نێو خانووە، بەبێ کردنەوەی دەرگاکە هـیچ دەرچـە و دەروازەیـەکی تـر بـۆ چوونەژوورەوە نابێت، دەرگای داخراویش بە کلیلی خۆی نەبێت، بەدروسـتی و تەندروستی بە هیچ رێگەیەکی دیکە ناکرێتەوە، ئیدی ئەگـەر سەرچـاوەی مەعریفــە بــە دەرگــا بــچوێنین، ئــەوا ئامرازەکــانیش بــریتین لــەو کلیلــەی لەڕێگەیەوە دەرگاکە دەکرێتەوە، سەرەنجام لەڕێگەی کردنەوەی دەرگاکەش ئامانجەکە دەپێکرێت، کە بریتییە لە دەستکەوتنی زانـست و زانیـاری (العلـم والمعرفة). کەواتە لەم بەشەدا چەند تیشکێك دەخەینە سـەر سەرچـاوەکانی دەستخستنی مەعریفە.

ســەرەتا پێکهاتــە و مانــای سەرچــاوە ڕووندەکەینــەوە، دواتــر بــەرەو شیکردنەوەیان هەنگاودەنێین.

مەبەستمان لە سەرچاوە لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە (المصدر) لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها "*source*" لە زمانی ئینگلیزیـدا، کـە هـەردووکیان بـۆ (سەرچــاوە) لــە زمــانی کوردیــدا وەردەگێــڕدرێن، بــەو واتایــەی کــە ئێمــە مەبەستمانە. هەڵبەتە لە کـوردی وشـەی (چـاوگ) لـە بـوارە زمانەوانییـەکان لەبەرامبەر چەمکی (المصدر) بـەکاردێت. کاتێـك لـەڕووی زمانەوانییـەوە لـە

زمانی عەرەبی دەگوترێت: (صدر الشيء) پێشەوەی شت، واتە سەرەتاکەی دەگەیێنێت[1]. هەروەها (الصدور) پێچەوانەی (الورود)ە، چونکە وارد هاتووە، لە کاتێکدا صادر دەرچووە. بۆیە لە فەرمانگە میرییەکان، ژووری صادرە و واردە بە (هاتوو و دەرچوو) دەکرێنە کوردی. لە قورئانیشدا، بەمشێوەیە فۆرمە جیاجیاکانی (صدر) بەکارهاتوون﴿قَالَتَا لَا نَسۡقِي حَتَّىٰ يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُ﴾ القصص: ٢٣ دوو کچەکەی شوعەیب لە وەڵامی مووسا گوتیان: ئێمە ئاژەڵەکانمان ئاو نادەین، تاوەکو شوانەکان ئاوەکە جێدێڵن. لە شوێنێکی تردا، پەروەرێنی تاقانە لە باسی رۆژی دواییدا دەفەرموێت: ﴿يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾ الزلزلة: ٦، لەم رۆژەدا، خەڵك پۆل پۆل و دەستە دەستە، بە پەرشوبڵاوی بەرەو گۆڕەپانی لێپرسینەوە دەردەچن، بۆ بینینەوەی کار و کردەوەکانیان، کە لە دنیا ئەنجامیان داون.

سەرنج بدە، لە هەردوو ئایەتە پیرۆزەکەدا وشەی (یصدر) بە هەردوو شێوازی سێ پیتی و چوار پیتییەکەی، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر رەگی (صدر) بە واتای رۆیشتن و دەرچوون بەکارهاتوون. لە جەستەی مرۆڤ (صدر) بە واتای سینە دێت، ئاشکرایە گرنگترین ئەندامی شاراوەی ناو سینە بریتییە لە دڵ، ئەویش بەپێی لێکدانەوەکانی قورئان بریتییە لە کانگای (البصیرة) دیدگابینی و ناوەڕۆکبینی یاخود قووڵبینی.

لە باسی هۆکاری پەندوەرنەگرتنی بێباوەڕان لە چارەنووسی گەلانی رابردوو، لەکاتێکدا ئەوان بە چاوی سەر شوێنەوارەکانیان دەبینن، هاتووە:

---

[1] الجرجاني، التعريفات، تحقيق: إبراهيم الأبياري، بيروت: دار الكتاب العربي، ص١٧٤.

﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ﴾ الحج: ٤٦، ئەوان، واتە سەرپێچیکاران، چاویان کوێر نەبووە، بەڵکو ئەو دڵەیان کوێر بووە کە لە سینەدایە. بۆیە پەند و ئامۆژگاری لە شوێنەوار و چارەنووسی گەلانی لەنێوچوو بەهۆی سەرپێچیەکانیانەوە وەرناگرن، ئەوانیش هاوشێوەی گەلانی ستەمکاری لەنێوچوو، سەرقاڵی بێفەرمانی و وەڵامنەدانەوەی پەیامی پەروەرێنن. هەروەها لە شوێنێکی تر، سەبارەت بە دڵ و سینە، دەفەرموێت: ﴿ يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ﴾ غافر: ١٩، خودا زانایە بە ناپاکی چاوەکان و نیازە گڵاوە شاراوەکانی نێو سینە و دڵان. لەسەر زاری مووسای پەیامهێن (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ﴾ طه: ٢٥، ئەو فەرمووی، ئەی پەروەرێن، سینە و دڵم ئاسوودە و فراوان بکە.

ئیبن عاشور لە شیکردنەوەی وشەی (الصدر) لە زمانی عەرەبیدا، دەڵێت: (الصدر) لە زمانی عەرەبیدا، بۆ (الاحساس الباطني) هەستی ناوەکیی مرۆڤ، بەکاردێت[1]. ئایەتەکانی رابردووش سەلمێنەری ئەم قسەیەن.

سەبارەت بە واتای (المصدر) لە رێزمانی عەرەبیدا، بەو ناوە دەگوترێت کە لە کارەوە وەردەگیرێت و لە رێزمانی کوردی بە (چاوگ) ناونراوە[2].

---

[1] ابن عاشور، التحرير والتنوير، تونس: الدار التونسية للنشر، ١٩٨٤م، ج٣، ص١٣٩.

[2] چاوگ لە لە دیدی قوتابخانەی بەصریەکان، لە رێزمانی عەرەبیدا، لە رووی "إعراب" شیکردنەوەوە، هەمان ئەرك و فرمانەکانی کار ئەنجام دەدات. چونکە چاوگ، رەگ و بنچینەیە "أصل"، کار لە چاوگ وەردەگیرێت. بە پێچەوانەوە کووفیەکان پێیان وایە، کار رەگە، هەروەها چاوگ لەکار وەرگیراوە. بروانە: ابن هشام الأنصاري، أوضح المسالك إلى ألفية ابن مالك، بيروت: المكتبة العصرية، طبعة جديدة، ١٩٩٦م، ص١٧٩.

چاوگ لە زمانی عەرەبیدا چەند جۆرێکی هەیە، وەك: (المصدر الصريح، المصدر المؤول، المصدر الصناعي، المصدر الميمي، المصدر المشتق، المصدر القياسي...الخ)[١].

لە زانستە سروشتییەکانی وەك جوگرافیا و ژینگەناسی، (المصدر) بریتییە لەو شوێنەی کە سامپڵ و نموونەی لێوەردەگیرێت، یان توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدرێت. لە بواری ئاودێریدا دەگوترێت (للمياه مصادر سطحية وجوفية). لە بواری ئابووریدا چەمکی خەرجی و داهات (صادرات وواردات) بەدیدەکرێت. لە بواری بازرگانیدا، هەر کاڵایەك لە بازاڕدا مامەڵەی پێوەدەکرێت، سەرچاوەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی هەیە.

لە بواری توێژینەوەدا، زنجیرەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان، لە لاپەڕەکانی کۆتایی توێژینەوە یان پەرتووك بەدیدەکرێن. کە لە ناونیشانی پەرتووك و توێژینەوە و نامیلکە و پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی دەبینێتەوە، کە توێژەر یان نووسەر لە نووسینەکەیدا پشتی پێبەستوون، لە عەرەبیدا بە (قائمة المصادر والمراجع)، هەروەها لە ئینگلیزیدا بە "*bibliography*" دەناسێنرێن. لە زانستە ئیسلامییەکانیش لە هەردوو بواری (الفقه، أصول الفقه) باسی سەرچاوە دەکرێت، کە بە (مصادر التشريع الإسلامي) ناوەزەد دەکرێن. ئەم سەرچاوانەی تەشریعی ئیسلامی بەسەر دوو بەرە دابەش دەبن، سەرچاوەی ڕەسەن (أصلی) هەروەها سەرچاوەی (فرعي) لاوەکی. هەندێ زانا بەشی دووەم بە سەرچاوەی (عقلي) پێناسە دەکەن[2].

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] مصطفى إبراهيم الزلمي، أصول الفقه في نسيجه الجديد، نشر إحسان، ط٢٣، ٢٠١٤، ص٤٢.

بەشی یەکەمیان بریتیین لەو سەرچاوانەی کۆدەنگی مەزهەبەکانیان لەسەرە، ئەمانیش چوار سەرچاوەن: (قورئان، فەرموودە، کۆدەنگی — إجماع، القیاس). بەشی دووەمی سەرچاوەکان، جیاوازی لەسەر پشتپێبەستنیان هەیە، هەندێ لە مەزهەبەکان پشتیان پێدەبەستن و وەك سەرچاوەی هەڵێنجانی حوکمە فیقهییەکان سەیریان دەکەن، ئەوانی تریش خۆیان لەهەمبەر پرسێکی لەمچەشنە دەبوێرن. ئەم سەرچاوە لاوەکیانەش بریتیین لە: (الاستحسان، المصلحة، العرف، سد الذریعة، الاستصحاب، قول الصحابي، شرع من قبلنا..) ئەم سەرچاوانە، بە هەردوو بەشەکەوە بریتیین لە مەڵبەند و ناوەندی پشتپێبەستن لەکاتی بڕیاردان لەسەر بابەتێك، بە شەرعیبوون یان ناشەرعیبوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە جیاوازییەکی ورد بکەین، لەنێوان شەریعەت و فیقهدا، کە بەشێك لە خوێنەران تێکەڵیان دەکەن، یەکەمیان تەنیا دەقەکانی قورئان و فەرموودەی صەحیح دەگرێتەوە، دووەمیان بریتییە لە تەفسیر و راڤە و شیکاری زانایان بۆ ئەم دەقانە، بەمشێوەیە یەکەمیان پابەندبوون پێوەی ناچارییە، بەپێچەوانەی دووەم.

کەواتە لەکاتی بڕیاردان لەسەر دروستی و نادروستی کارێکی دیاریکراو، پێویستە زانا (فەقیە) بۆ ئەم سەرچاوانە بگەڕێتەوە، هەتا حوکمەکە لە قورئان و فەرموودە و کۆڕا روونکرابێتەوە، ناکرێت پشت بە سەرچاوەکانی تر ببەسترێت، لە کاتی نەبوونی دەقێکی روون و ئاشکرا لە سەر پرسەکە، لە

قورئـان و فـەرمووده و كـۆڕا، ئینجـا لـە سەرچـاوەكانی تـر بـۆ دۆزینـەوەی حوكمە فقیهییەكە هەنگاو دەنرێت[1].

كەواتە لەڕووی كرداریيەوە كاتێك پرسێك دێتەپێشەوە، خـاوەن پرسـەكە بـۆ زانـینی حوكمــە فقهییەكــە پرسـیار لــە زانایــەك دەكـات، زاناكـەش بـۆ دەستكەوتنی حوكمەكە لە سەرچاوە رەسەنەكان دەگەڕێت، ئەگـەر دەسـتی نەكەوت، پێویستە لەژێر چەتری سەرچاوە عەقلّییەكان ئیجتهاد بكات، بنەما لەسەر رێسا كارپێكراوەكانی بوارەكە، حوكمی فیقهی دەست بخات. كەواتە، "پرسەگەر (پرسیاركار)، زانا، سەرچـاوەی گـەڕان بـۆ حوكمـە فیقهییەكـە و حوكمی فیقهی" لەم پرۆسەیەدا كاران.

ئەگەر لە دیـوێكی فراوانـی تـەكامولی سـەیری بابەتەكـە بكـەین، خـاوەن پرسیار بـۆ دەسـتكەوتنی پرسـیارەكە، هانـای بـۆ خـاوەن زانـست بـردووە، خاوەن زانستیش لەڕێگەی پشتبەستن بە ئامرازەكانی هەڵێنجانی حوكمەكان لە سەرچاوەكان، حوكمەكەی بۆ خاوەن پرسیار روونكردووەتەوە، ئەگەرچی لــە رووكەشـدا زانـا وەك سەرچـاوە لــەم پرۆسـەیەدا دەردەكـەوێت، بـەڵام لەڕاسـتیدا ئــەو تــەنیا ئـامرازە، بـەڵكو سەرچـاوە بریتییــە لــەو شــوێنەی حوكمەكـەی لـێ وەردەگیرێـت. لـەنێو ئـەم سەرچـاوانەش تـەنیا سرووشـی خودایی (الوحي الالهي) بریتییە لە سەرچاوەی رەسەن.

---

[1] بروانە: ملكاوی، منهجیة التكامل المعرفي، ص٢٠٧.

دەکرێت کۆی پرۆسەی تەکامولی مەعریفی و سەرچاوە و ئامرازەکان لەسەر شێوازی ئەم نموونەیەی سەرەوە روون بکەینەوە. بەمشێوەیە: ((پرسەکە مەعریفەیە، خاوەن پرس مرۆڤە، زاناش خودایە))، ئیدی پێویستە لەم نێوەندەدا ئامراز و سەرچاوەکانی بەدەستگەیشتنی ئەو مەعریفەیە لە خوداوە بۆ مرۆڤ بدۆزینەوە.

بەر لە دەستپێکی شیکردنەوەی سەرچاوە و ئامرازەکان، پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ بکەین، ناکرێت هیچ زانست و زانیارییەك دەستبخەین، مەگەر لەڕێگەی رێگا و رێوشوێنە گونجاوەکانی پەیوەندیدار بە باتەکەوە نەبێت. ئەم رێوشوێنانەش بەدەر نیین لە کاریگەری سروشتی ئایینی کۆمەڵگە و پاشخانی هزری و لایەنی رۆشنبیری ودیدگای گشتی بۆ گەردوون.

لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، توێژەر دەتوانێت سوود لە ئەزموونی نەوەکانی رابردوو وەربگرێت، جیاوازی نییە، ئەو ئەزموونە بەشێك بێت لە ئەزموونی کۆمەڵگەی خۆی، یان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی تری جیهان، کەواتە ئەم رێوشوێنانە بریتین لە میتۆد (منهج)، هیچ میتۆدێکیش بێ سەرچاوە شکۆفە ناگرێت، چونکە هەموو میتۆد و پرۆگرامێك لە رێڕەو و پەیڕەوەکەی خۆیدا پشت بە چەند کۆڵەگەیەك دەبەستێت، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی لەڕێگەیەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت. بەمشێوەیە لە برگەکانی خوارەوە، بەکورتی ئەو سەرچاوە میتۆدییانە دەخەینەڕوو، کە پێویستە لە پرۆسەی تەکامولی مەعریفی بگیرێنەبەر.

- ## سەرچاوەی یەکەم: سرووش

سرووش بریتییە لە گرنگترین سەرچاوەی رەسەنی مەعریفە، هەروەها قورئان بریتییە لە تاکە سەرچاوەی سرووشی رەها، کە وەك سەرچاوەی رەسەنی مەعریفە هەژمار دەکرێت [1].

کۆی بیرمەندانی پەیمانگای جیهانی هزریی ئیسلامی، کۆکن لەسەر ئەوەی سرووش سەرچاوەی سەرەکی دەستخستنی مەعریفەیە. سرووش تەنیا قورئان ناگرێتەوە، بەڵکو کاتێك دەگوترێت سرووش، ئەوە کۆی پەرتووك و پەڕاوە ئاسمانییەکان بێ جیاوازی دەگرێتەوە. لەڕووی هزری و مەعریفییەوە، چۆن قورئان وەك سەرچاوەی مەعریفە هەژمار دەکرێت، بەهەمانشێوە تەورات، ئینجیل، زەبوور، پەڕاوی ئیبراهیم، مووسا و پەیامهێنانی تریش سەرچاوەی مەعریفە و زانستن. لەڕووی کردارییەوەش، تەنیا قورئان لەنێوان پەرتووك و پەڕاوە ئاسمانییەکان لەم سەردەمەدا بە سەرچاوەی مەعریفە هەژمار دەکرێت، چونکە پەرتووك و پەڕاوە ئاسمانییەکانی تر، پاڵپشت بە بەڵگەی قورئانی و بەڵگەی مێژوویی دەستکاریکراون، بۆیە ناکرێت ئەو پەرتووکە ئاسمانییانەی ئێستا

---

[1] کاتێك دەڵێین سرووشی خودایی رەها بریتیە لە سەرچاوەی سەرەکی مەعریفە، تەنها قورئان دەگرێتەوە. رەنگە بوترێت ئەی فەرموودە؟ لە وەڵامدا دەوترێت، فەرموودە سرووشی خودایی رەها نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی رێژەیی بەشێکە لە سرووشی خودا، لە بەر دوو هۆکار. یەکەمیان: چونکە بەشێکی زۆری فەرموودە لاوازەکان، پشتیان پێ نابەسترێت. جیاکردنەوەی فەرموودەی راست و ناراست، کردارێکی قورسە، ئەگەرچی زۆربەی یەکلاکراوەتەوە، بەڵام هێشتا وەك قورئان کۆدەنگیان لەسەر نیە. دووەم: قورئان بە وشە و واتا "اللفظ والمعنی" لەلایەن خوداوە هاتۆتە خوارێ بە پێچەوانەی فەرموودە، کە تەنها واتاکەی لەلای پەروەرێنەوەیە.

لەبەردەستی مرۆڤایەتین، جگە لە قورئان، بە سرووشی ڕەهای خودا هـەژمار بکرێن[1].

کەواتـە قورئـان تاکـە سەرچـاوەی ئاسمـانیی زانـست و مەعریفەیـە، کـە لەلایەن پەروەرێنەوە لەڕێگەی فریشتەوە بـۆ پـەیامهێن محەممـەد (دروودی خـوای لەسـەر) دابـەزیوە، دەسـتکاری نـەکراوە، هـەروەها خـودا پاراسـتنی لەئەسـتۆگرتووە، بـەهیچ شـێوەیەك مـرۆڤ ناتوانێـت دەسـتکاری بکـات، هەرچەندە هەوڵی دەستکاریکردنیشی بدات. پێکهاتەی قورئانیش بریتییە لە زانستی تایبەت بە پـەروەرێن، فریـشتە، فروسـتادە و پـەیامهێنان، مێـژووی مرۆڤایـــەتی، دروســـتکردنی تەنـــە مادد ییـــەکان، دیـــاردە و ڕووداوە گەردوونییەکان، زانستی پەیوەست بە جیهانی بینـدراو نەبینـدراو. هـەروەها قورئـان بریتییـە لـە سەرچـاوە و کانگـای حوکمـە شـەرعییەکان. تێزەکـانی حـەڵاڵ و حـەرام، کـڕین و فرۆشـتن، خواپەرسـتییەکان، ڕەوشـت و بـەها گەردوونی و کۆمەڵایەتییەکان، بنەماکانی یاسا و دەستووری وڵات، پایەکانی داد و دادگـەری، هاوسـەرگیری و جیابوونـەوە، مـیرات و وەسـیەت...هتـد، بەشـێکی زۆری قورئـان پێکـدەهێنن. ئـەم بابەتانـەش بـریتین لـە کرۆکـی توێژینەوەکانی بوارە گەردوونی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئاینییەکان. بۆیە کاتێـك باسـی سەرچـاوەکانی مەعریفـە و زانـست بکرێـت، بـەم واتـا و پێکهاتەیەوە، پێویستە قورئان بە سەرچاوەی سەرەکی هەژمار بکرێت.

---

[1] زیاد الدغامين، التكامل المعرفي في القرآن الكريم، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، المجلد التاسع، العدد (١/أ)، ٢٠١٣م، ص١٧٥.

سەبارەت بە چەمکی وەحی و پێکهاتەکەی لای موسڵمانان، لە دوو روانگەوە سەیر دەکرێت، لە روانگەی قورئان و کەلەپوور، لە قورئاندا وەحی بریتییە لە سرووشی خودایی بەشێوەیەکی‌رەها، واتە گرنگ نییە، دواندراو لەڕێگەی وەحی خوداییەوە مرۆڤ بێت، یان زیندەوەرێکی تر، بەڵکو کۆی ئەو پەیامانەی خودا بە دروستکراوەکانی داون، بێ چەندیەتی و چۆنیەتی، لە قورئاندا بە وەحی هەژمارکراون، ئینجا لەسەر شێوازی زانراو بێت وەك ئەوەی بۆ پەیامهێنان هاتووە، یان شێوازی نەزانراو، هەروەها لەڕێگەی فریشتەوە بێت، یان ئیلهام و نیگا و خەون و خەیاڵ. کاتێك لە قورئان بۆ ماناکانی چەمکی وەحی دەگەڕێیت، ئەم ئایەتانە بەدیدەکەیت ﴿ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا ﴿١٦٣﴾ وَرُسُلٗا قَدۡ قَصَصۡنَٰهُمۡ عَلَيۡكَ مِن قَبۡلُ وَرُسُلٗا لَّمۡ نَقۡصُصۡهُمۡ عَلَيۡكَۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا ﴾ النساء: ١٦٣ – ١٦٤، لەم ئایەتەدا پەروەرێنی باڵا، باس لەو سرووشە دەکات کە بۆ پەیامهێنان هاتووەتەخوارێ. چەندین ئایەتی تری هاوشێوەی ئەم ئایەتە لە قورئان بەدیدەکرێن. هەروەها، لە فەرمایشتێکی تردا، هاتووە: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِ ﴾ القصص: ٧ لەم ئایەتەدا پەروەرێن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، سرووش بۆ دایکی مووسا نێردراوە، بۆئەوەی مووسا بە مەلۆتکەیی بۆ نێو ئاوی نیل تووڕ بدات. ئاشکرایە دایکی مووسا، پەیامهێن نەبووە، چونکە رووینەداوە ئافرەتێك ببێتە پەیامهێن (پەراوێزێك لەسەر ئەوە بنووسە کە هەندێك لە زانایانی وەك ابو الحسن الاشعري و ابن حزم و قورتوبی) رایان وابووە کە پێغەمبەر بە مانای (النبي) لە ناو

ئافرەتاندا هەبووە)، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، کە ئێرە جێگەی باسکردنیان نییە، هاوکات سرووشی بۆ دابەزیوە، بەڵام ئایا لەسەر چ شێوازێك بووە، هەر خودا خۆی دەزانێت، چونکە خودا بۆ مرۆڤایەتی روون نەکردووەتەوە، ئەم سرووشە لەڕێگەی فریشتەوە بووە، یان ئیلهام و خەیاڵ و پەیامی دەروونی. سەبارەت بە سرووش بۆ زیندەوەرانی تر، پەروەرێن فەرموویەتی: ﴿وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ﴾ النحل: ٦٨، ئەم ئایەتە ئاماژەیەکی روونە کە دەشێت سروش بۆ زیندەوەرانی تریش دابەزێت، بەڵام پێکهاتە و چۆنیەتەکەی نەزانراوە[1]. راستە لە قورئاندا بەڕوونی تەنها ئاماژە بۆ دابەزینی وەحی بۆ هەنگ کراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە جگە لە هەنگ بۆ گیانلەبەرانی تریش دانەبەزیوە، دەکرێت بۆ غەیری هەنگیش دابەزیبێت، یان داببەزێت. بەمشێوەیە، بۆمان روونده‌بێتەوە قورئان بریتییە لە سەرچاوەی سرووشی خودایی رەها، کە داڕێژەری دید و بۆچوونی مرۆڤی موسڵمانە، بەرامبەر بە بەدیهێنەر و، بە دیهێندراوەکان و، ژیانی دنیا و ژیانی دواڕۆژ.

هاوکات قورئان بریتییە لە داڕێژەری دیدگای موسڵمان لەهەمبەر سروشت و ناخی مرۆڤ، ئامانجەکانی دروستکردنی مرۆڤ و تێڕوانین بەرامبە جیهانی نەبیندراو و بیندراو (عالم الغيب والشهادة)، بەهەمان چەشن، قورئان بریتییە لە سەرچاوە و داڕێژەری حوکمە شەرعییەکانی وەك: (خواپەرستی، مامەڵە و

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص٢١٠.

کڕین و فرۆشتن، ڕەوشت و ئاکار و یاساکانی بیرکردنەوە) کە بریتیین لە ڕێکخەری ڕێگاکانی تێگەیشتنی مرۆڤ، سەبارەت بە تەنە ماددییەکان و، کۆی بیرۆکە و ڕووداو و ئاکار و کردارەکان[1].

لەنێو کەلەپووری ئیسلامیشدا، وەحی دەکرێت بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم، سرووشی ئاشکرا (الوحي الجلي) کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز، دووەم سرووشی شاراوە (الوحي الخفي) کە بریتییە لە فەرموودەی پەیامهێن (دروودی خوای لەسەر). لە دیدی مرۆڤی موسڵمان، قورئان و فەرموودە دوو لقی درەختێکن، لە بنەڕەتدا هەردووکیان لەلای زاتی پەروەرێنی تاقانەوە سەرچاوە دەگرن. کاتێک دەگوترێت فەرموودەی پەیامهێنیش (دروودی خوای لەسەر)، دەچێتە ژێر خانەی سرووشەوە، ئەو فەرموودانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەحکامەکانی قورئان، جیاوازی نییە ئەم فەرموودانە کرداری، گوفتاری، یان دانپێدانان بن. سرووش، واتە قورئان و فەرموودە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبنە سەرچاوەی زانست. لە بابەتەکانی بیروباوەڕ، حوکمە کردارییەکان، ڕێساکانی ئاکاری تاک، هەواڵی گەلانی ڕابردوو، ئامراز و شێوازەکانی پەروەردە و فێرکردن، ڕاستەوخۆ سرووش ڕۆڵی سەرچاوەی زانستی دەبینێت. ئەم بەشە هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ باسی ئەم بابەتانەی سەرەوە دەکەن، هەروەها ڕاستەوخۆ زانست و زانیاری دەخەنە بەردەستی خوێنەر،

---

[1] زياد الدغامين، التكامل المعرفي في القرآن الكريم، ص١٧٩.

هەنـدێجاریش سـرووش راسـتەوخۆ نابێتـە سەرچـاوەی زانـست، بـەڵكو بـە ناڕاستەوخۆ مرۆڤ بە زانست و زانیاری دەگەیێنێت.

كـۆی ئـەو دەقانــەی باســی رێنمــایی مرۆڤایــەتی دەكــەن، هــەروەها خستنەڕووی بنـەما گشتییەكان، دید و بۆچـوون سـەبارەت بـە گـەردوون و سەرچاوە باڵاكان، كاریگـەری راسـتەوخۆیان لەسـەر شـێوازی بیركردنـەوە و هەنگاونانی مرۆڤەكان هەیە. لەلایەكی تر، ئەم دەقانە هاندەرن بۆ تێكۆشان لەپێناو دونیاداری و كۆكردنەوەی سامان و سەروەت و گرتنەبەری یاسـاكانی هـۆ و ئـەنجام، بـۆ ئاشـنابوون بـە رێـسا گەردوونییـەكان و، بەگەڕخـستنیان لەپێناو باشتر هەڵگرتن و جێبـەجێكردنی ئـەم سـپاردە خودایـەیی خراوەتـە ئەستۆی مرۆڤ، كە دیارترینی بریتییە لـە جێنـشینایەتی و ئاوەدانكردنـەوەی زەوی، ئـەمیش لەڕێگـەی ئاراسـتەكردنی مـرۆڤ، لەڕێگـەی ئـەم دەقانـە، بـۆ ئاشـنابوون بـە چـەندین رێگـەی سـەرەكی لێكۆڵینـەوە و توێكـاری، لەمانـە: (لێكۆڵینــەوەی مێــژوویی، سروشــتی و پەروەردەییــە). یەكــەمیان بــۆ ئاشـنابوون بـە رێـسا مێژووییـەكان و پەنـدوەرگرتن لێیـان، دووەمیـان بـۆ ئاشـنابوون بـە یاسـا فیزیـایی و كیمیـایی و زانـستەكانی تـر، سـێیەمیان بـۆ ئاشنابوون بە ناخی مرۆڤ و رێگاكانی ئاراسـتەكردنی بەشـێوەیەكی دروسـت. بەمشێوەیە جۆری دووەمی دەقەكان، راسـتەوخۆ زانـستبەخش نـین، بـەڵكو رێنیشاندەر و رێنماییكارن، لە دەرەنجامی كارپێكردن و هـەوڵ و تێكۆشـان، زانست و مەعریفە بەرهەمدێت.

- **سەرچاوەی دووەم: جیهان "العالم"**

دووەم سەرچـاوەی مەعریفـە و زانـست بـۆ مـرۆڤ بریتییـە لـە جیهـان، گەردوون و بونەوەر. بیرمەندی ئەردەنی (فەتحی حەسن مەلکاوی) پێکهاتەی سەرچاوەی دووەم بەسەر سێ ئاست دابەش دەکات:

ئاستی یەکـەم: بریتییـە لـە جیهـانی ماددییانـەی سروشـت، کـە کـۆی بوونــەوەر و زینــدەوەر و تەنــە ماددییــەکان دەگرێتــەوە. تــەواوی تەنــە بــچووکەکان، کــە تــەنیا لەڕێگــەی مایکرۆســکۆب و ئــامێرە تەکنەلۆژییــە وردبینەکانەوە دەبیندرێن، تاوەکو دەگاتە کاکێشان و کۆمەڵـە خۆرییـەکان، بەشــێوەیەکی گــشتی هاوشــان لەگــەڵ دیــاردە و رووداوە گەردوونییــەکان سەرجەمیان لەخۆدەگرێت.

ئاستی دووەم: بریتییە لە جیهانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـەکان لـەخۆدەگرێت، وەك: تـاك، خێـزان، تـیرە، هـۆز، گـەل، کۆمەڵگە، پەیوەندییە کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و نێودەڵەتییـەکان. هـەروەها کــۆی سیــستەم و یاســا کارپێکراوەکــانی کۆمەڵگــەی مرۆڤایــەتی، کــە لەڕێگەیانەوە ئەرك و ماف دیاری دەکرێن.

ئاستی سێیەم: بریتییە لە جیهانی دەروونی کە وابەستە و پەیوەستە بە تاکە تاکەی مرۆڤەکان، لەڕووی لایەنی عەقڵ و ژیری، رۆح و جەستە، مـەرگ و ژیان، تەندروسـتی و نەخۆشـی، زانـست و نـەفامی، هـزر و نـاخ، هەسـت و پاڵنەرەکان. هەروەها چۆنیەتی بیرکردنەوە و گەشـەکردنی تواناکـان، دواتـر پووکانــەوەی هێــز و توانــا و بەساڵاچــوون، تــا دەگاتــە هەســتی خۆشــی و

رقلێبوونـەوە و چـۆنیەتی دەربڕینیـان. ئەگەرچـی مـرۆڤ بـەراورد بـە تەنـە گەردوونییەکانی تر بوونەوەرێکی بچووکە لە گەردوون، بەڵام تـا دوا ترۆپکـی ئاڵۆزبوون ئاڵۆزە، لەڕووی پێکهاتە و ناوەڕۆك و فراوانی سیستەم و خڕۆکە و ئەندامـەکانی جەسـتەی. کـۆی ئـەم زانـست و زانیارییانـەی مـرۆڤ لـە ژیانـدا دەستیان دەخات، لەڕێگەی کارلێکردن و تێڕامان و ئەزموون پەیداکردنـە لـە یەکێك لەم سێ ئاستانەی گەردوون و جیهان. ئەم زانست و زانیارییانەش بـە هەڕەمەکی دەستناکەون، بـەڵکو هـەر بـوارە و لـە رێگەیـەکی دیـاریکراوەوە مرۆڤ دەتوانێت پەییان پێ ببات.

هەندێ شت بە ئاسانی دەستدەکەون، ئاسان لـە تێگەیـشتن و سـاکار لـە پێکهاتە. هەندێکی تر، بەپێچەوانەوە قورس لە تێگەیشتن، دژوار لە پێکهاتە. هەندێکی تر، مامناوەند لە هەردوو رووی تێگەیـشتن و پێکهاتـە. هەنـدێکجار لەڕێگـەی بـەکارهێنانی چـەند یاسـا و هاوکێـشەیەك مـرۆڤ دەتوانێـت بـە ئەنجامێکی خوازراو بگات. هەندێکجار لەڕێگەی راڤەی دیاردە و رووداوەکان، هەندێکجاریش رەنگە لەڕێگەی پێشهات و پێشبینی هـەڵقولاو لـە ئـەزموون و تاقیکردنەوە مرۆڤ بگاتە ئەو ویست و خواستەی لە پێناویدا تێکۆشیوە[1].

دەرەنجام کۆی جیهانی ماددیی سروشت و جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی دەروونی، دەچنە ژێر چەتری سەرچـاوەی دووەمـی دەستخـستنی زانـست و مەعریفە. بـە زۆر جـۆر و شـێواز و پەیکـەر، باسـی سەرچـاوەکانی زانـست و مەعریفە کراوە، هەر قوتابخانەیەك ستایل و شێوازێکی دیاریکراوی بۆ تێـز و

[1] فتحی ملکاوی، منهجیة التکامل المعرفي، ص٢١٢.

کۆباسەکانی هەیە، بەڵام پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی، لەچوارچێوە گشتییەکەدا تەنها (وەحی و جیهان) وەك سەرچاوەی مەعریفە و زانست دەناسێنێت. وەك پێشتریش باسمان کرد، پێکهاتەی وەحی بەسەر دوو بەش دابەش دەبێت، کە بریتیین لە قورئان و فەرموودە. هەروەها پێکهاتەی سەرچاوەی دووەمیش بەسەر سێ لق دابەش دەبێت، کە ئەمانیش جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و دەروونین. کەواتە لەچوارچێوەی شیکاری و هێڵکاریدا، هەریەکە لە (قورئان، فەرموودە، جیهانی سروشت، جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی دەروونی) بریتیین لە سەرچاوەکانی زانست و مەعریفە. بەم پێیەش گەیشتینە دوا وێستگەی تێزەکانی تایبەت بە سەرچاوەکانی زانست و مەعریفە. لە وێستگەی داهاتوودا خاڵ لەسەر چەند وشەیەکی تایبەت بە ئامرازەکانی دەستخستنی زانست و مەعریفە دەنەخشێنین.

بەشی چواردە
ئامرازەکانی مەعریفە

کاتێک باسی ئامرازەکان دەکرێت، بەتایبەت لە بوارە زانستی و مەعریفییەکان، خەیاڵی خوێنەر بۆ ئامرازە مادییەکان دەڕوات، وەك ڕێکارە هونەری و ئامێرە تەکنەلۆژی و پێویستییەکانی وەك پەرتووك و توێژینەوە و کۆمپیوتەر و تاقیگە...هتد، کە لە پرۆسەی کۆکردنەوە و شیکارکردنی داتاکان، بەتایبەت لە بوارە زانستییەکان پێویستن. لە بواری زانستە مرۆییەکانی وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی، کاتێك باسی ئامرازەکان دەکرێت، زیاتر چۆنیەتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی مەیدانی، ئەنجامدانی راپرسی، شیکارکردنی ئەنجامی راپرسییەکان، شیکاری چاوپێکەوتنەکان، لەپاڵ کاروبارە کارگێڕی و هونەرییەکان و هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیار دێنەبەرچاو.

گومان لەوەدا نییە ئەم جۆرە ئامرازانە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەدا گرنگن، چونکە یەکێك لەو بەربەستە قورسانەی لە کۆی کایە زانستی و مەعریفیەکاندا لە وڵاتانی ئیسلامی دێتە رێگەی توێژەر، بریتییە لە کەمی ئەم ئامرازانە، بەتایبەت لە بوارە زانستییەکاندا. ئاشکرایە

خراپبەکارهێنان، یان بەردەست نەبوونی یەکێك لەم ئامراز و ئامێرانە ئاستەنگ بۆ توێژەر دروست دەکات. لەم پەڕەگرافەدا، نامانەوێت باسی وردەکارییەکانی تایبەت بەو ئامرازانە بکەین، بەڵکو مەبەستمان لە ئامراز شتێکی ترە، ئەو ئامرازانەی دەمانەوێت بیانخەینەڕوو، زۆر فراوانن، بەشێوەیەك چەندین مانای گەورە و دەرچەی گشتی و مەزهەب و ئایدیۆلۆژی هزری و تیۆرییە گشتییەکان، کە توێژەر دەتوانێت وەك ئامێرەکان بەگەڕیان بخات، لەخۆدەگرێت. تەنیا بەکارهێنانی ئامێر لە پرۆسەی توێژینەوەدا بەس نییە، بۆیە بەشێك لە بیرمەندان بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان، باسی ئامرازەکان دەکەن، تەنانەت زانست و مەعریفەش بە ئامراز دەناسێنن[1].

سەبارەت بە پرسی رێکخستنی ئامرازە میتۆدییەکان، (سەیفەدین عەبدولفتاح) چوار دەروازە دەخاتەڕوو، کە بەیەکەوە کۆی ئامرازە میتۆدییەکان پێکدێنن.

دەروازەی یەکەم: بریتییە لە دەروازەی ئامانجبازی (المدخل المقاصدي).

ئەم خاڵە پشت بە کاراکردنی تیۆری مەقاسیدی شەریعە دەبەستێت وەك پێشەوا شاتبی تیۆریزەی کردووە. بەوپێیەی بابەتی مەقاسد هەڵگری کۆمەڵێك ژانەرە، لە رێگەییانەوە دەکرێ لێکۆڵینەوە لە واقیع و رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نێودەوڵەتییەکان بکرێت، بە چاوێکی مەقاسیدیانە و دوور لە رووکەشبازی، لێکدانەوە و راڤە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام بدرێت.

1 محمد أمزيان، منهج البحث الإجتماعي بين الوضعية والمعيارية، فيرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط١، ١٠٠١م، ص١٢٩.

دەروازەی دووەم: بریتییە لە دەروازەی کەشتینشین (المدخل السفني).

ئەم خاڵە کار بۆ کاراکردنی فەرموودەکانی پەیامهێن دەکات، ئەویش لەڕووی جەختکردنەوە لەسەر بەرپرسیاریەتی و پابەندبوون بە ڕەوشتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، وەك چۆن سەرنشینانی کەشتی پێویستە بە پاراستنی ئاسایش و دۆخی کەشتییەکە پابەند بن، بەپێچەوانەوە ئەگەر یەکێك لە سەرنشینان کارێکی نابەجێ ئەنجام بدات، کە دەرەنجامەکەی نوقمبوونی کەشتییەکە بێت، کۆی سەرنشینان زەرەرمەند دەبن، نەك تەنیا سەرپێچیکار.

دەروازەی سێیەم: بریتییە لە دەروازەی چەمکەکان (المدخل المفاهیمي).

لەم خاڵەدا کار بۆ کاراکردنی چەمك و تێگەیشتنەکانیان دەکرێت، وەك ئەوەی چەمکەکان بریتین لە کۆمەڵێك مەنزوومە، کە لەڕێگەیانەوە دەتواندرێت شیکاری دیاردە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان بکرێت.

دەروازەی چوارەم: بریتییە لە بیرۆکەی نموونەی مەعریفی (النموذج المعرفي) کە (تۆماس کۆهن) تیۆریزەی کردووە. بەوپێیەی ئەم بیرۆکەیە بریتییە لە ئامرازێکی بیناکار و شیکاری لەبارەی نموونە هزرییەکان، کە باڵ بەسەر کۆمەڵگەی زانستیدا دەکێشن، لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و ڕێگاکانی بیرکردنەوە[1].

کەواتە، هەر چوار دەروازەی بیرکردنەوەی مەقاسیدیانە، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی وەك کەشتینشین، تێگەیشتن لە چەمکەکان، کاراکردنی

---

[1] سیف الدین عبدالفتاح، المنهجیة وأدواتها من منظور إسلامي، القاهرة، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠١٠م، ج٢، ص٦٦٠.

بیرۆکـەی نموونـەی مـەعریفی تۆمـاس کـۆهن، بـریتین لـە کـۆی ئـامرازە میتۆدییەکان لە دیدی سەیفەدین عەبدولفتاح.

سەبارەت بەو ئامرازانەی لە پرۆژەی تەکامولی مەعریفی بە پایەی دووەم هەژمار دەکرێن، بریتیین لە ئاوەز و هەست (العقل و الحس). بەواتایەکی تر، هەر کاتێك لە تێزەکانی پرسی تـەکامول بـاس لـە ئامرازەکـان کـراوە، ئـەوە باسـکردنە لـە ژانـەرەکانی عـەقلّ و هەسـت. وەك ئـەوەی پێـشتر ئاماژەمـان پێکرد، سەرچـاوەکانی دەستخستنی مەعریفـە بەشـێوەیەکی مەنهەجییانـە، تـەنیا دووانــن، ئــەمانیش (ســرووش و جیهــان)، بەهەمانــشێوە، ئــامرازە مەنهەجییـەکان تـەنیا بـریتین لـە عـەقلّ و هەسـت. بەواتایـەکی تـر، کـۆی سەرچاوە لاوەکییەکان دەچنەوە ژێر چەتری سـرووش و جیهـان و سـەرجەم ئامرازەکانی تریش، دواجار هەر دەچنەوە ژێر چەتری عەقلّ و هەست. بۆیە ئەم چوار ژانـەرە (سـروش، جیهـان، عـەقلّ و هەسـت) پێکهاتـەی پەیکـەری سەرچاوە و ئامراز لە تەکامولی مەعریفی کاملّ دەکەن.

ئـامراز تـەنیا بریتییـە لـە هۆکـاری گەیـشتن بـە مەبەسـت، کاتێـك بـیر سەرچاوەی ئاوە، دۆلکە و سـوراحی بـریتین لـە ئـامرازی هـەڵێنجانی ئـاو لـە بیرەکەدا. بەهەمان چەشن، چاو ئامرازی بینینە، گویّ ئـامرازی بیـستنە، دلّ ئـامرازی بیرکردنـەوە و تێگەیـشتن و کـاراکردنی عـەقڵی ناوەکییـە، وەك لـە قورئانـدا هـاتووە. لـە دوو پـەرەگرافی داهـاتوودا، چـەند سـەرەنجێك لەسـەر ئامرازەکانی عەقلّ و هەست دەخەینەڕوو.

- **ئامرازی یەکەم: عەقڵ**

عــەقڵ چــاوگێکی زمانەوانییــە بــۆ کــرداری ژیرکــاری (التعقــل)، بۆیــە لــە قورئاندا باسی کـرداری ژیرکـاری و عـەقڵ و ئـاوەز کـراوە. هـەروەها ئـەرکی عەقڵ بریتییە لە تێڕامان، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە و فێربوون. ئەنجامـدانی ئــەرکێکی لــەم چەشــنە، تــەنیا لەڕێگــەی کــاراکردنی بــەردەوامی عــەقڵ بەرهەمـدێت، بۆیــە یــەکجاریش وشــەی (عــەقڵ) وەك چــاوگ لــە قورئانــدا بەکارنەهاتووە. لەکاتێکدا ٤٩ جار بەشێوەی کار بەکارهاتووە، بەمـشێوەیە، ٢٤ جار بە داڕشتەی (تعقلـون)، هـەروەها ٢٢ جـار بـە داڕشـتەی (یعقلـون)، جارێکیش (یعقلها)، جـارێکیش (نعقـل)، جـارێکیش (عقلـوه) بـەکارهاتووە. هەروەها لەسەر شێوەی چـەند فـۆڕمێکی تـر، کـاراکردنی عـەقڵ لـە قورئـان جەختی لەسەر کراوەتەوە، بۆنموونە وشەی (الألباب) کە بۆ عاقڵمەندانە، لـە ١٦ شوێن بـەکارهاتووە. بەهەمانـشێوە بـۆ ژیرمەنـدان (النُهـی) دوو جـار لـە قورئانــدا هــاتووە. جــارێکیش بــۆ کــردارە عەقڵییــەکان وشــەی (القلــب) بــەکارهاتووە. هــەروەك جــارێکیش وشــەی (الحجــر) بــۆ هــەمان بابــەت بەکارهاتووە.

ئاشکرایە بیرکردنـەوەش یەکێکـە لـە کـردارە عەقڵییـەکان، لـە عەرەبیـدا (التفکر)ی بـۆ بـەکاردێت. ئـەمیش لـە قورئـان بـە چـەند داڕشـتەی جیاجیـا بەکارهاتووە، بۆنموونـە: داڕشـتەی (فکّـر) یـەك جـار، (تتفكَّروا) یـەك جـار، (تتفكَّـرون) سـێ جـار، (یتفکّـروا) دوو جـار، (یتفكَّـرون) ١١ جـار هــاتوون. کەواتـە، ٤٩ جـار داڕشـتەی کـاری (العقـل)، ١٦ جـار (الألبـاب) و، ١٨ جـار گــەردانکراوی (التفکــر)، دوو جــار (النهــي)، جــارێکیش (الحجــر) هــاتوون،

لەهەمان کاتدا ١٤٤ جاریش وشەی (القلب) بەگشتی لە قورئاندا هاتووە[1].

هەروەها چەمکی فامکردن (الرشد) لە قورئاندا بەکارهاتووە، کە ئەویش کردارێکی عەقڵییە، بۆ ڕێنمایی و گرتنەبەری ڕێگای ڕاست بەکاردێت، لە زمانی عەرەبی لەبەرامبەریدا وەك دژەوانە، چەمکی (الغـي) ڕێونکردن و گومڕایی بەکاردێت. بە چەندین داڕشتەی جۆراوجۆر لە قورئان بەکارهاتووە، وەك (الرشد، رشدًا، رشده، رشدا، رُشدًا، يرشدون، الراشدون، رشيد)، هەموو ئەمانە گرنگی کاراکردنی عەقڵ و فام نیشان دەدەن. ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، مرۆڤ دوور لە فامکردن، جیا لەوەی ناگات بە ئامانجەکانی، ڕێگەی ڕاستیشی لێ ون دەبێت، سەرەنجام نازانێت بۆ کوێ دەچێت و بەدوای چی دەگەڕێت.

لە دیدی قورئان گرنگیدان بە عەقڵ، مەبەستی ئەندامێکی پێکهاتەی جەستە نییە، بەڵکو کردارە عەقڵییەکان و بەکارهێنانی کاراکردنی عەقڵ وەك ئامرازێك بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن گرنگە و شایەنی گرنگیپێدانە. هەروەها کاتێك باس لە گرنگی عەقڵ دەکرێت، ئەو عەقڵە مەبەستە کە بریتییە لەو ئامرازەی مرۆڤ لەڕێگەی کاراکردنیەوە دەگەیەنێتە بەدیهێنانی خەونەکانی، چەشنی سوراحی کە خەونی مرۆڤی تینو لەڕێگەی هەڵێنجانی ئاو لە بیر بەدیدێنێت. مرۆڤی شێت و کاڵفام و ژیرشێواو، خاوەنی عەقڵە، بەواتای ئەندامێکی جەستە، واتە (مێشك)، بەڵام خاوەنی عەقڵێکی کارا نییە، بۆیە

[1] فهمی قطب الدين النجار، العقل في القرآن الكريم، بابەتێکە لە سایتی تۆری ئالوکە بڵاوکراوەتەوە، بەرواری بڵاوکردنەوە: ٢٠١٤/١/١٥، بەرواری سەردانکردن لەلاین توێژەر: ٨/ ١١/ ٢٠١٦. بەستەری بابەتەکە: http://www.alukah.net/culture/٠/٦٥٢٣٥/.

ئەرکداری و تەکلیفی لەسەر هەڵگیراوە، چی بکات، یان نەیکات، لە هەردوو دنیا و دوارۆژ لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت. بەپێچەوانەی مرۆڤی ژیرمەند، کە لەسەر هەموو کار و چالاکییەك تووشی بەرپرسیاریەتی و لێپێچینەوە دەبێت.

- **ئامرازی دووەم: هەست "الحس".**

هەست بریتییە لە کاراکردنی ئامرازەکانی هەستکردن، کە بە پێنج هەستەوەرەکە ناسراون، ئەمانیش: (بیستن، بینین، بۆنکردن، دەستلێدان و تامکردن)[1]. بەواتایەکی تر، ئامرازی هەست کە بەشی دووەمی ئامرازەکانی تەکامولی مەعریفی پێکدەهێنێت، بریتییە لە کاراکردنی هەستەوەرەکانی لاشە، بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە خواست و ئامانجەکان. ئاشکرایە هەستکردن بریتییە لە هەستکردنی کاریگەری فیزیکی لەکاتی روودانی کرداری بەریەککەوتن لەنێوان هەستەوەر و ئەو تەنەی بەر هەستەوەرکە کەوتووە. ئاماژەی هەستکردنی ماددییانە ئەو کاتە بەرهەمدێت، کاتێك پەیبردنی عەقڵی (الادراك العقلي) بەرهەمدێت. هەر ئەو هەستکردنە عەقڵییەیە کە تایبەتمەندی بۆ بەرکەوتەی هەستەوەرەکان دیاریدەکات.

هەستی چاو، بریتییە لە ئەنجامدانی کرداری جیاکاری لەنێوان قەبارە و رەنگی تەنە ماددییەکان، هەستی گوێ بریتییە لە کرداری جیاکردنەوەی

---

[1] أحمد محمد الدغشي، الحس مصدر للمعرفة وطريقة لها رؤية قرآنية تربوية، بحث منشور في منتدى الكلمة للدراسات والأبحاث، العدد ٢٧، ٢٠٠٠م، الرابط المباشر:
http://www.kalema.net/v1/?rpt=165&art.

دەنگەکان لە یەکتر، بەرز یان نزم، خۆش یان ناخۆش، گەنج یا بەساڵاچوو، دەنگی باڵندە یان مرۆڤ یان ئامێرێکی تەکنەلۆژی...هتد. لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی و پێشکەوتنی پیشەسازی، هەستەوەرەکانی مرۆڤ لەڕێگەی ئەو ئامێرە تەکنەلۆژییانە، زۆر زیاتر لە جاران، کاراترن[1].

چاوی مرۆڤ توانایەکی سنووورداری هەیە بۆ بینین، بەڵام لەڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی گەورەکردن و نزیککردنەوە، دەتوانێت تەنی گەورەی گەردوونی زۆر دوور ببینێت، هەروەها توانای بینینی میکرۆبی زۆر قەبارە بچووکی هەیە، کە لە هەردوو بارەکەدا چاوی ئاسایی مرۆڤ توانای بینینی ئەم جۆرە تەنانەی نییە. نەك تەنیا بینین، بەڵکو لەڕێگەی هەمان ئەم ئامێرانە، مرۆڤ دەتوانێت پەی بە وردەکاری تەنە گەردوونییەکانیش ببات، شێوەی بازنەیی، چوارگۆشە، لاکێشە، سێ گۆشە...هتد، پانی و بەرزی و بەرینی و قووڵی، ڕەنگی تۆخ و کراوە، ڕێکخراو و تەریب یان پەرشوبڵاو...هتد، لەڕێگەی چەندین شێوازی جۆراوجۆر نزیك دەکرێنەوە، یان گەورە دەکرێن، بۆئەوەی بە ئاسانی کرداری شیکردنەوە و پێکهاتەکانیان بخرێتە بەردەستی توێژەران بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

گەشەسەندن و توانداری ئامێرەکانی خاوەن چاوی جادوویی (العیون السحریة) سەرسوڕهێنەرە. بنواڕە تواناداری وردی و لەیەکجیاکردنەوەی شت و تایبەتمەندییەکانیان، هەرچەندە زۆر و وردیش بن، توانای بەسەردا دەشکێت. سەرنج بدە بۆ بارکۆدی سەر بەرگی کاڵا بازرگانییەکان، تەنیا

[1] ملکاوي، منهجیة التکامل المعرفي، ص٢٢١.

لەڕێگەی چەند هێڵێك، كە سیفەت و تایبەتمەندی كاڵاكەی تێدا تۆماركراوە، لەڕێگەی (باركۆرد ریدەر) بەئاسانی خاوەن فرۆشگە نرخی شتەكە دەزانێت، لەبری لەبەركردن و دەرخكردنی نرخی شتومەكەكان. ئەم پرۆسەیە كارێكی ئێجگار قورسی بۆ خاوەن فرۆشگەكان سانا كردووە. لەڕێگەی ئەم ئامێرە ئەلیكترۆنییە، باركۆدی شتەكان دەخوێنێتەوە، لە كۆتاییدا لە لاپەڕەیەك، دەیخاتە بەردەستی بەكارهێنەر، لەهەمان كاتدا، كرداری كۆكردنەوەی نرخی سەرجەم كاڵاكانیش دیاری دەكات، هەرچەندە با ژمارەیان زۆر بێت، دوور لە هەڵە و كەموكورتی، زۆر بە ئاسانی كردارەكە جێبەجێ دەكات.

بەهەمان شێوە سەرنج بدە كامێرا، لاپتۆپ، پەنجەمۆری ئەلیكترۆنی، ئایپاد، ناسنامە و كارتە ئەلیكترۆنییەكان، مۆبایلە هۆشمەندەكان، دەیان و سەدان وردەكاری تێدا بەدەستهاتوون، چەند ساڵێك نەك هەر مایەی قبوڵ نەبوون، بگرە هەر كەس باسی شتێكی لەم جۆرەی كردبا، تۆمەتی شێتی دەدرایە پاڵ، تەنانەت ئێستا وای لێهاتووە بۆن و ماچ لەڕێگەی ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان دەگوازرێنەوە، یان گۆشتی خواردن بە لێكدانی خانەكان و بەبێ كوشتنەوەی هیچ ئاژەڵێك بەرهەم دێت، یان لەڕووی پزیشكییەوە داهێنانی وا كراوە، ئەگەر كەسێك نەخۆش بكەوێت و ئەندامێكی لەشی ئازاری هەبێت، بەبێ خواردنی هیچ جۆرە دەرمانێك چاك دەبێت، تەنیا بە دانانی ئامێرێك لەسەر ئەو شوێنەی ئازاری هەیە. هەموو ئەم بابەتانە، بینینی ئاسایی چاویان تێپەڕكردووە، مەیدانی تێڕامان و لێكۆڵینەوەیان سەدان قات لە جاران فراوانتر كردووە، هەروەك لە بواری ژیان و گوزەران گۆڕانكاری گەورەیان بەرپاكردووە.

بەهەمان شێوە لە بوارەکانی تری هەستەوەرەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی پێشکەوتن و گەشەی بێوێنە ئەنجام دراوە. شیاوی بیرهێنانەوەیە، هەستکردن سنووری ماددییانەی هەستەوەرەکانی تێپەڕکردووە، هەندێجار هەستکردن لەڕێگەی زانست و زانیاری یان هەستی دەروونی و عەقڵییەوە بەرهەمدێت، هەروەك پەروەرێن سەبارەت بە عیسای پەیامهێن دەفەرموێت ﴿فَلَمَّآ أَحَسَّ عِيسَىٰ مِنۡهُمُ ٱلۡكُفۡرَ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾ آل عمران: ٥٢، کاتێك عیسا هەستی بە هەڵگەڕانەوە و کوفری ئەوان کرد، گوتی: کێ دەبێتە پشت و پەنا و هاوکارم بۆ لای پەروەرێن و گەیاندنی پەیامەکەی.

وەك لە سیاقی ئایەتەکە دەردەکەوێت، ئەم هەستپێکردنەی عیسای پەیامهێن (دروودی خوای لەسەر) لەدەرەوەی پێنج هەستەوەرەکە بووە. ئەمەش ئاماژەیەکی روونە، کە هەستکردن هەندێکجار لەدەرەوەی پێنج هەستەوەرەکانیش بەرهەم دێت. بەهۆی ئەوەی سەر و سیما و سنوورێك بۆ ناسینی هەستێکی لەم چەشنە نییە، بیرمەندانی پەیمانگا نەیانخستووەتە چوارچێوەی هەستەوەرەکان، ئەگەرچی هەندێکجار باس لە هەستی شەشەم دەکرێت، هەندێکی تر بەتایبەت شوێنکەوتووانی پەیڕەوی سۆفیزم، ئیشراق بە یەکێك لە سەرچاوە و ئامرازەکانی زانست و مەعریفە دەناسێنن، بەڵام لە دیدی تەکامولیانە، سەرچاوەکان تەنیا (وەحی و جیهان)ن، هەروەها ئامرازەکان تەنیا (عەقڵ و هەست)ن، هەستیش بریتییە لە پێنج هەستەوەرە سەرەکییەکان.

لە بەشی داهاتوودا باسی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی تەکامول دەکەین، لەڕێگەی هاتنەکایەی یەکانگیری و ئاوێتەبوونی سەرچاوە و ئامرازەکانی زانست و مەعریفە بەیەکتر.

بەشی پانزە
تەکامول لە نێوان سەرچاوە و ئامرازەکان

لەم بەشەدا باسی یـەکانگیری نێـوان سەرچـاوە و ئامرازەکـانی زانـست و مەعریفە دەکەین، ئەویش لەڕێگەی وەڵامدانەوەی چوار پرسـیاری گەوهـەری شیکارییەکەمان.

- چۆن یەکانگیری لەنێوان سەرچاوەی یەکەم و دووەم ئەنجام دەدرێت؟
- ئامرازەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەی یەکەم دەکەن؟
- ئامرازەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەی دووەم دەکەن؟
- تــەواوکاری و ئاوێتــەبوون چــۆن لــەنێوان سەرچــاوە و ئامرازەکـان بەرهــەم دێت؟.

وەڵامـی ئـەم چـوار پرسـیارە، بـەرەو نموونـەی تـەکامولی مـەعریفیمان دەبـات، ســەرەنجام ئــەم بەشــە لــە چــوار بڕگــە پێکــدێت، بەمــشێوەیەی خوارەوە:

تەکامول لەنێوان سەرچاوەکانی زانست و مەعریفە، کارلێکردنی عـەقڵ و هەسـت لـە سرووش، کـارلێکردنی عـەقڵ و هەسـت لـە جیهـان و گـەردوون، نموونەی تەکامولی مەعریفی.

- **برگەی یەکەم: تەکامول لە نێوان سەرچاوەکان**

پێشتر باسمان لەوە کرد سەرچاوەکانی مەعریفە تەنیا دووانن، ئەمانیش سرووش و جیهان، ئامرازەکانیش تەنیا دووانن، ئەمانیش عەقڵ و هەست. لەم بڕگەیەدا کورتەیەك سەبارەت بە تەکامول لەنێوان ئەم دوو سەرچاوەیە دەخەینەڕوو. ئاسان نییە مرۆڤ بیر لە خاڵەکانی لەیەکترازانی نێوان هەر دوو سەرچاوەی مەعریفە، سرووش و جیهان بکاتەوە، قورئانی پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی روون دەکاتەوە، کە فەرمایشتە قورئانییەکانی پەروەرێن (آيات الله المسطورة)، بریتین لە سەرچاوەی زانست و مەعریفە، هەروەك چۆن دروستکراوەکانی پەروەرێن لە گەردووندا (آيات الله المنظورة)، بریتین لە سەرچاوەی مەعریفە و زانست.

پەروەرێنی تاقانە، دابەزێنەری قورئانە بۆ پەیامهێن محەممەد (دروودی خوای لەسەر)، هاوکات بەدیهێنەری بوونەوەر و زیندەوەر و گەردوونە، چارەنووس و سەرەنجامی کۆی کاروبارەکانی جیهانیش تەنیا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، بەواتایەکی تر، پەروەرێن تاکە سەرچاوەی باڵایە، کە ماستەرپلان و نەخشەڕێگای مرۆڤایەتی و گەردوونی کێشاوە، هەر ئەویش هۆکارەکانی رێنموونی و رێگاکانی سەرفرازی دیاری کردوون.

مرۆڤ دەتوانێت ئایەتەکانی قورئان بخوێنێتەوە، هەروەها لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە دەتوانێت هاوشێوەی خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان، دروستکراوەکانی تر لە گەردوون و تەواوی دروستکراوەکانی جیهانی سروشت، هاوشان لەگەڵ تابلۆ کێشراوەکانی گەردوون، لەگەڵ تەنە بیندراو و هەستپێکراوەکانی گەردوون و دیاردە کۆمەڵایەتی و کاروبارەکانی تایبەت بە دۆخی دەروونی، بخوێنێتەوە.

هەموو ئەمانە، جیا لەوەی مرۆڤ دەتوانێت پەی بە بوونیان ببات، لەڕێگەی هەستەوەرەکانیشەوە دەتوانێت کردارەکانی وردبوونەوە، تێڕامان، توێکاری و تاقیکردنەوە سەبارەت بە تاکە تاکەی بوارەکان بەئەنجام بگەیێنێت، لەم ڕێگەیشەوە دەتوانێت ئەم بابەتانە رام بکات و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بەگەڕیان بخات[1].

لەم نێوەندەدا مرۆڤ تاکە دروستکراوی پەروەرێنە، کە بەجوانترین شێوە و پەیکەر و ئەندام، قۆناخ دوای قۆناخ دروست کراوە. خودی ئەم قۆناخبەندییە، لەپاڵ جوانترین سەر و سیما و پەیکەر و شێوە، تەنیا بۆ تێڕامان و وردبوونەوەیە لە وردەکارییەکانی بەدیهێنەر، بۆئەوەی مرۆڤ لە کۆتایی تێڕامان و وردبوونەوە، نەتوانێت شتێك بڵێت جگە لە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ﴾ المؤمنون: ١٤، (پاك و بەرزی و پیرۆزی بۆ چاکترین بەدیهێنەر و چاکترین دروستکار).

کاتێك سەرنج لە یەکەم ئایەتی دابەزیوی قورئانی پیرۆز دەدەین، گرنگی تێکهەڵکێشکردن و ئاوێتەکردنی سەرچاوەکانی مەعریفەمان بۆ روون دەبێتەوە. پەروەرێن دەفەرموێت: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ﴾ العلق: ١ – ٢، ئەی محەممەد، بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت کە بەدیهێنەر و دروستکاری هەموو شتێکە، ئادەمیزادی لە پارچە گۆشتێکی هەڵواسراو بە دیواری رەحمەوە دروست کردووە.

---

[1] فتحي ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ص ٢١٣.

ئەم فرمانکردنە بە خوێندنەوە، تەنیا بریتی نییە لە خوێندنەوەی پارچە کاخەزێك کە چەند ئایەتێکی پیرۆزی لێ نووسراون، بەڵکو بریتییە لە تێڕامان و خوێندنەوەی پێکهاتە و خانە و گەردیلەکانی گەردوون، تاوەکو دەگاتە کۆمەڵەی خۆر و کەلو و کەشکەشانەکانی فەلەك، لەڕێگەی خوێندنەوەی جیهانی بەدیهێندراو و دروستکراوەکانی نێو ئەو جیهانە، مرۆڤ بۆ دەرگای پەروەرێنی تاقانە رێنوێنی دەکرێت، ئەم خوێندنەوەیە بریتییە لە هەمان ئەو خوێندنەوەیەی کە پەروەرێن لە ئایەتێکی تردا، روونتر لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ﴾ فصلت: ٥٣، (لە ئایندەیەکی نزیکدا بەڵگە و نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانمانیان نیشان دەدەین، لە ئاسۆکانی بوونەوەر و دەروونی خۆیاندا، بۆئەوەی بەجوانترین شێوە بۆیان روونبێتەوە، کە زاتی حەق راست و رەوایە)[١].

---

[1] ئەگەر بەوردی سەرنجی چەمك و ووشەکانی قورئان بدەین، سەبارەت بە خوێندنەوە، قورئان هەردوو چەمکی (القراءة والتلاوة) ی بەکارهێناون، زۆرینەی زانایانی تایبەت بە راڤە و زانستە قورئانیەکان، بەتایبەت هاوچەرخەکان، لەسەر ئەو بۆچوونەن کە هاوواتایی لە قورئان بوونی نیە، بەپێی ئەم بۆچوونەبێت وشەی قراءة و تلاوة لەیەك جیاوازن و خاوەنی دوو ناوەرۆکی جیاوازن. لە قورئانیشدا قراءة زۆرگشتگیرترە لە تلاوە، بۆیە توێژەر پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکات کە قراءة بریتی نیە لە خوێندنەوەیەکی رووکەشیانە، بەڵکو بریتیە لە وردبوونەوە و تێڕامان. خوێنەر رێنمایی دەکەین سەرنجی ئەو ئایەتانە بدات کە هەردوو چەمکەکەی تێدا هاتوون، سەبارەت بە قراءة، وەك: (إقرأ باسم ربك الذي خلق.. اقرأ وربك الأكرم...)، (اقرأ كتابك كفى بنفسك اليوم عليك حسيبًا)، (وإذا قرىء القرآن فاستمعوا له وانصتوا...) لەپاڵ ئایەتەکانی تری تایبەت بە تلاوة، وەك: (وأنتم تتلون الكتاب..)، (واتبعوا ما تتلوا الشياطين على ملك سليمان..)، (ولو شاء الله ما تلوته عليكم..)، (وما كنت تتلوا من قبله من كتاب ولا تخطه بيمين...).

سەرنج بدە لە سوورەتی (العلق)، پەروەرێن باسی خوێندنەوەی گەردوون و قۆناخەکانی دروستبوونی مرۆڤ دەکات، لەم ئایەتەی سوورەتی (فصلت) بەهەمانشێوە، وردەکاری ئاسۆکانی گەردوونی فراوان و دەروونی مرۆڤ، وەك دووانەی ئایەتەکانی پەروەرێن هەژمار دەکات، ئەم خوێندنەوەیە، سەبارەت بە ئاسۆکانی گەردوون و دەروون و باری کۆمەڵایەتی، هاوشان لەگەڵ تێڕامان و تێگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئان، دەکرێت لەڕێگەی توێژینەوە و خوێندن و زانستی ئەزموونی بێت، یان وردبوونەوە و تێفکرین لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە. کاتێك لەم ئایەتە پیرۆزە ورد دەبینەوە، ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ مُخۡتَلِفٌ أَلۡوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَۗ إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ﴾ فاطر: ٢٨، **برگەی** (زانایان لەخواترسترین بەندەکانمانن) دوای روونکردنەوەی جیاوازی و فرەڕەنگی نێوان خەڵك و گیانلەبەر و رەشەوڵاخ، هەروەها هەژمارکردنیان بە نیشانە و ئایەتەکانی پەروەرێن هاتووە.

کەواتە زانا لە دیدی قورئان، کەسێکە شارەزای وردەکارییەکانی جیهانی مرۆیی، جیهانی سروشتی و جیهانی ئاژەڵانە، نەك بەتەنیا لە زانستە شەرعییەکان شارەزا بێت، وەك هەندێ لە موسڵمانان وا لێی حاڵی بوون.

جارێکی تر، سوورەتی (العلق) دەخوێنینەوە، بەتایبەت ئایەتەکانی سێ بۆ پێنج، لە ئایەتی یەکەم و دووەم، باسی خوێندنەوەی گەردوون دەکەن، بەڵام ئەمجارە باسی ئامرازەکانی فێرکردن دەکات، سەرنج بدە پەروەرێن دەفەرمووێت: ﴿ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ العلق: ٣ — ٥، (بخوێنە، پەروەرێنی تۆ بەخشندەترینە، ئەو پەروەرێنەی لەڕێگەی پێنووسەوە زانست و مەعریفەی فێرکردووە، ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە

کـردووه کـه نایانزانێـت و لێیـان بێئاگایـه). مـرۆڤ نووسـراوەکانی دووتـوێی تێنـووس دەخوێنێتـەوە کـە لەڕێگـەی پێنووسـەوە ڕێنـووس کـراون، خـوای پـەروەرێن ئـەم پرۆسـەیەی فێـری مـرۆڤ کـردووە، دوای ئـەوەی مـرۆڤ لێـی بێئاگـابووە و نـەیزانیوە، هـەر ئـەم ئایەتانـە بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی چۆن پەروەرێن مرۆڤی فێری ناو و زمان کردووە، بەهەمانشێوە فێری خوێندنـەوە و نووسـینی کـردووە، دواتـر بـە تێپـەڕبوونی کـات و ئـەزموون پـەیاکردن، نووسینەوەی زانستەکان سەریهەڵداوە.

پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین و نووسینەوەی زانستەکان پێش دروستبوونی مرۆڤ، پەروەرێن بەکردەیی لە تۆماری پارێزراوی گەردوون و بوونەوەر (الكتاب المكنون في اللوح المحفوظ) ئەنجامی داوە، لەڕێگەی سرووش و پەیامە ئاسمانیەکانیش، هەواڵی نووسینەوەی ماستەرپلان و کارنامەی گەردوونی بە مرۆڤ گەیاندووە، بۆئەوەی وانە و پەندی لێ وەربگرێت، دواتر پەیامی خودا لەڕێگەی فریشتەوە بۆ پەیامهێنان دابەزیوە، کە دواهەمیان قورئانە، پێکهاتەی پەیامی (قورئان) بریتییە لە ماددەکانی خوێندنەوە و پاڵفتەکردنی دەروون و پەروەردە و فێرکردن، وەك دەفەرموێت: ﴿ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ ﴾ البقرة: ١٢٩.

ئەم ئایەتە پـیرۆزە، باسـی ئـەرکی پـەیامهێنان دەکـات، کـە بریتییـە لـە خوێندنەوەی ئایەتەکانی خودا، فێرکردنی پەرتووکی خودا، لەگەڵ دانـایی و پاڵفتەکردنی دەروون، لەڕێگەی پەرتووك و پەیامەکانی پەروەرێن.

بەمـشێوەیە، خوێندنـەوە بریتییـە لـە هـەردوو پـەرتووکی خوێنـدراو و بیندراو، وەك لە بەشەکانی پێشوو بەدرێژی باسمان کرد.

پێویستە مرۆڤ هەردوو خوێندنەوەکە تێکهەڵکێش بکات، بۆئەوەی ڕێنمای خودایی وەربگرێت و بە دروستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەو کاتە تەکامول لەنێوان هەردوو خوێندنەوەکە بەرهەم دێت، کە خوێندنەوەی سرووش بۆ مامەڵەکردن و تێگەیشتن لە گەردوون و جیهان ئەنجام بدرێت، هەروەها ئەوکاتە خوێندنەوەی جیهان بە دروستی بەئەنجام دەگات، کە لەپێناو تێگەیشتن و جێبەجێکردن و مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ سرووش بێت[1] .

مرۆڤ کاتێک زیاتر هەست بە پێویستی تەکامول لەنێوان سرووش و گەردوون دەکات، کە خوانەناسی و سەرکێشییەکانی ڕۆژئاوا دەبینێت، کاتێك دوور لە بنەما ڕەوشتییەکان و بەها باڵاکان لەپێناو کۆکردنەوەی سەرمایە و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان، پەنا بۆ گشت ئامرازەکان دەبەن، بێ گوێدانە زیانی مرۆڤ و ژینگە و گەردوون، هاوکات زۆر هەست بە پێویستی تێزێکی لەم شێوەیە دەکرێت، کاتێك زانا ئاینییەکان دوور لە بنەما زانستی و تەکنەلۆژییە سەردەمییەکان، حوکم و بڕیار لەبارەی دیاردە گەردوونییەکان دەدەن، یان سەبارەت بە پرسەکانی تایبەت بە زانستە ئەزموونییەکان سەرنج دەردەبڕن. بۆردومانکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەن زلهێزانی ڕۆژئاوا، وەك نموونەی یەکەم، کافرکردنی ئەو کەسانەی بڕوایان بە سووڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆر هەیە، وەك نموونەی دووەم.

سەیرە لە جیهانی نوێ و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، خوێنی ڕژاوی سەدان هەزار موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهایەکی نییە، لەوە سەیرتر لیژنەی فەتوای باڵای وڵاتێکی وەك سعودیە، حوکمی کافرکردن

[1] ملكاوي، منهجية التكامل المعرفي، ٢١٤.

بەسەر كۆی ئەو كەسانە بدات، كە بڕوایان بە سووڕانەوەی زەوی بـە دەوری خۆردا هەیـە، چـونكە بەبۆچـوونی ئـەوان زەوی وەسـتاوە و خـۆر بـەدەوری زەوی دەسووڕێتەوە، یاخود ئینكاریكردن لەوەی زەوی خڕە، یان توانـاداری مرۆڤ لە بەزاندنی بەرگەهەوای زەوی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر مانگ و هەسارەكان.

ئەگەر خاوەن بڕیارەكان، بەكردارییی تۆزێك بەهای سرووش و پەیامەكانی پـەروەرێنیان بزانیبـا، ئـەم هـەموو خوێنـە بـەبێتاوانی نـەدەڕژێرا، ئـەویش لـەپێناو هـەژموون و بەرژەوەنـدی دونیـایی چـەند وڵات و پـارت و كەسـێك. لەبەرامبەردا ئەگەر زانا ئایینییەكانیش –ئەوانەی خـاوەنی قەناعـەتێكی لـەم چەشنەن– تۆزێك شارەزاییان لە زانـستە ئەزموونییـەكان هەبووایـە، بڕیـاری كـافركردنی ئـەو كەسـانەیان دەرنـەدەكرد، كـە لەسـەدەی ٢١ بڕوایـان بـەو بابەتانە هەیە كە لەبڕگەی رابردوو باسكران. ئیدی چارەسـەری ئـەم دەردە كوشندانە لە هەردوو بوارەكەدا، تـەنیا بریتییـە لـە تـەكامول و یـەكانگیری و ئاوێتـەكردنی هـەردوو جیهـانی سـرووش و گـەردوون بەیەكـەوە، هـەروەها كاراكردنیـــان بەشـــێوەیەكی تەندروســـت بـــۆ خزمـــەتی مرۆڤایـــەتی و ئاوەدانكردنەوەی زەوی و ئەداكردنی ئەركی جێنشینایەتی پەروەرێن.

- **بڕگەی دووەم: عەقڵ و هەست و سرووش**

لەم بڕگەیەدا هەوڵ دەدەین مامەڵە و پەیوەندی نێوان ئامرازەکان لەگەڵ سەرچـاوەی یەکـەمی زانـست و مەعریفـە روون بکەینـەوە، لـە بڕگـەی داهاتووشدا پەیوەندی نێوان ئامرازەکان و سەرچاوەی دووەم دەخەینەڕوو.

خوێندنەوەی راستەقینەی قورئان، بریتییە لە تێڕامـان و وردبوونـەوە لـە فەرمایشتەکانی پەروەرێن، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هەردوو مانای زمانەوانی و زاراوەی وشـە و چـەمکە قورئانییـەکان، هـەروەها تێگەیـشتن لـە واتـای راستەقینەی وشـەکان لەڕێگـەی گەڕانـەوە بـۆ مامەڵـەکردن و بـەکارهێنانیان لەلایەن پەروەرێن لە قورئاندا، لە سوورەت و ئایەتە جیاجیاکان.

لـەکاتی تێڕامـان و دیراسـەکردنی قورئـان، پێویـستە چـەند بنەمایـەکی میتۆدی رەچاو بکرێن، گرنگترینیان بریتییە لـە بنـەمای یەکـەی داڕشـتە لـە قورئاندا "مبدأ الوحدة البَنَّائية في القرآن"[1]، کە وادەخوازێت راڤەی قورئان بە قورئان ئەنجام بدرێت، ئەمـەش بـە چوارچێوەیەکی دیـاریکراوی سـەرەکی مەنهەجی لە مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا، وەك سەرچاوەی یەکەمی زانست و

---

[1] واتە: خوێندنەوەی سوورەت و حیزب و ئایەتەکان و تێکهەڵکێشکردنیان بەیەکتر، وەك یەك پاکێجی دانەبراون لە یەکتر، ناکرێت قورئان بەش بەش و پارچە پارچە سەیر بکرێت، ئەم بنەما مەنهەجیە، قورئان لە پەرتووك و پەراوەکانی تری ئاسمانی و مرۆیی جیا دەکاتەوە. بە واتایەکی تر کاتێك دەوترێت یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی قورئان بریتیە لە "وحدته البنائية" مانای وایە هەموو سوورەت و ئایەت و جوزء و حیزب و وشەکان وەك یەك رستەی تەواوکاری یەکتر هەژمار دەکرێن. بۆ روونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بەم پرسە، بروانە: طه جابر العلواني، الوحدة البنائية في القران، بابەتێکە لە پێگەی مرکز الدراسات القرانية بڵاوکراوەتەوە، بەرواری سەردانکردن لەلایەن توێژەر: ٩/ ١١/ ٢٠١٦، بەستەری راستەوخۆی بابەتەکە: http://www.alquran.ma/Article.aspx?C=٥٦٤٦.

مەعریفـە هـەژمار دەکرێـت. ئـەم بنـەما مەنهەجییـە، ئامـاژە بـۆ خـاڵێکی گەوهەری زۆر گرنگ دەکات، لە حاڵەتی پشتگوێخستنی، گەیشتن بـە راڤـە و واتای راستەقینەی چەمك و وشە قورئانییەکان ئەستەم دەبێت.

بۆیە وەك خاڵی دەستپێکی گەشتی خوێندنەوە و تێگەیشتن لـە قورئـان، پێویستە لەڕێگەی پشتبەستن بەو بنەما مەنهەجییە، هـەر لـەنێو قورئـان بـۆ واتا و راڤەی چەمك و وشەکانی قورئان بگەڕێین.

دوای راڤــەی قورئــان بــە قورئــان، پێویــستە رەچــاوی فــەرموودەکانی پــەیامهێن (دروودی خــوای لەســەر) بکرێـت بـۆ تێگەیـشتن لـە قورئـان، ئـەم فەرموودانــەی بەشــێوەیەك لــە شــێوەکان بــریتین لــە راڤــە و تەفــسیری ئایەتەکانی قورئان، یـان یارمەتیـدەرن بـۆ دیـاریکردنی مانـای مەبەسـت بـۆ یەکێك لە چەمکەکان، لەکاتێکدا چەمکەکە لـەڕووی زمانەوەنییـەوە خـاوەنی چەند واتایەکی جۆراوجۆرن، بەواتایەکی تر، کاتێك وشەیەکی قورئـان چـەند مانایەکی جۆراوجۆر بەدەستەوە دەدات، تەنیا لەڕێگـەی راڤـەی قورئـان بـە قورئانیش ناتوانین بە مانای مەبەست بگەین، ئـەوە لـە فـەرموودەوە هـەوڵی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی مانای راستەقینەی وشەکە دەدەین[1].

بەشێك لـە فەرمایشتەکانی قورئـان تایبـەتن بـە روونکردنـەوەی حوکمـە شەرعییەکان، لەنێویشیاندا ئەو حوکمانـەی ئەوەنـدە باسـکراون کـە هـەموو کەس لەبارەیانەوە شارەزایە، وەك خواپەرستییەکان و مامەڵە و پەیوەندییە

[1] لە کاتی راڤەکاردنی هەر ئایەتێك، یان گەران بە دوای واتای هەر ووشەیەکی قورئانی پێویستە لە سەر هەر سێ ئاستی "سباق، سیاق، لحاق" پێشوو، بابەتەکە، دوای ئایەتەکە، رەچاوبکرێت، بە پێچەوانەوە، بنەمای یەکەی دارشتەی قورئان پێشێل دەکرێت و مانای وشەکە، یان ئایەتەکە بەلارێدا دەبرێت.

کۆمەڵایەتییەکان، ئەم بەشەی قورئان زۆر نابێتە جێگەی سەرنج و لێکۆڵینەوەی توێژەران، مەگەر بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتن لە نهێنییەکانی خواپەرستی و حیکمەتەکانی، یان چەند نهێنی و دۆزینەوەیەکی زانستی سەردەم کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەچنەوە سەر ئەم بابەتانە. زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم سەردەمە لەژێر ناوی راستیی زانستی، یان پەرچووی زانستی لە قورئاندا (الحقائق العلمية أو الإعجاز العلمي في القرآن) باس دەکرێن، دەچنە ژێر چەتری ئەم بابەتە.

بەشێکی تری ئایەتەکانی قورئان تایبەتن بە دیاردە گەردوونییەکان، یان جیهانی پەنهان و چارەنووسی مرۆڤ، ئەم بابەتانەش زیاتر لەڕێگەی عەقڵ و هەستەوەرەکان جێگەی وردبوونەوە، تێڕامان، بیرکردنەوە، سەرنج و مەیدانی لێکۆڵینەوە و شیکارکردنن. رەنگە تێڕامان و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە، ببێتە هۆی گەیشتن بە چەند نهێنی و ئەنجامێکی ئەوتۆ کە هیچ کەسێك لەمەوبەر پێی نەگەیشتبێت. چەندە زیاتر مرۆڤ بەجددی و دڵسۆزییەوە لەگەڵ گرتنەبەری هۆکار و رێگا پێویست و دروستەکانی توێکاری و تێگەیشتن، هەوڵی تێگەیشتن و ئاشنابوون بە نهێنییەکانی سروشی پەروەرێن بدات، زیاتر پەروەرێن دەرگای میهری خودایی بەسەر دەکاتەوە و شارەزایی زیاتری پێ دەبەخشێت.

ئاشکرایە قورئان وەك زەریایەکی گەورە و قووڵە و ئاسۆکانی زۆر فراوانن، هەموو کەسێك بەشی خۆی دەتوانێت لە گەوهەرەکانی نێوی سوودمەند بێت. زەریا چەندە ئاوی لێ هەڵبنجێندرێت کەم ناکات، قورئانیش

چەندە لێکۆڵینەوەی زیاتر سەبارەت بە وردەکاری و نهێنییەکانی بکرێت، هێشتا مرۆڤ ناتوانێت پەی بە گشت نهێنییەکانی ببات.

بەشی دووەمی ئایەتەکان وا ناخوازن تەنیا بە راڤە و شیکاری راڤەکەران و شارەزایانی زانستە ئیسلامییەکان ئیکتیفا بکرێت، بەڵکو سروشتی ئەم ئایەتانە و پێکهاتە و دەلالەتەکانیان وادەخوازێت، مرۆڤ لەڕێگەی زانستە ئەزموونییە بەردەستەکان، کاراکردنی عەقڵ و هەست و هەستەوەرەکان و، لێکۆڵینەوە و توێکاری بەردەوام لەڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، لە هەوڵی ئاشنابوون بە نهێنییەکانیان نەوەستێت، جیاوازی نییە ئەم هەوڵ و کۆششە تایبەت بیبێتە سروشت و گەردوونی ماددی یان نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی ناخی مرۆڤ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵناسی و دەروونناسی.

کۆی ئایەتەکانی قورئان لەڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتە یەك ئاست نین، بگرە لەڕووی تێگەیشتن و ئاڵۆزی و چەندایەتی و چۆنایەتی بەسەر چەند ئاستێکی جیاجیا دابەش کراون. ئەو زانست و زانیارییانەی مرۆڤ لەڕێگەی قورئانەوە هەوڵی دەستخستنیان دەدات، سەبارەت بە رووداو و دیاردە گەردوونییەکان، هەندێکیان سانا و ساکارن، هەندێکی تر ئاڵۆز و پڕ گرێ و گاڵ، هەندێکیان وابەستی کۆمەڵێك پەیڕەو و یاسا و رێسای سروشتیی و زانستین، لەڕێگەی کاراکردنی ئەو پەیڕەوو رێسا سروشتی و زانستییانەوە نەبێت ئەستەمە دەستی مرۆڤیان پێ بگات....هتد. بەشێکی تری ئایەتەکانی قورئان تایبەتن بە جیهانی نەبیندراو و دواڕۆژ، ئەگەرچی مرۆڤ هیچ ئەزموونێکی جەستەیی سەبارەت بە جیهانی ئەودیو نییە، بەڵام لەڕێگەی ئەزموونی هەستەوەرەکانەوە قورئان وێنای جیهانی ئەودیومان بۆ دەکات.

سەرنج بدە، لە فەرموودەکاندا هاتووە: لە بەهەشتدا بۆ بەندەکانی پەروەرێن ناز و نیعمەتی وا ئامادەکراوە، نە چاو بینیویەتی، نە گوێ بیستوویەتی، نە بەسەر خەیاڵ و خاترەی دڵی هیچ کەسێك هاتووە، کەچی هەمان پرسی بابەتەکانی حەشر و حیساب و بەهەشت و دۆزەخ لە قورئان، لەڕێگەی ئەزموونی هەستەوەرەکانی مرۆڤ خراونەتەڕوو، ئەمیش بۆ رەچاوکردنی کۆمەڵێك خاڵ، گرنگترینیان ئاسانکردن و نزیککردنەوەیە، بۆئەوەی مرۆڤ بەئاسانی لە رێگە زانراوەکان هەست بە خۆشییەکانی بەهەشت و تاڵییەکانی دۆزەخ بکات. خاڵێکی تر بریتییە لە گرنگیدان بە هەست و هەستەوەرەکان سەبارەت بە تێگەیشتن لە پەیامی خودا.

لەلایەکی تر، سرووش پەیامێکە لە خوداوە بۆ بەندەکانی هاتووە، بۆیە پێویستە دواندن و شێکارییەکانیش لە ئاستێك بن مرۆڤ بەئاسانی لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و ئاوەز و هەستەوەرەکان بتوانێت تێیان بگات. ئەگەرچی پەیامی پەروەرێن لە بنچینەدا لەسەرووی هەست و ئەزموونی مرۆییە، بەڵام لەسەر شێوازی هەست و ئەزموونی مرۆیی بۆ مرۆڤ خراوەتەڕوو، بۆئەوەی بەئاسانی بتوانێت تێیبگات و مامەڵەی لەگەڵ بکات. هەر سەبارەت بە ئەزموونی بەرجەستەی دنیایی، قورئان چیرۆکی بێباوەڕانمان بۆ باس دەکات، کە چۆن داوایان لە پەیامهێن کردووە مەرجی بڕواهێنانیان بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری موعجیزەئاسا، وەك: هەڵقوڵانی کانیاوێك بەبەرچاوی ئەوانەوە، یان باخی ترێ و خورما کە ئاوی سازگاری لەنێودا هەڵبقوڵێت و رێ بکات، یان ئاسمانمان بەسەردا پارچە پارچە بکە، یان خودا و فریشتەکان بێنە و رووبەڕوومان بکە، یان کۆشك و تەلار و ماڵێك کە بە

گەوهەر و زێڕ و زیو رازێندرابێتەوە...هتد، یان بەبەرچاومانەوە بۆ ئاسمان بەرزببێتەوە، دوای داواکردنی ئەم کارە قورسانە، ئینجا بەوەش نەوەستان و گوتیان: خۆ ئەگەر ئەوانەش بکەیت هەر باوەڕ ناهێنین، هەتا پەرتووکێك بە بەرچاوی ئێمە لە ئاسمانەوە بۆت دادەبەزێت، ئینجا ئێمەش بیخوێنینەوە[1] .

قورئان هەواڵی جیهانی ئەودیومان بۆ دەگوازێتەوە، کە لەحەقیقەتدا لەسەرووی عەقڵ و هەست و ئەزموونی مرۆڤەکانە لە دنیادا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرەنجە، خستنەڕووی ئەم بابەتو روونکردنەوەیانە لەسەر شێوازی هەستکردن و ئەزموونکردن. سەرنج بدە، سەبارەت بە روونکردنەوەی چێژ و خۆشییەکانی بەهەشت و تاڵی و ئازارەکانی دۆزەخ، چۆن قورئان بۆ مرۆڤ نمایشیان دەکات و دەفەرموێت: ﴿مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ﴾ محمد: ١٥، واتە: (نموونەی ئەم بەهەشتەی بەڵێن دراوە وەك پاداشت بە خۆپارێزان بدرێت، چەند رووبارە ئاوێکی سازگاری تێدایە، هەروەها چەند رووباری شیر کە هەرگیز تامەکەی ناگۆڕێت، لەگەڵ چەند رووبارێکی شەراب کە چێژ بە نۆشکاران دەبەخشێت، هەروەها چەند رووبارێکی هەنگوینی هەڵبژاردە و پاڵفتە، هاوشان لەگەڵ گشت جۆرەکانی میوەجات و لێخۆشبوونی پەروەردگار. ئایا ئەم پاداشتە وەك سزای دۆزەخییانە کە لەنێو دۆزەخ بەنەمری دەمێننەوە؟ لە ئاوێکی کوڵاو ئاودەخۆنەوە کە بەهۆیەوە گەدە و ریخۆڵەکانیان پارچە پارچە دەبێت).

---

[1] بڕوانە سورەتی الإسراء: ٨٩-٩٣.

ناوەڕۆك و پێكهاتەی ئەم ئایەتە پیرۆزە، وەك گرتەیەكی ڤیدیۆیی دێتەبەرچاو، باخ و باخات و مێرگ و كانی، شیر و شەراب و هەنگوینی چێژبەخش، كەچی لە بەری ئەوبەری دۆزەخ، ئاهو و ناڵە و ئاگر و بڵێسە، فڕكردن و خواردنەوەی ئاوی زڵق زڵق كوڵاو، لەئەنجامدا گەدە و ریخۆڵە وێران و پارچە پارچە دەبێت. سەرەڕای ئەم دیمەنانە، لە دنیادا ئەزموون نەكراون، بەڵام كاتێك لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەم ئایەتە بیریان لێدەكەیەوە، بەتەواوەتی هەست بە خۆشییەكانی بەهەشت و ناخۆشییەكانی دۆزەخ دەكەیت، لەپاڵ ئەوەی بە هەستەوەرەكانەوە وێنە و تابلۆ و شێوازەكانیان لە خەیاڵدان ئامادە دەبن، تەنانەت هەمان وشەكانی تایبەت بە ئەزموون و هەستەوەرەكانیشی بەكارهێناون، (رووبار، ئاو، شیر، شەراب، هەنگوین، بەروبووم و میوەجات، تام، چێژ، گەدە، گەرمی و ئازار)، هەموو ئەمانە بە هەستەوەرەكانەوە هەستیان پێدەكرێت.

لە دەیان و سەدان دیمەنی تر، قورئان عەقڵ و هەست و هەستەوەرەكان و ئەزموونی مرۆیی، وەك دەروازە و شاشەی نمایشكردنی جیهانی پەنهان بۆ مرۆڤ بەكاردێنێت. دەرەنجام، جیاكردنەوەی كاری عەقڵ و هەست لەكاتی مامەڵەكردن لەگەڵ سرووشی خودایی كارێكی ئەستەمە، چونكە بەشێوەیەكی تۆكمە وابەستە و ئاوێتەی یەك كراون، ناكرێت لەیەك جیابكرێنەوە، هاوكات هەردوو ئامرازی عەقڵ و هەست بەشێوەیەكی سەرەكی لە دوو رەهەندەوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ سرووش بەكارهاتوون.

رەهەندی یەكەم: بریتییە لە تێگەیشتن و وردبونەوە و لێكۆڵینەوە لە سروش لەڕێگەی عەقڵ و هەست.

ڕەهەنـدی دووەم: خـستنەڕوو و شـیکردنەوەی پێکهاتـەی سـوورەت و ئایەتەکانی قورئان لەڕێگەی وێناکردن و نمایشکردنیان لەسەر شێوەی عەقڵ و هەستەوەرەکان و ئەزموونی مرۆیی.

بەمـشێوەیە بۆمـان ڕووندەبێتـەوە، ناکرێـت لـە قورئـان بگـەین، چ وەك چەمك و تێگەیشتن و دەستەواژە و ڕستـەکان، چ وەك پـەیبردن بـە نهـێنی و گەوهەرەکانی، مەگەر لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست و کۆی بابەتەکانی پەیوەست بەم دوو ئامرازەوە نەبێت، بەمەش تەکامول لەنێوان ئامرازەکان و (عـەقڵ و هەسـت)، سەرچـاوەی یەکـەمی مەعریفـە و زانـست (سـرووش) بەئەنجام دەگات.

- **برگەی سێیەم: عەقڵ و هەست و جیهان**

لەم بڕگەیەدا لەڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە: پەیوەندی نێوان عـەقڵ و هەسـت و جیهـان بـە چ شـێوەیەکە؟ بابـەتی پەیوەنـدی و چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی عـەقڵ و هەسـت لەگـەڵ جیهـان و گـەردوون و بوونـەوەر شیدەکەینەوە. فەرمایشتی پـەروەرێن لـە سـەرەتای سورەتی (العلـق)، کـە یەکـەم ئایـەتی دابـەزیوە بـۆ پـەیامهێن محەممـەد (دروودی خـوای لەسـەر)، دەروازەیەکی گشتییە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەم پرسـە، پـەروەرێن لەڕێگـەی فەرمانی (إقرأ) فەرمان بە خوێندنەوە دەکات، هاوکات ئاماژە بەو پەرتووکـە دەکات کە پێویستە بخوێندرێتەوە.

کاتێـــــك پـــــەروەرێنی بـــــاڵا و بـــــەتوانا دەفـــــەرموێت: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴾ العلـق: ١ – ٢، فـەرمان بـە ئەنجامـدانی

خوێندنەوە، لەکاتێکدا فەرمانپێکراو هیچ زانیارییەکی لە خوێندنەوە نەبووە، بەو مانایەی مرۆڤەکانی ئێستا لە خوێندنەوە تێگەیشتوون، فەرمانکردنە بە شتێك کە بەدەرە لە تواناکانی ئەو، فەرمانێکی لەم چەشنەش لە زاتی پەروەرێن ناوەشێتەوە، ئەگەر فەرمانەکە لە شوێنی خۆی بێت، داواکاریش بە شتێك کە لەدەرەوەی توانای مرۆڤ بێت لە شکۆی پەروەرێن نەوەشێتەوە، کەواتە ئەم خوێندنەوەیە هەمان ئەو خوێندنەوەیە نییە، کە لە سەدەی بیست و یەکدا مرۆڤ پێی ئاشنا بووە.

تەنیا بە سەرنجدان لە تەواوی ئایەتەکە و ئایەتەکانی دواتری، جۆری خوێندنەوەکەوە روون دەبێتەوە.

باس باسی گەردوون و دروستکردن و بەدیهێنانە، ئیدی خوێندنەوەی مەبەست لێرەدا بریتییە لە تێڕامان لە گەردوون لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە، نەك خوێندنەوەی چەند پەڕاوێکی نووسراو، ئەم خوێندنەوەیە لەڕێگەی بەکارهێنانی هەستەوەرەکان بەئەنجام دەگات، لەڕێگەی کرداری بینین و وردبوونەوە لە ئەندازەگیریی گەردوون و تەنە ماددییەکانی پێکهاتەی گەردوون، ئاشنابوون و ناسینی پەیوەندی نێوان رێسا و یاساکان، کە شتەکانی بەیەك بەستووەتەوە و کاروباری گەردوون و فەلەکیان رێکخستووە.

هەروەها تێبینیکردن لەڕێگەی عەقڵ و هەستەوەرەکانەوە، رێکوپێکی ئاکار و ئەندازەگیریی کاروباری جیهان و رووداوەکان، هەستکردن و پێشبینیکردنی رووداو و دیاردە گەردوونییەکان، ئامادەکاری بۆ بەدەستهێنانی شتە پێویستەکانی ژیان لە هەردوو باری ئاسایی و نائاسایی و

رووبەڕووبوونـــەوەی تەنگــژەکان، بــریتین لــە خوێندنـــەوەی راســـتەقینەی پەرتووکی بیندراوی پەروەرێن[1].

ئەگەر سەرەنج لە واقیع و ژیانی سەردەمی دابەزینی قورئان بدەین، دواتر بـە بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و مرۆیـی ئێـستا بـەراوردی بکـەین، زۆر خـاڵی هاوبەشمان بۆ دەردەکەون، بەبارێکی تـردا، ئەگـەر سـەرەنج لـە کۆمەڵگـەی سـاتی دابـەزینی قورئـان و واقیعـی کۆمەڵایـەتی ئێـستا بـدەین، لـەڕووی دوورکەوتنـــەوە لـــە بـــەها باڵاکـــان و بنـــەما مرۆڤایەتییـــەکان و پەیامـــە ئاسمانییەکان، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. لەحاڵێکدا ئەوکات قورئان تازە پێنج ئایەتی لێ دابـەزیبوون، کەچـی ئێـستا هـەموویمان لەبەردەسـتە، ئەمە خاڵێکی ئێجگار گرنگە و پێویستە بەجددی خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

گوتمـان قورئـان سەرچـاوەی یەکـەمی زانـست و مەعریفەیـە، جیهـان و گــەردوون سەرچـاوەی دووەم، کەچـی ئێـستا هــەردووکیان بـە هاوڕێیـەتی ئامرازەکـان لەبەردەسـتی مرۆڤایەتیـدان، لەکاتێکـدا مرۆڤـی ئێـستا هــەزاران هــەنگاو لــە چرکەســاتی دابــەزینی وەحــی لــەڕووی تەکنــەلۆژی و زانــستە ئەزموونییەکان پێشکەوتووترە، بۆچی نەتوانراوە ئەو گۆڕانکـاری و شۆڕشـە مەعریفی و زانستییەی قورئان بەرپای کرد، بەردەوام بێت؟.

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەرگیز بێ کێشە و قەیران و تەنگژە نابێت، بـەڵام چـۆن دەتـوانین تەندروسـتانە مامەڵـەیان لەگـەڵ بکـەین، ئەمــە جێگــەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. لە ساتی دابەزینی قورئـان جیهـان پـڕ لـە قـەیران و

[1] الدغامين، التكامل المعرفي في القرآن الكريم، ص١٧٥–١٧٨.

کێشە و تەنگژەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بوو، بەڵام لەماوەی ٢٣ ساڵی پێغەمبەرایەتی پەیامهێن، زۆر لە کێشەکان چارەسەر کران، جیا لەوەی بۆ ماوەی شەش سەدەی یەك لەدوای یەك، جیهانی ئیسلامی لە پێشەنگایەتی ژیاری و زانستی و سەربازی و کۆمەڵایەتی...هتد، ئەسپی خۆی تاودا، دواتر وردەوردە بەرەو پووکانەوە و چەقبەستن رۆیشت، تاوەکو سەرەنجام بووە جیهانی نووستووی سێیەم.

گرنگترین و گەوهەریترین هۆکار، بریتییە لە بەردەوام نەبوون لەسەر کاراکردن بە وەحی و عەقڵ و هەستەوەرەکان و گەڕانی بەردەوام لەپێناو تێگەیشتن و داهێنان و بەردەوامیدان بە ژیارستانی و گەشانەوە و پێشەنگایەتی. خوێندنەوە و دەرخکردن و راڤە و شیکارەکانی قورئان رۆژێك نەوەستاون، دەیان و سەدان و هەزاران و ملیۆنان تەفسیر بۆ دەقەکانی قورئان ئەنجامدراون، پوختە و کورت، یان درێژ و پڕ شیکاری، بەڵام هەر نەتواندرا لە ئاست داخوازییەکانی سەردەم، لەڕێگەی قورئان و دەقە پیرۆزەکان ململانێی ژیارستانی لە بەرژەوەندی ئیسلام بشکێتەوە. تاکە خاڵی گەوهەری کە ئەم شکستە گەورەیەی لە جیهانی ئیسلامیدا بەدوادا هات، دوو خوێندنەوەی جیان بۆ قورئان، ئەوانیش:

خوێندنەوەی سەرەتایی ئیسلام، بریتیی بوو لە خوێندنەوەی گەردوون و دەقە پیرۆزەکان وەکو یەك، پڕجۆشکردنی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە بە رووحی ئیسلام و پەیامە ئاسمانییەکان و بەها باڵا مرۆییەکان، هاندان لەپێناو تێکۆشانی هەمیشەیی و داهێنان بۆ جێبەجێکردن و ئەداکردنی ئەرکی جێنشینایەتی و ئاوەدانی زەوی....هتد. لەبەرامبەردا خوێندنەوەی

مرۆڤی ئێستا بۆ قورئان، تەنیا بریتییە لە دەستکەوتنی پاداشتی قیامەتی، پرسە و ماتەمینی و خوێندنەوەیەکی رووکەشییانەی دوور لە تێڕامان و بیرکردنەوە، لە هەمووشی کارەساتبارتر، دابڕینی دەقە پیرۆزەکان لە ناوەندە زانستیی و ئەکادیمیی و سەنتەرەکانی توێژینەوە، هەروەها گۆشەگیرکردنی قورئان لە دووتوێی پەرتووکێك و دانانی لەسەر رەفە جوان و رازاوەکانی کتێبخانەی مزگەوتەکان.

تا ئەو ساتەی وەك چاخی هاتنەخوارەوەی وەحی، ئامانج لە خوێندنەوەی قورئان بریتی نەبێت لە وەرگرتنی رێنمایی بە ئامانجی چارەسەرکردنی گشت کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و مرۆیی و ئاکاری و کردارییەکان، هەرگیز پێشەنگایەتی و ژیارستانی بۆ جیهانی نووستووی سێیەم ناگەڕێتەوە. هەتا کۆمەڵگەکانی جیهانی ئیسلامی شانازی بە موسڵمانیەتی و پەیام و دەقەکانی قورئان نەکەن، وەك تاکە دەرچە و دەروازەی چارەسەری قەیرانەکان و رێنوێنیکاری جیهان، پەنای بۆ نەبەن، هەروەها لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست و زانستە ئەزموونییەکان لەژێر رۆشنایی رێنوێنی و دەقەکانی قورئان، لە مەیدانی هزر و زانست و مەعریفە ئەسپی خۆیان تاونەدەن، گوزەرانیان لەمە باشتر نابێت کە ئێستا هەیە.

کاراکردنی چارەسەرە قورئانییەکان بە رۆحێکی تەکامولیانە، بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی و ئابوورییەکان، لەسەر کۆی ئاست و چینەکانی کۆمەڵگە، دەستەبەری پێشەنگایەتی و ژیارستانی بۆ جیهانی ئیسلامی دەگێڕێتەوە. بەپێچەوانەوە خوێندنی قورئان لە نوێژ و مزگەوت و خواپەرستییەکان، کارکردن بەپێچەوانەی رێنماییە قورئانییەکان، یان

باوەڕنەبوون بە خوودی چارەسەرەکانی قورئان بۆ کێشە و قەیرانەکان وەك ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەیە، هیچ بەرهەمێك بەرجەستە ناکات.

سەرنج بدە، لەم کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییانە، ڕۆژانە ملیۆنان مرۆڤ سەرقاڵی قورئانخوێندنن، لەکاتێکدا سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی، هەمان ئەم کۆمەڵگایانە لەڕووی کردارییەوە، سەدا یەکیش گوێ بە ڕێنماییە قورئانییەکان نادات، تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەی لەکاتی قورئان خوێندندا لە مزگەوت خەریکی فرمێسك هۆنینەوەن، لە ساتی داخستنی بەرگی قورئانەکە، گوێ بە هیچ ڕێنماییەکی قورئانی نادەن.

کورت و پوخت، جیهانی ئیسلامی لەسەر کۆی ئاستەکان لە دووفاقییەیەکی زۆر گەورە و قووڵ و مەترسیدار دەژی، لە رووکەشدا موسڵمان و شوێنکەوتەی قورئان و ڕێنمایی و پەیامە ئاسمانی و زانستییەکانن، حەقیقەت و واقیعیش شتێکی تر دەڵێن.

سەبارەت بە ناوەندەکانی توێژینەوە و ئەکادیمی، ئامانجی راستەقینە لە توێژینەوەی زانستی لە گشت بوارەکان، بریتییە لە دەستنیشانکردنی دەرد، دواتر پێشکەشکردنی چارەسەر و دەرمان، کەچی ئەگەر لە جیهانی ئیسلامی سەیری توێژینەوەکان بکەیت، سێ بەش و سێ چارەکی توێژینەوە بۆ شیکردنەوەی ناونیشانی توێژینەوە و پێناسە و ئامانج و گرنگی و چەمکە پەیوەندیدارەکان بە مانا سەرەکییەکانی توێژینەوەن، بەشێکی بچووکی لە دەوری بابەتەکە و دەردەکە خول دەخۆنەوە، پێشکەشکردنی بەدیلیش لەئارادا نییە، لەکاتێکدا پێویستە توێژەر بەر لە دەستکردن بە توێژینەوە و

خەرجکردنی تواناکان، شارەزایی تەواوی لە سروشتی ئەو دەردە هەبێت کە دەیەوێت لەڕێگەی توێژینەوەکەیەوە چارەسەری بکات، ئەمیش لەڕێگەی شارەزابوون لە تایبەتمەندییەکانی کێشەکە، پەیوەندی و رۆڵبینینی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی، ئینجا وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گەوهەری وەك: کەی ئەم کێشەیە سەریهەڵدا؟ هۆکارەکان چین؟ چۆن سەریهەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد و گەشە دەکات؟ قەبارە و مەترسی چەندە و چۆنە؟ چۆن سنووردار دەکرێت؟ چۆن بتوانین بنبڕی بکەین؟ بە چ رێگەیەك و چۆناوچۆن بەرەو چارەسەرکردنی کاتی و هەمیشەیی هەنگاو بنێین؟.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك وەك کلیل هەژمار دەکرێن، وەڵامی تەکامولیانەش بۆ ئەم پرسیارانە تەنیا لەڕێگەی توێکاری دروست لەژێر رۆشنایی هەردوو سەرچاوەی زانست، قورئان و گەردوون، لەگەڵ هەردوو ئامرازەکە، عەقڵ و هەست نەبێت بە ئەنجام ناگات.

کەواتە خوێندنەوەی سرووش تەنیا لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست لەپێناو تێگەیشتن لە جیهان و مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکانی بەئەنجام دەگات. هەروەها خوێندنەوەی جیهان تەنیا لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست لەپێناو تێگەیشتنی سرووش و مامەڵەکردن لەگەڵی بەرهەم دێت، بەمەش کۆتایی بە شیکارکردنی هەر چوار ڕانەرەکەی تەکامول دێت، کە بریتیین لە قورئان، گەردوون، عەقڵ و هەست.

- **برگەی چوارەم: نمونەی تەکامول**

دوای ئەوەی شیکاری هەر چوار ژانەرەکەی پێکهاتەی تەکامولی مەعریفی بەکۆتا گەیشت، لەم بڕگەیەدا چۆنیەتی هاتنەکایەوەی تەکامول دەخەینەڕوو، ئەم بڕگەیە بۆ کورتکردنەوەی کۆی سەرچاوە و ئامرازەکانی مەعریفەیە بە تێڕوانینێکی ئیسلامییانە، هەروەها چۆنیەتی هەماهەنگی نێوانیان کە لەڕێگەیەوە مەنهەجێکی تۆکمە لە بیرکردنەوە و گوفتار و ئاکار و کردار بەرهەم دێت.

ئەم نموونە مەعریفی و مەنهەجییە، تەکامولی مەعریفی، لە دوو بەش پێکدێت: سەرچاوەکان و ئامرازەکان، لەسەر سێ ئاستیش بەئەنجام دەگات:

یەکەم: تەکامول لەنێوان سەرچاوەکان.

دووەم: تەکامول لەنێوان ئامرازەکان.

سێیەم: تەکامول لەنێوان سەرچاوە و ئامرازەکان.

سەرچاوەکانی مەنهەجیەت لە هزر و دیدی ئیسلامی تەنیا سرووش و جیهانن، لەم نێوەندەدا وەك سەرچاوەی سێیەم شتێکی تر نییە، لە کۆی لێکۆڵینەوە مەعریفی و مەنهەجییەکان، پێویستە تەکامول لەنێوان ئەم دوو سەرچاوەیە ئەنجام بدرێت و بەهیچ شێوەیەك ناکرێت یەکێك لەم دووانە فەرامۆش بکرێن. مرۆڤ بوونەوەرێکی دروستکراوە لەم گەردوونە، بۆیە ناکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، مەگەر لەسەر هەرسێ ئاستی جیهانی سروشت، جیهانی کۆمەڵایەتی و جیهانی دەروونی نەبێت، زۆربەی کات مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سێ ئاستە، دوور لە مەرجەعیەتی ئایینی و هزری

ئەنجام دەدرێت، بەڵام مرۆڤی موسڵمان کە باوەڕی بە سروشی پەروەرێن هەیە، هەروەها ئەرکدارە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جیهانە، لەڕێگەی ڕێنماییەکانی سرووش، ڕێنماییەکانی سروشیش لە بنەڕەتدا بریتین لە ڕێنوێنیکردنی هۆش و ئاوەزی مرۆڤ لەهەمبەر گەردوون و کارکردن تێیدا، دەبێت لە سایەی مەرجەعێکی هزری و مەعریفی و مەنهەجی لەمشێوەیەدا کار بکات، بەمشێوەیە حەقیقەتی تەکامول لەنێوان هەردوو سەرچاوەکەی مەعریفە و مەنهەج، سرووش و جیهان، لە هزری ئیسلامییدا بەرهەم دێت.

سەبارەت بە ئامرازەکانی مەعریفە لە هزر و دیدی ئیسلامیدا، تەنیا دووانن، ئەوانیش عەقڵ و هەست، هیچ ڕێگەیەکی کارکردن لەبەردەم هەست بەبێ کاراکردنی عەقڵ نییە، هەروەك هیچ ئامرازێکی عەقڵی بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی لە مەیدانی بیندراو و بەرجەستە دوور لە هەست و هەستەوەرەکان لەدایك نابێت، تەنانەت کردارە هزرییە ڕووتەکان، کە تەنیا لە خەیاڵدان و هزر ئەنجام دەدرێن، عەقڵ ناتوانێت بەئەنجامیان بگەیەنێت، مەگەر لەڕێگەی ئەزموونی هەست و هەستەوەرەکانەوە نەبێت. بەمشێوەیە پێویستی هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان هەردوو ئامرازی مەنهەجیەت و مەعریفە کارێکی حەتمییە، بەهیچ شێوەیەك ناکرێت ئەم دوو ژانەرە لە مەیدانی کارکردن لەیەك جیابکرێنەوە، بەمەش تەکامول لەنێوان ئامرازەکان بەرهەم دێت[1].

دەستخستنی مەعریفە لە سرووش، وەك سەرچاوەی یەکەمی مەعریفە لەڕێگەی کاراکردنی عەقڵ و هەست نەبێت ناکرێت، هەروەك دەستخستنی مەعریفە لە جیهان، وەك سەرچاوەی دووەم، دیسان لەڕێگەی کاراکردنی

---

[1] ملکاوی، منهجية التكامل المعرفي، ص٢٣٥–٢٣٧.

عەقڵ و هەست نەبێت ئەنجام نادرێت، ئیدی بەمشێوەیە پەیوەستبوونی هەر چوار ژانەرەکە بەیەکتر کارێکی حەتمییە و ناکرێت بەهیچ شێوەیەك لەیەك جیابکرێنەوە، بەمەش هەماهەنگی و ئاوێتەبوونی سەرچاوە و ئامرازەکانی مەعریفە بە یەکتر، پێویستییەکی مەعریفی و هزری و مەنهەجییە لە دیدی بیرمەندانی هزری ئیسلامی و رابەرانی هزری ئیسلامیەتی مەعریفە و پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی.



نمونەی تەکامولی مەعریفی

نموذج التكامل المعرفي

پاشكۆ

خوێندنەوەیەك بۆ پەروەردە و فێركردنی كوردستان

لــەم بەشــەدا لــەژێر رۆشــنایی بابەتــەكانی تــەكامولی مــەعریفی هەڵسەنگاندنێك بۆ بارودۆخی پەروەردە لە كوردستان دەكەین.

پێــشتر باسمــان لــەوەكرد گــرنگترین ئامــانجی ســەرەكی پــڕۆژەی ئیسلامیەتی مەعریفە و تەكامولی مەعریفی بریتییە لـە تێپەڕانـدنی قـەیرانی هزری و پێشكەشكردنی بەدیلی مەعریفی و مەنهەجی نوێ.

پێكهاتەی قەیرانی هزریی بریتییە لە سێكوچكەی دووفـاقیی پـەروەردە، رێگریكـردن لـە شـەپۆلی بـەخۆرئاوایكردنی موسـڵمانان و شـاڵاوی هـزری، چارەسەركردنی كێشە مەنهەجی و مەعریفییەكانی مەنهەجیەتی تەقلیدی لـە جیهانی ئیسلامی، تاكە بەدیلی ئەم كێشانەش بریتییـە لـە بەرجەسـتەكردنی تەكامولی مەعریفی بەم پێكهاتە و ناوەڕۆكەی پێشتر راڤەمانكرد.

لە هەرێمی كوردستاندا وەك بەشێك لە جیهانی سێیەم، كۆمەڵێك قەیرانی كەمەرشكێن دەستیان خستووەتە بینەقاقای، لە دووفاقیی پەروەردەرییەوە بگرە تاوەكو دەگاتە هاوردەكردنی سیستەمی پەروەردەیی.

ناوەند و پێگە پەروەردەیی و زانستییەكان لە دووفاقییەكی قووڵ گـوزەر دەكـەن، دووفـاقیی لـە بنـەمای فەلـسەفییەوە تـاوەكو دەگاتـە دووفـاقیی كارگێڕی. بەشـی زانـستە ئیـسلامییەكان، حـوجرە ئەهلییـەكان، ناوەنـدی و دواناوەندییـە ئیـسلامییەكان، كۆلێـژەكانی زانـستە ئیـسلامییەكان لەلایـەك،

خوێنـدنی گـشتی کـە خـۆی لـە بنـەڕەتی و دواناوەنـدی و بەشــە زانـستە ئەزموونییـەکانی زانکۆکـان دەبینێتـەوە، لەلایـەکی تـر، پەیکـەری پرۆسـەی خوێندن لە کوردستان پێکدێنن.

لەڕووی کارگێڕییەوە، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تـا دەگاتـە خوێنـدنی زانکۆ و خوێندنی باڵا، بەسەر کەرتی گشتی و کەرتی تایبـەت دابـەش بـووە، ئیدی بەم دوو دووفاقییە قەیرانی پەروەردە لە کوردستان کامڵ دەبێت.

سەبارەت بە پرسی لەیەکجیاکردنەوەی زانـستە ئیـسلامییەکان و زانـستە ئەزموونییەکان، هەمان ئەو دەرەنجامە بەدەستهاتووە کـە لـە وڵاتـانی تـری جیهانی سێیەم بەردەستە، بگرە خراپتریش.

لەبارەی کـەرتی گشتی و کـەرتی تایبـەت، هەمیـشە زۆرینـەی ڕۆڵـەکانی کۆمەڵگەی کوردی روو لە کەرتی گشتی دەکـەن، هاوکـات کـوڕە بـەرپرس و سـەرمایەدارەکانیش بـەرەو کـەرتی تایبـەت و خوێندنگـە بـەناو ئەهلییـەکان هەنگاو دەنـێن، کـەرتی گشتیش لـە کـۆی ئاسـتەکان تووشـی دەردەداری و کەمی پێداویستی و فەرامۆشکردن بووەتەوە، کـەرتی تایبـەتییش سـەرەڕای گرنگیپێــدانێکی زۆر، کەچــی زۆربــەی کــات تــەنیا بــەڕێکردن و پێــدانی بڕوانامەیە، وەك بازاڕی سـاخکردنەوەی کـاڵای بەسەرچـووی بازرگـانی دێتـە بەرچاو، زۆربەی دەرچووەکانی زۆربەی زانکۆ ئەهلییەکان خاوەنی بڕوانامەی قەبە و زانستێکی کەم، ئەمەش جگە لە بەهەدەردانی توانای مـاددی و وزەی مرۆیی بەرهـەمێکی تـری نـەبووە، بەشـێکی کـەمیش لـە قوتابخانـە و زانکـۆ ئەهلییەکان، کە خوێندکارەکانیان ڕۆڵەی بەرپرسـە باڵاکـانن، تـا دوا ئاسـتی

پەرەپێدان گرنگییان پێدەدرێت، لەسەر پشتی خەرجی و قووتی نەوە بێنازەکانی کۆمەڵگە.

پاش داڕووخانی کەرتی گشتیی پەروەردە لە سەرەتای دەیەی دووەمی هەزارەی نوێی زایینییەوە، بەرپرسانی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە بڕیاریان دا سیستەمی سویدی بۆ چارەسەرکردن و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن هاوردە بکەن و، هەمان سیناریۆی تورکیا و میسر و یەمەنیان دووبارەکردووە، ئەمیش بەهۆی کۆمەڵێك جیاوازی ریشەیی نێوان واقیع و زەمینەی کرداری و بنچینەی فەلسەفی پرۆگرام و پاشخانی کۆمەڵایەتی و هزری قوتابییان، هیچ دەرەنجامێکی دڵخۆشکەری نەبوو.

سەبارەت بە ئاوێتەکردنی زانستە ئیسلامییەکان و زانستە ئەزموونییەکان، پڕۆژەی پاکتاوکردنی زانستە ئیسلامییەکان دەستی پێکرد، ئەویش لەژێر پەردەی ریفۆرم و بەرەنگاربوونەوەی هزری توندڕەوی. لە رابردوودا قوتابخانە و پەیمانگا ئیسلامییەکان سەر بە وەزارەتی ئەوقاف بوون، کۆلێژەکانی زانستە ئیسلامییەکانیش سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزیری پەروەردە و وەزیری ئەوقاف و وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٥دا بە هەماهەنگی بڕیاریان دا، کۆی قوتابخانە ئایینییەکان و پەیمانگاکانی زانستە ئیسلامییەکان، بە دار و دیوار و مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندکار بۆ سەر هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا رابگوێزن، قوتابخانەکان پشکی وەزارەتی پەروەردە و پەیمانگاکانیش بوون بە پشکی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

له ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٦ دا به بڕیارێکی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کۆی پەیمانگاکانی زانسته ئیسلامییەکان، کە لەسەر ئاستی هەرێم له ١٠ پەیمانگا زیاتر بوون، هەڵوەشێندرانەوە، لەبری ئەم پەیمانگایانه تەنیا سێ بەشی پێگەیاندنی پێشنوێژ و گوتارخوێنان لە هەرسێ زانکۆکانی (سەلاحەددین، سلێمانی و دهۆك) کرانەوە، که بڕیار بوو لەڕێگەی پێشکەشکردنی راستەوخۆ قوتابی وەربگرن، سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر کەمی قوتابیان داواکارییان پێشکەش کردبوو، کە مایەی دڵخۆشی و ئومێد نییه ئەم بەشانه بکرێنەوە، بەهۆی کەمی رێژەی ئارەزوومەندان.

سەرەڕای ئەوەی وەزارەتی پەروەردەش پشکەکەی خۆی، واته قوتابخانه ئیسلامییەکان، تووشی ریشەکێشکردن کرد و تەنیا چەند دانەیەکی کەم نەبێت، زۆربەی هەره زۆری داخستن، ئیدی بەمشێوەیە بۆمان روونده‌بێتەوە که دووفاقییەکان دەستیان خستووەته بینەقاقای خوێندنگه و پەیمانگه و کۆلێژەکانی زانسته ئەزموونییەکان، خوێندنی ئایینیش تووشی ریشەکێشکردن و تەنگپێهەڵچنین هاتووه، کار وابڕوات چەند ساڵێکی تر شتێك بەناوی زانسته ئیسلامییەکان له کوردستان نامێنێت.

بەمەش نەك قەیرانەکان چارەسەر ناکرێن، بەڵکو ئەگەر له جیهانی ئیسلامی تەنیا دووان و سیان بن، له هەرێمی کوردستان دەیان و سەدانن. پێشهاتەکان وامان پێدەڵێن، سێکوچکەی قەیرانی هزری له کوردستان لەبری چارەسەر، کار بۆ گەشەکردن و قووڵکردنەوەی دەکرێت. رۆژ دوایی رۆژ، کەرتی تایبەت قوتابخانه و پەیمانگا و زانکۆیی تازه دەکاتەوه و کەرتی گشتیش زیاتر فەرامۆش و بێناز دەکرێت، هەڵمەتی بەرۆژئاواییکردن و

مۆدێرنە هەواداری لەهەڵکشاندایە و شەیدایانی تا ئاستی پیرۆزکردن بە باڵای هەڵدەڵێن، مەنهەجیەتی تەقلیدی ئیسلامییش بە پیلانێکی تۆکمە ریشەکێش دەکرێت.

سەبارەت بە هەژمارکردنی سرووش و وەحی بە سەرچاوەی زانست و مەعریفە، بە بەرچاوی بەرپرسان لە کۆنفراس و پلاتفۆرمەکان شانازی بە ریشەکێشکردنی زانستە ئیسلامییەکان دەکرێت و سرووش نەك بە سەرچاوەی زانست و مەعریفە ناناسێندرێت، بەڵکو بە سەرچاوەی خورافیات و دواکەوتن و قەیرانەکان هەژمار دەکرێت[1].

[1] لە پلاتفۆرمی دابران، یەکێك لەبەشداربووان، بە ئاشکرا وەحی بەسەرچاوەی خورافیات ناساند و لە بەرنامەیەکی رادیۆی "لە گەڵ ئادەمدا" لە رادیۆی رووداو دوبارەی کردەوە.

سەرچاوەکان

١. ابن تيمية، **درء تعارض العقل والنقل**، تحقيق: محمد رشاد سالم، الرياض: جامعة الملك محمد بن سعود، ١٩٧٩م.

٢. ابن عاشور، **التحرير والتنوير**، تونس: دار التونسية للنشر، ١٩٨٤م.

٣. ابن هشام الأنصاري، **أوضح المسالك إلى ألفية ابن مالك**، بيروت: المكتبة العصرية، طبعة جديدة، ١٩٩٦م.

٤. أبو الوليد، ابن رشد، **فصل المقال في تقرير ما بين الحكمة والشريعة من الاتصال**، تحقيق: محمد عابد الجابري، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٧م.

٥. أبو حامد الغزالي، **جواهر القرآن ودرره**، بيروت: دار الجيل، ١٩٨٨م.

٦. أبو يعرب المرزوقي، **إسلامية المعرفة رؤية مغايرة**، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١٤.

٧. أبوبكر محمد أحمد إبراهيم، **التكامل المعرفي وتطبيقاته في المناهج الجامعية**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي–هرندن–فيرجينيا، ط١، ٢٠٠٧م.

٨. أبوبكر محمد أحمد محمد إبراهيم، **مفهوم التكامل المعرفي وعلاقته بإسلامية المعرفة**، مجلة إسلامية المعرفة، العدد٤٣.

٩. اسماعيل راجي الفاروقي، **جوهر الحضارة الإسلامية**، مجلة المسلم المعاصر، ١٩٨١/٩/٢١م، العدد ٢٧.

١٠. اسماعيل راجي الفاروقي، **التوحيد: مضامينه على الفكر والحياة**، ترجمة: السيد عمر، ٢٠١٠م.

١١. اسماعيل راجي الفاروقي، **إسلامية المعرفة، المبادئ العامة–خطة العمل–الإنجازات**، دار الهادي، ط١، ٢٠٠١م.

١٢. التجاني عبدالقادر، **المفهوم القرآني والمتغير السياسي**، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١٠.
١٣. الجرجاني، **التعريفات**، تحقيق: إبراهيم الأبياري، بيروت: دار الكتاب العربي.
١٤. حامد العطية، **نظام المعرفة ومنهج البحث في القرآن الكريم**، بيروت: دار الأنوار، ٢٠٠٦م.
١٥. رائد جميل عكاشة، **التكامل المعرفي**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فرجينيا–الولايات المتحدة الأمريكية، ط١، ٢٠١٢م.
١٦. زكريا الأنصاري، **الحدود الأنيقة والتعريفات الدقيقة**، تحقيق: د.مازن المبارك، بيروت: دار الفكر المعاصر، ط١، ١٤١١هـ.
١٧. زياد الدغامين، **التكامل المعرفي في القرآن الكريم**، المجلة الأردنية في الدراسات الإسلامية، المجلد التاسع، العدد (١/أ)، ٢٠١٣م.
١٨. سعدى أبو حبيب، **القاموس الفقهي**، دمشق: دار الفكر، ط٢، ١٩٨٨م.
١٩. سيد محمد نقيب العطاس، **مداخلات فلسفية في الإسلام والعلمانية**، ترجمة: محمد الطاهر الميساوي، كوالامبور: المعهد العالمي للفكر والحضارة الإسلامية، ٢٠٠٠م.
٢٠. سيد محمد نقيب العطاس، **مفهوم التعليم في الإسلام: إطار تصوري لفلسفة إسلامية للتعليم**، ترجمة: حسن عبدالرزاق النقر، كوالالامبور: المعهد العالمي للفكر والحضارة الإسلامية، ١٩٨٩م.
٢١. سيف الدين عبدالفتاح، **المنهجية وأدواتها من منظور إسلامي**، القاهرة، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠١٠م.
٢٢. طه جابر العلواني، **إصلاح الفكر الإسلامي بين القدرات والعقبات**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، الدار العالمية، ط٢، ١٩٩٤م.
٢٣. طه جابر العلواني، **الجمع بين القرائتين قراءة الوحي وقراءة الكون**، القاهرة: مكتبة الشروق الدولية، ط١، ٢٠٠٦م.
٢٤. طه جابر العلواني، **العقل وموقعه في المنهجية الإسلامية**، مجلة إسلامية المعرفة، ع٦.
٢٥. طه عبدالرحمان، **النقاشات الراهنة حول العلم والدين: كيف نفكر في الصلة بين العلم والدين؟**، مجلة كلية الآداب، جامعة محمد الخامس–مغرب، العدد ٨، أيلول ٢٠٠٧.

٢٦. عبدالحميد أبو سليمان، **أزمة العقل المسلم**، الرياض: دار العالمية للكتاب الإسلامية، ط١، ١٩٩٤.

٢٧. عبدالحميد أبو سليمان، **إسلامية الجامعة وتفعيل التعليم العالي بين النظرية والتطبيق**، مجلة إسلامية المعرفة، العدد٢٧، ٢٠٠١م.

٢٨. عبدالحميد أبو سليمان، **الرؤية الكونية الحضارية القرآنية**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط١، ٢٠٠٩م.

٢٩. عبدالحميد أبوسليمان، **النظرية الإسلامية للعلاقات الدولية: اتجاهات جديدة للفكر والمنهجية الإسلامية**، ترجمه وراجعه وعلق عليه: د. ناصر البريك، الرياض، الناشر: المعهد العالمي للفكر الإسلامي: هرندون، فيرجينيا، الولايات المتحدة الأمريكية، ١٩٩٣.

٣٠. عبدالحميد أحمد أبو سليمان، **قضية المنهجية في الفكر الإسلامي**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، الدار العالمية، ط١، ١٩٩٥م.

٣١. عبدالرحمن حبنكة الميداني، **غزو في الصميم**، بيروت: دار القلم، ط١، ١٩٨٢م.

٣٢. عبدالنبي بن عبدالرسول الأحمد نكري، **دستور العلماء**، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ٢٠٠٠م.

٣٣. فتحي ملكاوى، **منهجيه التكامل المعرفي مقدمات في المنهجية الإسلامية**، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، فرجينيا–الولايات المتحدة الأمريكية، ط٢، ٢٠١٦م.

٣٤. فتحي ملكاوي، كلمة التحرير في مجلة إسلامية المعرفة، العدد ٦٤.

٣٥. كۆسرەت سالح ئەحمەد، **قوتابخانەی إسلامية المعرفة لەدیدی رابەرەکانیەوە**، سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٥ز.

٣٦. لؤي صافي، **الوحي والعقل: بحث في إشكالية تعارض الوحي والنقل**، مجلة إسلامية المعرفة، العدد ١١.

٣٧. مالك بن نبي، **مشكلة الأفكار في العالم الإسلامي**، دمشق: دار الفكر، ط١، ٢٠٠٢م.

٣٨. محمد أمزيان، **منهج البحث الإجتماعي بين الوضعية والمعيارية**، فيرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط١، ١٠٠١م.

٣٩. محمد رواس قلعجي وحامد صادق قنيبي، **معجم لغـة الفقهـاء**، ، دار النفـائس، ط٢، ١٩٨٨م.
٤٠. محمود عايد الرشدان، **حول النظام المعرفي في القرآن الكريم**، مجلة إسلامية المعرفة، ع١٠.
٤١. مصطفى إبراهيم الزلمي، **أصول الفقه في نسيجه الجديد**، نشر إحسان، ط٢٣، ٢٠١٤.
42. Seyyed Hossein Nasr. An Introduction to Islamic Cosmological Doctrines. Thames And Hudson. 1978.

المواقع الإلكترونية:

1. Osman bakar,**Tawhid and Science**. 1993. See full essay: http://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/j.1478-1913.1993.tb03584.x/epdf?r3_referer=wol&tracking_action=preview_click&show_checkout=1&purchase_referrer=www.search.ask.com&purchase_site_license=LICENSE_DENIED.
2. **Seyyed Hossein Nasr.** Science and Civilization in Islam**.** http://sourcebooks.fordham.edu/med/nasr.asp.
٣. أحمد محمد الدغشي، **الحس مصدر للمعرفة وطريقة لها رؤية قرآنية تربوية**، بحث منشور في منتدى الكلمة للدراسات والأبحاث، العدد ٢٧، ٢٠٠٠م، الرابط المباشر: .http://www.kalema.net/v1/?rpt=165&art
٤. خالد الصمدي، **الحكمة وفصل الخطاب في منهج التربية عند النورسي**، مقال منشور في موقع "النور للدراسات الحضارية والفكرية"، تاريخ التصفح: ٢٠١٦/١٠/٢٤، الرابط المباشر:
5. http://www.iikv.org/ar/nurmajalla/article.php?c=4&cid=2&id=280.
٦. طه جابر العلواني، **الوحدة البنائية في القرآن**، مقال منشور في موقع مركز الدراسات القرانية: .http://www.alquran.ma/Article.aspx?C=5646
٧. فهمى قطب الدين النجار، **العقل في القرآن الكريم، بحث منشور في موقع الألوكة:** ./http://www.alukah.net/culture/0/65235

٨.ماجـد محمـد أبـو شـرحة، **المعرفـة، مفهومهـا –خصائـصها– أنواعهـا**، .http://www.slideshare.net/mjdabusharha/ss-53424265

٩.المعهد العالمي للفكر الإسلامي–مكتب الأردن، **التكامل المعرفي إطار مرجعي للمنهجية الإسلامية**، تاريخ النشر: ١٠–١٠–٢٠١٣، تاريخ التصفح: ٢١–١٠–٢٠١٦، الرابط المباشر:
10. http://iiitjordan.org/index.php/2013-10–.

١١. موقعDW ، **/العلم–والدين–تصادم–أم–تكامل** ar/www.dw.com//:.